


سەرچاوە
Serchawe

# پێڕست


## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٦ .................... لاپەڕەی: ٦

١- کەژاڵ ئیبراهیم خدر نامەیەک بۆ نیشتمان دەنووسێ ............................................ دکتۆرە سەلمە رەفعەت

٢- "کەژاڵ ئیبراهیم خدر" باخچەیەک لە وشە و شیعر ....................................................... کەمال رەووف

٣- رەنگی پەلکەزێڕینە لە شیعرەکانی کەژاڵ ئیبراهیم خدر ................................................. بەشیر حاجەم

٤- ئەزموونی هەست لە شیعری ژنانەی (کەژاڵ ئیبراهیم خدر)دا ................................. رەحاب حوسێن سائیغ

٥- لێکچوون و جیاوازیی لە دوو دەق ................................................................ د. سوهاج ئەلسەیداوی

٦- وشەیەک بۆ وتن بە هەقی کەژاڵ ئیبراهیم خدر ........................................................ حوسێن عوفی

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٧ .................... لاپەڕەی: ٢٩

٧- وشەیەک بە هەقی شاعیر کەژاڵ ئیبراهیم ........................................................... کەریمە روبەیعی

٨- ئامادە بوونی خۆشەویستیی لە شیعرەکانی دیوانی "لە حزوری زیکری ئەمشەو"ی ............................. و: دلشاد

٩- کەژاڵ ئیبراهیم خدر، کڵپە و سۆز و هێماکان لە دەقە شیعری: بە ........................... موسا حمدان

١٠- کەژاڵ ئیبراهیم خدر بە سەردەمێکی بارمتەکراودا تێدەپەڕێ ....................................... هیشام ئەلقەیسی

١١- کەژاڵ ئیبراهیم خدر؛ شاعیرێکی دانسقە لە ........................................................ ئەدهام نەمر حرێز

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٨ .................... لاپەڕەی: ٤٥

١٢- کەژاڵ ئیبراهیم خدر (کورتە ژیننامە) .................................................................. تانیا ئاوارە

١٣- دیدارێکی بڵاونەکراوەی شاعیرە عاشقەکەی قەڵادزێ کەژاڵ ئیبراهیم خدر ............................ مۆفەق میراودەلی

١٤- لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی لە دیوانی (چاوێک بۆ عشق باوەشێک بۆ خۆشەویستی) ..... خدر دکتۆر مقبل ئەحمەد الحمیری




سەرچاوە
Serchawe

١٥- وێنا کردنی بینین لە دیوانە شیعرییەکەی شاعیر کەژاڵ ئیبراهیم خدر .................. نوسینی دکتۆرە - لوت زەینەب
١٦- دەنگێک بۆ بەردەوامی ................................................................. نەجات نوری
١٧- کەژاڵ ئیبراهیم ژنێکی بێدەنگ، بەڵام پڕ لە هاوار ................................................... جەواد حەیدەری
١٨- شەڕو ئاشتی پەنجەکان یان دیوانی ماچ باران ................................................... ئیسماعیل تەنیا
١٩- کاتێ شیعر ئازادانە دێتە وتن ............................................................... قیس مجید المولی
٢٠- لە تێڕوانینی مندا، باخچەکانی عەشقی کەژاڵ ئیبراهیم دەدرەوشێنەوە .................. دکتورە ئامینە خلیفە هدریز
٢١- کەژاڵ، بە وێنە تابلۆی شیعرەکانی دەنەخشێنێت ................................................ ئەیوب رەزا
٢٢- هەستم بەسەر سوڕمان کرد کاتێک ئەم شیعرەی کەژاڵم خوێندەوە ..................................... نەجاح هۆڤاک
٢٣- کەژاڵ ئیبراهیم خدر، پەپوولەیەکە لەگەڵ شیعردا سەمادەکات ..................................... د. إیمان الزیات
٢٤- خۆشەویستی و نیشتمان و مردن لای کەژاڵ ئیبراهیم ........................ لە عەرەبییەوە: پ.د.هێرش محەمەد ئەمین
٢٥- ئەزموونێکی شایستەیە، بە تێڕوانێنێکی تایبەت .......................................... حاتم بابەکر عەوز کەریم
٢٦- شیعرەکانی کەژاڵ ئیبراهیم خدر تابلۆیەکی گەشیان خوڵقاندوە ................................... عەبدولسادە بەسری
٢٧- لە دیوانی وشەکانی دوای ماڵئاوایی "کەژاڵ ئیبراهیم"ەوە ........................................ د. نازم حەمەد سوەیداوی
٢٨- شیعرەکانی کەژاڵ گەمە لەگەڵ خۆشەویستیدا دەکەن ...................................................... تاهیر مشی
٢٩- کەژاڵ گیان تێر بنوو، کاتی ئیسراحەتتە ..................................................... ڕێبوار محمد یوسف

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ ..................... لاپەڕەی: ١٣١

٣٠ - رۆچوونە نێو شیعری "گەر بتوانم" ی کەژاڵ ئیبراهیم خدر ........................................ عدی عەبادی
٣١- ئەگەر غەریبی وشەت کرد لە رۆحی کەژاڵدا بیبینە ..................................... رضوان محمەد جابر المحامی
٣٢- ئەفسانەی گۆرانییەکی ماندوو بۆ کەژاڵ، ژنێک لە ئاو سادەتر ............................................ دەوەن مەعروف
٣٣- لە بەندەری بەرمۆداوە بۆ زمانی باڵندەم دەزانی ............................................... سەدیق سەعید رواندزی
٣٤- کەژاڵ ئیبراهیم خدر دەنگێک لەکوردستانەوە ............................................................ علی حسن فەواز
٣٥- وێنەی ژن لە شیعرەکانی کەژاڵ ئیبراهیم خدر دا ............................................................ د. لوقمان رەئوف
٣٦- بۆ چامەی وەرزی پێنجەمی خۆشەویستیی .......................................................... موهەنەد تالیب
٣٧- کەژاڵ لە وەرزێکی ساڵدا ........................................................................ عەبدولقادر
٣٨- کەژاڵ ژنێک بێدەنگ، بەڵام گوڵێک لە جوانیی شیعر ............................................... نەسیم مروەت جوو



سەرچاوە
Serchawe

٣٩- کەژاڵ ئیبراهیم خدر "فریشتەیەکی شیعر" .......................................................... ئەلبەدەوی سالح
٤٠- کەژاڵ ئیبراهیم، پەیامی شیعری کرد بە گوڵ ...................................................... هەڵکۆ عومەر تۆفیق
٤١- کەژاڵ ئیبراهیم خدر شاعیرێک لە جوانیی مەرگ ................................................ د. سەباح موحسین کازم
٤٢- خۆشەویستیی، نیشتمان و مردن ................................................................ د. کامیلیا عەبدولفەتاح
٤٣- کەژاڵ شاعیرێک پڕ لە هەڵاڵەی وشە ........................................................... د. محەمەد زبابە (میسر)
٤٤- خوێندنەوەیەک بۆ دەقی (وەرە بەیەکەوە بژین) ی کەژاڵ ئەحمەد ........................................ ناڵە حەسەن
٤٥- رژێمی ئینترۆپی و فەلسەفەی فینۆمینیۆلۆژیا لە دەقەکانی کەژاڵ ئیبراهیم خدردا .......... پ.د. زاهیر لەتیف کەریم - پ.د. نیان نەوشیروان فوئاد مەستی

## دیمانە: لاپەڕەی: ٢٣٧

٤٦- دیمانە: پرچی شیعری کەژاڵ ئەحمەد ئێستاش هەر تەڕ و بڕە ................................ سازدانی جەواد حەیدەری
٤٧- دیمانە: تەوەری پیاوان لە روانگەی ژنانی یەکسانییخواز ..................................... سازادانی پایزە ئەحمەد
٤٨- دیمانە: تەوەری "ئەدیب لە یەک پرسی قورسدا" .......................................................... سازدانی ئەمڕۆ

## کۆمەڵێک هونراوە: لاپەڕەی: ٢٥٤

١- شنەشنی دڵەکەت گوڵێکە لە باخچەی رۆحمدا...
٢- ژوورەکەم پڕە لەدیاری تۆ...
٣- شەوە تاریکەکانی ژیان، خەم دەنووسنەوە...
٤- دوو هێڵی تەریب...
٥- ماچێک لە پەڕەی گوڵ...
٦- تۆ بڵێی ئاسمان دایک بێ؟...
٧- ئای کە رقم لە چەقۆ و گوێزانە...
٨- دڵێک لە پەڕەی گوڵ...
٩- نیشتیمانێک لە نێرگز، خاکێک لە گوڵ...
١٠- سەمای مەرگ...

١١- دڵێک پڕ لە شەپۆلی خەم...
١٢- شەوێک پڕ لە شنەی ئازار...
١٣- ورشەی گەڵا وەریوەکانی سەفەر...
١٤- تاڤگەیەک لە خۆشەویستیی دڵێک لە پەلکەزێڕینە...
١٥- ئێوارەیەک شمشاڵ دەبێتە سەیبەری خۆشەویستیی...
١٦- خەونی مەرگ...
١٧- شکۆفەی شەونمی بەیانییەک...
١٨- شەوە سپیەکانی خۆشەویستیی...
١٩- ژن.. ئەی بوونەوەری مەزن...
٢٠- نیشتمانێک لە ئەرخەوان...
٢١- جەنگ...
٢٢- ژن و شیعر و شاعیر...
٢٣- ئاوێنەی گەردوون...
٢٤- سواڵکەر...
٢٥- شاری شەهید...
٢٦- نیگاکانت لە ئەستێرە دەچێ...
٢٧- گلەیی...
٢٨- نزای ماچ...
٢٩- ووشەکانی دوایی ماڵئاوایی...
٣٠- دە خونچە لە شعری ماچ و خۆشەویستی...
٣١- هۆلۆکۆست(بۆ گوڵەکانی وەرزی ئەنفال ئەو گوڵانەی لەبەهاردا هەڵوەرین)

-------------

* من کەژاڵی شاعیرم ............................................................ ڕێبوار محەمەد یوسف ........ ٣٥٢

* ســـــەمای مەرگ ......................................................................................................... ٣٥٥
* کاروانی رۆشنبیریی "کەژاڵ" ................................................................................................ ٣٥٦

## بابەتەکانی: ساڵی ٢٠١٦

---------------------------------------

## وشەیەک بۆ وتن بە هەقی کەژاڵ ئیبراهیم خدر.



حوسێن عوفی*

وەرگێڕانی: دڵشاد ئەحمەد

جیاواز لە شێوە و شێوازی شیعری تێر و، بەرهەمهاتووی ئەم سەردەمە ئەگەر بە وردیی لەم سەردەمەدا پێناسەیەکی جوانی شیعر بکەین دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە ئێستاشی لەگەڵدا بۆ شیعر بناغەیەکی بەفراوانی تێپەڕاندووە، لە نێوانی تازەگەریی و هاوچەرخییدا، ئەوانەی دەیانخوێنێتەوە بە وردیی هەموو کەسێ هەستی پێکردوون و، جێگەی گومان نین.

هەموو شاعیرێک شێوەی ئاخاوتنی تایبەتی بە خۆی هەیە (سەیاب)، شێوازی ئاخاوتن و زیندوویەتی تێدا بەدی دەکرێ، (قەبانی) شێوزای هەستگەریی تایبەتیی، (بەیاتی) شێوازێکی تری شیعری هەیە کە لە شاعیرانی تر جیاواز و جودا دەکرێتەوە.

هەر بەم شێوەیە (سەلاح عەبدولسەبوور) کە جیاوازە لەوانی تر کە بە شێوازی (رامی) جیادەکرێتەوە، بەڵام (مەحمود دەرویش) خوێندکاری (قەبانی) بوو کە بە مامۆستای خۆی داناوە کە لە هەموو نەریتەکان شێوازەکانی هەستگەریی قەبانی دوور بوو؟ کە شیوازێکی تایبەتیی خۆی فەراهەم کرد بە کۆکردنەوەی شێوازەکان، ئەمە سروشتییە شێوازی جیاواز لە هەر شاعیرێک لەوی تر دەبینرێ، بۆ نموونە ریتمی شیعریی لەسەر حیسابی وێنە و هی تر..

بەڵام شاعیری خۆشەویست و کەژاڵ ئیبراهیم خدر دونیایەکی جوانی گەورەی لە شیعری هاوچەرخدا دروست کردوە نموونەی تێڕوانینی بە شیرینیی و، ئەندێشە و، رەتکردنەوە و، قووڵبوونەوە و، چڕکردنەوە پێشکەش کردوین.

کە ئەو جیهانبینین و وردبینیەی لە هاوکێشەکانی نیازپاکییدا هەیە لە تێڕوانینی شیعر کە چەندە ئاسانە بۆ خوێندنەوە ئەوەندە قورسە لە هۆنینەوەیدا تاکو بەرجەستەی دەکەی کە دیدێکی شیاو بدا لە دڵی خوێنەران، یاخود بۆ ئەوانەی خاوەنی داهێنانی سروشتیی نین، کە بە زیرەکییەکی باش و بەرز ئەنجامی بدا لەو کەناڵەی کە خۆی دەیەوێ. ئەمە دوو دیدی جیاوازە لە تێڕوانین بۆ ئەدەب و سروشت.

کەژاڵ پێناسەیەکی جوانی دەوێ لە شیعردا، بەر لە ماوەیەک لە دەریای شیعردا سەوڵی لێداوە و داهێنانی هێناوەتە ئاراوە: بمبینین وا وەستاوم لە بەردەم تابلۆ سەر سورهێنەرەکان ئەم شاعیرە لە بەردەم زنجیرەیەک شیعر دایە، کە وەک رووبارێک خوڕەی دێ، یان وەک تاشەبەردێک لە چیاوە هەڵئەخزێ بۆ بنار، وەک خاوەن شیعرە هەڵواسراوەکان ئەڵێن شەپۆلەکانی شەپۆلێکن سەرچاوەکەشی دەبا، ئەوەتا لە کۆپلەیەکی هەست بزوێندا بەرامبەر بە تاڵیی ژیان دەڵێ:

نەوەک گزنگی بەیانی ببێتە
تریفەی شەوگاری رەش
کۆچی نامرادی بەشوێنتەوە
رێگەم بدە بابیمە
روبارێکی سەر هەڵگرتوو

بۆ ناو ئۆقیانوسێکی نادیار
پەڕێکی باڵتم بدەنێ
تانامەی هەتاو بنووسم
ببمە نمەی بارانی دڵت و
ئاگردانی ئەشقی سوتاوت بکوژێنمەوە

ئەم رەنگاوڕەنگیی و پەلکەزێڕینەیە دەرکەوتن و هەڵهاتنی شیعرە، لە سەروو پلەکانی پەیژەی ویژدانەوەیە، هەرچەند خۆی لە رووتکاریی هەڵکیشاوە بەڵام دوور نەکەوتۆتەوە لە وێنە جوانەکان بۆ ژیان کە ئەم ژنە بە شیعرەکانی ئەیەوێ لە بەرچاوی خوێنەرانی، وا لە خوێنەران بکا بە ناچاریی ئامادەبن بە رووح و جەستە، بەشداریی لەو ئازارانەی ئەم ژنە بکەی؟

شاعیر خوێندنەوەیەکی هەستپێکراوی هەیە بەرامبەر بە شەڕانگێزیی و دەزانێ کە خوێنی براکان زۆر ئازیزە بەڵام مێژوو لێمان خۆش نابێ ئەوەی لەم چەندە دێڕە هەستی پێ دەکەی:

رق مێژوویەکی درێژی هەیە
خوێنی بەرد و، خوێنی من و
خوێنی مێژوو دەنووسێتەوە
شاخ و بەفر زاوزێ دەکات
پرشنگی برین دەدات
لە روخساری کوێستانەکان

چۆن نا؟ ئەم شاعیرە دواندنێکی گونجاو دائەهێنێ، کە نیازێکی لە جوانیی و تێکئاڵان ببەخشێتەوە بە ژیان، ژیانێک کە فەراهەم بێ بۆ هەموومان و شیعر دڵ و دەروونمان جۆش بدا و ئەندێشەمان ناسکتر بێتەوە و دوور بین لە ژاوەژاوی نێو دەریای ئازار، هیوام بۆ ئەم ژنە شاعیرە جوان و رووح سووکە و، گەشانەوە و سەرفرازیی بۆ ئەخوازم، کە جوانترین شاکارمان بۆ ئەڕازێنێتەوە لە دووتۆیی قەسیدە بەرزەکانی، لە شیعری گەورە بۆ گەورەتر، بە هیمەتی خوا خوێندنەوەیەک پێشکەش دەکەم بۆ شیعرەکانی لە پەرتووکێکدا کە شیاوی بەژنی ئەم شاعیرە جوان و هەست ناسکە بێ.

* حوسێن عوفی: ئەمیر ئەلقەوافی، (شاعیر و رەخنەگر).

سەرچاوە: گۆڤاری (صدى الفصول)ی ئەلیکترۆنیی، ئاداری ٢٠١٥ - عێراق - بابل:

www.saddaalf9ool.blogspot.co.uk/2015/04/blog-post_919.html

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ١٨ی جوونی ٢٠١٥

## کەژاڵ ئیبراهیم خدر نامەیەک بۆ نیشتمان دەنووسێ.

**دکتۆرە سەلمە ڕەفعەت**

**و: بەندی عەلی**

لە نێوان دراما و شێوازی تێڕوانیندا، شیعرە کانی ئە م شاعیرە وەکو گوڵێکی گەش دەردەکەون "دەیان دەنگی مێینەمان هەیە کەدەنوسن" بوون بەچەند دەنگێکی جوانی باخچە قەشەنگ و رازاوەکەی شیعر و، ڕێژەیەک لەچڕییان بەدەست هێناوە بێ ئەوەی لەشێوازی دەربڕینی سەرەکی دەربچن، بۆیە ئە و دەقانەی کە دەیان بینین و دەیان خوێنینەوە بەرەو پێش چوونێکی گەورەی بەرەو پەلهاویشتن و سمبولیزمی.. لەچەند هەڵکشانێکی بەرزدا دەبینێتەوە".

(پۆل کیلی) دەڵێ: ئەمڕۆ ڕاستیەکی شاراوە ئاشکرادەکەین لەپشت شتە بینراوەکاندا و دەیسەلمێنین کەئەوەی دەبینرێت حاڵەتێکە جودایە لەپەیوەندیدارییەوە بەگەردوون.. وە لێرەدا چەند ڕاستیەکی ون هەن لەخودی ئەم ژنە شاعیرەدا کەپەڕەکانی تێکەڵ بەیەک کردووە لەنێوان ئەوەی خودییەو ئەوەی لەدەوروبەردایە کەلێوان لێوە لەدژە بەیەکەکان، ئەوانەی لەنێوانیاندا پەیوەستێک هەیە وەها ئاسان ناکرێتەوە جەختیکردنە و لە خەمێکی سەخت، وەک ئەوەی ئەم ملوانەکە شیعرانە وێنەیەکی کێشابێ کەلەچاو دەتکێ و لەدڵ دەڕژێ".

دەقەکە ڕەنگە نامەیەک بێ بۆ کەسێکی دیاریکراو، لەڕێگەی ئەو هەڵچوونانەی خوی دەیدرکێنێ، دەکرێ نامەیەک بێ بۆ نیشتمان وەلێ بە زمانێکی ڕوون ئاماژەی پێداوە:

لەنێو زامەکانی ڕۆحماندا
دەیان برینی دوێنێ هەیە

نازانم چی بنوسم
نمەی باران و دڵۆپە فرمێسکەکانی ئێوە
یاخوود گەڵای وەریووی
ناڵەی پڕ لە ئازاری نیشتمان
نازانم چۆنتان بخوێنمەوە
رابردوی پڕ لەتریفەو
تیشکی زێڕینی هەتاوی جوانیتان
یان شمشاڵی پڕ لە گەرووی خنکاو و
مەرگەساتی دایکی شەهیدانمان..

ژنە شاعیر لێرەدا پەنای بردۆتە بەر ئەو هیما دەروونیانەی کە خاوەنێتی، شاعیر خۆی وەبەری دەهێنێ لەتوانا تەقیوە جوانەکانی و دەیکاتە دەقێکی کەڵەگەتی وەها، کەوەرگر دەوروژێنێ و زۆرێک لەهزریدا جێدەهێڵێ. ئەوەتا لەم کۆپلە ناسکەدا پێمان دەڵێ:

لە بێدەنگیدا بۆت گەڕام
لە نێو ژێێ کە مانێکدا دۆزیمەوە
تاکوو ملوانکەیخۆشەویستی ببەخشمەوە
تاکوو گوڵە پەمەیەکانی پایز
لەنێو رۆحی پڕ لە تریفەی مانگە شەوی تۆدا بنوسمەوە..

ژنە شاعیرەکان هەریەکەیان هەناسەیەکی غەمگین لە رۆحیاندا هەیە لەدڵیاندا دەیان خۆشەویستی خۆی مەڵاس داوە هەندێکیان جورئەتی ئەوەیان هەیە وەک تابلۆیەک بینەخشێنن و شەرم نەکەن و راشکاوانە دڵ و دەرونیان ئاوەڵا بکەن بۆیە ئەو کاتانەی کە گوڵە هەناری ئەم شیعرانە دەخوێنمەوە و منیش دەڵێم": ئەی تیشکی رۆژ تۆم بینی، کاتێک باران تەڕی دەکردی، کاتێ ئاسمان رەنگی پەلکەزێڕینەی گرتووە، بۆئەوەی ئاو تێنویەتی دڵی ئێمە بشکێنێ، لەنێو باخچەکانی ئازاردا، بینیمان کە شەو چەند جوان دەدرەوشێتەوە.

ئەم شاعیرە غەمگینە بە هیواوە دەڕوانێت لە دڵی پڕەوە بۆ مرۆڤایەتی و مەزنی کۆمەڵگا ئەو ژیانی خۆش دەوێت و حەزدەکات هەمووان یەکسان بژین بۆیە بیرکردنەوەو هزری ئەو هەموو شتێک دەبینێ و ئازار دەچێژێ، بەهەستێکی قوڵ لە ناخە وە پەرشی دەکاتەوە لەجوانترین شێوەی شیعردا دەیخاتەڕوو:

بۆت گەڕام
بەڵام هەناسەی تێکەڵاوی ئێمە
پڕە لە شەوی تاریک و
جیهانێکی پڕ لە نائومێدی
پڕە لە هەڵوەرینی گوڵ و
باخچەی شێواوێکی ئەبەدی..

ئەوەی سەرنج لە گوڵە هەناری ئەم کۆپلە جوانانە بداتەوە چەند نەوایەک لەویژدانێکی زیندووەبینێ، ئێمە پێویستیمان بە روحێکی بەرزی ئافراندەرهە یە.. چەند پێویستمان بەو روحە مەزنەو سروشتە پڕ مرۆڤایەتیەیە بەڕاستی.. کەژاڵ.. کە بە پوختە و قەشەنگی و جوانی خۆی، تۆزی سەر پێستی بێ ئومێدی دەتەکێنێت و، بەرەو دەقێکی ئەفسونیی ڕەنگی دەکات، بەتێڕوانێکی قوڵ و فەلسەفەیەکی هیما بەرز، ئەو ژیان دەنەخشێنێت کە پڕ لە دیمەنی پێکەنین و هاوار خەم ئازار خیانەت رۆیشتن و ماڵئاوایی و کوشتنی عاشقەکان لە خۆشەویستەکەیەوە کە خەنجەرو شمشێرێکی هەڵگرتووە تاکوو دڵی عاشقەکەی لەت و پەت بکات چەنکە بوغزو کینە لەنێو دڵیدا خۆی حەشارداوەو حەزناکات لە نزیک کاتدا هاوسۆزی و چنینەوەی گوڵی خۆشەویستی ببینێت نەک هەر ئەوە بەڵکوو رۆژی لەدایک بوونیشی ئای چەند جوانم بینی. ;کە لە بیرەوەری و یادگاریەکانمدا وەک سرودو بانگەوازێک هەناری شیعرەکانی ئەوەندە جوانن حەزدەکەی هەمیشە بیخوێنیتەوەولێی تێر نابیت" چونکە خۆشەویستی پڕە لە پاکیزەیی ئەگەر بەجوانی ملوانکەکانی بیکەینە ملمان و تریفەی مانگەشەوی پێ گەشتر دەکەین بۆیە من وای دەبینم کە عشق جیهانێکی بێوێنەیە کە ئێستا و داهاتوو رۆحی مەعشوقەکان نزیکتر دەکاتەوە.

چ کارەساتێکە، ئەم غوربەتی ژیانە
چ کارەساتێکە ئەم بێدەنگی و گەڕانی ژیانە
مانگ رووی گەشت دەرخە
ئەستێرە سەرت هەڵبڕە
تیشکێکی تر دەگاتە رووت

باخچە باوەشت بکەرەوە..

شاعیرە هەست ناسکەکەم، لێرەدا ئەلفو بێی ئازارێ دەبینم کە کۆتایی نایەت، نهێنی بارینی گەڵا کەوتووەکان هەیە بەرەو ئەشکەنجە.. لێرەدا کوشتنی عیشق بەرجەستەیە تا دەبێتە گۆڕی ئومێدەکانی عاشقان.. کەڤاڵێکی قوڵی هەستەکان کەشاعیرێک وێنای کردووە لەدەوروبەرەکەی خۆی ، بەجۆرێ کەلە کەشتیەکدا دەمانباتە نێو شەپۆل شەپۆلی ئازارەکانەوە.. تۆ داستانێک دەنووسیت لەسەردەمێکدا داهێنەرە ڕاستەقینەکانی کەم بوتەوە.. ئێوە ئازارە قوڵەکانتان لەدەقێکدا چڕکردۆتەوە کە مەزنیی بیرەوەریی و دەوڵەمە ندی هزری و هۆشیاری ڕوداوی تێدا بەرجەستە و.. هەمیشە قەشەنگە.

خۆزگەکان سەمفۆنیای پێکەنین لێ دەدەن

چاوەکان عاشقتر سەما دەکەن

لەئاهەنگی ئەم شەوی پڕ لەعشقەدا

من تەمەنی خۆمت پێشکەش دەکەم‌ء

تۆش تەمەنی خۆت..

ژنە شاعیری ئەدەبیی باڵا، کەژاڵ ابراهیم خدر.. ئەڵا لە نمەبارانی وشەکانت، لەشۆخی پیت و شنەباکان.. هەمووی داهێنانە، بەگوزەری پێنووسە لێهاتووەکەت بەرژاندنی پیتەکانی، کەپڕە لەجوانی، کەجوانترین ماناکانی ئەڤینت لە و دێڕانەدا دانا بەپیتە قەشەنگەکانت.. پڕبەدڵ هیوای داهێنانێکت بۆ دەخوازم کەبتگەیەنێتە ئەستێرەکان.. تائێستاش پیتە پرشنگدارەکانت ململانێ دەکەن لەگەڵ خۆردا لەدرەوشاندنەوەداو لەتاڵە سپییەکانیشی ڕووناکییەکی سپی دەچنێ.. هەندێ هێما کەبانگی مانا قوڵەکان دەکەن، پیتە ناسکەکانت دەگرنە باوەش و دەست لەملی وشەکان دەکەن.. چەندین نەغمەی جۆراوجۆر دەچڕن کە پڕن لە مەقامەکانی وەفاداری و چرپەکانی ڕاستگۆیی ئەڤینەکەی.. چەند جوانە چنینی ئاخافتنەکانت، چەند پایەبەرزن پیتەکانت، لەگەڵ شنە بۆندارەکاندا کەهەڵگری جوانی و پایەبەرزیی ئامادەیی تۆو داهێنانەکانتە.. پیتێک پێشکەشی تۆ دەکەم کەهەموو چرپەکان تێیدا یەکتر گیردەبن وەک چنینێکی قەشەنگ.. بەردەوام بێ ترپەی پێنووسەکەت.. کەجوانترین داهێنان دەکات لە نووسینە قەشەنگ و پیتە پایە بەرزەکان و هاوئاهەنگی لە وشەکان و مانادا دەخوڵقێنێ".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٢٥ی دیسەمبەری ٢٠١٦

---



سەرچاوە
Serchawe

## "کەژاڵ ئیبراهیم خدر" باخچەیەک لە وشە و شیعر.



**کەمال رەووف**

ئەوەی بەلای منەوە گرنکە و قسەی لەسەر بکەین ئەو بابەتە شیعریانەیە کە رۆژانە بەر دیدەمان دەکەون "ئەگەر بەچاوێکی رەخنەگرتنەوە لێان بڕوانین دەیان تێبینیمان لا گەڵاڵە دەبێت".

شیعری خۆماڵی و نوێی لاوانمان کەرەسەیەکی بابەتیانەی نێو کایە مەعریفەیەکان و کەسە دیارو بەئەزموونەکان دەردەخات "هەموو ئەوانەی دەینوسن و بڵاوی دەکەنەوە توانائەدەبیەکانی خۆیان وەدەردەکەوێت و پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ئەدەبی روونیش لە بەرچاو بگیرێت "تاکوو ببێتە پەرە پێدانی بنەمای زانست و بواری هونەری و ئەدەبی".

ئەگەر نمونەیەک لەم نێوەندەدا وەربگیرین وەک خوێنەرێکی شیعری نمونەی ژنە شاعیرێک وێنا بکەین و زەینی خۆمانی بدەینێ "ئەویش کەژاڵ ئیبراهیم خدرە کەلای ئێمە نەناسراونیە". بەرهەمەکانی ئەم شاعیرە گڕ دەدەنە جەستەی ئەوانەی دەیخوێننەوە لەچوار چێوەیەکدا خۆیان قەتیس ناکەن و لەو لاپەڕانەدا نامێننەوە و بەڵکوو سنورێکی بێ ئەندازە تێدەپەڕێنێ و، دەبنە پانتایەکی گەورە بۆ نێو ئەدەبی کوردی، بۆیە پێویستە توێژینەوەویەکی زانستایە بەبەرئەو هەوڵانەی ئەم نمونە جوانانەی شیعرەکانی بنەخشێنن".

ئەم خوشکە شاعیرە لە هەریەک لەم هۆزەوانانە دەقێکی جوانی لەڕێگەی تێگەیشتنەکانیەوە، ڕێنمایی و کاری نوێی خستۆتە بەر دیدەی خوێنەر "کەمن بەسامانێکی بێ ئەندازەی نەتەوایەتی و ئەدەبی دەزانم" ئەم دەقە شیعریانە پێوستە خوێندنەوەیەکی نوێیی بۆبکەین، هەق وایە ئەم نمونانە ببنە بنەمای بەرفراوانی و یەکتر قبوڵ کردن و لەناو بردنی دێرە مردووەکانی نێوان ئەدەب. "کە بەلای منەوە سادەیی ،ئەم هۆزەوانانە ئاودامانی خۆشەویستی تەڕو پاراوتر کردووە. چونکە زمانی نوسینەکەی ڕەوایداوە بەلوتکەی وەفایی و ژوانەکانی لەتەک هاوژینەکەی ڕەهێڵەیەکە لە فرمێسک و" دڵنیاشم تەنها و تەنها بەر بەرۆکی خۆی بۆدەکاتە پریاسکەی بەر ئەو پلوسکە فرمێسکانەی هەمیشە وەک پلوسکێک بەبەر دیدەیدا ڕێوەنی خەمەکانی وەک کانە نەوتی بان ئاویش وێنەی ڕەنگاڵەیی ئەوی تیا دەردەکەون".

ئەم کەژاڵە لەمێژە لەدیدی مندا لەدونیای هۆنراوەدا پەرژێنکی بۆخۆی داناوە، ئەوەی تیدا دەیخوێنمەوەو سەرنجی دەدەم و لەو دەمانە تێدا رادەمێنم هەر شیعرێکی هەست دەکەم پەلکە گیایەکی سەوز نەخشێنراوە".

ئەم ئاسکە شیعرانە لەدایکبوونێکی تازە یە هەناسەیەکی ڕەوا دەبەخشێت سروشتی تێگەیشتنی بەندەش لەو هۆنراوانەدا جوانیەکانیم بینوتەوە بۆیە تازە بەتازە دەچمەوە سەر ئەو ڤیروسیایەی کە جوانی شیعرم لا کامڵتر دەکات تاکوو ئەویش بتوانێت وەک دایکانەیەک ژیانە پەرتەوازەکەی خۆی جێ بکاتەوە، وە مەل ئاسا هێلانەی پۆلێک باڵندە تێر بکات و چرۆ ووردیلەکانی بەژنی خۆی بکاتە قوربانی وادەی ژوانە هەستیارەکەی و زەمەنێک بە سوێندێکی بێ هاوار بە هەورێکی فرمێسکاوییەوە دڵی خۆی چڕ بکاتەوەو ڕۆحیشی لەگەڵ ببارێنێ". ئەوەتا ئەم شاعیرە هەست جوانە زۆر ڕاشکاوانە لە کۆپلە شیعرێکی پێمان دەڵێ:

لەوانەیە دێڕ بە دێڕی
گەلای وشەکانم
لە دەفتەری یادگاریما
کاڵ ببنەوە
لەوانەیە ڕقی تورەم
بەر ڕەشەبای شعرم بکەوێ و
خەمەکانم بسڕنەوە
بەڵام ئازیز

"هه رکیز هەرگیز
جریوەی ئەستێرەی چاوت
گریانی هەوری ژوانەکانت
لە دیدە مدا ناسرِنەوە..

من پێموایە هەموو ئەو زەمەنە فرمێسکاوایانە لە دۆنگی وەفاییەوە سەرچاوەی گرتووە بۆیە لەناخی کەژاڵدا هەرگیز ناسرِێتەوە وە لەتەکیدا بە نەمری دەمێننەوە کە بەهیوام باخچەی گوڵەکانی ژیانی پڕ بێت لەخۆشەویستی و گەڵای ناسکی هەرگیز نەوەرێت و ژیانی هێوەری یاوەری بێت".

هەر خوێنەرێک بەووردی سەرنج لەم کۆپلە شعرە بداتەوەو بەچاوێکی پڕ لەهەست کردن لەژیان بروانێت، لەرۆحی پڕ لەئەندێشەی کەژاڵەوە سەرنج بدات دەزانێت چی نووسیوە "ئەو دەزانێت خۆشەویستی چ بەخشندەیەکی تێدایە و چ ماڵوێرانیەکیش بەدوای خۆیدا دەهێنێت. ئەوەتا پێمان دەڵێ:

لەسەر دڵی هەموو گوڵێک ..
لەسەر رۆحی پەلکەزێرِینە
نوسیویانە
مرۆڤ کە عەشقی تێدا بوودڵی سوورە
کە میهرەبانی تێدا بوو دڵی سپیە
کە وەفای تێدا بوو وەک ئاسمانە
کە ئومێدی تێدا بوو دڵی سەوزە
بەڵام کەرقی تێ کەوت رەش دەچێتەوە..

سروشتی نوسینم لەوردبینەوەی هۆنراوەیەک کە بەبێ هیچ راسپاردەیەکی هزرو هەست لەسەرخۆ مانا جوانیەکانی خۆیان دەکوتنە دوو تویی هەموو هەژێنێکی مرۆیی و هەستیاریم پێدەدات هەمیشە لەکۆتایی مەبەستی هۆنراوەکەدا پەنجەکانم ئەقلانیەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێ، بۆیە لەدوا دێریدا ووشەکانی دەمدوێنێ وە تاوتوێی ئەو مەبەستە دەکات کە نوسیویەتی وە "تەعریفەیەک دەدات بەدەستەوە "لەناو دڵی ژنێکی بێ دەسەلات":

(ناگەم بە تۆ
هەرچەند ڕێگا دڕک و داڵ بێ
هەر دێم بۆلات
لە دوورەوە بۆنت دەکەم
تا بزانی ئەشق چۆنە
لەنێو ژنێکی بێ دەسەڵات..

ئەگەر ئەم کۆپلە شیعرە لەرووی مەعریفیەوە وێنای بۆبکەین لەوەتێدەگەین ئەم هۆنراوەیە بەهەمو ئیمکانیەتیەکی شاعیرانەوە نوسراوە لەئاستێکی بڵندا چۆتە بەردەرکی خۆشەویستیتەوە بەهەموو ئیدارک و مانایەکی قوڵەوە خۆی نمایش دەکا، کەئەمە تێگەیشتنێکی قووڵی بەدوای خۆیدا هێناوە.

"وێرانەیە کە ئێمەی هەژار هیچ پێوەرێک بۆ تێگەیشتنی خۆشەویستی دانەنێین کاریگەری عەشق لەرووی مرۆڤایەتیەوە لەنگی و چەوتی نیە "چونکە جومگەکانی ژیان تەنها وەک ناونیشانێک و تابلۆیەکی ناسنامەی شیعری خۆی پێناسە ناکات بەڵکوو بەهیواو بەئەمەکەوە خۆی دەردەخات و مەترسی و ڕێگری و ئازارو خەمەکانیش لەوەلاوە بوەستێ".

"ئەم کۆپلە شیعریە چەمکی خۆی و ناونیشانەکەی دەپسێنێ وەک وەرزشەوانێکی سەر سەختی شاخەوان کە هەر ڕێگە دەبڕێ و بەری نادات "ئەگەر زەبەنگی و هەموو پشێویەکانیش ببنە ڕێگری".

ئەم ناز بارینەی شاعیر ئای لەم شۆخیەی ڕۆحی ئەو کە خۆشەویستی بەشیعر دەبەخشێت بە بۆنەکەشی سوکنایی "بۆیە لەسادەیی و بەخشندەیی خۆیدا بەڵگە نەویستە هەروەها هەرگیز خۆی بەکەم نازانێت لەبەرامبەر مەعشوقەکەی" ئەو مەزاری بێسنوری ڕۆحی پێ پاراو دەکات "بیمنەتیشە لەوەی هەتا هەتایە لەسەرە ڕێگەی سەرباویدا وەک ژنە هەژارێکی چۆک لەسەر ئەژنۆ دوور لەچاوی گۆدۆ، بە ژوانکەی پڕ لەهەست دەڕوانێت".

ئەرکی من و هاو ژینەکانمە بە سۆز و بە ڕێزەوە لە دووتوێی هۆنراوەکانت بڕوانین، تۆ بویتە سامانێکی نەتەوەیی ئەدەبی "ڕێچکەیەکت دۆزیوەتەوە کە پێویستە بەجوانترین شێوە پێشوازیت لێبکەین و بتنرخێنین".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ١٦ی دیسەمبەری ٢٠١٦



سەرچاوە
Serchawe

-----------------------------------------------------

## رەنگی پەلکەزێڕینە لە شیعرەکانی کەژاڵ ئیبراهیم خدر.



**بەشیر حاجەم**

**وەرگێڕانی: هێمن عەبدوڵا عەلی**

لە نزیکەوە ئەم شاعیرە جوان نووسە دەناسم "ناسینی من دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی لە رۆژنامەو گۆڤارەکان "ئەوەی ئەو نوسیویەتی "خەم و ئازاری ئەم گەلە بەش مەینەتەیە کەدەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر، دوور لە بەها مرۆیەکان ژیانیان لێدەکات بەدۆزەخ و بە شێوەیەکی جیاواز دەیان چەوسێنێتەوە ،ئەم شاعیرە بەووشەکانی رەنگدانەوەی ناخی واڵا کردووە تاکوو گوڵە هەنارەکانی ئەم زەمەنە جوانی ببەخشێت "

کەژاڵ" لە ساڵەکانی ١٩٨٧ وە دەستی داوەتە شیعر نووسین یەکێکە لەشاعیرەناسراوەکانی نەوەی" ٩٠"کان و تاکوو ئێستا تریفەی ووشەکانی بەردەوامی هەیە، تروسکایی دەبەخشێت تاکوو شەوەزەنگی نائومێدی بسڕێتەوە"ئەم شاعیرە چەندین دیوانی بەزمانی کوردی هەیە، دیوانێکیشی بەناوی "چاوێک بۆعشق ،باوەشێک بۆخۆشەویستی" بەزمانی عەرەبی



سەرچاوە
Serchawe

بڵاوکردۆتەوەو پێشکەشی کردووم، هەروەها بەڕێز دکتۆر "هیمداد حسین "لە بیلۆگرافیایەکدا شیعری کەژاڵی بەعەرەبی بڵاوکردۆتەوە بۆئێمەی خوێنەرو رەخنەگری عەرەب مایەی شانازییە "

ئەوەی زیاتر دەمەوێت تیشکی بخەمە سەرو، هەڵوێستەی لەسەر بکەم،دەنگی مێینەی ئەم شاعیرەیە کە زۆر رێز لەو دەنگانە دەگرێت کەلەسەر شیعرەکانی دەنوسن ئەگەر باش یاخوود خراپ، رەنگدانەوەی هەبێت: کەئەمە زۆر جار لەم نێوەندەدا ئەدەبییەدا جێگەی قبوڵ کردن نیە" بگرە زۆر جار ئەوەی لەسەری دەنوسیت و بەچاوێکی رەخنە گرانەوە، بەناڕەوا هێرشت بۆ دێنێت و کەسایەتیت دەڕوشێنێت " بەرگەی رەخنە ناگرێت. "ئەوەتا کەژاڵی شاعیر چەند ناسکانە گوڵە لاولاوی ووشەکانی دەنەخشێنێت و، بەزمانێکی ئەدەبی دوور لە رتووش و هەڵچوون بڵاوی دەکاتەوە.

بەراستی ئەوانەی من دەیخوێنمەوەو لێیان رادەمێنم و سەرسامی دامدەگرێ "کە چەند ناسک تێشووی خەمەکانی دەبینم "چەند ناوازە پەنجەرەی رۆح و دڵی والا کردووە" بگرە زۆرجاریش بیردەکەمەوەو دەڵێم خودایە ئەم مەخلوقە چەند ناوەوەیان ئازاری تێدایە بەتایبەتی خودی شاعیر "ئەوەی زیاتر منی راکێشا بۆئەم نوسینە، وە دەمەوێت رای خۆم لەسەری بدەم کە چەند حەزم دەکرد زمانی کوردی فێرببم و شیعرەکانم بەزمانی دایک بخوێندایەتەوە بەڵام بەداخەوە"

ئەوانەی کە شیعرەکانی کەژاڵ وەردەگێرن بەشێکی زۆریان زیاتر وشە ریزکردنە و جوانی شیعرەکە دەشوێنێ، کە ئەمە ئەهمیەتی شیعرەکە زۆر کەم دەکاتەوە و جوانی و ناسکی وون دەکات، کە دیارە ئەگەر بە کوردی بیخوێنیتەوە و سەرنجی بدەیتێ رەنگە زۆر ناسکتر نوسرابێت "

بۆ نمونە "چەندین شیعری ئەم شاعیرەم خوێندۆتەوە کە وەرگێردراوەتە سەرزمانی عەرەبی بڵاوکراوەتەوە" ناهەقی زۆریان بەرامبەر کردووە، زیاتر لە ووشە ریز کردن دەچێت، نەک جوانی ببەخشێت و بیدات بە خوێنەر کە ئەمە خۆی لەخۆیدا شیعرەکە بێ بەها دەکات "جگە لەوەش کوردی و عەرەبییەکەش دەشوێنێت" بۆئەوەی زیاتر درێژەی نەدەمێ دێمەوە سەر ئەم گوڵە جوانەی شیعر کە وەرگێڕدراوە و زۆر پێی سەرسامم قەشەنگی دەدات بەرۆح و دڵ "

کەژاڵ وەک دەرگایەک بۆ ژیان بکاتەوە پێمان دەڵێ:

**پێم بڵێ**

**لە نێوان مەسستی چاوەکان و**

مەستی پێکی شەرابەکەتدا
کامیان هەڵدەبژێری
لەنێوان خەونەکانی ئێستاو منداڵیمدا
کامیان فەرامۆش دەکەی
لەنێوان پەنجە ناسکەکانی
کچەکانی نێو قەڵاو
پەنجە قڵیشاوەکانی کچە قەرەجەکان و
پەنجە بەشیر تەڕبوەکانی بێریەکدا
کامیان هەڵدەبژێری

بەراستی دیمەنی ئەم وشانە ناخت دەوروژێنێت و هەست دەکەیت شیعر دەخوێنتەوە، بۆن و بەرامەی وەک رەیحانە پەخش دەبێت "ئەمە شیعرە "شاعیرێکی پڕ لە ئەندێشە نوسیویەتی کە پرە لەخۆشەویسیتی؟ منیش بیروباوەڕم وابووە کە زۆر جوان نوسراوە "هەرچەندە دوای تاوتوێکردن و چاکردنی ئەو هەڵە زمانەوانیانە زۆر زۆر سەرسام بووم".

کەژاڵ خان زۆر زۆر پیرۆزبایت لێدەکەم و بێ پەروا دەربڕین و هەستی جوانی خۆمت بۆ دەنێرم و دەڵێم سەدان جار دەستان گەش و گەشتر بێت.

چونکە هەستم کرد کە ئەم شاعیرە هەمیشە پێشەنگی دەوێت و ئەو رەخنانەشی لێی دەگرێت زۆر بەئاسایی وەریدەگرێت" بۆیە وەکوو کارو کاردانەوەیەک بۆئێوەو زیاتر لەم نێوەندەدا رۆژانە بەر دیدەم دەکەوێت و دەیبینم، بۆت دەگێڕمەوە".

جارێکیان رەخنەم لە ناشاعیرێکی هەڵەوەڕو دەست و پێ سپی گرت لە میهرەجانێک، سەرنجی خۆمم دەربڕی و رەخنەم لێگرت بە شێوازێکی ئەدەبی " ئەوەی نوسیبووی و خوێندیەوە هەر لە شیعر نەدەچوو، "دیارە زۆری پێ ناخۆش بوو" بە توندی وەڵامی دامەوەو، تەهدیدێکی زۆری کردم و پێی گوتم:

"ئەگەر جارێکی تر بە شێوەیەکی رەخنەئامێز قسە لەسەر شیعرەکانم بکەی و بەو شێوەیە لێم بڕوانی ئەو کاتە من بە عەشایری وەڵامت دەدەمەوە".



سەرچاوە
Serchawe

بەعقوبە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

---------------------------------------------------

## هاوڕێم "شوکریە" سڵاو لە نیشتمانە پڕ ئازارەکەی رۆحی تۆ.



کەژاڵ ئیبراهیم خدر

لە نیشتمانەکەی دڵی پڕ لە پەژارەو خەمی ئێمەدا دەیان گوڵە گەنم هەڵدەوەرێ "نیشتمانێک پڕ لە خەڵتانی خوێن و شەپۆلێک لە نائومێدی بەرۆکی گرتووین "نیشتمانێک خوێنی شەهیدەکانی بوونەتە سمبول و پایەکانی بەرەو داروخان دەڕوات".

ئەم نیشتمانە پڕە لە غوربەت، پڕە لە خونچەی تازە پێگەیشتووی غەمبارو ئازاردراو "دەبێت نیشتمان کێ سبەینێ لە باوەش بگرێت "ئەوانەی سەری خۆیان هەڵگرتوو گوڵە بە ئازارەکانیان بەجێ هێشت "یان ئەوانەی هەموو رۆژێک دۆزەخ بە قورگماندا دەکەن".

من لە نیشتمانە دڵە جوانەکەی "تانیاوە تەماشای ئەم ژیانە دەکەم "ژیانێک بۆنەو پڕ بوو لە خەبات و تێکۆشان، پڕ بوو لە لاوانەوەی دڵی کیژە خێر لە خۆنەدیووەکان پڕ بوو لە ئازاری وەرینی گەڵاکان".

تانیا دەیوسیت ئەم نیشتمانە ببێتە نیشتمانێک هەموو مرۆڤێک تێدا ئازاد بێت و لەدڵە بچکۆلانەکەیەوە نمەی باران دا بکات "ئەو دەیویست دیواری بێدەنگی بشکێ و ژنان لە باخچەی پڕ لە میهرەبانی خۆیاندا بحەسێنەوە.

ئەو دەیوست عاشقان دڵیان نەشکێ و باوەشی غەمباریان بڕەوێتەوە "دەیویست کەرامەتی مرۆڤ پارێزراو بێت و سبەی بەبەرگی ئاڵاو والاوە باوەش بەیەکتریدا بکەن".

نیشتمانەکەی دڵی تانیا هەموو تانیاکانی لەخۆی دەگریت "بە هەرکۆیەکدا دەڕۆیشت دەیان ئازاری دەچنیەوە "دەی بینی بڵندگۆی ژیان پێویستی بە تێکۆشانە پێویستی بە جەستەیەکە ئیتر بحەسێتەوە.

ئەو هەموو ئاواتی لە شارە جوانەکەی قەڵادزێدا هەڵچنیبوو "دەیویست بسک و پەرچەمی ژنانی شارەکەم ئاوی کانی و کارێز بەئازادی بخۆنەوە.

تانیا "گوڵێکی گەشاوەی پڕ لەتریفەی مانگەشەو بوو، گوڵی جوانی بەهاری پڕ لە پەلکەزێڕینە و شەونمی بەربەیانی شارەکەم بوو".

ئەو هەموو ناخی پڕ لە غوربەت بوو "بۆیە غوربەت بووە نیشتمانی خۆی و لە غوربەتدا حەزو ئارەزوو خەمەکانی سپارد".

ئەو ژنێک بوو لە ژنیەتی خۆیدا دەیان ئاوێنەی بەرووی ژناندا دەکردەوە دەیان ڕووانینی کردبووە پەنجەرە تاکوو شەماڵێک دابکات و فێنکاییەک لە ڕۆح و دڵی نیشتمانە کەماندا بدات و بەدەنگی بەرز بڵێت ئای نیشتمان تۆ چەند جوانیت چەند نەشمیلەیت چەند دڵت گەورەیەو شوێنی هەمووومان دەکەیتەوە".

ئێستا نیشتمانە جوانەکەی ئەم گوڵ هەنارە تەنهایەو خۆی تەنهایی هەڵبژارد "هەڵبژاردنێک وەک چیاکانی "قەندیل و ئاسۆس و چواس و بڵفەت سەر بەرز".

بنوو دایکی نیشتمان هەمووما لە خەمدا دەتوێینەوە لەخەمدا چاومان ڕۆژانە فرمێسک دەڕێژێت "ڕۆژانە دەیان گوڵە لاولاو هەڵدەوەرێت "شکۆمەندین بەتۆ گوڵە جوانەکەی شارەکەم "قەڵادزێ "ئەوشارە کە پێشەنگ بووی لەخەبات و تێکۆشان "پێشەنگ بووی لە کۆڵنەدان".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

-----------------------------------------------------

## ئەزموونی هەست لە شیعری ژنانەی (کەژاڵ ئیبراهیم خدر)دا.



رەحاب حوسێن سائیغ

وەرگێڕانی: خالیدە مەجید

کاغەزەکانم هەڵگرت و چوومە پەنایەکەوە بۆ ئەوەی حەز و ئارەزووم بۆ خەونی شاعیر (کەژاڵ ئیبراهیم) وێنا بکەم، یاری لەگەڵ جەستەی قەسیدەی (شەوێکی بێ تۆیی) بکەم. بینیم پیرۆزترین هەست و سۆزی هەڵگرتوە هاوکات لەگەڵ دنیایەک جوانیی.. دوو هێڵ تاسەی دەرون و فیکرێکی تەبا لەگەڵ بیری ئەم خانمەدا دەخوێنینەوە کە پەیوەندییەکی مرۆیی لە خۆدەگرێت نەک ئەوەی لە واقیعدا هەیە، بەڵکو وەکو بیرێکی بەرچاو و بەرجەستە.

شاعیر (کەژاڵ ئیبراهیم) وەکو دەنگێکی پڕلەخۆشەویستی هەڵگری شکۆی دیدێکی گوزارشت کار، دێتەبەرگوێ. کەلەڕێگەیەوە نیشانەکانی ژیان دۆستی هەڵدەقوڵێت و چەکەکەیشی ئەو هەستە هەڵقوڵاوەیە وەکو چریکەی بولبولی ئاسمانێکی عاشق بە کرانەوەی خونچەی گوڵان و قوڵپی ئەو هاوارەیە کە ناخیدا خۆی مەڵاس داوە "ئەو لە کاتێکدا دەست و پەنجەی هەتاو لەسپێدەیەکدا بەری دەکەوێت و بەناسکی و نەرم ونیانی خانمێک شەپۆل دەدات ئەوەتا ئەم شاعیرە هەست ناسکە. لە قەسیدەی (شەوێکی بێ تۆیی)دا دەڵێ:

ئەمشەو بێ تۆم
لە تەنیایی تەنیا ترم
دەنگێک نیە گوێ لەر ازەکانم بگرێت
سەردەمانێک
بەدەم شنەی ئازارەوە
تۆ گۆرانیت بۆ دەووتم

شاعیر (کەژاڵ ئیبراهیم) سیمای گلەیی و گازاندەکانی زۆر ڕوون و قوڵن، دەبینین بەجوانی درێژە بە شیعرەکانی دەدات و لەناکاو هەستدەکەین کە ئەو بەو جۆرە هێمن و ئارام نیە کە دەردەکەوێت، چونکە هاوڕێی تەمەنی ئێستای لێی دوورە. بە هەستێکی مرۆییانە هاوار دەکات وداوا لە گەردون دەکات کە هاوڕێکەی بۆ بگەڕێنێتەوە، چونکە هیچ شتێک هەستی تەنیاییەکانی پڕ ناکاتەوە ئەو نەبێت "کەژاڵ کە هەمیشە ڕاشکاوانە هەستی خۆی دەردەبڕێت لەم کۆپلەیەدا پێمان دەڵێ:

ئەمشەو بێ تۆم
مردنە ئەم بێ تۆییە
نیوە شەوەو کەس نهێنی دڵی بەژانم نازانێ
هەر بەتەنیا کاتژمێرەکەی سەر ڕەفەی دڵم نەبێ
ئەویش واخەریکە دەنوێ
یادەکانت تەزوویەکن
لە خەیاڵما دێن و دەچن

ئەو، گوێ لەترپەکـانی ژیـان لەجەسـتەیدا دەگرێت و چـونکە مرۆڤبـوونی لەگەڵ یادگارییەکـانی ڕۆژگـاردا وون کـردوە ولە گەڕانەکانی بە دوای ئەودا هەمیشە هەست و سۆزیدا و لە ئەوانەشیدا کە لێی بەجێماون چەکێک ووشە دەهۆنێتەوە"ئەوەتـا ئەم شاعیرە پڕ لە تریفەی مانگەشەوە پێمان دەڵێ:

ئەمشەو بێ تۆم

گرێی هەگبەکەم دەکەمەوە

ئەو هەگبەییەی

بیرەوەری و یادگاری

تۆم تیا هەڵگرتوون

ووشەی پەمەیی ڕۆحت و

خونچەی کراوەی دەمت و

ئاوێنەی روونی روخسارت و

دووتاڵ قژی تۆی تیایە

شاعیر (کەژاڵ ئیبراهیم) لە دوای چوونی ئەو خۆی بەتەنها دەبینێتەوە هیچ شتێک لای ئەو بەهای نییە، ژیـان تـام و بـۆنی خۆی لەدەستداوە ئەو ئێستا لێرە نەماوە ژیانیش بۆ کەژاڵ هیچ بەهایەکی نیە و" دەڵێ:

خونچە کەوا بەدەممەوە

ئاوێنەکە بەرۆحمەوە

تاڵە قژەکانیشتم

لە سێبەری برژانگەکانما شاردەوە

دەرگای بەهەشتی خەیاڵە بەرینەکەت دەکەمەوە

ئـازار و تـرس و ئـارەزوو، سێ گۆشـەیەکی یەکگرتـوون لە گۆشـەی تەنیاییەکانیـدا. هەربـۆیە بە یەکگرتـوویی نـاوەڕۆکی قەسـیدەکەیدا زۆر بەوردی توانیـویەتی وشـەکان ئازارەکـانی بنوسـێتەوە ولە سـەر گۆشـەی یادگارییەکـانی واتـای جـودایی هەڵبکۆڵێـت، بـۆ ئازیزێـک کە ئێسـتا لە ئەم جـودایە. ئازیزێـک کە ڕۆژگارێـک مانـای بە ژیـان دەبەخشـی لە سـاتەکانی پێکەوەبوونیاندا.

واتـایەکی جـوان لە دووتـوێی ئەم قەسـیدەیەدا هەیە کەلە دڵەوە هەڵقـوڵاوە، و بەنێـو سـێبەرەکەیدا ئـاوازێکی غەمگـین و ڕاستگۆ بڵاوبۆتەوە.

شـاعیر هەوڵیـداوە ئـازاری تەنیـایی شـەوە درێژەکـانی لە دووری ئەودا سـووک بکـاتەوە و هـیچ مەودایەکـی بـۆ ئـارەزووە داگیرساوەکانی نەهێشتۆتەوە و هیچ کەسێکیش لە دەوروبەرەکەی لە مەینەتیەکانی ئەم تێنەگەیشتوون. بە بێدەنگی ئـازار و مەینەتییەکانی بەسەر کڵپەو دڵڕەقییەکانی ژیاندا هەڵگرتـوە. ژنـان زۆرجـار وەهـا مامەڵەیـان لەگەڵـدا دەکرێت کە گوایـا لەدەستدانی ئازیزەکانیان یان ئەو کەسانەی تەمەنێک لەگەڵیاندا ژیاون، کارناکـاتە سەر هەست وسۆزیان، هەربۆیە بەبێ دەنگی، یادگارییەکانی لەگەڵ خۆیدا بەشدەکات و هەربە بێدەنگیش لە گەڵیدا دەکەوێتە چرپە.

-----------------------

**سەرچاوە**:

دیوان ئەلعەرەب: www.diwanalarab.com/spip.php?page=article&id_article=12868

r.h_sag@yahoo.com

سەرچاوە: ماڵپەری کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٦

--------------------------------------------------

## لێکچوون و جیاوازیی لە دوو دەق.

## کەژاڵ ئیبراهیم خدر، ئەبو مەهدی ساڵح



د. سوهاج ئەلسەیداوی

وەرگێڕانی: شێرکۆ محەمەد کەمال

ئەمڕۆ ئەم دوو شاعیرەم هەڵبژاردووە کە لە ژیاندا لێک دەچن و، لە جێندەردا جیاوازن. دوو دەق هەڵدەبژێرین و تەماشای ڕەنگدانەوەی ژیانیان لە بونیادی زمانەوانی و بەرهەمهێنانی شیعریاندا دەکەین بەرلەوەی بچینە ناو باسەکەوە دەبێ ئەوە بڵێین کە ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بە کەسایەتی شاعیر "ئەبو مەهدی ساڵح" ڕەواندنەوەی تەموومژە لەسەر گۆڕانی ناوەکەی، لە سەر هەموو بەرهەمەکانی چ شیعر بێ، چ ڕەخنە، چ مێژوو، هۆکاری دوورکەوتنەوەی لە شۆرەت و ناوبانگ و دوورە پەرێزی، لە هەر وابەستەیەک لە هەر ناوەندێکی ئەدەبی و ڕێکخراو و یەکیەتیەکانەوە "یان هەر دۆستایەتیەکی ئەدەبی یان فیکریەوە" پێشتر باسی ژیانیمان کردووە بەڵام ئەمرۆ لەگەڵ ژیانی شاعیرێکی عێراقیدا "کەژاڵ ئیبراهیم خدر"کەخەڵکی ئەوپەڕی باکورە واتە خەڵکی کوردستانە کە ئەمە یەکەم جیاوازییە لە نێوان دەشتی پان و بەرین و چیا و دۆڵەکاندا، جیاوازی لە جێندەردا "نێر، مێ، جیاوازی لە نەژادو زماندا، عەرەبی، کوردی، جیاوازی لە ئامادەگییدا".
ئەوەتا ئەبو مەهدی شاعیر لە دیوانی "تۆم و جیری" دەڵێ:

مێژوو خوێنمان بە وشە دەنوسێتەوە
لەشەڕگەکاندا خۆبەختکردن پێناسەیەی هەیە
فریشتەکان پەڕاوی کفن دەبژێرن
ئەوانەی هەژارن گۆڕستانیان نیە؟
کێلی سەرکردەکان خۆشەویستن و پڕن لە تابلۆ
ئای نیشتمانەکەم تۆ ڕەنگت لەهیچ ناچێ؟

کەژاڵی شاعیر لە کۆڕ و فێستیفاڵەکاندا زیاتر بەدەردەکەوێ، بەڵام "مەهدی" تەنیا لە دوو فێستیڤاڵدا کە یەکەمیان شانۆی پێیە لە قۆناغی چواری ئامادەیی دایە دووەمیان شیعریە".

کەژاڵ لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا ئامادەیی هەیە بەڵام "مەهدی لە هیچ بڵاوکراوەیەکدا حزوری نیە، هەندێ لە دۆستە نزیکەکانی بەرهەمیان بۆ بڵاوکردۆتەوە..

لێکچوونەکانیان لەم شتانەدایە هەردوکیان لە منداڵییەوە هەتیو کەوتوون تەمەنیان لێک بدەیتەوە نزیکە هیچیان عێراقیان جێ نەهێشتووە هەردووکیان گۆرانیان بۆ نیشتمان وتووە دەقەکانیان سەر ڕێژە لەهاواری زادەی زوڵم و زۆرداری "ڕژێمی جارانیان خۆش نەویستووە".

دەقەکەمان "مێژوو" هەڵبژارد ئیدی لەسەرمانە لە مۆسیقا شیعریەکەیدا دەنگە شاراوەکەی پشت ژیانیان بدۆزینەوە "عەدنان بن زریل "گۆتەنی لەزمان و شێوازدا (مۆسیقا یان سازان یان هۆرمۆنیا وشەیەک کۆکەرەوەی وەسفن "پێویستە لە وشەدا هەبێ بۆئەوەی و شەو ئاخاوتن لەسەر زمان سووک بێ و بەگوڵێ خۆش بێ، لەگەڵ تەبیعەتی بیرۆکەدا یان وێنەدا یان ئەو سۆزەی کەنووسەر یان شاعیر گوزارشتی پێدەکات یەک بگرێتەوە؟

هەردوو شاعیر وشەی مێژوویان هەڵبژاردووە چونکە ئاوێتە بە ژیانیان بووە. ئەو واقیعە تاڵەی لەخۆگرتووە کە پێدا ڕەت بوون هەرلەوێوە هەستیان بە واقیعە مۆسیقیەکە کردووە کە شیعرەکەی لەسەر ڕۆنراوە".

کەژاڵی شاعیر پەنای وەبەر ڕاناوی کۆ بردووە بەو هۆیەوە گوزارشتی لە کورد کردووە لە دۆزێک کە پشتاو پشت هاتووە ،لە گرێیەک کە لەدەرونی منداڵێکدا پەراگەندەیی و یەکیەتی گەل و خاکێک کەبەسەر گەلانی دیدا دابەش بووە، ئەم خۆی حوکمڕانی خۆی نەکردووە، بۆیە خەون بەوەوە دەبینێ ئەگەر بەخوێنیش بووە تاکو ڕەوتی مێژوو بگۆڕێت.

کەژاڵ لە "دیوانی با دڵم هێشووی تۆ بگرێت" ڕاستگۆیانە دەڵێ:

خوێن مێژوومان دەنوسێتەوە
خۆشەویستی دەکاتە نائومێدی
درەخت دەکاتە گوڵی سوور
برین پرشنگ دەدات
ڕوخساری زەوی دەگۆڕێ
هەتاو سڵاوی لێ ناکات

خوێن دەبێتە ژاڵەی تاڵ
ئاسۆی شعر
دەبێتە چیمەنی ووشک و
بێ ئومێدی سۆزی شمشاڵ

بەڵام لەلای شاعیر "ئەبو مەهدی ساڵح "هەر "شیعە و شۆرشی شیعیەکان "ناگێڕیتەوە بەڵکوو هەموو دنیا بە هەموو نەتەوەو ئاینەکان دەگێڕێتەوە.

کەژاڵ بە هەموو سپیەکەیەوە، زەوی، ژاڵە، سەوازیی، سروشتی کوردستانی بەکار بردووە "سەوزە گیای جوان و ژیانی خۆش لەناو مێژوویەکی خوێناویدا وشک دەبێ و دەبێ بەپووش "بەڵام لای ئەبو مەهدی رەنگ بریتیە لە رەنگدانەوەی برسیەتی و هەژاری و مێژووی هەموو هەژاران و بێنەوایان دروستی دەکەن "ئەوانەی کە دەمرن بۆئەوەی تاجە گوڵینە لەسەر سەرکردەدابنرێت و هەموو ئاهوو ناڵەی هەتیوان و نەوەکان بە بێدەنگی و بێ هیچ ناونیشانێک لەبیربچنەوە تاقە ناوو ناوبانگ هەر بۆسەرکردە بێ، ئەو سەرکردەیەی کە رەنگە هەرگیز شمشێری لە کێلان دەرنەهێنابێ بەڵام چەوساوەکان کە خوێنیان بووە بە مەرەکەبدانی قەڵەمی مێژوو، کە س هیچیان دەربارە نازانێ؟

بۆیە دەپرسێت ئایا دنیا دەزانێ چەند ئاهوو ناڵە لەژێر هەر بەردێکی هەرەمێکدایە، چەند کەس مردوون چەند هەتیوو بوون چەند بێوەژن لەژێر ئەم بەردەدایە. بێ ئەوەی چ کەسێک جگە لە کەس و کارەکەی خۆی هەستی پێ بکات جیلی نەوەکان گۆڕستانێکی وونە، تەنانەت لە بیرو هەستیشدا تەنانەت چەوساوەو پێشێل کراوەئەگەر هیچ شتێک دەربارەی چینەکەی خۆی نەزانێت و هەست بەو هاوارەی نەکات کەلە ژێر ئەو بەردەدا تاساوە دڵبەندوو سەرسامی فیرعەون دەبێ.

ئەبو مەهدی" هەردوو سیماتیک و سیمولوجیا، زانستی دەلالەت و زانستی نیشانە پێکەوەگرێ دەدات تەنیا بە هاونیشتمانیانی خۆیەوە گرێی نادات بەووڵاتی هەتیوان و ئابڵوقەو گەمارۆی نادات ئەوە نیە بەتەنیا بەیەک تایفەوە گرێی بدەن بۆئەوەی رەنگی زەردو تەماوی دەلالەت لەهەموو هەتیوان بکات.

بەڵام لای کەژاڵ رستەی فەرمانی بەکار بردووەو خۆی لەرستەی ناوی دوورخستۆتەوە نیشانەی لادانی مێژووەنیشانەی ئەوەیە کە مێژوو قابیلی گۆڕانە بۆیە چاوەڕوانی ئەوەیە رۆژێک لەرۆژان تاڵی ژاڵە بگۆڕێت بەشیرینی، بەڵام هەتیووی و شپرزەیی

پەرۆشی شاعیر وایلێکردووە هەست بە ون بوون بکات باوەڕی وایە کە چرەویی مێژوو کۆتایی نایەت بۆیە رستەیەکی ناوی هێناوە کە نیشانەی جێگیریە، چیا بەئاشکرا دەرکەتووە.

شاعیر باسی نائومێدی بە دوو شێواز و ڕێگا کردووە یەکەمیان خۆشەویستەو مێژووی خوێناوی خۆشەویستی لەبیردەباتەوە دووەمیان ناخی مێینەیە، بەڵام ئەبو مەهدی باسی بیابان و شۆرەکات دەکات چونکە لە خاڵێکدا (رۆژاوای رووباری غەڕاف - شەترە))کە تووشی تینویەتی و فەرامۆشکردنی دەوڵەت بووە تەنانەت ئەو تینویەتیە لە دیوانەکەشیدا رەنگی داوەتەوە هەموو ئەو وشەو زاراوانە هەڵقولاویی مێژووی ژیانی باشووریی شاعیر خۆیەتی وەکو چۆن لە مێژووی ژیانی باکووریانەی کەژاڵدا".

مێیایەتی هەردەو لەگەڵ باران و سەوزی گیادا باردەکات و بەدەم مێژووی خوێناوییەوە دەمرێت بەڵام لەمێژووی ئەبو مەهدی ساڵح دا تەنیا فریشتە دەمێنێ و تۆماری ڕووداوەکان نانێژرێ.

هەڵبەتە رەنگدانەوەی ژیانی هەردوو شاعیر لە شیعرەکانیاندا ئاشکرایەو ئەم باسە ئاو زۆر دەکێشێت و لە کورتی دەیبڕمەوەو دەڵێم هەردوو شاعیر سەرکەتوون لەلای کەژاڵ ئەوەی ویستویەتی دەربکەوێ دەرکەوتووە بەڵام لەلای ئەبو مەهدی شتێک هەندێک پەنهان و نادیارە فریشتە رەمزە و نیشانەی پەنهانییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٦

---

## بابەتەکانی ساڵی ٢٠١٧

---

### وشەیەک بە هەقی شاعیر کەژاڵ ئیبراهیم.



کەریمە روبەیعی - بەسرە

وەرگێڕانی: کاروان قادر شەفیق

هەر کاتێک شیعرەکانی کەژاڵ لە روپەڕی رۆژنامەکان یاخوود لە فەیسبووک دەخوێنمەوەو بەرچاوم دەکەوێت، هەست دەکەم لەبەردەم شاعیرێکی هەست ناسک و جوان نوسدا دەوەستم "شاعیرێک دەبێت لەروانگەی دەربڕینی هەست و هۆشیەوە بەشێوەیەکی جوان ئاماژە بە رۆح و ناخی پڕ لە پەژارەی بدەین".

ئەم شاعیرە پێمان دەڵێت خۆشەویستی لەئازارو خەمەوە رۆحی خۆی پەخش دەکات، وەک پەنجەرەیەک شوشەی دڵی دەکاتەوە "ئەوشێوازێکی گرنکی لە بینینی خۆشەویستیدا هەڵبژاردووەو لەرێگەی تابلۆی ووشەکانی خەمەکانی ژیان دەچنێتەوە، بۆ خانەکانی خۆشەویستی، لەنێو پەرەوای دڵدا هەمیشە وەک پەپولەیەک وایە بەسەرگەڵای درەختەکانەوە" بۆیە ئەم دەنگ و شەبەنگە شیعرەیە لەناخ و رۆحێکی پاک و بێگەردەوە سەرچاوە دەگرێت "ئەوەتا ئەم شاعیرە پێمان دەڵێت:

"کە ئاشنات بووم<br>
بەبێ ئاگر گرم گرت و لەبەر پێتا توامەوە<br>
هەر زوو زانیم کانگای عشق و خۆشەویستی<br>
بە عەشقێکی زۆر شێتانە<br>
لە ناختدا گیرسامەوە

کەژاڵ هەمیشە بەدەنگێکی بەهێزو دوور لەترس بەرەنگاری ئەو داب و نەریتە سواوانە دەبێتەوە کە بەرۆکی کۆمەڵگایان گرتووە، بەهەموو شێوەیەک رێگری دەکات تاکوو کۆتایی بەو ستەمە بهێنێت کەلە رابردوودا لێمان کراوە و هەوڵدەدات ئەو توندوو تیژیە نەبێتە مۆرانەیەک "خۆری کۆمەڵگا بشێوێنێت بۆیە لەو بارەیەوە کەژاڵ دەڵێت:

که تۆم ناسی
گردێک بووم بەچیا
کانیەک بووم ،بووم بەدەریا
شەوێکی ئەنگوستە چاو بووم
بووم بەگزنگی بەیانی
باڵدارێکی ناو قەفەس بووم
گەڕامەوە بۆ سەر چڵی درەختەکان
بۆ نەغمەی خۆش بۆ گۆرانی

"کەژاڵ ڕۆحی خۆی هەمیشە وەک گوڵێک نیشان داوە تاکوو بۆنی پێوە بکەن بۆ خزمەتی کۆمەڵگاکەی، راشکاوانە ووشەکانی خستۆتە روو، بۆیە دەیەوێت سروشتی ژیان و پێگەی ژنانەی خۆی لە نوسینەکانیدا بەدەر بخات ئەو دەیەوێت هەمیشە کۆمەڵگا خۆش بەخت بژین و خوێن و دوبەرەکی کۆتایی بێت.

"کەژاڵ دەڵێت:
دەتۆش وەرەجێم مەهێڵە
دەرگای دڵتم بۆ واڵاکە
بالەناختا بتوێمەوە
خۆت دەزانی کە ووشک بووم
تەنها بەعەتری هەناسەت دەژێمەوە

کەژاڵی دڵ پڕ لەئازار، بۆئایندەیەکی گەش دەڕوانێت "ئەو وەک شاخێکی پایە بڵند وایە لەبەرامبەر خۆشەویستیدا، هەنگاوەکانی چڕ کردۆتەوە بۆ مرۆڤایەتی، ئەو لەڕێگەی شیعرەکانیەوە ناگەڕێتەوە بۆ "چێژێکی ساتە وەختی ژیانی "بۆیە دەیەوێت هەنگاو بۆ داهاتوو بنێت، ئەوەی لەرابردوودا رویداوە بۆژیانی ئافرەت لە داب و نەریتە کۆنەکان تێپەڕێنێت" ئەو تیشکی رۆژە ببەخشێت بەدڵ و دەرونی کۆمەڵگاکەمان".



سەرچاوە
Serchawe

کەژاڵ رۆحێکی هەیە رەنگاو رەنگە لەجوانی و خۆشەویستی بەرهەمی ئەو رەنگاو رەنگەش لە شیعرەکانی رەنگی داوەتەوە ئەوە شاعیرێکی کوردە لە خوێندنەوەی شیعرەکانی جوانیەک بەدی دەکەین لە پێویستە هەمیشە هەڵوێستەی لەسەر بکەین چونکە دەنگی ژن لەم کۆمەڵگایەدا وەک سەکۆیەک وایە کە پێویستە بەرەو پیری بچین و بەرۆحێکی پڕ لە بەخشندەییەوە لێی بڕوانین".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - رێکەوتی: ٨ی دێسەمبەری ٢٠١٧

-----------------------------------------------

## ئامادەبوونی خۆشەویستیی لە شیعرەکانی



دیوانی "لە حزوری زیکری ئەمشەو"ی کەژاڵ ئیبراهیم خدر.

وەرگێڕانی: دلشاد

تێبینی سەرەتایی "عەبدوڵا قەرەداغی "نووسەر و رۆژنامەنووس "لە بواری رۆشنبیرییدا نابێت بێ سەروشوێن بیت".

شاعیر کەژاڵ ئیبراهیم خدر پێشەکی شیعرەکانی بەیەکەم دیوانی بەناوی "لەحزوری زیکری ئەمشەو "بڵاوکردۆتەوە لەم کۆمەڵە شیعرەدا شاعیر وای پیشان دەدات "دەڵێت قەیرانێک هەیە سنورێکی زۆری تێپەڕاندووەو پڕاو پڕە لە بەرەنگار بوونەوەو دژایەتی کردنی رەگەزەکەی تر کە"مێینەیە"چونکە رەگەزی یەکەم هەمیشە کاریگەری خۆی هەیە و لەنێو کۆمەڵگادا و ،زۆر کات هەرەشەی بیستراو بینراو دەبینین لەسەر ژیان و رووبەرووبوونەوەی "مێینە"کە شاعیر پێناسەی کردووە" هەروەها بەشێکی کەم لەئافرەتانیش بەدەر نین لەو هەڵوێستە توندەیان بەرامبەر "مێینەتیم " کەبەهەردوکیان خواستی هەرەشەکانیان پەنجەی تۆمەت راکێشانە بۆ بەدەجالیکردنی ژنایەتیم کە دەمەوێت لە رێگەی شیعرەکانمەوە پەرەی پێبدەم "بۆیە لێرەوە ئەم شاعیرە پەنا دەباتە بەر ووشە و پیتی جوان تاکوو بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دەستپێکردنی نوسینەکانی ناو ناخی خۆی ،یاخوود دەروونی قووڵی " کەئەوەی هەوڵی بۆداوەو قەڵەمەکەی خستۆتە گەڕ بۆ شیعر نوسین ،کە تەنها بە چەند رستەیەکی سەرنج راکێش و کورت ئازارو خەمەکانی دەخاتە روو".

"کەژاڵ "خۆی دەڵێت ئامانجی نوسین لای من، خۆی لەخۆیدا نوسینێکە بەمانای ئەوەیە ووشە ببێتە ئامانج "ئەم داکۆکی کردنە لەسەر "ووشە"لای کەژاڵ لە دوو روانگەوە دەخوێنرێتەوە "جۆری گشتی کە لەقاموس دەبینرێ ودیاری کراون، لە شێوەی شیعرەکانی، جۆری دووەمیان تایبەتە بەخۆی "بۆیە ئەگەر تەماشای ئەم کۆپلە شیعرە بکەین دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە شاعیر چ پەیامێکی تایبەتی هەڵگرتووە:

چەند حەز ئەکەم کە ئەتبینم
هەموو جەستەم بێ بەدەم و
تێر ماچت کەم
بەڵام ئازیز زۆر دەترسم
رۆژێک دابێ
لەنێو هەموو ماچەکانتا خۆم وون بکەم.

بۆیە ئەگەر بە ووردی سەرنج بدەین لەم کۆپلەیە جوانیەکانی ووشەو پیتی رازاندۆتەوە و، خستویەتە بەردەم خوێنەران بۆئەوەی بتوانێت کاریگەری هەبێت وەبە کردار ئامادەی خۆی نیشان داوە ببێتە هێزێکی دیاریکراو بۆ نیشانی دانی ئەو ئاسمانە کراوەیە تاکوو هەموو روێکەوە وێنەکانی بەزووی کۆبکاتەوە وەکاریگەری دابنێت، وە خوێنەر بتوانێ بڕوا ی بە کورت" مەوداکان" هەبێت، وەتاکوو بزانێت نەمانی مەوداکانیش شتێکی سروشتی رۆژگارە".

ووشە و پیت لە سروشتی رەنگینی شاعیردا کاریگەریەکی دیارو نادیارە لەناو دەرونی قووڵی "مەوداکان "ئەم شاعیرە دەیەوێت بفرێت وەک باڵندەیەکی پڕ لە خەیاڵ بۆ دوور بڕوانێ بەرەو قووڵایی ئاسمان تاکوو تاقی بکاتەوە، ئەو قووڵایە دیاردەکانی سروشتمان پێ ئاشنا بکات ئایا دەتوانین وەک ئەو بین بۆ جوانی سروشت".

ئەوەتا ئەگەر لەم کۆپلەیە سەرنج بدەین دەزانی ناخی شاعیر لە چ تەنهاییەکدایە:

ئەمشەو بێ تۆم
لەتەنیایی تەنیاترم
دەنگێک نیە گوێ لە رازەکانم بگرێت
سەردەمانێک بە دەم شنەی ئازارەوە
تۆ گۆرانیت بۆ دەووتم
ئەمشەو تەنها و بێ هاوڕێم
دەست لەملانی شەپۆلە زیوینەکانم
مانگیش بەتەوقی سەرمەوە
چاوشارێکێ لەگەڵ ئەستێرەکان دەکات
ئەمشەو بێ تۆم.

ئەم دووری و دابڕانە "محرومیەتە" دیاردەیەکە زیاتر دەردەکەوێت لە رستەیەکی تر، بۆیە شاعیر دەیەوێت نهێنی ئەو ئاسمانە کراوەییە بزانێت بەلام ناتوانێت نهێنیەکان لە رەگ و ریشەوە دەربێنێت چونکە ریشاڵەکان ووشەو پیتی شعرەکان دیاری دەکات کەژاڵ خۆی لەسەرەتاکەی کە پەنای بۆبردووە، بۆ ئامانجێکی دیاریکراو تاکوو بینوسێتەوە دواتر کەژاڵ دەڵێت:

تۆ رۆیشتی
کتێبەکەت پێنوسەکەت و
گوڵدانی بەردەم ژوورەکەت
هەرهەموویان
بۆنی غەریبی تۆ دەکەن ،بەس من نەبێ

چونکە بەر لە رۆیشتنت
قومێ لەئاونگی خۆشەویستی
شنەیەک لەهەناسەت جێ نەهێشت بۆم.

ئەمە ووشەی ماڵئاوییە بەڵام کام ماڵئاویی" تـۆ کـاتێ ماڵ ئـاوای دەکەیت هەست دەکەم منێکی ژن مـردووم ئەگەر بەچاوی دووری لێت بڕوانم".

ئەوەتـا کەژاڵ دەگەڕێـتەوە تـاکوو مەوداکـانی ژیـان کەم بکـاتەوە سـەر لەنـوێ دایبرێژێتەوەبـۆ ژیـانێکی جـوانترو گەشـتر لەئاسمانێکی پڕ لە ئەستێرەی گەش ئەو ئاسمانەی کەزۆر درێژو پان و بەرینە".

شیعرەکانی کەژاڵ تەنکاییەکی زۆری پێوە دیارە وەک ئەوەی کە باران کەم بێت و کانی و روبارو کارێزەکان بەرەو کەم بوونەوەی ئاو بچێت مرۆڤ بەئاسانی بیپەڕێتەوە تێدا".

شاعیر ئەگەر بیەوێت بەدوای بۆشاییەکی هەڵکەوتـووی تـردا بگەڕێت کە لە دڵ و دەرونیەوە پەنگی خـواردۆتەوە "وە ئەگەر بەراوردێک بکەیـن لەگەڵ شـاعیرمان "عبـدالله گـۆران" کە هەمیشـە داکـۆکی کـردووە لە شیعری سەربەسـتی جوان و، سروشتی دڵڕفێن " دوور لە هەموو شتێکی تر"بۆیە ئەم شاعیرە دابڕاوە لە روناکی خەنـدەو خۆشەویسـتی"ئەگەر ئەم راستیەش بخەینە روو رەنگە ئەم شیعرە بە جۆرێک نوسراوبێت لە ژێر کـاریگەری تونـدی بیـرۆکەی نـاو مێشـک و گیـانیدا بـن " بە تـایبەتی کە شاعیر دەڵێت:

ئای لەو ساتانەی
تیشکی گیانم عشق بارانی تۆ دەکات
گوڵاڵەکان لێوی حەزیان
لەگەڵ بزەی تۆدا دەکەنەوە
بۆیە ئێستا لە دوا دیدار بریار دەدەم
خۆم بکەمە پەڵە هەورێک و ،تۆ بکەم بەمانگ
بۆئەوەی لە باوەشما بتشارمەوە
تاهەرچی رووناکیت هەیە

بەس بۆمن بێ و کەسی تر نا؟؟؟

کەژاڵ واخۆی نیشان دەدات بە جۆرێکی نەرم و ناسک شیعری هۆنیبێتەوە ئەویش لە ڕێگای شیعری سادەو بێ گرێ و گۆڵ " لای ئەو وێنەکان زۆر نامۆ دیار دەکەون ،چونکە وێنەکانی دەوروبەری خۆی بەکارهێناوە بۆئەو ئامانجانەی کە لەسەرتاوە ئاماژەمان پێداون".

بەڵام کەژاڵ جیاوازی بەرچاوی پێوەدیارە لە راستگۆیی و هۆنینەوەی شیعرەکانی کە کاری لەسەر کردووە" توانیویەتی ووشەو پیت و شیعرەکانی بلکێنێتە ئەو ئاست و ئامانجەی کەخۆی لەسەر هەڵچنیووە،تاکوو بیگوازێتەوەو بەشێوەیەکی زۆر زیندوو بیگەێنێتە خوێنەر" لە ڕێگەی گوڵەکانی خۆشەویستی کە هەمیشە ئامادەیە لە هەموو کات و زەمانێکدا "ئەم شێوەیە شیعریەی ئەم شاعیرە کە هەڵیبژاردووە ، لەوانەیە گوڵەشیعریەکان "سۆفی "بن بەتەواوەتی" یاخود "سۆفی زەق" بن بەڵام "دەروێشی" نین لە قوڵایی سروشتەوە رەگی داکوتابێت لەو کاتەی خۆشەویستەکەی لێی دوورە".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٩ی ئاگۆستی ٢٠١٧

---------------------------------------------

## کەژاڵ ئیبراهیم خدر: کڵپە و سۆز و هێماکان لە دەقە شیعری

"بە بێ بۆنی هەناسەت ناژیم".



موسا حمدان - فەلەستین

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شەرمین عەبدوڵا

بۆ درکاندنی جوانی لە هەموو بابەتێکدا شاعیر خۆی لەخۆیدا بەهەست و نەستێکی مرۆڤایەتی و هوشیاری و کۆمەڵایەتیەوە دەنگی خۆی هەڵدەبڕێت و هەڵدەستێت بە هۆنینەوەی شیعرە گوڵاو پژێنەکانی "لێرەدا کەژاڵی شاعیری کوردی رەسەن بۆئەوەی وێنەیەک بنەخشێنێ لەرێگەی ووشەکانی و بەخشندە سەیرو سەمەرەکانیەوە ،هەستاوە بەنقوم کردنی دەروونی ئادەمیزادو ژیانی سروشتی وولاتەکەی لەرێگەی هەست و شێوازە شیعرە ناوازەکانی و، هەڵبەست و هۆنراوەکانیەوەن بۆئەوەی جوانی و خۆشەویستی و پێشکەوتن و شکۆیی کە بەنێو بیری مرۆڤەکاندا دادەگەڕێ، ئەو لەنێو شیعرە عەرەبیەکانیشدا سەرنجی خۆی راکێشاوەو بەشێوەیەکی بەرچاو دەرکەتووە.

کەژاڵ لە میانەی تێکەلاووبوونی لەگەڵ ئەم کۆمەڵگایەی تێدا دەژی و، لەنێوان ئەو سروشتە دڵرفێنەی کوردستان کە جار جارە شاخ و دەشت و چەمەکانی بەبەفرو جارجارەش بەسەوزایی دادەپۆشرێت"بۆئەوەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بەجوانترین شێوە وێنەو جوانترین ئەو پەیوەندیانەی لەنێوان مرۆڤەکاندا هەیە لە بەخشین و برایەتی و رەوشتی باش و جوامێری و مەردایەتیان تیدایە پێان ببەخشێ".

کەژاڵ شاعیرێکە توانای ئەوەی هەیە لە هەموو شتێک بدوێ لە شیعرەکانیدا وێنەیەکی باشی بۆ کوردستان و، عێراق و دانیشتوانەکەی بەئەندازەی ئاوو روبارەکان بۆئێمە فەراهەم کردووە، بەهەموو ئەوانەی لەباکوورو رۆژهەلاتەوە تا دەگاتە رۆژئاوا ووشەکانی گەیاندووە.
دکتور "خزەیر دەرویش" "شاعیرو رەخنەگری ئەکادیمیستی عێراقی مامۆستای خوێندنی بالا لەئەدەب و رەخنەی نوێ لە زانکۆی کەربەلا" بەشی عەرەبی "سەبارەت بە کلێەو سۆزو نیشانەو هێماکان لە دەقە شیعرەکەی کەژاڵدا کە بەناوی "بۆنی وەک هەناسەت نەبێ "دا دەڵێ "بە تەماشاکردنی دەقەکە دەبینین ناونیشانەکە بە هەموو هەستێکەوە باڵی خۆی بەسەر ناوەرۆکەکەیدا کێشاوە، شاعیر لە سەرەتای دەقەکەوە پێمان دەڵێ":

کاتی تۆم ناسی گردێک بووم بە چیا
کانیەک بووم و ،بووم بەدەریا
شەوێکی ئەنگوستەچاو بووم
بووم بە نێرگزی بەیانی
باڵدارێکی نیو قەفەس بووم
گەڕامەوە بۆ سەرچڵی درەختەکان

**بۆ نەغمەی خۆش بۆ گۆرانی**

لێرەدا ئاگر، یان ئەوەتا بەمانای خۆشەویستی دێت کەکاری خۆی لەسەر کەسایەتیەکەی کردووەو هەر بەتەنها بەوەش نەوەستاوە کە گڕ لەجەستەی بەربدات" بەڵکوو پتەویەکەشی تواندۆتەوە بەبێ چاوەڕوانی لە بەهێزییەوە بۆ بێ هێزی گۆڕیویەتی".

بۆیە ئەم شاعیرە جوان نووسە هەمیشە دڵنیا بووە، کە دەتوانێ گوڵی شیعرەکانی بەئەندازەی رۆحی مرۆڤایەتی پەرە پێ بدات و هەنگاوێکی گەورە بهاوێت و پەیوەست نەبێت بەکات و شوێنەوە، چونکە شوێن لە زەمەنی ئەم شاعیرەدا هەست پێ ناکرێت.

شاعیر هەمیشە داوای شوینێی بەیەک گەیشتن دەکات لە رووبەری پاکیزەیدا، واتە وەک ئەو شوێنەی کە بەکاتەوە زامن کراوە "کەلەسەرووژیان و، هەروەها لەسەرئاستی کاتەوەیەو بەساتە وەختی ئێستاوە لکاوە،بۆیە زۆر لێهاتوانە نەخشی خۆی و رۆح و دڵی خستۆتە روو کە لەدۆخێکی هەست پێکراوەوە پێمان دەڵێت کە هەمیشە ژیان "بە بێ چاوەڕوانی" زۆر دژوارەو ئایندەش بۆ کاتێکی داهاتووە"کە دەبێت چاوەڕوانی بکەین".

کەژاڵ ئیبراهیم هەرچیەک دەنوسێ بەزمانی کوردییە "ئەگەر بهاتایە راستەوخۆ بەزمانی عەرەبی بینوسیایە، ئەوا زیاتر چێژمان لێ وەردەگرت، بەڵام هەرچیەک بێت بۆمان دێت وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی، هەر بۆیە هەستی شاعیری تیدا نابینرێت لەبەرئەوەی زمانی مانایەکە لەنێو دڵی شاعیرەکە دایە، بۆیە شاعیری دیکە یاخوود وەرگێڕەکەهەمان ئەو هەستەی نابێت کە شاعیرەکە هەیەتی، ئەگەر بێتوو شاعیر خۆی بۆسەر زمانی عەرەبی وەریبگێڕێ، ئەوا گەیاندنی پەیامەکە بەهێزترو جوانتر دەبوو چونکە هەموو هەستەکانی خودی خۆی لەنێو ووشە وەرگێردراوەکاندا دەبینێت".

شاعیر باسی شەڕو ئاشتی، هەروەها باس لەباران و لەوەرزەکانی چاندن و دروێنەو بەرهەمی کردووە، هەندێ جاریش تێکەڵیەکی لەنێوان هزرو بیرو راستی خەیاڵ و واقیعدا کردووە نجوانترین هەستی لەسەر سروشتی کوردستان پێ بەخشیووین، هەندێ جاریش لەنێو کەسایەتی مێینەی دیکەدا خۆی بەر جەستە دەکات تاکوو لەرێگەی شیعرەکانیدا ئازاری هاوڕەگەزەکانی بسەلمێنێ بۆئەوەی هەستەکانی عیشق و بەڵگەی قسەکان لەسەر ئازارەکان بخاتە روو"".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٦ی جوونی ٢٠١٧



سەرچاوە
Serchawe

----------------------------------------

## کەژاڵ ئیبراهیم خدر بە سەردەمێکی بارمتەکراودا تێدەپەڕێ.



هیشام ئەلقەیسی

وەرگێڕانی: شەرمین عەبدوڵا

کەژاڵ ئیبراهمم خدر.. فەرشی رۆح رادەخات، شاعیر عەشقێکی رەواو دەروازەیەکی کراوەی هەیە، لەسەردێرە شیعرەکانیدا کەمەست وکەیلن، تابلۆکان لاردەبنەوە، هەموو ساتێک هێرشمان بۆ دەهێنێت و، ئازاری خۆشەویستی بەگوێماندا دەچرپێنێ و، نائومێدی یادگاریەکان دەدرکێنێ، بەرامبەر بەجیهانێک کە بەتینی سۆزەوە دەدرەوشێتەوە، کەژاڵی شاعیر راستگۆیی و بەخشندەیەکی روونی لێ هەڵدەقوڵێ و، بەشەکان لەنێو نوسراوە دیاریکراوەکانیدا دەناسرێ هەر وەک چۆن لە مانای کۆتایی پێهێنانی دڵ دەڕوانێ:

(دڵم هەمیشە پشکۆیە
خۆشەویستی دەناسێنێ
تەمەنی عەشق درێژە
هەر رۆژێک بێ
دەبێتە چرای رووناکی و
خەونی ئاسوودیش دێنێ (١).

لە ئیقاعی هێمنانەیدا رستەکان دەخرێنە پاڵ فرەوانی چەقۆکان، ئەو بەنەریتە نێوخۆیەکانەوە سزا دراوە، وامان لێدەکات بەپێی چۆنیەتی کاریگەری گەرمی کەش وهەوا و، وێنەکان وبەهێزی نیگاکان لەگەڵیدا رابێین:

(لەخەونمدا بووم بە ئاشنای
دەریای خۆشەویستی فرمێسک و
شەیدای سێبەری ئاسمان و
کۆشکی گوڵێکی هەڵوەریوو،
بووم بە هاورێی نەمامێکی هێشوو گرتوو
بۆ دیواری باخچەیەکی چارەنووس و
رەنگینی پێشوازی، پەشۆکاوی
گەردەلوولی، رۆحی ئەو) (٢).

هەر بۆیە خوێنەر لەودەریایەی کە لاپەرەکانی و وێستگەخوێناویەکەی تێدا دەگەرێنێتەوە وێڵ دەبێت.

(کە ئاشنات بووم
بەبێ ئاگر گرم گرت و
لەژێر پێتا توامەوە
هەر زوو زانیم
کانگای عەشق و خۆشەویستی
بە عشقێکی زۆر شێتانە
لە ناختدا گیرسامەوە) (٣).

لەکاتێکدا لەبەرزەبرو زەنگی دوورەدەستی، ئازارەکان بەسوێ دەبن، یاخود لەسەر شێوەی ئەو رەگانەی کە بە پرسیاروخۆشەویستیەوە لێوان لێون، بەلام خەیاڵە جوانەکان روونیەکی زۆر پاک و بێگەردیان لێ دروست دەبێت، ئارامی هەستەکانی تێدا ئازاد دەبێت، مەبەست لە مەترسیە پێزانراوەکان وا دەکات کە لە نێوان رۆشنایی شیعرو نێوان ئەو پەیڤانەی مانەوەو و بێگەردی لەباوەش دەگرن گوزەربکات:

(گوڵێت وەک شەونمی بەر بەیان
زەوی دڵی خۆی خۆش دەوێت
بەشەرمەوە پێدەکەنێت
ماچی لێوت سپێدەیەکی گەش
دڵێشت خونچە چرۆیەکی ئەرخەوان) (٤).

شاعیربەشەیدایی لەو داوەتە رۆمانسیە کراوەیەدا دەمێنێتەوە لەدوای ئەو هەموو کڵپەیەی کە رێڕەوەکانی سوتاند، تەنها ژیان و گەواهی پاکانەی دەوێت، هەربۆیە رەنگی شیعر وشێوازو وێنەکەی و هەڵقوڵاوی شیعریی یەکەی، جیاوازیەکی چالاکی لەوەرگرتن ونیشانەکانی بینراوو نەبینراو پێ دەبەخشێت، کەبۆ ماوەیەکی درێژ لەدڵدا هەڵدەکەنرێت:

(هەوری سپیت
دڵت شەونمی بەیانەو
جوانی ژیان دەنوسێتەوە
هەندێک جاریش
بەسەر لاشەی پێر لەئازاری مندا
رەنگاو رەنگیت) (٥).

ئەگەربەزمانی ترسەوە قسەبکات ولەخەمەکانی خاوبێتەوەو ئارەزوویەکانی نەشارێتەوە، ئەوا رۆمانسیەتێکی یاخی لەنێو نەنگی خەیاڵیدا گوزەر دەکات، وایلێدەکات خوی پێوە بگرێ و گڕگرتوو وکراوە بێت، هەموو ساتێک لەنێوان هیواکان ودەنگەکاندا گەشت دەکات، بێدەنگی تێدەپەڕێنێ و بەهەڵواسراوی دەمێنێتەوە:

(لەسەر کانی گوندەکەتان
نوێژم دەکرد
شێخێک بەلامدا تێپەڕی
ووتی: کچم هانێ برماڵ
نوێژەکەتی لەسەر بکە
ئەو نەیزانی بەرماڵی رۆحم راخستووە
نوێژەکانی عەشقت دەکەم) (٦).

نیشانەی کاری رابردوو ورانەبردوو بە ئاشکراو بەقوڵی دەمێنێتەوە، لە بەرامبەر پرسیارو سەیرکردن وپەشیمانی جوڵەیەک زیاد دەکرێ، ئەوەش چێژێکی تایبەت بە شیعرەکە دەدات و ئەزموونی مرۆڤایەتی رێکوپێکی تێیدا هەڵدێ، بەروونی ئاسودەیی لە سوێیەکانی شاعیردا دەبینرێ:

(دەیان جار چوومەتە وەرزی تەنهایی
دڵی باخێکی بەجێماوی پڕئەسرین و
گۆڕستانێکی بێ باڵندەو
تریفەی شەونمی مانگ و
کیژۆڵەیەکی بێ ناونیشانم دیووە
دەیان جار بەنێو پایزی
عەشقێکی تاریکدا راگوزەر بووم
کەمەرگی خۆیان لەنێوو
شەپۆلە سەرشێتەکانی دەریادا بینیووە) (٧).

پەنا بردنی شاعیر بۆ چۆنیەتی قسەکردن بەیەکێک لەهۆکارەکانی خاڵیکردنەوەی شێوازی راپەڕاندنی خود دادەنرێت ئەوە لەلایەک و دروستبونی بازنەکانی هەستە رۆشنەکان کەلەگەڵ سایکۆلۆژیەتدا کۆک دەبن لەلایەکی دیکەوەیە، لێرەدا راستگۆییە هونەریەکەی دەگاتە بەرزترین ئاستی هەستە بەرزەکان:

(ئەگەر شەیدای عەشق نەبام
هێندە سەیرم نەدەکردی
گەر تامەزرۆی حەزەکانی ناخت نەبام
هەرگیز پەنجەم ماچ نەدەکردی
دەتۆ وەرەوە
ببە بە چرای روناکی دڵم
ببە مانگە شەوی ژیانم
لەناخمدا بشۆرەوە هاژەی روباری خەم و

بەفری سەر پێڵوی چاوانم) (٨).

کەواتە خەمەکانی شاعیر لەدروستبوونیەوە هەڵدەقوڵێ، لەبەر ئەوەی سەلماندنەکان تێکەڵی و پەیوەندیە قوڵەکان ئاشکرا دەکات، بەپێی ئەو وشانەی هەستی پێ دەکات، هەر بۆیە خەمەکانی ئەو وەکو هەموو خەمێکی ئاسایی نیە، لەرێگەی رێڕەوی وە ئاگاهێنانەوە ولەمیانەی دەربڕینێکی توندو وەرگرێکی ناخامۆشیەو ولەرێی رووبەڕووبونەوە و بەیەک گەیشتنی دروستکراوەوە ئەو تێهەڵکێش دەبێت وبەروویدا دەکرێتەوە:

(لەیەکەم دیداری تۆوە

من قەرزاری هەورو زەویم

هەور هات رێگەی نیشاندام

زەوی بۆنی خۆڵی تۆی پێناساندم) (٩).

-----------------------

پەراوێز:

١- هۆنراوەی "تاریکی شەو و پەنجەرەی عیشق".

٢- هۆنراوەی" دڵۆپێک لە شەونم وهەڵوەرینێک لەپەڕەی گوڵ".

٣- هۆنراوەی "پرووشەکانی عیشق".

٤- هۆنراوەی "کۆتری ئاشتی دڵتم پێ بسپێرە".

٥- هۆنراوەی "کۆتری ئاشتی دڵتم پێ بسپێرە" .

٦- هۆنراوەی "نوێژ".

٧- هۆنراوەی "نیشتمانێک لە ئەرخەوان".

٨- هۆنراوەی "تاریکی شەو و پەنجەرەی عیشق".

٩- هۆنراوەی "پرووشەکانی عیشق".

سەرچاوە: (ئەلناقد ئەلعێراقی).

www.alnaked-aliraqi.net/article/21906.php



سەرچاوە Serchawe

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٩ی فێبریوێری ٢٠١٧

--------------------------------------------------

## کەژاڵ ئیبراهیم خدر؛ شاعیرێکی دانسقە لە کوردستانی باشوور.



ئەدهام نەمر حریز

وەرگێڕانی: نیازی حەمە عەزیز

ڕەوشی (ئەدەبی ژنانە) لە کوردستانی باشوور جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەوەی عێراق نییە. بەڵام بە جیاوازیی زمان و ئامرازە بەکاربراوەکان تایبەتمەندیی خۆی لەچاو هاوبەهرەکانیدا پاراستووە. ئەم تایبەتمەندییە ئەدەبییەش زیاتر لەوەدا دەردەکەوێ کە تەواوی خاتوونە شاعیرەکانی کورد بە زمانی عەرەبی نانووسن. هەر لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)شەوە ڕەوتی ئەم ئەدەبە بازێکی مۆدێرن و گشتگیر و بەرچاوی داوە، بەتایبەتی دوای دەربازبوونی ئەم ڕەوتە لە هەژموونی پیاوان لە گۆڕەپانی ئەدەبیی کوردستانی باشوور.

کەژاڵ ئیبراهیم خدر، یەکێکە لەو شاعیرانە کە بە بەهرە و شێوازە دەگمەن و دانسقەکەی توانیویەتی ناوی خۆی لە ناوەندی شیعری و ئەدەبی بنەخشێنێ. وێڕای وەرگێڕانی چەندین دەقی شیعری ئەو بۆ زمانی عەرەبی کە ناساندن و بڵاوبوونەوەی ناوبانگی زیاتری لەدەرەوەی زمانی کوردی پێ بەخشیوە. لە شیعرەکانی کەژاڵ دا وێنە هونەرییەکان لە میانی ئەو وەسفانەدا دەردەکەون کە ئەو بە سەلیقە و جوڵاندنی پەیڤەکان پانتایی جیهانێکی لە ئەندێشە و فانتازیا خوڵقاندووە، بە جۆرێک لە وشەگەلێک پەیامێکی نوێیی بۆ جیهانێکی دی هەڵگرتووە کە خوێنەر مەلەی بێپایانی تێدادەکا، پەیامێک کە لە نێوان دێڕەکانیدا تاڤگەی ئەوین هەڵدەڕژێ خۆشەویستی پەخشدەکا. دیارە کە پەیوەندیی لەنێوان بەرهەم و ئەفراندندا ئەو وێنە ورد و پڕ لە توانستانەن کە بە شێوەی جۆراوجۆر هزر دەگەیەننە زەین و ئاوەزی خوێنەر، لەم

پێودانگەوە کەژاڵی شاعیری کورد زۆر سەرکەوتووانە توانیویەتی بە هۆنینەوە شایستەکانی لە دەروازەی دڵەکان بدات بەر لەوەی بە ناخی ئاوەزەکاندا شۆڕبێتەوە.

پرۆفایلی شاعیر: لە قەڵادزێی سەر بە پارێزگای سلێمانی لەدایکبووە. لە بواری خوێندنی پیشەیی کاردەکا. لەزۆربەی فیستیڤاڵە ئەدەبییەکانی کوردستان بەشداریکردوە. زیاترلە ٧٠ خەڵات و میداڵ و بڕوانامەی ڕێزلێنانی لە کوردستان پێبەخشراوە. لە لایەن وەزیری رۆشنبیریی عێراقەوە لە پای دیوانەشیعری (دەڤەری قەڵادزێ) خەڵاتکراوە. پلەی شەشەمی لە دیداری شیعری لە میسر پێبەخشراوە. چەندین خەڵات و بڕوانامەی لە دەوڵەتانی عەرەبی وەرگرتووە. بە گشتی لە پێشبڕکە ئەدەبییەکاندا ٢٠ جار پلەی یەکەم و ٣٥ جار پلەی دووەم و ١٨ جار پلەی سێیەم و ١٢ جار پلەی چوارەمی بەدەستهێناوە.

چاپکراوەکانی شاعیر: تاکو ئێستا ٢١ دیوانە شیعری بە چاپگەیاندوە. لەسەرشیعرەکانی لەبواری تۆژینەوەی ئەدەبی دەیان نامەی ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆکانی کوردستان وەرگیراوە. دیوانی "چاوێک بۆ عیشق و ئامێزێک بۆ خۆشەویستی" کراوە بە عەرەبی. دیوانە شیعرێکی کراوە بە فارسی. هەندێک لە دیوانەکانی بۆ زمانەکانی ئینگلیزی و ئیسپانی و ئەڵمانی و رووسی و لاتینی وەرگێڕدراون. لەم رۆژنامە و گۆڤارانە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی دەربارەی شیعرەکانی ناوبراو بڵاوبۆتەوە: (ئەلزەمان، ئەلشەرق ئەلئەوسەت، ئەلئیتحاد، ئەلموستەقبەل، ئەلحەقیقە، تەریق ئەلشەعب، تەریق ئەلحوریە، ئەلجەماهیر، ئەلحەیات، ئەلجسر، رایە ئەلحوریە، تشرین، نەهج ئەلحوریە، ئەلعێراق، ئەلفکر، ئەلمەدا، ئەلسەدا، ئەلشەعب ئەلجەزائیری... هتد).

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٨٢ی جانێوێری ٢٠١٧

----------------------------------------

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٨

-----------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## کورتە ژیاننامە: کەژاڵ ئیبراهیم خدر



تانیا ئاوارە

ژنە شاعیر (کەژاڵ ئیبراهیم خدر) ساڵی ١٩٦٨ لە قەڵادزێ لە دایکبووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لەوشارە تەواوکردووە.
بەهۆی ڕاگواستنی دانیشتوانی شاری قەڵادزێ و گوندەکانی دەوروبەری کەژاڵ ئیبراهیم و خێزانەکەی کۆچ دەکەن بۆئۆردوگای خەبات و چەند ساڵێک لەوێ نیشتەجێ دەبن.

لەساڵی ١٩٩٠ لەگەڵ نووسەر (ڕێبوار محمد یوسف )ژیانی هاوسەری پێک دەهێنێت ودەبنە خاوەنی سێ منداڵ بەناوەکانی (ئامرێ، نواڵە، دارياس).
کەژاڵ ئیبراهیم ئەندامی دەستەی نوسەران بووە.

ساڵی ١٩٨٧دەست بەنوسین دەکات سەرەتا بە شیعرو چیرۆکی منداڵان پاشان ساڵی ١٩٩٨ دەست دەکات بە نوسینی شیعری سۆزداری و بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاو دەبێتەوە.

کەژاڵ ئیبراهیم وەک یەکەم ژنە شاعیری کورد دەبێتە خاوەنی ٢٨ بەرهەمی تایبەتی خۆی و شیعرەکانی بۆ زمانەکانی (عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی، لاتینی، ئەمازیغی، رووسی، ئیسپانی) وەرگێڕدراون.

دوای ئاشنا بوونی ئەم ژنە شاعیرە لە وڵاتانی عەرەب دەبێتە خاوەن قەڵەمێکی ژنانەی کورد لەلای نوسەرانی عەرەب و زۆربەی نوسەرانی هەر بۆیە لەماوەی ئاشنا بوونی ئەم نوسەرە ١٣٥ لێکۆڵینەوە توێژینەوەی جیاواز بەزمانی عەرەبی لە سەر شیعرەکانی ئەنجام دەدرێت.



سەرچاوە Serchawe

بەهۆی جوان نوسی و داهێنانی نوێ لە شیعرەکانیدا دەبێتە خاوەنی زیاتر لە ٢٠٠ خەڵات لە وڵاتانی عەرەبی و خەڵاتی شەشەمی لە میهرەجانی میسر بەدەست هێناوەو جگە لەو خەڵات و ڕێزلینانانەی لە ناوخۆی وڵاتدا وەری گرتووە.

زیاتر لە ١٥ جار بۆتە خاوەن خەڵاتی یەکەم لە وڵاتانی عەرەب و زیاتر لە ٥٠٠ ڕۆژنامەو گۆڤاری وڵاتانی عەرەبی شیعرەکانی کەژاڵ ئیبراهیمیان بڵاو کردۆتەوە چەندین نازناوی جیاوازیان پێ بەخشیوە لەوانە(شاعیری خەونە مەحاڵەکان، شاعیری فریشتە، ئەو شاعیرەی لەکەسی تر ناچێت)

لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزانی ئەم ژنە شاعیرە و هاتنە نێو دنیای ئەدەب و نوسینەوە ڕێبوار محمدی هاوسەری وتی:

سەرەتای ناسینی من و کەژاڵ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٧ لەشاری قەڵادزێ یەکەمجار نامەیەکم بۆهات نوسرابوو ئەم نوسینەم نوسیوە تەماشای بکە کە چیرۆکێکی منداڵان بوو، منیش وەڵامم دایەوە کەدەکرێت ئەم چیرۆکە بنێریت بۆ ڕۆژنامەیەکی منداڵان ئەوکاتە یان ئاسۆ بوو یان هاوکاری پاشان ئەو وتی من کەس ناناسم ئەگەر تۆ بۆمبەریت باشترە منیش لەڕێگەی دەزگای ڕۆشنبیری کە لقێکیان لە سلێمانی بوو ناردم لەماوەی هەفتەیەکدا بڵاو بویەوە لەگەڵ کۆمەڵێ شیعری منداڵان.

ڕێبوار محمد باس لە یەکەم ساتی دروست بوونی خۆشەویستی نێوان خۆیی و کەژاڵ ئیبراهیم دەکات و دەڵێت:
جارێک کەژاڵ پەخشانە شیعرێکی بۆناردم کەلەسەر بەهار بوو پێی وتم بۆچوونی خۆتم پێ بڵێ منیش لەبری وەڵامی پەخشانەکە نامەیەکی سۆزداری و خۆشەویستیم بۆ نارد لێرەوە ئێمە بوینە ئەویندار.

ڕێبوار محمد دواجار دواکاریەک ئاڕاستەی لایەنی پەیوەندیدار دەکات و دەڵێت:

ئەوەی سەبووری بە ئێمە دەدات دروستکردنی پەیکەریکە بۆ کەژاڵ و دانانی لەناو شاری سلێمانی دا چونکە هەم کەژاڵ شایستەیە هەم ئەم شارەش هەمیشە خەمخۆری بووە.

نامیێ کچە گەورەی کەژاڵ ئیبراهیم باس لە یادەوەریەکانی خۆیی و دایکی دەکات و دەڵێت: ئەو هەمیشە بێ دەنگ بوو ئەو کاتانە نەبێت کە شیعرێکی دەنوسی و دەهات بۆمانی دەخوێندەوە ئێستاش کە دەچمە کتێبخانەکەی بێ دەنگە وادەزانم لەوێ یەو شیعرێک دەنوسێ و دواتر دێت بۆمان دەخوێنێتەوە، نامێ ئاماژە بەوە دەکات بۆمانەوەی بەرهەم و بڵاو بوونەوەی ئەو



سەرچاوە
Serchawe

شیعرانەی کەتا ئێستا بڵاو نەبونەتەوە ئەرکی بەڕێوە بردی پەیج و ئەکاونتەکەی دایکی لە ئەستۆگرتووە.

ئازاد بەرزنجی بەڕێوبەری دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم و هاوکات هاوڕێی کەژاڵ ئیبراهیم باس لەو دەدەکات کەژاڵ ئیبراهیم گەرچی سەرەتا بە شیعرو چیرۆکی منداڵان دەستی پێکردووە بەڵام توانی لەماوەیەکی کورتدا ڕیچکەیەکی تایبەت بە نوسینی خۆی هەبێت توانی وەکو شاعیریک جێگەی خۆی لەنەخشەی شیعری کوردیدا دابنێت.

کەژاڵ ئیبراهیم خدر شەوی ٢٣ی نیسانی ٢٠١٨ لە تەمەنی ٥٠ ساڵیدا لەسلێمانی، کۆچی دوایی دەکات. بەبۆنەی کۆچی دوایی ئەم شاعیرەوە لقی سلێمانی یەکێتی نوسەرانی کورد، بەناونیشانی (شاعیرێک گوڵ خۆی پێ ئارایشت دەکرد و خۆر نوری لێوەردەگرت)، چلەی ماتەمینی بۆ شاعیر (کەژاڵ ئیبراهیم خدر) لەهۆڵی تەواری شاری سلێمانی بەڕێوەبرد.

لەم مەراسیمەدا لەبری داگیرسانی ٤٠ مۆم ڕێوڕەسمی دانانی کتێب بەڕێوەچوو ئەمەش لەسەرداوای شاعیر خۆی بووە لەم بارەیەوە هێمن بەرزنجی بەرپرسی کارگێڕی یەکێتی نوسەرانی کورد وتی: ئێمە لەسەر ڕاسپاردەی خۆی ڕامان گەیاند ئامادە بووان بە کتێبێک بەشداری مەراسیمەکەی بکەن، ئەوەی ئەمڕۆ یان ڕۆژانی داهاتوو بەدەستمان دەگات دەیکەینە پرۆژەیەک تا کتێبخانەیەک دروستبکرێت و ناوی لێ بنیرێت کتێبخانەی (کەژاڵ ئیبراهیم خدر).

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاک - ڕێکەوتی: ١٣ی جوونی ٢٠١٨

## دیدارێکی بڵاونەکراوەی شاعیرە عاشقەکەی قەڵادزێ کەژاڵ ئیبراهیم خدر

## شاعیرێک لەزمانی خۆیەوە بەزمانی گوڵ دەدوێت



مۆفەق میراودەلی

لە ساڵی (١٩٦٨)لە شاری قەڵادزێ لە دایک بووم، هەموو تەمەنی منداڵی و گەورەیی خۆم لەوێدا بەسەر بردووە، شارێکە بەهەشتی جوانیەکانی مرۆڤایەتی تێدا ڕەنگدەداتەوە، ئەو شارەی وەک پەلکەزێڕینەی بەهار دەدرەوشێتەوە.

ڕەنگە نازناو بۆ ناسینەوەی کەسەکان پێناسەیەکی جوان بێت، بەڵام وەکو خۆم تاوەکو ئێستا هەڵگری هیچ نازناوێک نەبووم، قەڵادزێ ئەو شارەیە بۆمن بۆتە نیشتمانێک لە ئەرخەوان، ئەو شارەی هەمیشە وەک ڕووناکی ڕۆژو تریفەی مانگەشەو لێی دەڕوانم، شارێکە باخچەی پەروەردەو ژیانی منداڵیم لەوێ بەسەربردووە، پڕبووە لە خۆشەویستی و یەکتر ناسین، ئازارەکانی تریشی لەولاوە بوەستێت، هەر لە دەنگی ناپاڵم و ڕاگواستن و وێرانکردنی زانکۆو شەهیدکردنی لاوە بە ئەمەکەکان.

لە بواری خوێندندا دەرچووی ئامادەییم، ئێستا فەرمانبەرم لە ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی، ئەگەر ڕاگواستنی زۆرەملێی پشدەر نەبوایە، کاتێک بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی خەبات چووین، پلەیەکی بەرزی خوێندنم بەدەست دەهێنا، چونکە لە قوتابخانە زۆر زیرەک بووم، پلەکانی خوێندنم لە شاری قەڵادزێ تەواوکردووە.

هەرگیز حەزم لە کاری سیاسی نەکردووە، ئەو کاتە زیاتر هۆگری دیوانە جوانەکانی خوالێخۆشبوو مامۆستا شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت بووم، ئەوانەی شێرکۆ بێکەس (تریفەی هەڵبەست)، لەتیف هەڵمەتیش (خواو شارە بچکۆلانەکەمان) و (پرچی ئەو کچە ڕەشماڵی گەرمیان و کوێستانمە).

هیچ نازناوێکم بۆخۆم دانەناوە، ڕەنگە بیریشم بۆی نەچووبێت، تەنها زمانی کوردی دەزانم، هەر بەزمانی کوردیش دەنووسم، هیچ توێژینەوەیەکم نیە لەسەر کتێبەکان، بەڵام هەندێک نووسینم لەسەر شاعیرەکان نووسیووە، بەکورتی لە ساڵی (١٩٨٧)ەوە لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)و (ئاسۆ)شیعرو چیرۆکی منداڵانم بڵاوکردۆتەوە، سێ شیعرم بەناوی (شەونم محەمەد قادر)لە پاشکۆی عێراق بڵاوکردۆتەوە، لەبەر باری کۆمەڵایەتی ئەمە دەست پێکردنی سەرەتای نووسینم بووە لەو بوارەدا، تاوەکو ئێستاش بە بەردەوامی لە زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان شیعر بڵاودەکەمەوە، زیاتر شیعر دەنووسم، ئەو شیعرانەش بۆ خزمەتکردنی دۆزی ژنان و خۆشەویستی ئەوان نوسراوە، لە ڕێگەی شیعرەوە ناخەکانی ئەو توێژە گرنگەی نێو کۆمەڵگام خستۆتەڕوو، (٢١) نامیلکەو دیوانی چاپکراوم هەیە، لە شیعرو چیرۆک و شیعری منداڵان، هەروەها بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێبواری هاوسەرم چوار نامیلکەم بە چاپ گەیاندووە، لە چاپخانەکانی شاری سلێمانی و هەولێرو شیعرو نووسینەکانم بە چاپ گەیاندووە، وەزارەتی ڕۆشنبیری مۆڵەتی بڵاوکردنەوەیانی پێداون، نامیلکە شیعر (نەواڵەو تۆپەکەی) ئامادەیە بۆ چاپکردن، تاوەکو ئێستا بڵاونەکراونەتەوە، گوزارشت لە شیعر منداڵان دەکات.

شیعرەکانم بۆ زمانەکانی (عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی، لاتینی)وەرگێردراون، سەدان نووسین لەسەر شیعرەکانم نوسراوە، لە بوارەکانی وەرگێڕان و ڕەخنەگرتن لێکۆڵینەوەیان لەسەر نووسیوە، زۆرجار بەهۆی شیعرەکانمەوە ڕووبەرووی ڕەخنەی ئەوانە بوومەتەوە، چاویان بە شیعری ژنان هەڵنایەت.

کتێبخانەیەکی گەورەمان هەیە، نزیکەی چوار هەزار کتێبی جۆراو جۆری تێدایە، وە زیاتر خوولیای دیوانی شاعیرەکانم لەبەرئەوەی زیاتر شیعر دەنووسم، بۆیە خوولیای ئەو دیوانانەم، زیاتر هۆگری شیعرەکانی خوالێخۆشبوو (شێرکۆ بێکەس)و مامۆستا لەتیف هەڵمەت بووم، هەرگیز لە ژێر کاریگەری ئەوان شیعرم نەنووسیوە، بەڵام هەمیشە هۆگری شیعرەکانی ئەوان بووم، خەریکی کۆکردنەوەی شیعرەکانم لە دیوانێکی گەورەدا، هەروەها بەچاپ گەیاندنی شیعرە فارسی و عەرەبییەکانم.لە شاری سلێمانی فەرمانبەرم لە ئامادەیی پیشەسازی سلێمانی.

## بەرهەمی چاپکراوم:

١- دوو دڵۆپ و فرمێسک و خەندەیەک، پەخشان، ساڵی ١٩٩٣، ل ٣٢،، قەبارە: ١١× ١٦.٥.(بەهاوبەشی لەگەڵ ڕێبواری هاوسەرم).

٢- کارەسات و ڕاپەڕین، ساڵی ١٩٩٤، (بەهاوبەشی لەگەڵ ڕێبواری هاوسەرم).

٣- لە حزووری زکری ئەمشەو، ساڵی ١٩٩٩.

٤- شەڕو ئاشتی پەنجەکان، ساڵی ٢٠٠١.

٥- گریانی ووشەکان، ساڵی ٢٠٠٣.

٦- جەژنی مەرگ، ساڵی ٢٠٠٤.

٧- دڵ و ڕەنگ، ساڵی ٢٠٠٥.

٨- چاوێک بۆ عەشق و باوەشێک بۆ خۆشەویستی، ساڵی ٢٠٠٥، زۆربەی شیعرەکانمە کە لە لایەن شاعیران و نووسەران و ڕەخنەگران لەسەریان نوسیوە. (بەهاوبەشی لەگەڵ ڕیبوار محەمەد یوسف)ی هاوسەرم.

٩- نامرێ و چڵە نێرگزێک، شیعرو چیرۆک،سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ٧٧، قەبارە: ١٤.٥×٢٠. (بەهاوبەشی لەگەڵ ڕیبوار محەمەد یوسف)ی هاوسەرم.

١٠- بە پێنوسی ژنێک، ساڵی ٢٠٠٦.



سەرچاوە
Serchawe

١١- ئاونگی وەرینی گوڵەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕوون، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ز٥٤٣، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٣١٠، قەبارە: ١٦×٢٢،٥.

١٢- پیتەکانی پایز، ساڵی ٢٠٠٧.

١٣- دەستێکم پڕە لە باران، ساڵی ٢٠١١، ل ١٩٤، قەبارە: ١٤،٥×٢٠.

١٤- تاریکی شەو پەنجەرەی عەشق، ساڵی ٢٠١٣.

١٥- تاریکی شەو پەنجەرەی عەشق بە فارسی، لە لایەن نەسیم مرووت جوو وەرگێڕدراوە بۆ فارسی.

١٦- عین للعشق حچن للمحبه، مگبعه روناکبیری، فی مکتب تنقیم الاتحاد الوگنی الکردستانی، ٢٠٠٠، ص١٢٠، حجم: ١٤×١٩.

١٧- لە حزوری زکری ئەمشەو، بۆ جاری دووەم چاپکراوەتەوە.

١٨- بادڵم هێشووی تۆ بگرێت، کۆی بەرهەمە شیعرەکانمە لە ساڵی (١٩٩٨) تاوەکوو ساڵی (٢٠١٤)لە لایەن دکتۆر کرمانج گوندی کە لە یەکێک لە زانکۆکانی ئەمریکا وانە دەڵێتەوە، دەکرێنە ئینگلیزی و دواتر بەچاپیان دەگەیەنێت.

١٩- دیوانی کەژاڵ ئیبراهیم خدر، بەرگی یەکەم، ٢٠١٥، ل ٣٠١، قەبارە: ١٥×٢٠.

٢٠- دیوانی کەژاڵ ئیبراهیم خدر، بەرگی دووەم، ٢٠١٥، ل ٣٠٠، قەبارە: ١٥×٢٠.

٢١- دیوانی کەژاڵ ئیبراهیم خدر، بەرگی دووەم، ٢٠١٥، ل ٢٠٦، قەبارە: ١٥×٢٠.

٢٢- چەند بەرهەمێکی دیکەی چاپکراو و چاپنەکراوی هەیە.

* سەرنج: سێ ساڵ لەمەوبەر لەمیانەی کۆمەڵێ پرسیار بەم شێوەیە وەڵامی دامەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوی - ڕێکەوتی: ١ی مای ٢٠١٨

--------------------------------------------------

## لێکۆڵینەوەیەکی وەسفی لە دیوانی «چاوێک بۆ عشق باوەشێک بۆ خۆشەویستی شاعیری کورد کەژاڵ ئیبراهیم خدر»



سەرچاوە Serchawe

**بەپێنوسی پرۆفیسۆر دکتۆر مقبل ئەحمەد الحمیری - یەمەن**

**وەرگێڕانی دکتۆر: هێرش محمد ئەمین**

**یەکەم**

**وورد بونەوەیەک لەدوورەوە**

لەنێوان کەژاڵی مەقدیشی یەمەنی و، کەژاڵی کوردی عێراقدا زیاتر لەسەدەیەک کات هەیە، لەنێوانیاندا لێکچوون و جیاوازی زۆر هەیە بەڵام ناوێکی دەگمەن و ڕەگەزی ناسک و هەڵکەوتەی شیعری ئازایەتی و ئەدەبی لە ڕووبەڕوو بونەوەی کۆمەڵگادا کە داب و نەریتی کۆنی تێدایە هەروەها بوونی شیعری باڵادەست لە کۆمەڵگایەکی شیعری کە پڕیەتی لە کەڵە شاعیری پیاوان هەردوکیان کۆدەکاتەوە.

هەر چۆن شاعیری میللی یەمەنی کەژاڵی مەقدیشی لە سیەکان و چلەکانی سەدەی پێشوودا پرشنگی دایەوە و ناوی دەرکرد هەروەها خانمە شاعیرێکی ڕەوانبێژ«وەک شاعیران دەڵێن لە ئاسمانی کوردستانی عێراقدا ناوی دەرکرد و پرشنگی دایەوە کە سنورەکانی عێراقی بەزاندوو گەیشتە ئاسمانی شیعرو ئەدەبی عەرەبی و ئیسلامی ئەویش شاعیر «کەژاڵ ئیبراهیم خدرە» ژنە شاعیرێکی داهێنەرو فەیلەسوفێکی ڕاستەقینەیە کە سەر بە قوتابخانەی شیعری ئازادی نوێیە ئەو قوتابخانەیەی کە من هاوڕا نیم لەگەڵیاو لەوانەیە بەشێک لە ژیانم بەسەر برد، لە بەر هەڵستی کردن و ڕەخنەلێگرتنی لە خۆشەویستیم بۆ شیعری کۆن و شیعری کێش و سەروا»

بەڵام جوانی و کاریگەری گەورەیی هەیە لەسەردەرونەکان هەر ڕەنگێک بێت یان بە هەر شێوەیەک بێت چونکە جوانی قوتابخانەیەکی هەستی چێژی جیهانیە تەنها قوتابخانەیەکی هونەری قۆرغی ناکات بۆخۆی یان شیعر یان ئەدەب یاخود



سەرچاوە
Serchawe

مۆسیقا جوانی ئەوەیە کە راتدەکێشێت بۆ سەرسام بوون لەبەر دەمیدا زەردەخەنە هانت دەدات بیکەیت و بوەستیت لەبەردەم شان و شکۆیدا سەر دانەوێنیت بۆ گەورەی ئەمە لەمن روویدا کاتێ لە شیعرەکانی ئەم شاعیرە زۆر نمونیەدا تێڕامام»

خوێندنەوەی من بۆ شیعرەکانی کەژاڵی شاعیر لەمیانەی دیوانی ناوبراوەوە بوو کە کەوتە بەردەستم تاکە چاپکراویەتی بەزمانی عەرەبی کە زۆر سەرسامی کردم بەشێوەی بونیاد گەرایی و هونەرییەکەی لە نوسینی شیعرەکانیدا هەروەها رۆچوونی بابەتی لە ئەزموونە شیعرەکانی و رەوانبێژی و جیاکاری لە وێنەکان و لێک چواندنی. لەگەڵ ئەمانەشدا جیاکاری لە هەڵبژاردنی بابەتەکان و خستە رووی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و سیاسیەکان لە کۆمەڵگای عێراقیدا و باردۆخی عەرەبی بەشێوەیەکی گشتی و چارەسەرکردنیان لە زمانێکی پاراودا ناسک و ئاست بەرز لەدەق و رێنماییەکانی ئینجیل دەکات کە رۆژێ لە رۆژان لە ئاسمانەوە دابەزیبون «بەم شێوەیە کەژاڵ ئیبراهیم دواوەو داهێنانی کردووەو من وای دەبینم کە بەراستی یەکێکە لەسەر قافڵەکانی شیعری نوێ یاخود قوتابخانەی پەخشان یان قەصیدەی پەخشان کە خانمە رەخنەگری فەرەنسی» سۆزان بەرنار «پێناسەی دەکات و دەڵێت پارچە پەخشان کورتە بە گوێرەی پێویست یەک بابەتە پەستێنراوە وەک پارچە گەردیلەیەک لەبواری قەصیدەی پەخشاندا گرنگی شاعیری گەورە هیچ کەمتر نیە» لە جەبرا ئیبراهیم جبرا، تۆفیق سایغ، ئەدۆنیس، محمد ماغوت، ئەنسی حاج، شەوقی نەبی شەقراو، سەرگۆن بۆلیص عیزەدین مەناسرە، پۆل شاول، سەلیم بەرەکات، عەباس بەیزون، بەسام حەجارو، عبدالقادر جەنابی، وەدیع سەعادە «کە ئەمانە سەرقافڵەی قەصیدەی پەخشانی عەرەبین تاکوو سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم بەدیاریکراویش لە ساڵی ١٩٥٤، تا ١٩٩٣ «رۆڵیان بینیووە» هەروەها لەهەندێک قەصیدەدا شان دەدات لە قەصیدەکانی بۆ» دلێر» لەوانەش زۆرجار ئاستی بەرزتر دەبێت لەزۆرێک لە شاعیرانی نوێخواز ە پەخشانەکانی فەرەنسا وەک «ئەندرێ شدیە، جۆزیان دوجاز، جیرمین بۆحون، مارگرێت یۆرستار، مارسلین فالمۆر، ماری شوفرانک، گەلێکی تر لە نوێخوازەکانی فەرەنساو رۆژئاوا، بۆیە پێخۆشحاڵ بووم پێشکەشی خوێنەرانی بکەم و گرنگی دەرانی یەمەنی پیرۆزو، عێراقی نەمرو هەموو هاوڵاتیان ئەم شاعیرە بناسن، ئایا ئەم شاعیرە پایە بەرزە کێیە؟

بۆچی تاکوو ئێتا مافی ئەستێرەی پایە بڵندی وەرنەگرتووە مافی رێزڵنانی پێ نەبەخشراوە»

**دووەم**

«کاتێک دیوانەکەی دەخوێنیتەوەو سەرنج لە شیعرەکان دەدەیت تەماشای بێ کەسیەکەی دەکەیت کە هەندێ گوڵی لێدەکەمەوە و گوڵاوەکەی دەپرژێنم کە رەنگدانەوەی بۆن و بەرامەی ئەم شاعیرە گەورەیە بێت لەسەر ئاستێکی فراوانی ئەم گەردونە گەورە رەنگاڵەییە

## سێهەم

چەند بریسكەیەک لە شیعری كەژاڵ
كە تۆم ناسی
گردێک بووم، بووم بەچیا
كانیەک بوومو بووم بە دەریا
شەوێكی ئەنگوستە چاوو بووم
بووم بە گزنگی بەیانی
باڵدارێكی نێو قەفەز بووم
گەڕامەوە بۆ سەرچڵی درەختەكان
بۆ نەغمەی خۆش، بۆ گۆرانی

كەژاڵی شاعیر دەیەوێت نیشتمانەكەی لە مەترسی بەدوور بێت و خیانەت و خیانەتكارو درۆو درۆزنی تێدا نەبێت و دەڵێت»

نیشتیمانەكەم
شەقامەكانی پڕن لەبۆنی ترسو
دەستەكانی پڕن لەبۆنی خیانەتو
زمانەكانی پڕن لەدرۆ
ئەم نیشتیمانە ناو بنێم چی

لە قەصیدەی كۆترە سپیەكان لە سەنگەردا خوێن دەبەخشن «كەژاڵ باس لە بەخشندەیی ژنی كورد دەكات بۆ نیشتمانەكەی لە ئاشتی و جەنگدا بۆئەوەی ئاسایش و ئاشتی وەک هەموو ساڵێک بگەڕێتەوە.

كۆترە سپیەكانی سەنگەر
لە دەریای ڕۆحمانەوە خوێن دەبەخشن
بروسكەی هەورێكی سپیان پێیەو

لە نمەی بارانەوە دەڕوانن
تاکوو لەگەڵ وەرزی پەلکە زێڕینەدا
باوەش بە نێرگزی بەهاردا بکەن

لەبەرامبەر قوربانیدانی ژناندا قوربانی پیاوەکان بەهەند وەردەگیرێت لە پێناو نیشتماندا و بەخشندەیی شەهیدەکانی و خوێن بەخشینیان بۆ نیشتمان بەرز رادەگیرێت:

ئەوان لەدەروازەی مەرگەوە
لە نێو چەخماخەی برینەکانی گوڵەوە
لەنێو باخچەی پڕ لە ئازاری خەمەوە
سرودێک پڕ لە شەپۆلی بەیانیان و
شەونمی ئالآی کاروانێکی بێ کۆتایی
بۆ جوانیەکانی نیشتمان دەڵێنەوە
ئەو نیشتمانەی هەمیشە
عەتری چاوەڕانی،، دەبەخشێتە ملوانەکەی
لق و پۆپی درەختی زیندوو
ببێتە سێبەری دڵی شەهیدوو
خۆشەویستی بچنێتەوە
لە بەرامبەر قوربانیدانی ژنان و پیاوان دەبنە سەرکەوتنی نیشتمان و دەبنە سونبولی جوانی و خۆشەویستی وەک کەژاڵ دەڵێت:

بمبورە ئەی نیشتمانی گوڵ هەنار
کاتێ تریفەی رووی گەشی تۆ
لە بەرزایدا بانگی سەرکەوتن دەدا
دەیان گوڵە هەناری چاوگەش
دەیان بووکی خۆشەویستی دەگەشێنەوە
دەیان تریفەی مانگەشەو

باوەش بە رۆحمانا دەکەن و ئاشت دەبنەوە

کەژاڵی فەیلەسوف رەهەندی فەلسەفەی خێرو شەڕ دەهێنێتەوە «دەڵێت ئەوەی ئەمرۆ رقت لێی دەبێتەوە لەوانەیە سبەینێ خۆشت بوێت» هەروەک لە تورکاندا هاتووە لەوانەیە شتێک رقت لێ بێتەوە بەڵام خێری تێدا بێت کەژاڵ دەڵێت:

بەمناڵی زۆر رقم لەرەشەبا بوو
رۆژێک هاتو
بوکۆکەو بێشکەکەمی برد
بەڵام ئێستا
لەوەتەی ئەم رەشەبایە دێ
دڵم شادە
دەڵێم رەنگە لەلای تۆوە
هەڵی کردبێ
بۆنی هەناسەی تۆی لێ بێ؟

ژنانی عەرەب لەوانەیە خۆشەویستی بشارنەوە و لەوانەیە ژن نکوڵی لێبکات لە خۆشەویستی کەسێک لەترسی هۆزەکەی یا لەترسی شورەیی و ئابرووچوون:

بەدەست من بێت
هەرچی جوانی دنیا هەیە
لە نێو باڵای تۆدا کۆی دەکەمەوە
تا ئەو وێنەیە بنەخشێنم
کە پێم ووتی لە تێڕوانیننی چاوی مندا
لەهەموو جوانیەکان جوانتری

لە قەصیدەی پرچەکانی خانمی پرشنگدار کەژاڵ بە تێڕوانینێکی قووڵەوە سەیری واقیعی ژنی رۆژهەڵاتی و نەزانی بەرامبەر خۆشەویستی راستەقینە دەردەخات و دەڵێت»

بەخۆشەویستی لەدایک بووم و
نازانم خۆشەویستی پێناسە بکەم
لەژیانێکدا دەژین
مردن و ژیان جیاناکرێنەوە

بۆیە دەبینین خۆشەویستی پێویستە بەزیندوویی لەدڵدا بمێنێتەوە چونکە کاتێک وەری دەگری وەک خۆی دروست نابێتەوە:

بەچی دەچێ عەزیزم
کە گوڵەکان هەڵوەرین
جارێکی تر بەلقەوە نانرێنەوە
کە ئازارەکان تۆمارکران
بەلەزەتی سەدان ماچیش ناسڕێنەوە.

ئەمانە چەند بریسکەو خونچەیەک بوون لە تاکە دیوانە عەرەبییەکەی شاعیری گەورەی کوردی عێراقی «کەژاڵ ئیبراهیم خدر» لەگەڵ ژیاننامە بۆنداره دەوڵەمەندەکەی بەو هیوایەی توانیبێتم بەشێک لەمەزنی بەتوانایی ئەم شاعیرە و توانا هونەری و داهێنانەکانیم خستبێتە ڕوو.

## چوارەم و کۆتا دەرئەنجام

ئەگەر وتەیەکی کۆتام هەبێت لەم باسە خێرایە لەگەڵ ژیاننامە دەوڵەمەندو پڕ بەخششەکەی کەژاڵ وام لێدەکات کە بڵێم ئەم شاعیرە داهێنەرە مافی خۆی بەتەواوەتی نەدراوەتێ لەلایەن دەوڵەتی عێراقی و دام و دەزگا ڕۆشنبیریەکانی عەرەبەوە، تەنها ئەوە بەڵگەیە کە شاعیر توانیویەتی ٢١ دیوان لەسەر ئەرکی خۆی چاپ بکات کەئەمە بۆ بەش خوراوی ئەم شاعیرە و کەمتەرخەمیە لە مافەکانی کە بەرهەمەکانی ئەژمار ناکرێت و کاریگەریەکانی بێ سنورە لەگەڵ بەرچاو گرتنی هەندێ ڕێزلێگرتنی لێرەو لەوێ ڕەوتەنی فەرمی یان تاکەکەس ئەم مۆرە ناشیرینە کە هەموو دەوڵەتە عەرەبییەکان و دەزگای بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری گرتۆتەوە مۆرێکی عەرەبییە بەگشتی چونکە دەوڵەتە عەرەبییەکان گرنگی تەنها بە

سیاسەت و کاروباری دەسەڵات و فەرمانڕەوایی دەدەن مردن لە پێناو مەسەلە چارەنوس سازییەکان وادەکات شیعرو ئەدەب و ڕۆشنبیر دوا شت بێت کە بیری لێبکەنەوە بۆیە بە خانمە شاعیری خۆشەویستمان دەڵێن سەرەخۆشیت لێ ناکەین هەموومان هەمان غەم و پەژارەمان هەیە و لە ستەم بەش خوراوین لە گوێ پێ نەدان وەک یەک خەم ئەکێشین» بۆیە ئەمە دەبێتە دڵدانەوەو ورە بەرنەدان و باوەڕ بە خۆبوون و کەمنەکردنەوەی بەرەو پێش چوون و بەرهەمی زیاتر و گەیاندنی نامە پیرۆزەکەی داهێنان و ئەفراندن کە ئاراستەی ئەم گەلەی دەکات کە کاتی خۆی ڕۆژێک لە ڕۆژان بەرزی کرد بۆوە داییەزێنێت بۆ ئەو پەڕی نزمی لە ڕۆشنبیری و نەزانی کوشتن لەم ڕۆژانەدا لە کاتێکا لەگەل خۆم دەدوام و ووتم»

ئەگەر سەرۆکی حکومەتی هەرێم یان بەغداد بوومایە ئەم شاعیرە داهێنەرەم لە ئاستی پلە باڵاکاندا دادەنا و کەژاڵ لە حکومەتەکەمدا وەزیری ڕۆشنبیری دەبوو لە ڕۆژانی جەژنی قوربانی پێشوودا تووشی شۆک بووم کاتێ بینم شاعیری گەورەیی هەست ناسک لە پەیجی تایبەتی خۆیدا ئاگادارییەک بڵاودەکاتەوە دەڵێت هیچ پیرۆزباییەک ناکەم» بە بۆنەی جەژنەوە وە جەژنە پیرۆزەش وەرناگرێت و ئاهەنگ ناگێڕێت چونکە پارەی خواردن و خواردنەوەو شیرینی و پێداویستیەکانی ئەمەش هۆی پێنەدانی مووچەیە بۆ چەند مانگێک کە کەژاڵ بێ پارەیەو ئاستی برسیەتی هەروەکوو حاڵی ئێمەیە لە یەمەن هەروەک گوێم لە شاعیری عێراقی گەورەو مەزن «بەدر شاکیر سەیاب» بووە لە قەصیدەی باران « دەخوێنێتەوە»

دوای چەند ڕۆژێک دوای ئەم ئاگادارییەی خانمە شاعیری هەست ناسکم بینی، سەر قافڵەی خوپێشاندانێکی فراوان دژی حکومەتی کوردی کە داوای موچە دەکەن ئەمەش خوپێشاندانێک بوو دژی برسیەتی «مرۆڤ چۆن دەتوانێ گۆرانی بڵێ و سرود بخوێنێتەوە لەبەردەم برسیەتیدا»

ئەوکاتە ویستم لەناخەوە قسەی لەگەڵ بکەم و پێی بڵێم خانمەکەم کەژاڵ ئیتر مەبەستم نییەو هیوا خواز نیم کە ببیتە وەزیر بەڵکوو تەنها ئەوەم بەسە کە تۆ تێر بیت، نانی ڕۆژانەی خۆت و منداڵەکانت دەست بکەوێت لەو عێراقە دەوڵەمەندە و هەژارەدا لەو گەردونە فراوانە تەسکەداو لەو جیهانە عەرەبیەی کە سامانەکەی پێشکەشی بیانی دەکات لە کاتێکدا «تۆو، من» نمونەی وەک ئێمە بەشی ژەمە خواردنێک یان جل و بەرگێکمان نیە پێی بژین بەشەرەف و کەرامەتەوەلێرەدا گەوهەری شاعیری گەورەیی یەمەنیمان بیر دەکەوێتەوە کە لە قەصیدەی «ئەبو تەمام عەرەبایەتی ئەمرۆ دەڵێت»

لەووڵاتە عەرەبیەکاندا شاعیر سواڵ لە دەسەڵات داران و دزەکان دەکات، تەنها بۆئەوەی بژی ئەویش شیعریان پێشکەش دەکات چەندان جار پارە بەخشینەکەی ئەوان زیاترە بەڵام هەستی پێ ناکەن.



سەرچاوە
Serchawe

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە رۆژنامەی الپورەی یەمەنی و لە لاپەرەی ئەدەبدا بڵاو دەکەمەوە بۆئەوەی بڵاوبێتەوە و بخوێنرێتەوە لە پەیجە ئەدەبییەکان ئەوانەی دەیاناسم وەک وەفایەک رێزگرتنێک بۆئەم خانمە شاعیرە عێراقیە نمونەیی ناسکییە»

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠١٨

--------------------------------------------------

**وێنا کردنی بینین لە دیوانە شیعرییەکەی شاعیر کەژاڵ ئیبراهیم خدر**



نوسینی دکتۆرە»- لوت زەینەب (لوبنان)*

وەرگێرانی مامۆستا عەبدە.

عبدالله صالح (لەندەن)

شیعر خۆی دەرباز دەکا لە باڵای بووندا و دەبێتە بۆن و بەرامە لەگەڵ شاعر (کەژاڵ ئیبراهیم خدر)، هەست جێدەهێڵێ بۆ ووشەکان و ئاواز دەچرێ لە گوڵزاریاندا، چەپکێک مانا گەڵا دەکەن لە بەردەوامیدا، دەقە شیعریەکە لە (باخچەی عەشق) دەردەکەوێ بە شێوازێکی ڕوون ووشەکان ڕیزچن دەکرێن، شاعیر بەزمانی کوردی دەنووسێ و کارە شیعریەکەی وەرگێردراوەتە سەر زمانی عەرەبی ،بەڵام وەرگێران چەندە بیرۆکەکەی گەیاندبێ دیسان چەند قوڵیەک ناپێکێ، بەڵام خوێنەر هەستدەکا بە بوونی جوانکاری لە نوسیندا و لە وێناکردنی هونەریانەی هەستی شاعیر ((زیادەڕەوی نیە کاتێک دەڵێین هونەر کردەی جیابوونەوەی خودی ئینسانە لە پێکهێنەرەکانی دیکەی ژیان و سروشت، چونکە کردەی دووبارە دروستکردن و بازدانە بەسەر تان وپۆی ڕۆتینی کوشندە بەرەو کایەیەکی نوێ کە بزوتنەوەی سروشت و» سروشتی سروشت «لەگەڵ بزوتنەوەی کردەی داهێنان لێک جیادەکاتەوە بەشێوازێک کە دووبارە جوانی بونەوەر یا شتەکە یا دیاردەکە یا بیرۆکەکە دادەڕێژێتەوە)) ئەم لێک جیاکردنەوەیە ووزەیەک دەدا بەتوانای خەیاڵ و هەستێک بە رەو بەرزایی بۆ تێگەیشتن، لەلایەک، وە لەلایەکی دیکەوە بۆ وێنا کردنی بوونەوەرێکی نوێ تێکەڵ لەگەڵ سروشت و ئینسانی بوون و چڕی ووشە بۆ ڕاستی شیعر کە هەمیشە لەپێشترە لە زمانی مرۆڤی سادە و وقسەی سادە، هەر هەمان شت هەست پێدەکەین لە دیاریکردنی شتەکاندا:

لەنێو سەمای نێرگزەکاندا
لەگەڵ ئاوازە بەجۆشەکاندا
ئەبینە دوو پەپولەو
وانەی عەشق فێری گوڵەکان دەکەین

لە (قژبرینم) وێنەیەکی جوان دەردەکەوێ سەمادەکا لەگەڵ دنیای بینیین کاتێک داوای قژبڕینی دەکا و بەدژی شتە باوەکانی لای ژن دەوەستێتەوە کە شانازیکردنە بە پرچە درێژەکانی و ئەوەش بە تاڵی کەمانێکی خەماوی دەشوبهێنێ، کە دووری و دەستپێڕا نە گەیشتن دەیکوژێ، شیعر بەلای ژنەوە جیاوازیەکی جوانی سروشتیە لەنێوان ئەوو پیاودا، لەهەمان کاتتداجیاوازیەکی تاڵە کەمانە لە نێوان ماتەمینی و خۆشیدا، ئەو، واتە شاعیر، بەدوای کۆمەڵێک ناوەند وهەستە لێک نەچوەکانەوەیە کە ماناکانی بۆ وەخەبەربێنێ و ئەو وێنەی تێدا بچەسپێنێ کە ئیقاعە شیعریەکە بگەیەنێتە خوێنەر:



سەرچاوە
Serchawe

بەدەستی خۆت قژم ببڕە
من قژێکم بۆچییە
تاڵەکانی ژێی کەمانێک بن
ئاوازی خەمم بۆ لێدەن
من هەرگیز ئەو قژەم ناوێ
نەزانەکان وەکو گوریسێک، بیهۆننەوە
بۆ ساتێ ئاسوودەییان
کۆرپەی رقیانی لەناودا بخەوێنن
دڕندەکان بیکەنە پەتی سێدارەو
هەموو گەردنە بێ گەردەکان بخنکێنن

لێرەدا سیمای بە توانایی شاعیر دەردەکەوێ لە دەستنیشانکردنی بونەوەرەکان و دابەش بوونی سیفەتەکان (شیعر - تاڵی کەمان)، ئەمجا دەڵێ من رقم لە شیعر نیە بەڵکو هەوڵدەدا کە دوو دنیای جیاواز لە یەککاتدا بێنێتە خوارێ و نقوم بێ لە ساتێک کە پڕە لە هەستی قوڵ کە خوێنەر هەستی پێدەکا لە جوتلانەی ئامادەبوون و نەبووندا. تیشک مەودایەکە ڕوخساری ژیان ڕۆشن دەکاتەوە، چرپەکە هیواکان دەبەخشێ، ژاوەژاوی هەست دەردەخا بۆ بەرامبەرەکەی و لێک نزیکبونی ڕووحی شتەکان بە بینراوو نەبینراوەوە کە سەرەتا پێویستیان بە هێزی هەستپێکردنە، تێگەیشتنە لە باسی ڕیزکردنی ڕستەکان کاتێک باسی دایک دەکا قوڵایەکی هەست بزوێنە:

دایکم ڕۆحی جۆگەلەیەکی تینووە
بە پولەی دەسماڵەکەی
بە ئاوازی کۆترێکی رەنگ سپی دەخوێنێ
چریکەی هێشووە ترێی دڵی
لەنگەری جوانی رادەگرێ
دەبێتە گوڵە ئەستێرەو
جارجارەش بە نەغمەی
دڵێکی شێواو پێدەکەنێ

لێرەدا پایەکانی سروشت ووردوخاش دەبن لە ناوەرۆکی وێنەکەدا بۆ تێکەڵاوکردنی جوانیەکەی، نهێنیەکانی زمانێکن کە ڕوحی ماناکـە وئاشـکرابوونی دەردەخـەن، بـەکارهێنانی سروشـت هەرلەسـەرەتای سـەرهەڵدانی ڕۆمانسـیەت و سـریالیەت تایبەتمەندیەکی بەو کارە زمانەوانیە بەخشیوە، هەروەها مەودای پابەندبوونی مرۆڤی بەجوانی بەخشیوە کە بوونەوەرەکان دەیـدەن لـە جێگـاو شوێنی خۆیانـدا. نوسـەر سـەردەکەوێ بەسەرهەناسـەدا لـە هـەردووک حاڵـەتی دان و وەرگرتنی مانـادا، گواستنەوەی حاڵەتێکی ڕوحیە و بریتیە لە بارودۆخێکی ڕەوانی وحاڵـەتێک لـە نێوانگیری لـە نێـوان واقـع و تێڕامانـدا ،کـە توانایەک دەدا بە هـۆش تـا بارەدەرونیەکە وێنـا بکالـە بیرکردنەوەیـەکی سنورداردا کە ئەویش هێمایە بـۆ پـاکێجی ژیـانی هونەری کە پەیوەستە بە بوون وسروشتەوە:

بەڵێنمدا
هەرگیز بۆنی گوڵێ نەکەم
بۆنی وەک هەناسەت نەبێ
لەهیچ ئاوێک نەخۆمەوە
وەک خوێنەکەت شیرین نەبێ
پشوو نادەم
لەژێر سێبەری چنارێ
بەرز نەبێ بەقەد باڵات
من تیشکی خۆرم هەرناوێ
روناکیەکەی نەگا بەجوانی
چاوانتو گەشی سیمات

ئەوە تێکەڵەیەکە لە شتی لەیەکچوو لەنێوان (گوڵ - بەرام)، لەنێوان (هەناسە - بۆن) ئەوەش داهێنـانێکی جوانیـە کـە هونەرمەندە تەشکیلیەکە توانیویەتی لەتابلۆی دەقە هونەریەکە دا گەردوون بگرێتە خۆی، سەرەتای دەسپێکە لـە بابـەتی سادەوە بـەرەو ئاسـاندنی ناوەرۆکەکەی. دەنگدانـەوە پەیوەنـدی دەنگە بە لەرینـەوە یـەکی ترکە بـەگوێرەی تـەوژمی بایـەک لەیەک دووردەکەونەوە، کاتێک ئەمە پەیوەندی دەبێ بە ووشەوە شاعیر (کەژاڵ ئیبراهیم خدر) دڵخۆشی خۆی دەداتـەوە بـە مەودای ڕووە سروشتیەکە کە لە پشتیەوە هێمایەک وەک لەرینەوە خۆی شاردۆتەوە (لەرینەوەی ووشەکان):

ئەو شانۆگەرییەی من تۆ

دەوری تێدا دەبینین
بناری کوێستانەکان شانۆیەتی
عشق نوسەریەتی
هەرخۆم و خۆت ئەکتەرو
دەرهێنەرو رەخنەگرین
تۆ هەڵۆیەکی تەریوو
شانۆیەکە بەم شێوەیە کۆتایی دێت
من ئاو دێنم تۆ چیلکەدار
با ئەو هێلانە دروست کەین
تەنیا من تۆ تێی دەگەین

لێرەدا خستنە پاڵیەکی کۆمەڵێک تایبەتمەندی سروشت (هەڵۆ - سنونو - گژوگیا - ئاو -) لەگەڵ ڕاناوی (تەڕی) مادام بەشێک لە (ئاوی) بەشێوەیەکی دووبارە داناوەتەوە دەیەوێ سەرنجی خوێنەر ڕاکێشێ بەرەو ووشەکان کە تێکەڵەیەکن لە نێوان هێز (هەڵۆ) بێتوانایی وپاکی (سنونو)، ئەمجا ئەو شانۆگەریەی کە وێنەیەک لە ئاودان لەگەڵ وازهێنان ودەربازبوون مەیداندارى دەکا (گەلەکۆمەگی گژوگیا) لێرەدا هەندێک هێما هەن کە خڕکردنەوەیان لەتوانادا نیە. ژن تەعبیرە لە شێوازی ڕەگەزی منێ لە گەردوندا، نیشانەی فیداکاری لەخۆیدا هەڵدەگرێ و بەردەوامە بەهەمان نەفەس با واقعی دەوروبەریشی بگۆڕێ و ئاواتی مێینە بوونی وەک برینی دووری قوڵتر بێتەوە، کێشمەکەشی نێوان (گوڵ و هەنگ) دەرکەوتنی ڕوخساری لەخۆبوردن وئەندازەی ئەو لەخۆبوردنە لە نێوان (کوشتن و فیداکاری ڕۆح) لە ڕستەبەندی ووشەکاندا، دەبینین شاعیر خۆی لە سروشت و ناوەرۆکەکەی دەخشێنێ تا بتوانێ زمانە شیعریەکەی بچێتە ناواخنی ئەو خوێنەرەی بەلای جوانیدا دەیشکێنێتەوە و هەست بەدەسەڵاتی واقع بکا تا زبریەکەی بتوێنەتەوە لە نێوان پەنجەی بونەووەرە جوان و سەرنج ڕاکێشەکان:

سەیرە من گوڵم و تۆ هەنگیت
هەنگ لەپێناوی گوڵدا
گیان دەبەخشێ
من لە پێناوی تۆدا تیرۆر دەکرێم

لێرەدا مەودای خەیاڵی شاعیر فراوانتر دەبێ و لەنێوان هەندێ ڕاستیدا تلاوتل دەدا دروستیان دەکاتەوە؛

دایکم دەیگووت
ئەو کاتانەی کەمناڵ بووی
هەرچی کاتێ
مناڵێکی جل پینەکراو
پیرەمێردێکی کۆڵ لەپشت
پیرێژنێکی بەرگ دراو
بۆلەتێ نان
بۆ ئاسۆیەک خۆری شادی بدا بەژیان
لەدەرگای ماڵمانیان دەدا
تۆ دەترسایتو دەست بەجێ
دەرگاکەشت لەروویاندا پێوە دەدا
ئەوا ئەمڕۆش کە گەورە بووم
من بوومەتە سواڵکەری دەرگای دڵەکەت
لەبری خۆر لەبری نان
خۆشەویستی تۆم پێویستە
هەوێنی ژیان
دەتخوا تۆش بەکۆرپەی چاوو دڵت بڵێ
ئەگەر بێو رۆژێ چەند جارێ
پەنجەکانم لەدەرگای دڵەکەت بدا
کۆرپەکانی لێم زیز نەبێو
دەرگاکەش لەرووم دانەخا.

بیابان درێژبوونەوەی لم و دارخورمایە کە چنگیان لە ناسنامەی زەوی توند کردوە، هەستەکانیش پەناگەی مرۆڤن بۆ لێکدانەوەی باری دەرونیان، ساردی لێرەدا دەکەوێتە سەرگەرمایەکی بەتین کە وادەکا شتە لێکجیاوازەکان هەڵوەرێن.

شاعیر هەستەکانی خۆی زۆر باسدەکا دەربارەی ئەو شتە شاردراوانەی هەستیان پێدەکا و دەیەوێ ڕستەکان تێکەڵاوی مەودای گەردون بکا تا وێنەکە فراونتر دەرکەوێ لەگەڵ جوانی دەقە شیعریەکە:

کاتێ لەگەڵ مندا تێکەڵاو بووی
هەموو پەپوولەکانی باخچەی فرمێسک و
گوڵاڵەکانی باخچەی خۆشەویستی
بوونە هاورێم
پەڕەسێلکەی هەناری دڵم
بوونە غوربەت و
لەبەردەم پەیکەری بەفری تۆدا توامەوە

زمان لێرەدا لەڕێگای ماناکانەوە بەردەوام شتە لێکچوەکان دەردەخاو لەناو خۆیدا کۆیاندەکاتەوە

(گەڵای پاییز
دەفڕێ
پۆل
پۆل) تابلۆکە تێکەڵەیەکە لە پاییز بەرەو وەرینی گەڵاکان لەگەڵ هەستی شاعیر (کەژاڵ ئیبراهیم خدر) بەشێوەیەک کە قوڵی لێکدانەوەو دەرخستنی هەڵوێستی دەقە شیعریەکە لەسەر زمان و تەبابوونی لەگەڵ دەوروبەری خۆی پێوە دیارە
هەرکاتێ بریارت دا
بۆ هەمیشە چاوەکانت بخەوێنی
ئەوسا منیش هەموو خەونەکانم
لێرەدا بزواندنی ڕۆح بۆ شتەکانی دەوروبەری و بەکارهێنانی فەرهەنگێکی سروشتی چڕوپڕ لەدەقە شیعریەکەدا
لاولاو نەبووی
بۆ خۆت ئاڵاندە باڵای چنارم
من کیژۆڵەیەکی عاشقم

بۆ کوژاندنەوە کڵپەی ئاگری ژیانم:

لەرینەوەی پەیوەندی عیشق بە بونەوەرێکی سروشتی دەڕژێتە نێو جوانی دەقەکە و مەودای تێگەیشتن بەرەو ناوەرۆکە جوانەکە دەبا بەبەکارهێنانی هەندێک هێمای گونجاو، هەروەک چۆن خنکاوێک لەبری ئارایشت خاڵکوتی بەکاردێنێ تا جوانیەکە نەسڕێتەوە (خاڵ، نیشانە )کارکردێکی سروشتیە وێنەی جوانیەکەمان بۆ دەگوێزێتەوە، ئەو جوانیەی کە هەستە هونەریەکە دەڕژێنێتە ناو دەقە شیعریەکەوە. دارەکان گەورەدەبن و وەک پێنوس دەکەونە نێو پەنجەکانی شاعیر تا بگەنە لوتکەی مانا، هەروەک پەیوەندی دار و زەوی شاعیر بەنیشتمانەوە خۆی دەنوسێنێ بەجۆرێک کە لە نێو باوەشیدا چەپکێک گوڵ پێشکوێ، باڵەکانی سپی پۆش دەکا و ڕەنگی سپی وەک هێمای ئاشتی و پاکی و سادەیی دەردەکەوێ، هەروەها وەک ڕەنگێک کە جیاکەرەوەیە لە گەڵ ڕەنگەکانی تر کە ڕوبەرەکەی دەرکەوێ و شێوەکانی ناوەوەشی ئاشکرابن.

هەموو ڕۆژێ لە درەختی باڵاتا
بە شەونمی بەر بەیانی نەشئەی دڵت
خۆم دەگۆڕم
دەبم بەکەناریەکی پڕ لەگوڵ
دەبە باخچەیەکی قەشەنگی تەڕو پاراو
لە هێلانەی بچووکی ڕۆحمەوە
بۆت دەخوێنم

شاعیر لێرەدا پەیوەندیە دروستەکەی بە ئاشتی و ئازادیەوە دەردەخا، بەها ئینسانیەکان بەرامبەر بەو باڵندانە دەردەخا کە لە ئاسمانی وڵاتێکدا دەژین ئیلهام لە سپیەتی وەردەگرێ، وێنەیەکی زهنی دەدا بەخوێنەر کە لەگەڵ خەیاڵدا تێکەڵاو بێ:

(دەبینە دوو پەپولە دەرسی عیشق بەگوڵەکان دەدەین)،(بەبێدەنگی دەتدوێنم) ئاستێکی جوان، لە لێک هەڵ پێکانی وێنەکاندا لە نێوان ئەو ماتەمینیەی دایک دەیکاتە بەری لەکاتی مردنی باوکیدا و لەگەڵ ڕەنگی ڕەشی چاوی خۆشەویستەکەی لە مەودایەکدا بەرامبەرکێی دوو وێنە کە شێوە هونەریەکەی تێدا دەرکەوێ، شێوەیەک کە لەدەرونی ماتەمینیەوە بتباتە روکاری خۆشی، ئەم شێوازە کەمتر کەسانی سادە مانا هەستپێکراوەکەی درک دەکەن. لەدەربڕینە سادەکاندا ئەو شێوازانە درک دەکەین کە تابلۆی بینایی نین.



سەرچاوە
Serchawe

دیوانە شعیریەکە سیمایەکی ئەدەبی بەرز لەخۆ دەگرێ و بەکار هێنانی فەرهەنگی سروشتی نیشانەیە بۆ هەستێکی پڕاوپڕ هونەری و تێڕامانێک بۆ گەردوون کە لە چوار چێوەی زمانەکەدا دەردەکەوێ، بەو شێوەیە شاعر توانیویەتی دوریەکی فۆتۆگرافی بکاتە بەر شعرەکە وەک دەربڕینێک کە نیشانەی بەتوانایی پەنجەکانی شاعیر( کەژاڵ ئیبراهیم خدر) ە.

* دکتۆر لە قوتابخانەی باڵای مامۆستایانی پسپۆر لە رەخنەی هاوچەرخ، جێگری سەرۆکی بەشی زمانی عەرەبی لە جەزائیر

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠١٨

-----------------------------------------------

**دەنگێک بۆ بەردەوامی**



**کەژاڵ ئیبراهیم خدر**

**نەجات نوری**

هەموومان بەوە راهاتووین زۆرشت لە ناو دەقی شیعردا جێگەی دەبێتەوە یان درک بەوە دەکەین شیعر بەشێکە لە تورەی و نائومێدبوون بەرامبەر بە ژیانو کەسانی دەوروبەرمان، زۆربەی شاعیرەکانیش بەم جۆرە چوونەتەوە بە گژ هەموو ئەو شتانەدا کە خۆیان بە تاوانو خراپیان زانیوە، لە کوێدا ویستبێتیان بەبێ دوودڵی بەشیعر هاتوونەتە دەنگ...

لەلای ئێمەش کەم شیعر هەیە لە شیعری ئەم نەوەیە کە وەکو شاعیر دەینووسن زۆری دەقەکانیان پڕنەبن لە تورەی، بەڵام لای چەند کەسێکیان تورەبونێک دیارە کە خوێنەر هەست دەکات تورەبوونی بەردەوامیە بۆ ژیانەوە بۆ گەیشتن بە شتێک کە هەمووومان تێدا ئازارەکانی یەکتری بخوێنینەوە، نەک تورەبوونی تێکشکانو نائومێدبوون، نەک گەیشتن بە تاریکی، تورەبوونی عەشقێکە کە بەردەوامی دەدات بە وتنو گەڕان بە دوای سەرچاوەکانی روناییکدا، ئەم ژنە شاعیرە (کەژاڵ ئیبراهیم خدر) بێگومان ژیانو تەنانەت کاتی نووسینی شیعرەکانیشی دەکەنە جۆرێک لە شیعری نەنوسراوەو تێڕامان لە رۆحی کەسێک کە هەمیشە دەیەوێت بە وشە پێمان بڵێت کەهیچ کەسو ئازار ناتوانێت بێدەنگم بکاتو شیعرم پێ نەنوسێ، هەمیشە لەنێوان خۆیو شیعرەکانیدا گەڕانێکی گەورە هەیە بۆ ئاشکراکردنی روناکی لە ناو ساتە تاریکو کوشندەکاندا لەناو بێرەحمی ئەو مرۆڤانەی ژیان پڕدەکەن لە ترسو گوناە، ئەم ژنە شاعیرە گەشتێکی ئاوا نەبڕاوانە دەخاتە بەردەممان تا بەو ساتانە دەگەین کە جوانیەکانی تێدا دەدۆزینەوە. لەناو ئەو دەنگانەی کە دەتوانن شیعر بنووسن دەبینم دەنگی ژنە شاعیرێکی وەکو (کەژاڵ ئیبراهیم خدر)ی هەمیشە تورە بەڵام لە شیعرەکانیدا ئارام ئارام راماندەگرێت و پێمان دەڵێت:

(عەزیزم ساتێک لە سیمای زەرد هەڵگەڕاوم بڕوانە
وشەکانی رۆحم زمانیان گرتووە و
پەنجەکانیشم سەهۆڵبەندان
خەمەکانم ئاوێزان بوون
وەک چۆلەکەیەکی باڵکراوو
لە ژێر دەستی منالێکی بزۆزدا
بەند کراوە)

بەم وشانە ژنێک تورە لە ئینسانەکانی دەوروبەری و پێمان دەڵێت ئەوە ژنان کە دەتوانن بە وشە بوونی خۆیان بۆ هەمیشە بهێڵینەوەو بەرگەی ئەو دوزەخە بگرن کە بۆمان هەمیشە داخراوە. گەرچی رەنگە زۆرکەس لێرە لە زمانی شیعرو تورەی ئەم ژنە شاعیرە نەگەن، بەڵام هەمیشە بە زمانێکی سادەو واتادار ئەوەی تێدەگات دەزانێت کە شیعری ئەم ژنە چەند جوان دەرگای ژیانمان بە هەموو جوانیو ناشیرینەکانیەوە بۆ دەکاتەوەو گوزەرێکمان پێدەکات بەناو هەموو ئەو شتانەی کە بوونەتە ئەوەی ئەم ژنە شاعیرە بە شیعر تێمان بگەیەنێت کە بۆچی شیعر دەنووسێت، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی بە شاعیربوونی کەژاڵ ئیبراهیم خدر. لەناو ئەو هەموو دەنگی ژنانەی کە ئێستا شیعر دەنووسن، کەژاڵ دەزانێت شیعر بۆ رۆژگارێک بنووسێت کە هەموو شتێک تێدا تاڵو لە گیانەڵادایە کەچی لەناو هەموو ئەو ماجەرایانەی ئێمەیان تورەکردووە ئەم ژنە شیعر دەکاتە پەرێنەوە بۆ شوێنێکی ترو هەمووومان دەخاتە سەر رێگای گەیشتن بەو شوێنەی کە دەستی غەدرو ئازار پێی ناگات...

(دەمەوێت ببمە

پەپولەیەکی نوستوی بەربارانو

هێلانەیەک بۆخۆم جێکەم

هێلانەیەک نەدەستەمۆی

دەستی پیاوو،

نە پەلەپیتکەی

تفەنگێکی دەستی راوچی بێگاتێ...)

لێرەو کاروانی ترسی ئەم ژنە دەپەرێتەوە بۆ ئەو دیوی رۆژێکی نادیارو لە هەموو بەدبەختیەکانی دەوروبەری خۆی هەڵدێتو دەیەوێت پێمان بڵێت کە ئیتر لێرە ژیان ئەگەر هەیشبێت دەبێت ئێمە بە جۆرێکی تر بە خۆمانی بناسێنینەوە، لەم کۆپلە شیعرەدا بە بێ هیچ لە خۆکردنێک ئازایانەو بە تورەبوونێکی شاعیرانەوە ئاماژە بەو رۆحە شەرانیانەدەکات کە هەمیشە بەردەرگای چارەنوسمان پێ دەگرن، پێمان دەڵێت ژیانی بەشێک لە (ژنانی) ئێمە کەوتۆتە بەردەم دەستی ئەو پیاوانەی وەکو راوچییەکی کوشندە ژیانی ژنان بۆ نەگریسیەکانی خۆیان دەبینن، لەم دێرانەوە دەیەوێت بڵێت کە ئیتر ژیان ئاوا تێناپەرێتو مانەوە بەم جۆرە ناکاتە تامی ژیانو خۆشبەختی، دەیەوێت بڕواو شارو ئەو شەقامانەش بەجێ بهێڵێت کە راوچییە نەگریسەکان بە هەموو گوناهەکانی خۆیانەوە رۆحی پەپولەکانی تێدا راودەکەن... بانگەوازی ئەم ژنە شاعیرە بانگەوازی رۆحێکی پڕ لەئازارەو ئیتر دەیەوێت بگاتە ئەو رۆژگارەی کە دەستی گوناهکارانی پێ ناگات... بانگەوازی ئەم بۆ



سەرچاوە Serchawe

ئەو تەمەنە کورتەیە کە دەیەوێت شتێک لە خۆشی تێدا بباتە سەر ئەگەر بیەڵێن، لێرە لەم چەند دێڕەیشدا ئاوا رامان دەگرێت تا بە رۆحی سەرگەردانی خۆی ئاشنامان بکات...

(تەمەنی پەپولە زۆر کورتە
تەمەنی ئێمەش پڕ لە درۆ
بۆیە هەندێک جار بەدەم وەنەوزیی خەوەوە
فرمێسک دەرێژم
بۆ تەمەنێک کە نەمانتوانی
بەکامی دڵ بینوسینەوە)

کەژاڵ بەم شیعرانە وەکو هەندێک دەنگی ترنیە کە جگە لە وشە ریزکردن هۆکارێک بۆ شیعر نووسین نادۆزینەوە، دەزانێت هەموو ئازارو خەمەکانی خۆی لە ناو دێڕەکاندا جێگە بکاتەوەو بیکاتە خەمی هەموو مرۆڤەکان، لێرەدا دەیەوێت ئاڵوگۆڕ بە شتەکان بکاتو تەمەنی پڕلە درۆی مرۆڤ بگۆڕێتەوە بە ژیانی کورتی پەپولەیەک، ئەو دەزانێت ئەم ژیانە سیخناخە بە هەستی ئەو کەسانەی جگە لە شەرمو درۆ ئیتر هیچ بۆ مرۆڤایەتی ناکەن، بەمجۆرە ئاوڕ لە تەمەنێک دەداتەوە کە جگە لە فرمێسک هیچی تری بۆی نیە، ئەوە ئاوڕ لە یادگاریەک دەداتەوە بە هەموو پیرۆزیەکانیەوە دواجار بەجێیان دەهێڵێت چونکە ناتوانێت بە کامی دڵ تێدا بمێنێتەوەو خۆزگەکانی تێدا بنوسێتەوە. ئەگەر زیاترو ورد تر بچینە ناو وشە سادەو مانا دارەکانی ئەم ژنە شاعیرەوە درک بەو کەلێنە گەورانە دەکەین کە تەمەنیان گەیاندۆتە رۆژانێکی پڕلە دەردەسەری... تێبینی بکەن کە ژیان چ عەشقێکی برینداره لەلای کەژاڵ لە خۆی ببیستن کە ئەو دونیایەک سەربردەی پڕلە ئازاری هەیەو لە نێوان ئەم دێڕانە دەمانکاتە هاوسەفەری خۆیو ئاوا دەنوسێت:

(چ عاشقێک هەیە جەستەی پاکی
بە وشەی ناحەزان بریندار نەکرابێ
چ عاشقێک هەیە سەربردەی خۆی
لە نێودووتوێی - لاپەڕەکانی مێشکیدا
بەخەمەوە هەڵ نەگرتبێ)

لێرە جوانی عاشقانو عەشق بۆ ئەو کەسانە دەخاتە روو کە هەمیشە بریندار دەکەنو جوانیەکانی دەکوژن، خەمی ئەم ژنە خەمی تێکدانو وێران بوونی زۆر شتە، راماندەکێشێت بۆ بە ئاگابوونەوە لەو ساتە بێمانایانەی کە ئیتر بکوژەکان دەیانەوێت هەموو شتێکی جوامان بکوژن، ئەو لە رێگای ئەو ناحەزانەوە کە بەردەوام شتەکان بۆ مەرامی خۆیان تێکدەدەن بەئاگامان دەهێنێتو دەیەوێت پێکەوە بەربەو کردارانە بگرین... لای ئەم ژنە شاعیرە پەی بردن بە مانای شتەکانو جێکردنەوەیان لە شیعردا بەئاگاییەکی وردەوە کاریان لەسەر دەکات، ئەگەر لەم دێڕە شیعرانەیەوە سەرنج بدەین ئەوا دەزانین کە کەژاڵ لەکوێدا درک بە مەترسیەکانی ژیان دەکاتو کۆی ئەو ژیانەی کە تفەنگ تێیدا دەبێتە داوەر...

(لەنێو جەستەی شەتەک دراوی
ئەم زەمەنەدا پێدەکەنم
کاتێک دەبینم
تروسکایی تێدا نیە بۆ بینین
کاتێکیش چیرۆکی ئێمە دەست پێدەکات
کە تفەنگ ببێتە دادوەر)

جوانی ئەم دێڕانە لەوەدایە کە درک بەو راستیانە دەکەین کە لە کۆی چیرۆکی زۆربەی نەوەکانی ئێمەدا کاتێک ئیتر چیرۆکی تەمەنیان دەست پێ دەکات دەبینن جەنگو وێران بوونو تفەنگ تێرا خۆزگەو ئومێدەکانیان دەوردەدات، هەوارگەی تەمەنمان پڕدەبێت لەئەو ساتانەی کە ئیتر هیچ نابینینو هیچ نابیستین جگەلە حوکمی تفەنگ نەبێت... بەمەش کەژاڵ ئەوەمان بەبیردێنێتەوە لە سایەی ئەم جۆرە مانایانەدا نیشتیمان دەبێتە پیاڵەیەک ژەهر:

(ئێستا نیشتیمانی ئێمە
وەک خواردنەوەی پیاڵەیەک ژەهر وایە
تاڵتر لە پێکێک مەی
ژەهری دووبەرەکیو کوشتنی یەکتر)

لە لە حزەی کوشتنی منداڵیو عەشقو نیشتیمانمانەوە کەژاڵ کاروانە پڕلە ئاوازەکەی هەموومان کە ئاوازێکی غەمگینانەیە دەخاتە سەر رێگای بینین تا بە کوشتنی یەکتری دوا ساتی کاروانەکەمان دەگاتە جێ.

ئەوەی جێگەی سەرنجە دەنگی ئەم ژنە شاعیرە بە شیعرەکانی دەمانباتەوە سەر ئەو ڕێگایانەی کە یادەوەری و منداڵیمان تێدا بە جێهێشتوە، بە شیعرەکانی دەیەوێت هەموو ئەو یادەوەری‌و ساتانەی لەبیرمان چووەتەوە بیان گەڕێنینەوە بۆ ناو ڕۆحمان. بۆ ناو ئەو جەستانەی کە تەنیا دەبێ بەو یادەوەریانە بژین نەک شتی تر، دەیەوێت ڕۆحمان پڕکەین لە وشە نەک گریان. ئەم شاعیرە ژنە بە شیعر لە بەردەم ئەو دەرگایانەدا ڕاماندەگرێت کە دەرگای مانەوەو عەشقن نەک دەنگی شەڕوکاولبوون، ئەو دەیەوێت بەشعرەکانی ڕێگای ونبوون و نائومێدیمان پێ لەبیرببەینەوە. دەیەوێت لە نیشتمانێکدا ئێمە بژیەنێت کە نیشتمانی شیعرو گۆرانی و عەشقبێت نەک نیشتمانی جەنگو هەڵوەرین و مردن:

(نا بۆ پڕبوونی نیشتیمان لە تەرم
ئەو وەختەی نیشتیمان
لەبەردەم پەنجەرەکانی شەڕدا
دەبێتە گۆرانیەکی وەرس بۆ مردن
دەستێکی پڕاوپڕ دەبێ لە خوێن و
ئەوەی تری سیخناخ لە تەرم)

کەژاڵ هەموومان لەم بوونی ئەم نیشتمانە خوێناویە ئاگاداردەکاتەوە و پێمان دەڵێت نیشتمانی ئێمە دەبێ نیشتیمانی ئەو دەنگانەبێت خاکەکەی پڕدەکەن لە بۆنی خۆش و لە جوانی و لە شیعرو لە گۆرانی نەمری... نەک خوێن‌و گریان‌و تەرم.

خوێندنەوەو گەڕان بەناو شیعرەکانی کەژاڵ دا دەمانباتە بەردەم دەنگی ئەو ژنەی کە هەمیشە خەریکی دروود خوێندنە بۆ پاک بوونەوەی هەموومان لە گوناه و توڕەبوون و ڕق... زۆری شیعرەکانی ناو دیوانی(ئاونگی وەرینی گوڵەکان)و (تاریکی شەوو پەنجەرەی عەشق) ئەو دروودەیە کە هەرجارێک بە جۆرێک لە جۆرەکان بۆ پاک بوونەوەی هەمووماندەریدەبڕێت. ئەو دەزانێت لە کوێدا بەشوێن شتە ون بۆکانی خۆیدا بگەڕێت نایەوێت وازوو دەستبەرداری خەون‌و ئومێدەکانی خۆی ببێت لەناو ئەم هەموو ماجەرایانەی کە ڕۆحمانی پێ دەوره دراوە، بەردەوام دەیەوێت بگەڕێت، گەڕانێک کە هەتا نزیک بەهەشتە ونبۆکان‌و دەریا بەلم داپۆشراوەکان، کەژاڵ دەزانێت ئەوە قەدەری مرۆڤە کە دەبێت تا مردن ئاوا بەشوێن بوونی خۆیدا لەناو ئەم شتانەدا بگەڕێت...

(بۆت دەگەڕێم
لە نێو بە هەشتێکی ون بودا

لە نێو زەریایەکی بەلم دا پۆشراوی / سەر هەڵگرتوودا
کە پڕ بێت لە ئازاری ماچی گەڵاو
کۆچی مانگە شەوی پایزو
قەدەری پەژارەی
چەپکە گیایەکی سەوز
بە هەناسەی تاساوی
ژیانێکی غەمگین
وەک پەپولە سەمای ئێوارانو
تەمی سپی ئاسمان
گوڵەکانیش پێ نازانێ
دەریا چۆن سەری خۆی هەڵدەگرێ)

ئەم دیوانە ئەو شیعرانەی لە خۆگرتوە کە هەڵدەگرێت زیاتری لە سەر بنوسرێتو خوێنەرانیش وەکو دەنگی ژنێکی تورە بەڵام وەکو تورەبوونێک بۆ مانەوەی ژیان بیخوێننەوە. دەکرێت لە زۆر شوێندا لەم دیوانەدا ئێمە لە سەر زۆر مانای جوانی ئەم ژنە شاعیرە رابوەستین، ئەوەی هەست بە ژیانو تەمەنی ئەم ژنە شاعیرەبکات دەزانێت بەشێکی زۆری تەمەنی وەکو شیعرەکانی پڕبووە لە غەمگینیو ئازاری رۆح... بەدیوێکدا کاتێک زۆربەی شیعرەکانی کەژاڵ دەخوێنیتەوە دەزانیت ئەو بەشیعر لەو تەمەنە پڕلە ئازارەی خۆیی دەدوێتو بە دیوەکەی تریشدا ئێمە خۆمان بە هەموو غەمگینو ئازارەکانمانەوە لە شیعرەکانی ئەو دا خۆمان دەدۆزینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠١٨

## کەژاڵ ئیبراهیم ژنێکی بێدەنگ، بەڵام پڕ لە هاوار



**جەواد حەیدەری**

**خوێنەوەیەکی کورت بۆ دیوانی شیعری (بە پێنووسی ژنێک)ی خاتوو کەژاڵ ئیبراهیم خدر.**

رابێرت گریوز دەڵێت: «شیعر هونەر نییە بەڵکو جۆرێکە لە بیرکرنەوە».

شیعر ئەو جیهانەیە کە شاعیر بۆ خۆی دەیخولقێنێت و جیایە لەو جیهانەی کە تێدا دەژی، بە واتایەکی شاعیر لە دوو جیهاندا دەژی یەکێکیان جیهانی شیعرە و ئەوی تر جیهانی سروشتییە کە هەموومان تێدا دەژین.

هەر بۆیە مرۆڤ چ پیاو بێت و چ ژن، لە روانگەی خۆیەوە سەیری جیهان و دیاردەکانی سرۆشت و ژیان دەکات و هەر کام بە زمانی خۆیان دەنووسن بەڵام بە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی زیاتر پیاو سالارە زۆرجار نووسینەکان چ لە بواری زمانی و چ لە بواری دارشتن و بیر کردنەوە لیکدەچن و بۆ جیاکردنەوەیە پێویستی بە وردبینییەکی زۆر هەیە و لێرەدایە زمانی پیاو و زمانی ژن دەردەکەوێت.

گرنگترین هۆکاری ناسینەوەی شیعری ژنان لە شیعری پیاوان لە شێوەی بیرکردنەوە و ئەندێشە و روانین و دەربڕین ئەوانەوە سەرچاوە دەگرێت.

بە رای من ژنانی شاعیر سێ دەستەن، دەستەیەکیان تەنها بە زمانی پیاوان دەنووسن دەستەیەکی تر هەیە کە هەم بە زمانی ژنانە دەنووسن و هەم بە زمانی پیاوانە و دەستەیەکی تر هەن کە تەنها بە زمانی ژنانە دەنووسن کە خاتوو کەژاڵ ئیبراهیم خدر یەکێکە لەوان.

فرووغ -ی فەرۆخزاد شاعیری بەناوبانگی ئێرانی سەبارەت بە شاعیر دەڵێت: شاعیربوون یانی مرۆڤ بوون، شاعیر بەرلەوەی کە نێر بێت یان مێ بێت مرۆڤە و خاوەنی ئازاری هاوبەشە، و هەر کامیان ئازاری تایبەت بە خۆیان هەیە.

من بەش بەحاڵی خۆم لە هەندێک ڕووەوە ئەزموونی شیعر و شێوەی ڕوانینی خاتوو کەژاڵ وەک ئەزموونی فروغ فەرۆخزاد دەبینم، هەر چەند من لە گەڵ بەراوردکردن نیم بەڵام سەرەرای جیاوازی زمان و شێوەی دەربڕین، هەردووکیان بە دەست داب و نەریتی کۆمەڵگا و شێوەی پەروەردە و شێوەی ڕوانین بۆ ژنان و... هتد دەناڵن و خاوەنی دەرد و ئازار و ژانی هاوبەشن.

خاتوو کەژاڵ لە دیوانی بە پێنووسی ژنێکدا زۆر بە جوانی و پاراویی بە زمانێکی تەواو ژنانە بە بێ گرێ و گۆڵ باس لە ژیان، دایک، گریان، لێبوردن، ماف، پلەی ژن، پیاو، نیشتمان، خۆشەویستی و زۆر بابەتی تر دەکات.

خاتوو کەژاڵ لە بیر و ئەندێشەی دا زۆر پاراو سەربەخۆ و بوێرە و خاوەنی کۆمەڵێک ئەزموونە کە بەرهەمی ژیانی ڕۆژانەی خۆیەتی.

شاعیر لە شیعرەکانی دا سەرەتا بە دوای عەشق و دۆزینەوەی خۆیدا دەگرێت و هەوڵ دەدات و پیناسەیەکی تر بۆ عەشق و بۆ ژیان بدۆزێتەوە هەر وەک لە شیعرێکدا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت:

«من چیم دەوێ لە مەزیاتر
پێناسەیک بۆ خۆشەویستی بدۆزمەوە» ل ٤٤

شاعیر ناهەقی نییە ئەگەر هەڵوەدای ئەوەی بێت چونکە لە کۆمەڵگای ئێمە هەموو شت نرخ و بەهای خۆی هەیە جگە لە عەشق و خۆشەویستی نەبێت، سەیرکەن ڕۆژانە چەندین کچ و کوڕ و ژنی ئەم کۆمەڵگایە تەنها لە پێناو خۆشەویستی دا دەکوژرێن و بە نائومێدی سەردەنێنەوە. کۆمەڵگای ئێمە عەشق کوژە، ئاشق کوژە، کۆمەڵگای ئێمە ناتوانێ تەحەمولی خۆشەویستی بکات هێشتا لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە نێوان عەشق و خۆشەویستی و رابواردن جیاوازییەک نییە هەر بۆیە خاتوو کەژاڵ لە دوای پێناسە بۆ خۆشەویستی دەگەڕێت.
شاعیر لەبەشێکی تری دیوانەکەی دا باس لە دایک دەکات و دەڵێت:

«کەس هێندەی دایکانی وڵاتەکەم

رقیان لە ماچ کردن نییە

چونکە بە درێژایی تەمەنیان فێرنەبوون

باوکەکان ماچیان بکەن» ل ٢٤

لێرە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە دایک لە کۆمەڵگای کوردەواریدا خۆی قوربانییە و لە پاڵ ئەوەی کە قوربانییە، قوربانیش پەروەردە دەکات، دایک لە کۆمەڵگای ئێمە خۆی لە ناو خێزانێکی باوک سالار کە (پێم وایە باوک لاسار باشترە بوترێت) گەورە بووە خۆی هیچ پەروەردەیەکی باشی نەبووە و بەبەردەوامی لە ژێر هەڕەشەو گوڕەشەدابوو و سۆزی پێنەدراوە و بە بەردەوامی لە لایەن باوک و برا و مێردەوە چەوساوەتەوە، کە وابوو ناکرێت چاوەڕوانی ئەوەی لێبکرێت کە دایکیکی میهرەبانی لێدەرچێت، چونکە کەسێک سۆزی نەبینی بێت ناتوانێت سۆز بنوێنێت، کچ و ژن لە کۆمەڵگای ئیچمە بەشی تەنها گریانە، لە گریان و ترس و شەرم و هەست بە گوناه کردن شتێکی تر نازانێت و جگە لە زمانی گریان لە زمانێکی تر ناگات و نامۆیە بە پێکەنین و خۆشی، خاتوو کەژاڵ لە شیعرێکدا لەبارەیەوە دەڵێت:

«فێری پێکەنیم مەکە

لەو ڕۆژەوەی بە گریان چاوم کردەوە

من بە تەنیا

لە زمانی گریان تێدەگەم» ل ٥٥

کچ چ بکات لە کۆمەڵگایە کە هەموو ترس و درۆ و خیانەت و ناهەقی و غەدر و عەشق کوژە، چ بکات کاتێک هەموو شوێنێکی کۆمەڵگا بۆ ئەو قەدەغەیە و مرۆڤ لە وەها کۆمەڵگایەک نازژی، شاعیر لە بەشێکی شیعرەکانیدا ئاماژە بە کۆمەڵگاکەی دەکات و دەڵێت:

«نیشتمانەکەم

شەقامەکانی پڕن لە بۆنی ترس

دەستەکانی پڕن لە بۆنی خیانەت و

زمانەکانی پڕن لە درۆ

ئەم نیشتمانە ناو بێنم چی؟» ل ٤١

لێرەدایە شاعیر هەست دەکات کە بەراستی کۆمەڵگا هیچ بوارێکی بۆ ژنان نەهێشتۆتەوە کە تێدا هەناسە بدەن و بژین، هەر بۆیە زۆر جار لە بەرنەبوونی خۆشەویستی و سۆز و ڕێز ژنان ناچارن پەنا بەرنە بەر خوسوتاندن و خۆکوشتن و ماڵئاوایی لە ژیان بکەن بۆ نموونە شاعیر ئاماژە بەوە دەکات دەڵێت:

«بە پاکیزەیی لە دایک بوون و
نەمانتوانی پاکێتی خۆمان بنووسینەوە
چاوێک نیە بۆ عەشق و
دڵێک نیە بۆ خۆشەویستی
ناچارین بەم خالکە بڵێن ماڵئاوا» ل ٤٢

کچ لە کۆمەڵگای ئێمە هەر لەو کاتەی کە تەمەنی دەگات بە ٩ یان ١٠ ساڵ ئیتر لە هاو تەمەن و لە کوڕ جیا دەکرێتەوە و بە گوێیدا دەچرپێنن کە تۆ کچی و دەبێت ئاگات لە خۆت و ناموس و شەرەفی خێزانەکەت بێت و هەموو کات و ساتێک پێدەڵێن: کچم وا مەکە، وا مەڵێ، وا مەڕۆ، وە هەزاران وای تر، کچ بە بەردەوامی لە ژێر هەڕەشەدا، ژن لە کۆمەڵگای ئێمەدا قوربانی شەرم و ترسە و هەتا مردن مۆتەکەی شەرم و ترس بەسەریانەوەیە و وازیان لێناهێنێت. کچ نییە نەکەوتبێتە بەر هەڕەشەی پەنجەی دایکەوە هەر بۆیە خاتوو کەژاڵ دەیەوێت زۆر ئازایانە ئەو پەنجەی هەڕەشەیە بشکێنێت، هەروەک خۆی لە شیعردا دەڵێت:

«بیرمە ئێستاش کە مناڵ بووم
دایکم پەنجەی شایەتمانی رادەوەشاند
بە دەنگی بەرز پێی دەوتم:
ئەتۆ کچی مەچۆ بۆ ئەوێ شەرمە
بۆ ئەولایەش شورەییە
نەکەی بچی؟
کە گەورە بووم
پەنجەکانت فێریان کردم
ئەو پەنجەیە هەر بشکێنم
لە کچەکەمی راوەشێنم» ل ٩



سەرچاوە
Serchawe

لە لایەکی تـرەوە خـاتوو کەژاڵ سـەرەرای ئەوەی کە لە کۆمەڵگـایەکی پیاوسـالار دا لە دایـک بـووە بەڵام هەرگیـز دژە پیـاو نییە و پێی وایە پیاویش لە کۆمەڵگای کوردی هەر وەک ژن ئەسیر و دیلە و ئەگەر ژن دیلی شەرم و ترسە پیـاویش زینـدانی داب و نەریت ی کۆمەڵگایە هەر وەک چۆن شاعیر لە شیعرێکدا ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت:

« ئێمە هەر دووکمان زیندانین

تۆ زیندانی داب و نەریت

منیش زیندانی ترس» ل ٤٠

شاعیر بە پیچەوانەی زۆر ژنی تر کە هەندێک جار لە نووسینەکانیاندا زۆر بە توندی هێرش دەکەن سەر پیـاوان و ئەوان تـاوانبـار دەکەن، من لێرەدا نـامەوێ لەبـارەیەوە کەس تـاوانبـار بـکەم و تـاوانەکـان بـخەمە سـەر ئەسـتۆی یەکێـک لەو دوو رەگەزە بەڵام ئـامـاژە بەوە دەکەم کە ئەو کۆمەڵگـایە غەدر لە هەر دوو کیـان دەکـات و رەنـگە هەنـدێک جـار پیـاو بە هـۆی ئەوەی کە زیاتر دەسەڵاتی هەیە غەدر و ناهەقی بکات کە تـا ئێستاش کردوویەتی و لە داهاتووشدا دەیکـات، بـۆ هەنـدێک لە پیاوان سەختە کە ژنەکەیان لەخۆیان گەورەتر بن. دەنا لە راستی دا پیاو رقی لە ژن نییە ئەمە هەندێک جار دەسـەڵات وادەکـات کە پیـاو خـۆی بە مرۆڤێـکی رەهـا دابنێت دەنـا لە زات و جـوهەری خۆیـان دا رقیـان لە ژن نییە هەر وەک خـاتوو کەژاڵ لەوبـارەیەوە دەڵێت:

«هەرگیز بڕوا ناکەم

پیاوان رقیان لە ژن بێت

تەنها ئەو کاتانەی نەبێ

کە دەبینن ژنێک لەوان گەورەترە» ل ٢٣ و ٢٤

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠١٨

## شەڕو ئاشتی پەنجەکان یان دیوانی ماچ باران



**ئیسماعیل تەنیا - ئەڵمانیا**

کەژاڵ ئیبراهیم خدر, یەکێکە لەو شاعیرە ئافرەتانەی کە لە نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە تاکوو ئێستا توانیویەتی جێگەی پەنجەی خۆی لەسەر نەخشەی شیعردا دیاری بکات و وەک ئافرەتێکیش کوژانەوەی رەگەزەکانی خۆی لەرێگەی دەنکە مرواریەکانی شیعرەوە بەکۆمەڵگا بگەێنێت.

کەژاڵ کۆمەڵە شیعری «شەڕو ئاشتی پەنجەکان» دا خەمەکانیی هەموومانی بەسەر کردۆتەوەو زۆر بە جورئەتەوە پەنجەی لەسەر زامەکان داناوە ئەو لە کۆمەڵگایەکدا باسی خۆشەویستی و ماچ کردن دەکات کە رۆژانە چەندان کچ لەسەر پیاسەکردن لەگەڵ کوڕێک یان ئاشکرا بوونی پەیوەندی خۆشەویستی و بەرگری کردن لە راو بۆچوونەکانیان راپێچی گۆڕ دەکرێن یان لووتیان دەبڕدرێت کە هەموومان رۆژانە چەندان کورتە هەواڵ و ریپۆرتاژی لەم بابەتە لە رۆژانەو سایتە کوردیەکان دا دەخوێنینەوە»

شاعیر لەم کۆمەڵگایەکدا دەژیت کە ئێستاکە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی لەسەر بناغەی عەشیرەتگەری و خزمایەتیدا رایەڵ کردووە هەرچەندە تەواوی شیعرەکان لە منداڵدانی شەڕو خۆ خواردن ،شەڕو داغان بوونی کۆتری ئاشتی فرمێسک باراندنی چاوەکان شەڕو هەڵوەرینی پەنجەکان شەڕو... شەڕو... لە دایک بوونە لەگەڵ ئەوەش دا پێم وایە کۆمەڵە شیعریەکەی بەناوی «ماچباران» ناوەزەد بکردایەتەواو پڕ بە پێستی ناوەرۆکی شیعرەکانی دەبوو چونکە تەنها لەو نامیلکەیەدا ١١٦ لاپەرەیەدا ٣٢ جار وشەی ماچی بەکارهێناوە.

کەژاڵ بەیاخی بوونی لە کۆمەڵگا هەوڵی ئەوەی داوە ئەو کۆت و پێوەندیانە بپچڕێنێ کە بەبیانوی وەهمیەوە کراونەتە دەست و ملی ئافرەتانەوە دیاردەی کۆچ و سەرهەڵگرتنی لاوانی کوردیش لە منداڵدانی ئەو قۆناغە دا لەدایک بوونە بۆیە شیعرەکانی ئەویش بێبەری نین لە ئازارەکانی لێکدابڕانی خۆشەویستان و کوژانەوەی تەنیایی ئەو زامانەش دەکولێنەوە کەلەجەستەی کۆمەڵگادایە و تا ئێستاکەش خوێنی لێدەچۆڕێت دەیان وێنەو شیعری ناسک و تازەی ئەفراندووە ..

کەژاڵ مێژوونوس نیە بەڵام بە شیعر مێژووی زەمەنێکی دیاریکراومان بۆ دەنوسێتەوە یاخی بوونی ئەو کەلتورە دەق گرتوانەی دەوروبەر جۆرە هەڵوێست و جورئەتێکی دەوێ بۆ گۆڕ کردنیان نەخوازەلا ئەگەر ئەو دەقانە لە لایەن کۆمەڵگاوە بە پیرۆزی سەیریان کرابێ پەروەردەی سەقەتیش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم پێشکەوتن و تائێستاکەشی لەگەڵ دابێ هەمووماں قوربانی ئەو جۆە پەروەردەیەین کە شتە ئاساییەکانیان لێ کردوین بە قەدەغەو حەرام کەژاڵ لەو جۆرە دەوروبەرە یاخییەو لەو روانگەیەشەوە ئەمرۆ کەلەسەر دوێنێ بنیات نابێت؛

بیرمە ئێستاش کە مناڵ بووم
دایکمە پەنجەی شایەتمانی رادەوەشاند
بەدەنگی بەرز پێی دەووتم «
ئەتۆ کچی
مەچۆ بۆئەولایە شەرمە
بۆئەو لایەش شورەییە
نەکەی بچی
کە گەورە بووم پەنجەکانت فێریان کردم
ئەو پەنجەیە هەر بشکێنم
لە کچەکەمی راوەشێنم
«شەڕو ئاشتی پەنجەکان» لاپەرە ٦ - ٧

لای شاعیر کۆت و پێوەند هەر کۆت و پێوەندە باهەندێک جاریش سیمبولی خۆشەویستی و پێکەوە گرێدانی دوو جەستەش بگەیێنێت تاکە ئەڵقەیەک مادام بەشێکی دانەبڕاوە لە زنجیرە ئەڵقەیەکی دەرگای زیندانەکان و کەلەپچەی دەستی تێکۆشەران ئەو بەچاوێکی گومانەوە لەو پیرۆزییە دەڕوانێت کە بۆتە شتێکی باو لەتەواوی کۆمەڵگاکانی دنیادا»

«هەموو پەنجەکان جوانن
تەنها ئەو پەنجەیە نەبێت
کە ئەڵقەیەک داگیری دەکات
شەڕو ئاشتی پەنجەکان» لاپەرە ١٠

لە کۆمەڵگایەکدا ئەگەر پاداشتی خۆشەویستی و خۆشەویستی کردن لووت بڕین و زیندانی کردن و کۆتا بوونی جەستەی بوێت ئەو کەسە دەبێتە پێشمەرگەی عیشق بەراشکاوی بانگی محمد بدات و لە هیچ داوەڵێک نەسڵەمێتەوە«کەژاڵ لەنێوان میلی کاتژمێرو ترپەی لێدانی دڵدا وێنەیەکی جوانی قوربانیدانی بەرجەستە کردووە »

«دڵی من و
کاتژمێرەکەی ژوور سەرم لەیەک دەچن
ئەو چەندە بۆ کات لێدەدات
دڵی منیش هێندە بۆتۆ
شەڕو ئاشتی پەنجەکان» لاپەرە ٣٢

خۆشەویستی راستەقینە لەسەر بنەمای لەیەکتر حاڵیبوون و خوێندنەوەی یەکتر بینا دەکرێت نەک لەسەر بنەمای مادەو زێڕو گەوهەر ئەو خۆشەویستانەی لەسەر بنەمای یەکەم دادەڕێژرێت دەبنە ئەزەلی و ئەوەی تریان «وەک «هێمن»ی شاعیر دەڵێت ماڵی دنیا چڵکی دەستە وەک دەڵێن «ناوبراو هەموو شتێک دەکاتە قوربانی ئەو دوو قۆڵەی کەلەسەر بنچینەیەکی پتەوی خۆشەویستی دەکرێنە کەمەری»

ئەگەر ویستت خوازبێنم کەیت
بەدایکم بڵێ
با بیانووی پشتێنت پێ نەگرێ
من هەردوو قۆڵی تۆم بەسە بۆ کەمەرم
شەڕو ئاشتی پەنجەکان» لاپەرە ٤٦

ئەو ماچەی لەزۆربەی کۆمەڵگا پێشکەوتوەکاندا کە بۆتە رەمزی گۆڕینەوەی خۆشەویستی و متمانە بەیەکدان بەشێوەیەکی ئاشکراو بە بەرچاوی هەموو خەڵکی لە گۆڕەپان و لەسەر شەقام و پارکەکان لەسەر کارو لە ناو پاس و پیاسەکردن و... پیادە دەکرێت لای خۆمان با تا سەر ئێسقانیش یەکتریت خۆش بوێت و حەلاڵی خۆشت بێت ماچ کردن شورەبیە و زۆربەمان لێی دەسڵەمینەوە و دارو دیوارمان لێ دەبێتە خەفیەو چاو لێی دەترسین نەوەک باجی ئەو ماچە قوربانی جەستەیی بەدواوە بێت «کەژاڵ لە نارەوابوونی ئەو دەقانە رووی پرسار دەکاتە هەمووما و دەڵێت»

«بۆچی دەبێت بەس بۆ ماچێک
لە چاوی منداڵێک بترسین
شەڕو ئاشتی پەنجەکان» لاپەرە ٥١

چاوەڕوانی پانتاییەکی گەورەیی ئەم کۆمەڵە شیعرییە چاوەڕوانییەک کە هەمووومان هەر لەدایک بوونەوە تا گۆڕستان لە چاوەڕوانیدایین و بە ئاواتەوەین بگەین بەو چاوەڕوانیانەی کە تەمەنی خۆمان لە پێناویدا بەخشیووە «بەڵێ چاوەڕوانییەکی بێ سنور و بێ چوار چێوە وەک ئەو چاوەڕوانییەی کچێکی دەزگیران ئەنفالکراو کە لەلای کەژاڵ بۆتە پەرتوکێکی خۆشەویستی»

چەند ساڵێکە
پەرتوکێکی خۆشەویستی
دەتخوێنمەوەو لێت تێرنابم
«شەڕو ئاشتی پەنجەکان» لاپەرە ٥٧

ئەو کچە خێر نەدیووە کەتەواوی تاڵە قژەکانی لە چاوەڕوانیدا سپی کرد بە بێ ئومێدییەوە سەیری دیاردە ئەفسانیەکان دەکات کە تا ئێستاکەشی لەگەڵدا بێت خەڵکێکی زۆر لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا هاتنەدی خەونەکانیان لەسەرییەوە هەڵدەچنن»

دایکم دەڵێ
هەرکاتێ کۆتر لەسەر باڵێک بکەوێ و
چۆلەکە لەسەر گوێسەبانەکان بجریوێنێ
میوانێکی ئازیزت دێ
ئەوە چەند رۆژە
کۆترەکەی دڵم باڵی خستووە
چۆلەکەی چاوەکانم دەجریوێنێ
ئەی میوانی ئازیزی من بۆ دیار نەبووی



سەرچاوە
Serchawe

«شەڕو ئاشتی پەنجەکان»  لاپەرە ٦١

لە کۆمەڵگای پیاو سالاریدا هەر پیاو توانیویەتی خۆشەویستی خۆی بە راشکاوی بۆ ئافرەت دەرببڕێ بە پێچەوانەوە ئافرەت تاک و تەرای ناوداستانەکان نەبێت دەنا نەیتوانییوە ئەو تەلیسمە بشکێنێت و هەست و خۆشەویستی خۆی بەرامبەر بە پیاو دەرببڕێت.

کەژاڵ پێشبرکێی خۆشەویستی لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا دەکات و دڵنیاییە لەوەی کە ئەو لەو شەڕە سپییەدا دەیباتەوە لە دەفەرێکدا کە خۆشەویستی یەکێک بێت لەشتە قاچاغکراوەکان چۆن دەتوانرێت بە ئاشکرا دەست نیشانی پێوانەکان دەکات و دەڵێت»

من تۆ هەردەم شەڕمانە
کەتۆ زیاترت خۆش دەوێم
یاخود من
دوێنێ هێندە سەیری یەکترمان کرد
چاوەکانی تۆ هیلاک بوون
چاوەکانی من هەر گەشتر
ئینجا زانیم کەمن زیاترم خۆش دەوێی
شەڕو ئاشتی پەنجەکان» لاپەرە ٩١ - ٩٢

هەر لەبەر ئەوەی عشق حەرامە کەژاڵ لەوە دڵنیاییە کەئەگەر رۆژێک لە رۆژان لەپێناوی ئەو عەشقەدا سەر بنێتەوە دوای خۆی کەس شینی بۆ ناگێڕێ و جگەلە کورتە هەواڵێکی رۆژنامەکان ناویشی ناهێنن چونکە خۆشەویستی لە دەفەرێکی سنور و تەلبەند کراو بە عەیب و عار و شەرمەزاری لە قەڵەم دەدرێت و کەسە نزیکەکانی خۆیشی خۆی لێ بەخاوەن ناکەن »

من دەمەوێ
بۆ عشقی تۆ بمرم
بەڵام دەزانم نەدەتوانن
شینم بۆ بگێڕن

نەدەوێرن ناوم بێنن

شەڕو ئاشتی پەنجەکان» لاپەرە ٩٤

بەراوردکردنی وەرینی گەڵای پایز بەوەرینی ماچی کچێک بۆ دەستگرانەکەی وێنەیەکی شیعری جوانە و لە شوێنێکی شیاویش تەوزیف کراوە گەڵا لە حەژمەت پایزو تێپەربوونی تەمەن ئەویش لەداخی ئەو بەر بەستانەی کە بوونەتە ئاستەنگ لەبەردەم بەیەک گەیشتنییان «ماچەکانی ئەو تەنها لەحزوری نیگای خۆشەویستەکەی هێدی هێدی بەخامۆشی دەوەرن بێ ئەوەی ماچی هەقیقەت بکەن و ببنە» دووگیان لەیەک جەستەدا «و لەناو یەکتردا بتوێنەوە»

پایز هەنگاوەکانی ناو

گەڵاکانیش بەسەر روخساری زەویدا دادەبارن

گەڵاریزانی من و تۆش دەستی پێکرد

درەختەکان گەڵاکانیان وەراندو

لێوەکانی من بۆ ماچ و

ئەوان بۆسەر سنگی زەوی

من بۆ نیگای سیحراوی تۆ

شەڕو ئاشتی پەنجەکان» لاپەرە ١٠٥

لە شیعری کوردیدا بەو سیفەتەی زۆربەی هەرە زۆریان پیاوەکان نوسیویانە هەر خودی شاعیرەکان خۆیان بە پەپولە چواندووە بوونەتە سیمبولی قوربانی و دەزگیرانەکانیان بەگوڵ و مۆم چواندووە هەرچەندە لە واقیعدا زێڕو زیوو کچەکان دەبنە قوربانی و زۆر جارانیش ئەو پیاوانەی کە بوونەتە پەروانە وەک بەرزەکی بانان لێی دەردەچن و کچەکانیش مەرگ و ئاگر دروێنەی تەمەنیان دەکات؛

کەژاڵ ئەمجارەیان وێنە شیعرییەکەی بەرەواژوو کردۆتەوە و خۆی کردۆتە پەپولەیەک و دەستیگیرانەکەی خۆی بەو هەموو زبرییەوە بەگوڵ چواندووە.

کەمن هێندە شەیدای تۆبم

کە تۆ هێندە عاشقی من

دەبێ من ببمە پەپولەو

تۆش گوڵێکی باخەکەی من

شەڕو ئاشتی پەنجەکان - لاپەرە: ١١٣

لەدواجاردا هیوای سەرکەوتن و بەخششی بەردەوام و جورئەتی بەردەوام بۆکەژاڵ دەخوازین و ئومێد دەکەین ببێتە یەکێک لە کۆڵەکە بەهێزو پتەوەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی ئافرەت و سەوڵێک بێت بۆ ئەو گەمییەی کە هەمووومان دەمانەوێت بەرەو یەکسانی و ئارامیمان ببات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠١٨

--------------------------------------------------

## کاتێ شیعر ئازادانە دێتە وتن



وەرگێڕانی: نیگار عمر عزیز

بە قەڵەمی: قیس مجید المولی-بغداد

داهێنانی شیعر لە چەند لایەنێک کاری خۆی دەکات و، لە بنچینەدا هێزە شاراوەکانی خۆی دەردەخات، ئەگەر لە ناوەڕۆکدا کۆی تاک و گشتی بگرێتە خۆی بۆدەرخستنی ئەو پەیوەندییەی نێوانیان، ئەگەر بە ڕووداوی بینراو یان بە ڕێگای تێپەڕبوون بەردەرگاکانی بیرکردنەوە وێنا بکەین لەنێوان ئەو شتانەی کە بوونی فیزیاییان هەیە« کاتێک کۆمەڵێک بەرهەمی شیعری شاعیر «کەژاڵ ئیبراهیم» خوێندەوە لە هۆشمدا دەرکم بە تێگەیشتنێکی ڕاستی کرد لەجیهانی بابەتی سۆزو هەڵچوونی،

لەبەردەم جیهانێکی نەبینراودا بۆبەیەک گەیاندنی دیاردە خەیاڵکراوەکان بۆزۆربەی ئەو دیاردانەی کە مرۆڤانەن لە ژیاندا» هەندێک جار چڕبوونەتەوە لە نێوان مردن و ژیاندا»

ئەوەتا کەژاڵ زۆر بەجوانی دیدی خۆی دەخاتە روو لەم کۆپلەیەدا پێمان دەڵێت:

«بەقەد دارسێوە لاسورەی لادێ

سێوی دڵم خۆشەویستی بۆت گرتووە

بەقەد دەنکی لارو لەنجەی

دارهەنارەکانی هەڵەبجە

فرمێسکم بۆتۆ ڕشتووە

بەڵگەی گەوهەری رۆیشتن و ژیان، پێویستیەکانی لە نێوان شێوەو هاوتاکان داگیرکردووە لە وێنەی شیعردابۆیە وێنە شیعریەکان شوێن و کاتی دیاریکراوی خۆی هەیە، وەهێمایەکە بۆ چێژ وەرگرتن لەبەر ئەوەی روویەکی تری راستیەکان دەخوڵقێنێ بەناو هێنانیان یان بە هێماکردنی ناوو، شوێنی لەبیرو هزرماندا دەمێنێتەوە«وە لەوانەشە ئەم دروستکرنە دامەزرابێ لە سەر هاوکاری کۆمەڵێ لە تێڕوانین بۆیە بەرهەمی کۆتایی کارێکی جوانی داهێنەرانەمان بۆ نمایش دەکات لە دەقەکاندا. بەراستی هەر واشە کاتێک خوێنەر لەدیدی ووشەوە کە دەخرێتە روو شتێکی باوەڕپێکراو نابینێ لە رستە شیعریەکاندا هەروەها نایبینێ لە دەربرین لەواتادا» هەر لەبەر ئەوەشە ئەو پەیوەندیە پێکەوە ژیانە لە وێنەیەکی رۆحیەوە دەگاتە خوێنەر، لەدوای ئەوەی پڕ دەبێ لە جووتبوونی بینین و تیشکدانەوەی بێ هەستی لەیەکێ لە قۆناغەکانی دروست بوون کە گۆش دەبێ بەو دەرهاویشتەی ناوەوەی جیهان و کاری گەڕانەوە بەبێ مەرج دەکات بۆ کۆکراوەی فەرهەنگ «لێرەوە دەگەینە ئەو باوەڕەی کەژاڵ کە کۆپلە شیعرەکانی هەڵگری مانای تایبەتن و ووشەکانی خستۆتە روو »

من لەخۆمەوە نەهاتووم

ببمە باڵندەیەکی دیل

ئەوە گریانی منداڵە هەژارەکانی

کەرکوک بوو وای لێکردم

بچمە نێو دنیای خەباتی

کیژۆڵە نەشمیلەکانی قەندیل

زمانی کەژاڵ دەگەڕێتەوە بۆئەو ووشە گەلەی کە کاریگەری هاوبەشیان هەیە واتە ئەو ووشانەی درێژە پێدەریان هەیە لەنێو بایەتی شیعردا بۆیە دەبینینت لێرەو لەوێ سەرنجت رادەکێشێ واتە پێکهاتووە لە کۆمەڵێ پێکهاتەی ناوەکی لەکاتی بازدانی لە شوێنی دیاریکراویدا ووشەی بیستراون بەڵام جوڵەیەکی گوێزراوەی سەیر لە دەربڕین و خەیاڵکردن هەبێ لەبەرئەوەی پێش بینی کات ناکرێ بۆ سنوری دەقی شیعری کە شێوەی جوانی لەو گۆڕانکاریە یەک بەدوای یەکانەدا لەدایک دەبێ لە چاوەڕوانی دەقی نمونەیی کە پێوانە تایبەتیەکەی لەمانا هونەریەکەیدایە بە دابەشکردنی هەموو شتە هاوبەشەکان لەنێو دەقە کەدا کە خاڵیە لە نارەحەتی و گشتاندن و نقومبوون لە نادیاریدا بێگومان وشەکانی «گۆڕستان، رۆژگار، سێدارە، سەربڕین، هاوار» یەکی گرتووە لەگەڵ ووشەی تردا کە پێچەوانەیەتی وەک «شانە، گوڵ، کەنار، دەریا، چاندن، بۆنکردن،» نیشانەیەکی ئاماژە پێکراوەو دەلالەت لە نزیک بوونەوەیان دەکات لە لەنێو دەقەکەدا، کە هێزت پێدەبەخشێ.

توانای شاعیر بە یاساکردنی مەودای سۆزو فراوانکردنی هەڵچوون ویژدانیەتی بۆیە کاتێک وێنای شوێنەکان دەکەیت هەست بە بینینیان دەکەیت: بۆیە ئێمە کەڵکمان لە و دیاردە بینراوانە وەرگرتووە لە کەژاڵی شاعیر «هەر بۆیە ناکرێ چێژ لە شتێکدا هەبێ و لە شتێکی تردا نەبێ کە پێویستیەکان هەبن بۆ دەرخستنی ساتە کاریگەرەکان کە چەندەها رێگای جیاوازهەیە بۆ دۆزینەوە لەزماندا کە توانای دەربرینیان هەیە.

ئەم شاعیرە شێوەی تایبەت بەخۆی کێشاوە دوای ئەوەی دەرکەوتووە لە نزیک بوونەوەی ئەو پەیوەندیانەی دەچنە ژێر رکێفی فەرهەنگی هوشیاری لەبەردەم ئامادەیی ساتی فەرزکراو لە قۆناغی مەستی خەیاڵدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠١٨

---------------------------------------



نوسینی: دکتورە ئامینە خلیفە هدریز (لیبیا)

وەرگێڕانی رەفعەت عومەر- هەولێر

ئەم کۆمەڵە شیعرە خاوەن هەستێکی شیعری ناسک و جوانن هونەریانە رۆدەچنە قوڵاییە پڕ واتاکانی دەقە شیعریەکانەوە هەر لەسەرتاوە کەژاڵ لە رێگای ناونیشانەکەیەوە دەمان خاتە شوێنێک کە تەلیسمی دەقەکان بکەینە مەغزایەک پەنهانە شیعرەکانی بدۆزینەوە، لێرەوە ناونیشانەکە کلیلی هۆنراوەکانە خاڵی رێگە نیشاندەرن و دەوری کارای بینووە لە پرۆسەی داهێنانەکەدا لەبەدیار خستنی ناسنامەی دەقەکان و درکاندنی نهێنیەکان و ئاشکراکردنی گۆشە شاراوەکان و سەرنجەکانی لە دەربرینی ووشەکانیدا. دارشتنی شیعر لەم دیوانەیدا دەربڕو خستنە رووی بەدیهێنانی خۆشەویستی ژیان و بەئاشتەوایی و ئارامیە کە رێگە خۆش دەکات بۆ چەسپاندنی چەمکی ئازادی و لەرێگەی ئازادی و جەستەی عشق.

ئازادی حەزی ماچکردن ئازاد بوونی ئافرەت «لە رێگەی ئەم شیعرانەوە ناردنی پەیامە مرۆییەکان دەگەێنێت» یان کوشتن و کپ کردنی ئازارەکان رسوا دەکەن توندو تیژی و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان رەت دەکەنەوە کە سەربەستی ئافرەت کۆت دەکەن

دەسپێکی دەقە شیعرەکانی کەژاڵ ویژدانین دەربری پەیوەندی نێوان «من و ئەو» شرۆڤەی حاڵی ئافرەتانی دەرون کپ کراوە دەربری ئەو بێ دەنگییە لە وولاتێکدا کەشەڕو کارەسات رویانداوە« شیعرەکان وێنای ئازارو مەینەتیەکانی گەلی کورد دەکەن لە ژێر هەرەشەی ستەم و قەلاچۆکردندا.

شیعرەکانی بینینی ئافرەتانەیە بە دەنگێکی نەرم و ناسک و پڕ لەجوانی هەستی شاعیرانە و خۆشی لە واقعێکی پڕ لە شەڕ

و کۆمەڵگا ی پیاو سالاری بنیاتی شیعری باخچەکانی عەشق لەخەمی ناخەوە دەپشکوێ وێنەکان لەگەڵ ژیان و واقعدا کارلێک دەکەن ووشەکانی لە سروشت و دیمە جوانەکانی هەڵدەهێنجێ بۆ پێکهێنانی وێنەیەکی خەیاڵی پڕ لە یاخی بوون لەواقعێکی پڕ لە ستەم و بەگژداچوونەوە لەمامەڵەکردنی لەگەڵ ئافرەتاندا

ئەزموونی شیعری ئەم دیوانەی کەژاڵ بە هەستێکی پڕ لەخرۆشی بەرەو ڕۆمانسیەتی ناسک شەپۆل دەدات بەگیانێکی بازدراو پەنا دەباتە بەر عشق و خۆشەویستی خوازیارە پیاویش هاو هەڵویستی بن.

کەژاڵ بۆ بنیاتی وێنە هونەریەکان پشت بە تێک هەڵکێش کردنی زمانەوانی دەبەستێ لەجوانی سروشت و خزیوەتە نێو زمانێکی شێوە بنیات نەرانەوە زمانە پاراوەکەی سازگارە و ئاوازی خۆشەویستی پێدەچڕێ دەیخاتە شیعرێک کە گیانێکی سەرکەوتووی تێدا ڕۆچووە چرپە چرپی یاخی بوونەکەی تێدا دەبیسترێ لەوێنەکەیدا لەوانەیە بەمەبەستی ووروژاندنی وەرگر یاکارتێکردنی نەبێ لەڕێگای وێنە نەبینراوەکانی بەقەد ئەوەی رایدەچڵەکێنێ بۆ یاخی بوون لە ڕۆژگاری کوشتن و ستەم و وێرانکاریدا

دروستکردنی وێنە شیعرەکانی لە زنجیرە تێک هەڵکێشراوەکانی زمانەوانی دان و گواستەوەیان لە مەغزا نارووونەکانیان، لە مەغزاو مەجازییەکان کرانەوەیانە بەسەر ئاسۆیەکی ئاماژە بۆکراوە بۆ وەدەست هێنانی شیعرە جوانەکانی دەقەکانی کەژاڵ بنیاتی شیعری لە باخچەکانی عشق پێکهاتەیەکی لیریکی هەڵچووە کە بنیاتی دراما تێکەڵ نابێ و کاری تێ ناکات بۆیە دەقەکان خاوەن دیدێکی تایبەت و یەک لایەنەن و مۆرکی ڕۆمانسیەتی تێدا هەڵگرتووە جیاواز لە چەمکە دراماکانی تر کە ژانرەکانی تری ئەدەب تێکەڵ دەبن وەک سینەما» سینەما، ڕۆمان، شانۆ، نیگارکێش «کە دەقێکی نوێی تێدا بەرهەم دێنێ بنیادە شیعریەکە و ناشیعرەکە پاڵپشت دەبن و دەبنە دەقێکی شیعری خاوەن شێوازی تایبەت و نوێخواز ئەم دیوانەی کەژاڵ ناسیاویی و ئەزمونێکی شیعری شاعیرێکی کوردی بۆ ڕەخساندم چێژ لە خوێندنەوەی وەربگرم کە هەڵگری ئازارو مەینەیتەکانی گەلی کوردن هەڵگری پەیامی ئاشتی و خۆشەویستی و ئارامین» لە هەمانکاتیشدا بەر پرسیاریەتی چەوساندنەوەو ئازارەکان دەخاتە ئەستۆی کۆمەڵگا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠١٨

--------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

# هەستم بەسەر سوڕمان کرد کاتێک ئەم شیعرەی کەژاڵم خوێندەوە



نەجاح هۆڤاک - دهۆک

لە عەرەبییەوە: ئاکۆ کەریم مەعروف

رەنگە بۆ من کارێکی گران بێت قسە لەسەر ئەم دیدە ناوازەی کەژاڵ بکەم «چونکە ئەم ژنە پانتایەکی فراوانی لە نێوەندی ئەدەبی عەرەبی داگیرکردووە» کەبۆمن جێگەی شانازییە شاعیرێکی نەتەوەکەم بەم شێوەیە دەرکەوتووە شیعرەکانی بایەخێکی زۆری هەیە».

کاتێک شیعری جەنگم خوێندەوە تێگەیشتم، ئێمە نابێت هەرگیز بیر لەمەرگی یەکتری بکەینەوە، چونکە تەقاندنی فیشەکێک بەرەو رووی براکان دەیان کارەساتی جەرگبڕ بە دوای خۆیدا دەهێنێت، ئەوەتا ئەم شاعیرە هەست جوانە لەبارەی جەنگەوە دەدوێت:

جەنگ:
ئەم زەمەنە ،زەمەنی تێکشکانی
رۆحی ئەو پەپولانەیە
کە لەنێو کێڵگە بەمین چێنراوەکانی
شەڕدا ئاوارە بوون
زەمەنی پڕ لەخوێنی قوربانی و
خەمی هەڵوەرینی گوڵەکانی
باخچەی ژینی ئێمە بوو

کە پێدا تێپەڕین

جەنگ ئەو ووشە ترسناکەیە کە هەموومان لێی دەترسین، زەمەنێک هەرچی جوانی و بەخشندەیی و هەیە لەنێوی دەبات. جەنگ ئەو زەمەنە نەگریسەیە کە خاتوونی شاعیر بە دەربڕینێکی جوان، بارو دۆخێکی ناهەموارمان نیشان دەدات و، دەریدەخات کە جگە لەماڵوێرانی و ئاوارە بوون هیچی تر بەدوای خۆیدا ناهێنێت، ژان و ناسۆرێکە،کە زەردەخەنەی خنکاوو پێکەنینی گاڵتەجاڕی دەبەخشێت، هەروەها بۆ زەمەنێکە پێکە شەرابییەکان لەسەر مێزی خواردنەوەیەک دەدڕێ، دوژمنێک دروست دەکات کە بۆ هەتایە مرۆڤایەتی پێوەی دەناڵێت.

کەژاڵی شاعیر هەمیشە دژی شەڕ و ماڵوێرانی بووە، شیعرەکانی گەواهی دەری ئەم دەربڕینەن بۆیە لێرەوە پێمان دەڵێت:

جەنگ ئەی دوژمنی
بەختەوەری ئادەم
ئەی بزە تۆراوەکەی
سەر ڕێگەی کۆچبەرە خەمبارەکان
داستانی جوانیت نەغرۆکردین
جیهانە ئەفسوناویەکەت
رووەو مەرگ راپێچ کردین

لەو کۆپلە شیعرەیەدا خاتوو کەژاڵ زۆر بەهێمنی و بەزمانێکی سادەو،دورکەوتنەوە لەوەی بەزۆر وێنەکان دابرێژێت دەمانباتەوە بۆئەو سوارچاکانەی کە باڵەکانیان لێکەوتووە، هەوڵێکی زۆر دەدەن تاکوو باڵی پەپولەکان سەرەڕای ئەرکی قورس رزگار بکەن، ئەمەش ئاماژەیەکی قووڵە بۆ کارەساتەکانی جەنگ وێرانبوونە هەتاکوو درێژ دەبێتەوە بۆ پەپولەو گوڵەکان کەئەم دوانەش لەئاماژە جوان و نەرم و نیانەکانی سروشتن.

خاتوونی شاعیربەزمانێکی جوان تەعبیر لەجەنگ دەکات بەوەی کە دوژمنی بەختەوەرییەو زەردەخەنەکان دەدزێ و هۆکارێکە بۆخەم و کۆچ پێکردنی زۆرەملێ، سیحری ئەم شاعیرە هەست ناسکە ،چەند جوانە کاتێک وێنەکان وەکوو ئاهەنگی گوڵەکان دەخاتە روو وەک رەمزێکیش بۆ ئاشتی دەمانباتەوە بۆجوانی ژیان و پڕ دەبێت لەخۆشەویستی و، ئارامی و، ئازادی کەژاڵ زۆر دژی جەنگە، چونکە هەناوو، رۆح و دڵ و دەرونی پڕە لەئازار کاتێک دایکی شەهیدێک دەبینێت کوڕەکەی لەدەستداوە،



سەرچاوە Serchawe

بۆیە لێرەوە هاواردەکات و پێمان دەڵێت:

جەنگ بڕۆ خوات لەگەڵ
ئێمە شەیدای ئەو تیشکە زێڕینەین
کەماچی گوڵ بکات
خولیای لێدانی ئەو شمشاڵەین
کە سنگمان جۆش بدات
منالانمان چاوەڕێن
چاوەکانیان لەبەردەم پەلکەزێڕینەی
دوای باراندا ،هەتاو دەرکات
بابەس لەبەردەم ئاوێنەی
دڵی دایکی شەهیدێکدا سەما بکات

ئەم وشانەی کەژاڵ لایەنێکی مرۆڤایەتی شیدەکاتەوە کە شاعیر پێمان دەڵێت جەنگ ڕەت بکەینەوەو بەوپەڕی نەوازشەوە کەسەر بەهەر نەتەوەیەک بێت چونکە ئەوانیش شەیدای تیشکی خۆرو، مۆسیقاو، منالی بێگوناهن، ئەو وەسفێک دەکات کەلەوپەڕی جوانی زمانەوانیدا جەنگمان بۆدەردەخات کەچ بەلایەک و دوژمنێکی سەرسەختی مرۆڤایەتییەوە حەزدەکات هەمیشە ئینسان لەبەهەشتێک سەما بکات و ئاوێنەی دڵی دایکی شەهیدێک نەبینێت کە چ کارەساتێکی بەسەر هاتووە، کەهەر بەو دێڕەجوان و پڕ لەتریفەیە کۆتایی بە شیعرەکەی دێنێ.

لەوەڵامی خوشکە نەجاح هاڤاک، ڕەخنەگری ئەدەبی وەلید مستەفا دۆسکی دەڵێت:

ئەم شیعرەی، ئەم خاتوونە دەقێکی زۆر جوانە کە بەهارمۆنیەتی شیعری پەیوەستە بە فەلسەفەی بابەتی و ئینسانی سەرەڕای دەربڕینێکی ڕەق لە سەرەتادا کە شاعیر نوسیویەتی: لەگەڵ ئەوەشدا هەڵگری سۆزو بەشێوەیەکی زۆر ناسک تەوزیفی وشەکان و هەستەکانی دراماو مانا خەیاڵییەکان دەکات بەمەش زۆر سەرکەتوو بووە لە باش بەکارهێنانی بیرۆکەو ئیلهام و نەرموونیانی وشەکان و لێکچوونە جوانەکان.

زەمەنی ئاوارەبوون و ڤاڤاکان و، پێکە شەرابیەکانی دوژمن و تەلیسمە دڕکاوییەکان و، ئەفسانەکان و، نهێنیە

تۆمارکراوەکان کە شەیدای رۆشناییین ئەم شیعرە دەقێکی ویژدانیە کە داوادەکات جەنگ کۆتایی بێت سەما لەبەردەم دڵی دایکی شەهیدا بکات.

ئەم تێکستە هەڵگری ناوەڕۆکی مرۆڤایەتیە لەزەمەنی جەنگدا پەپولەی ئەبجەدین لەئاسمانی دەقێکی ویژدانیدا کە باڵ بەسەر ئاشتیدا دەکێشێت و باڵە فرە دەکات.

ئەم شیعرە دەقێکی جوان و ناسکە پڕاوپڕە لە حەماسەت ومانا مرۆڤایەتیەکان و، وێنە بەلاغییەکان بۆکە هیوای بەردەوامی بۆ خاتوونی شاعیری بەئەزموون کەژاڵ دەخوازم و سوپاسی وەرگێڕیش مامۆستا «عەبدول حسین »دەکەم ئەم تێکستە شیعریە بەشێوازێکی زۆرجوان وەرگێردراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢ی ئۆکتوبەری ٢٠١٨

---------------------------------------

## کەژاڵ، بە وێنە تابلۆی شیعرەکانی دەنەخشێنێت



ئەیوب رەزا

و: مژدە نوری- سوید

کەژاڵ لەم ئەزموونە شیعرییەدا کە بڵاوی کردوونەتەوە بەدەنگی ژنانە دەنووسێت «ئەو یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لەم دواییانەدا شان بەشانی دەنگە ژنەکانی نێوەندی ئەدەی کوردی دەرکەوتووە، هەرەچەندە لە شیعر نووسیندا زمانێکی سادەو ساکار بەکاردێنێت، بەڵام وەک سادەیی و پیرۆزیی ئاوێکی سازگارە، تینویەتی خوێنەر دەشکێنێت. بۆیە کاتێک ناخی

دەخوێنینەوە، دەتوانین بڵێین کە دەشتێکی پان و بەرینی داگیرکردووە، کە ناتوانین ڕێگری لە شیعرەکانی بکەین، ئەمەش خەسڵەتێکی جیاوازە لەم نێوەندەدا»

کەژاڵ زۆربەی شیعرەکانی کە دەیهۆنێتەوە لەناو کەلتورو مێژووی واقیعی کوردی هەڵقووڵاوە، پڕن لە ڕوداو و کارەساتی دڵتەزێن و ناخ هەژێن .یاخود ئەگەر زیاتر ورد بینەوە دیقەت بدەین ئەم شاعیرە تێکەڵێکە لە شیعری ناسک و لایەنە سۆزداریەکانیشی هەر زوو دەگۆڕێن بۆ شیعری «ڕۆمانسی و شۆڕشگێڕی» بە شێوەیەک دەگاتە یاخی بوون، بەڵام یاخی بوونێک لە چوارچێوەی ئەدەب و تینووی ئازادی و ڕزگار بوون لەکۆت و بەندو زنجیری خێڵەکی وچوونەدەرەوەی ئەو داب و نەریتانەی کە زاڵ بووە بەسەر ژیانی ڕابردوومانـدا «یاخود ئەوانەی کەبوونەتە هۆی ڕێگری کردن لە پەرەسەندن و پێشکەوتنی ئافرەت لە خەبات لە پێناوی خەونە سادەکانی کۆمەڵگا» ئەوەتا کەژاڵ باس لە سووتانی عەشق و خۆشەویستی دەکات و زۆر ڕاشکاوانە توانەوەی خۆی دەنەخشێنێت و دەڵێت:

«من سوێند دەخۆم
هەرگیز ئاگرت نەبینووە
بۆیە هەست بەسووتانی
ڕۆحم ناکەیت.»

کەژاڵ شاعیرێکە زۆر گرنگی داوە بە دەقە ئەدەبییەکەی بەگشتی و، شیعر بە تایبەتی، لەمەودای بابەتی بوون «مەوزوعیەت» ی ئەو دەقە ئەدەبیە دەرنەچووە کە نەخشەی بۆ کێشاوە لە شیعرەکانیدا ڕاستگۆیی تێدا دەردەکەوێت. «شاعیری بەناوبانگی مەکسیکی «ئۆکتاڤیۆ پاز» «لە کتێبەکەی بەناوی «شیعرو کۆتایی سەدە» ئاماژەی پێدەدات لەو ڕاچەنینە سادەو ساکارانەی شیعر، کە دەبێت خوێنەر هەرزوو بەلای خۆیدا ڕابکێشێت. بۆیە ئێمەی خوێنەریش هەر ئەوە بەدی دەکەین لە نووسینە شیعرەکانی ئەم شاعیرە.«

کەژاڵ «هیچ هەوڵێک نادات پشتیوان لەخۆی کۆبکاتەوە یان سەرنجی خوێنەرەکانی بۆخودی کەسێتی خۆی ڕابکێشێت ئەگەر بتەوێت ڕاستی بڵێت پێویست بە هیچ پشتیوانیەک ناکات تەنها ڕاستی شیعرەکانی دەرخەری ئەو ڕاستگۆییە نیشان دەدەن.

کەژاڵ ژنێکی کوردەو هەمیشە لەگەڵ خەمی گەلەکەیدا دەژی و بەچاوی خۆی ئەو کارەسات و نەهامەتیانەی بینیووە کەبەسەر هەر تاکێکی کوردا هاتووە، وەکو ئازارو خەمەکانی کارەساتی شاڵاوی ئەنفال، کە لە شیعرەکانیدا بەدی دەکەین کە چ



سەرچاوە
Serchawe

جوانیەکی شۆڕشگێڕی هەیە کاتێک دەیخوێنیتەوە» کە بۆ ژنە ئەنفالەکانی گەرمیانی نووسیووە.

«چەند ساڵێکە کتێبێکی خۆشەویستی
لێت تێر نابم و دەتخوێنمەوە
دەفتەری بیرەوەرییەکانت
پەڕە پەڕە هەڵدەدەمەوەو
دەست پێدەکەمەوە.
دەست لەملانی
ئەڤین و عەشق و خەوبین دەبم.»

کەژاڵ بۆخۆی دەریایەکە لە جوانی و شیعر هەست بە شاکاری شیعری ئەدەبی دەکەیت»وەک سۆفیەک کە بۆنی گوڵی دەستی عاشقەکەی بکات، کاتێک کە بەدوایدا دەگەڕێ و تەمەنی لاوێتی و تازە پێگەیشتووی وخۆی پێ بەخشیووە » ئەوەتا شاعیری گەورەی عەرەب «ئەدۆنیش» دەڵێت سۆفی بوون کاری گەڕانە بەدوای ژنی مێرددار» بۆیە ئەم سۆفیەش کاتێک بۆنی ئەو گوڵە دەکات و خۆشەویستەکەی نابینێ وەکو بەدوای هاوسەرە تەڵاقدراوەکەیدا بگەڕێت وایە.«

کەژاڵ حەزدەکات نیشتمانەکەی ئازاد بێت و چارەنووسی ئەو ئازادیەش زۆر بەجدی و بەشێوەیەکی بەرچاو بێتە پێش چاوی تاکو ناسکترین وشە لەرووی بۆیە و رەنگ و پاراوی سادەیی بۆ هەڵبژێرێت بۆ نووسینی «تاکو ئەوبەردەوامیە بەخۆی بدات و لە کاروانەکەی دانەبڕێت.»

ئەم ژنە شاعیرە شیعرەکانی، بریتین لە هەست و نەبرەیەکی سوک و ئارام بەخش، کاتێکیش کە نامیلکەی «شەڕو ئاشتی پەنجەکان» و کۆمەڵێک شیعری تری کە لە رۆژنامە ناوخۆییەکان بڵاوکراونەتەوە سەرنجم داوە لە خوێندنەوەی هیچ دەستەواژەیەکی زبر و رەقم تێدا نەبینووە »چونکە لە شێوازی تایبەتی خۆی دەرنەچووە لە نووسینی شیعری ئازاد. گرتنەبەری ئەم شێوازەش سروشتی رۆمانسیەتی و بێگەردی پیشان دەدات» وێڕای ئەوەش توانیویەتی زۆر وشەی قەدەغەکراو بەکاربێنێت و رەخنە لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیش بگرێ و داکۆکی لە مافی خۆی و ژنیش بکات و دژی ئەو داب و نەریتانەش بوەستێتەوە کە ئێمە رۆژانە بەچاوی خۆمان دەیبینین «کەدیارە کەئەم دیاردانەش لەنێو لەکەلتوری گەلاندا بڵاوە.

«کەژاڵ شاعیرێکە رچەشکێن» کە وشەو شیعرەکانی وێنەی تابلۆیەک نەخش دەکات، ئەو بە وشەکانی رەنگاو رەنگی ژیان لەسەر دیوارەکانی خۆشەویستی و یادگاریەکانی ئەم زەمەنە، سۆزو خۆشەویستی دەرونی بەهێمنی دەنووسێتەوە.«

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ۱ی نۆڤەمبەری ۲۰۱۸

-----------------------------------------------

## کەژاڵ ئیبراهیم خدر، پەپوولەیەکە لەگەڵ شیعردا سەمادەکات



د. إيمان الزيات

لە عەرەبییەوە: جەبار ئەحمەد

«باخچەکانی عەشق ئەو ناوە ناوازەیە، کە شاعیر ی کوردو هاورێیی کۆچکردووم لەدواین دیوانی خۆیدا بەزمانی عەرەبی ناوی نابوو «ئەمە ئەم دیوانەیە کە وەرگێڕەکان بەدەوریدا دەخولانەوە» چونکە لە شیعرەکانیدا خۆشەویستیەکی پاک و بێگەردی تێدا رەنگی داوەتەوە کەلە دڵسۆزیدا بێ وێنەیە »

زۆرن ئەوانەی کە شیعرەکانی ئەم شاعیرەیان وەرگێڕاوە »بۆسەر زمانی عەرەبی کە ئێمەی پێ ئاشنابین«
ئەوەی کە ئێستا بە تێڕوانینی خۆم هەڵی دەسەنگێنم تەنها بە هۆی وەفاو خۆشەویستیەوە نیە «بەڵکوو بەهۆی ئەو بەهرە گەورەییەیە کەشایەنی پێناسەکردنە»

شیعرەکانی ئەم شاعیرە هەست ناسکە زۆرجوانن هێز دەبەخشێت «وەک شەپۆلێک دەتوانێ پەیکەر لەبەردی قەیرانەکان داتاشێت «ووشەکانی ناسکە وەک پەپولەیەک کە کل بەسەر باڵەکانی شیعرداهەڵ ئەگەڕێ «ئەم شاعیرە بەو هێمنییەی کە

پێوەی ناسراوەو، بەو سادەییەی خۆشیەوە گەردون پڕ ئەکات لە ئارامی و خۆشەویستی» ئارامی بۆئەوەی بەتێڕوانینی خۆی بێتە ئاخافتن کە بە شیعرەکانی باس لە ژنێتی، خۆشەویستی، جەنگ، مرۆڤ دۆستی، دەکات و، ژیان مردن و ئاسودەیی و، مەلوولی ژان و ئازار تاکوو لەرێگای هەستی خۆیەوە ببینێت»

کەژاڵ وەک شێوەی نوسین ستایلی برگەکانی زاڵە بەسەر شیعرەکانی. ئەم دیوانەی لەرێگای ووشەکانیەوە باری گوزەرانی ژیانی بەشێوەیەک رێکخستووە لە «سادەیی بۆ ئاڵۆزی» لەرابردووی دوورەوە بۆ داهاتووی هاوچەرخ و لە خۆییەوە بۆ بونەوەرێکی ئازاد «کەژاڵ لە دەستپێکەوە وەک گوڵێکی بۆندار لەیەکەم هۆنراوەیا بەرەو پیری خوێنەر دەچێت بەم پێشوازییە فریشتە ئامێزە «وەک ویستێک بۆ ئاسۆی خۆی «خۆشەویستی و، ئاشتی، ئاسودەیی رادەگەێنێ»

ئەوەتا لەم کۆپلە شیعرە پڕە لە خۆشەویستیەی باخچەی عەشقدا کەژاڵ پێمان دەڵێت:

لەباخچەکانی عشقما
سێ گوڵت پێشکەش دەکەم
یەکەمیان بۆ دەستت، سەمای پێ بکەی
دووەمیان بۆ لێوت، گۆرانی پێ بڵێی
سێیەمیان بۆ چاووت،
فرمێسکەکانی پێ بسڕی
تا بزانی باخەکەی من
دەستێکی تیا نیە ،بۆ خوێن رشتن
لێوێکی تیا نیە بۆ تورەبوون
چاوێکی تیا نیە بۆ گریان

کەژاڵی پڕ لەهەستی جوان، لە رێگەی شیعرەکانیەوە هەرزوو خوێنەرانی خۆی نوقمی جوانی شیعر کرد، بە شێوەیەک کەلەگەڵ جیهانی پر لە بەرائەتی مرۆڤایەتی وهەست و نەست گۆرینەوە خۆی بگونجێنێت چونکە ئەم ژنە هەمیشە بە خستنە رووی وێنەی بێ هاوتاو دوبارە نەکراوە کە واژۆی تایبەتی خۆی لەسەر هۆنراوەکانی کردووە «کە لەشیعرێکدا کە لە وەرگێرانی برای بەرێز کاکە «سامی علی» کە تێدا شیعری کردووە بە سمبولی مێینە کە دەزانێت ژن لەم کۆمەڵگایەدا دەچەوسێتەوە هەربۆیە خودی شاعیر دەیەویست لێی دەربازبێت، چونکە جیهان بینینی ئەو بۆتە سەرچاوەی سەرنج راکێشان

و ئازاردانی ناوەوەی خۆشی «کە وەکوو نەزانەکان وەک پەت جەستەی ئەگوشن «شەڕ خوازەکان ئەیکەن بە پەتی سێدارە کەس جوانی و دڵرفێنی تێدا نابینێت»یان وەکوو ئەو تاڵە قژانەی بەسەریەوە دەشەکێتەوە جوانی و خۆی و خۆشەویستی تێدا دەدرەوشێتەوە » بۆیە بەهەستێکی ژنانەو دوور لە رتوش، کەژاڵ دەڵێت:

بەدەستی خۆت قژم ببڕە

با شانەی پەنجەکانی تۆ، بۆم دابێنێ

با شنەبای هەناسەکەت بینەخشێنێ

نەکا دایکم لە ڕقێکی زۆر ناوەختا

دەست بنێتە هەموو قژمو

لەڕەگەوە دەریبێنێ

کەژاڵ درێژە بە ئاخاوتنەکەی دەربارەی ژن و پێگە پیرۆزەیەکان ئەدات لە هۆنراوەی«بە پێنوسی ژنێک «لە» وەرگێڕانی «علا روندی» کە بەراناوی «بانگکراوە» راناوی تاوانبارکردن و، بە ڕووبەڕوو بوونەوەو قسە لەڕوو کردن دەست پێدەکات ئەوەتا کەژاڵ زۆرجوان ئەم شیعرەی نەخشاندووە.

ئەی پیاو

تۆ بۆچی نوێژ بۆ بەهەشت دەکەیت

کە خواوەند لە ماڵەکەی خۆتدا

بەهەشتێکی پێ بەخشیووی کەژنە

لە بڕگەیەکی تری ئەم هۆنراوەدا هەمە ئاوازو جوانی و بەرهەمەکانی» بەجێناو «دەست پێدەکات، شاعیر بە جێناوی ئامادە بوو ئامادەنەبوو ئەچێنێ بۆئەوەی لەگەڵ هەمووان بێتە ئاخاوتن بەمەبەستی گشتگیری و دواتر خودی خۆی ئەگوازێتەوە بۆئەوەی کەش و هەوایەکی پڕ لە جۆش بیهێنێتە کایەوە بۆیە لەهەمان بڕگەی شیعری بەجێناوی بانگکراودا دەڵێت «لایغرق» بەمەبەستی گشتگری دواتر لەشیعری «ئاوو باخچە» کە وەرگێڕانی «بانە خان» دەڵێت:

وەک لاولاوی بەرماڵەکەمان

بەهێمنی دێت و دەدوێ



سەرچاوە Serchawe

نازانم بەچ ماچێک بتنوسمەوە

دەبیت بەهەورو، ڕێژنەی باران

بزەو خەندە دەتگرێت و

منیش سەرم دەبێ

بەدارستانێکی خەونێکی چڕو

لێوەکانم بەدڵۆپێ شەونمی بەربەیان

ئاواتەکانی شاعیر بەدوای یەکتریدا دێن، خەون ئەبینین.دەیەوێت پیاو لە شوێنی ئەودا بێت بۆ ئەوەی واتای یەکسانی فێر بکات یان وەکوو هەڵۆ هەڵفرێ بەڵام پیاو بە بەردەوامی باڵەکانی ئەدزێت.

ئاواتم بوو

تۆ ژن بوویتایەو منیش پیاو

بەڵام جیاوازییەک نەبوو

ئەوکاتە من تۆم دەچەوساندەوە

دواتر شاعیر لەگەڵ پیاو بۆساتێک یەک ئەگرێتەوە بۆئەوەی لە کۆتایدا هەست بکات کە ئەوان دووڕووی جیاوازی مرۆڤایەتین هەمان ئازار ئەچێژن هەرچەندە هۆکارەکان جیاوازبن

ئێمە هەردووکمان زیندانین

تۆ زیندانی دابو نەریت

منیش زیندانی تر

کەژاڵ هەمیشە «جوانی» وەک وەرزەکان وێنا دەکات «وێنایەک دەتوانێت نەخشی بەرچاو نیشانی کۆمەڵگاکەمان بدات «لەم کۆپلە شیعرەدا چەند جوان» جوانی نەخشاندووە

هەرچی روبار هەیە،، جوانە

بەڵام هیچیان



سەرچاوە Serchawe

وەکوو ملوانکەی چاوت مەستم ناکەن
هەرچی رەزو شینایی و باخە،، جوانە
بەڵام هیچیان وەکوو
بزەو خەندەی لێوت شادم ناکەن
هەرچی ناوی پیرۆز هەیە
بوونەتە سەرابێکی ناوەخت
بوونەتە نۆتەو مۆسیقا
بوونەتە شەونمی سەردرەخت
بەسێبەری باڵات ناگەن.

کەژاڵ گیانی تینووی، هاوسەنگی جوانی خۆی لە گەردونیدا دەپارێزێت، چەندین جار گۆرانیە دڵگیرەکان ئەبینێ بۆ گوڵی «خزاما»ی بۆنخۆش «بەچێژەکانی دار هەرمێ و ،سەرنج دەدات وەک گوڵە ئەستێرە کە سەری پڕە لە باڵندەی کێوی بەڵام لە کۆتاییدا باس لە قژی «هێمای مێینە دەکات»

ئەو کاتانەی هاژەت دێت و
ئەبی بە رووبارێکی سەرشێت
بە رێگا و بانی عەشقا وەرە و
روو بکەرە دەریایی چاوانم
بمدەرە بەر شەپۆلەکانت
قژم پرکە لە بێ گەردی بەرفراوانت
رقی دڵم پاکژپاکژ بشۆرەوە

ئەم ژنە پڕ لە بەرائەتە حەزناکات هەروەکوو چۆن نایەوێت بگات بەهەمان چارەنووسی دایکی بۆیە بەبڕینی تاڵی قژی هەوڵ دەدات هێمای پۆکانەوە لەناو بەرێت «شاعیر خەون بە ئازادییەوە دەبینێت ئاواتی بوو ببێت بە باڵندەی پاساری دڵەکەی بە هێمنی بفڕێ»

شاعیر هەست دەکات کە مرۆڤایەتی خاوەن رێزو بەخشندەیە «بۆئەوەی پیاو بدوێنێ و بیکات بە گفتوگۆکارێکی زیندوو،

سەری سوڕ بمێنێت لە کردەوەی مرۆڤەکان و ناکۆکیەکان»

بۆیە لەم کۆپلەدا کەژاڵ دەڵێت:

شەوێک شیعریکم بۆنوسیویت
باران بەلێزمە دەباری
بەیانی خەبەرم بۆوە
باران هەموو ووشەکانی سڕی بۆوە
هەربەتەنیا ووشەی خۆشەویستی نەبێ.

کەژاڵ هەست دەکات خەونەکانی بەدی نایەت و ناگات بەو ئاواتە لە مێژینەیەی کە هەیەتی ناگات بە وەڵامە پەنهانەکان بۆیە پەنا ئەباتە بەر گەورەترین هێز لەگەردون کە خودایە و لێی دەپاڕێتەوە:

خودایە
ڕەزی باخەکانت پڕن
لەهەواری جوانی و
چریکەی ئازادی و
کانیاوی خۆشەویستی
خودایە
چەند گەورەیت
بەخشندەیی ببەخشەوە
ببە بە پەرژین و چەترێک
خوێناوی ژیان ڕابگرەو
دەریا بە ئاوی باران بژێنەوە

کەژاڵ جوانی ژیان لە خۆشەویستیتدا دەبینێتەوە «خۆشەویستەیەک کە نابێت مرۆڤەکان ببنە قوربانی ڕق و تۆڵەکردنەوە چونکە دواتر هەر خۆشەویستی گرەو دەباتەوە» تووەرە تەماشای ناسکی ئەم شیعرە بکە:

هاتووم تاکو بەخوێنی هەر دەپەنجەکەم

لەمرواری پەڕەی ڕۆحم

یەک دێڕ وشەت، بۆ بهۆنمەوە

بەلاشەیەکی شەکەتو

دوولێو وشکو خەماوی، بڵێم مائئاوا

ئەی خواوەندی خۆشەویستی

وەفا،عەشق، خۆشەویستی

لەکوێیەو کوا؟

شیعرەکانی کەژاڵ ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگا لە خۆ دەگرێت «کۆمەڵگایەک کە ئەویش تێدا دەژێت وەکوو مرۆڤ» بەڵام دڵ و دەرونی ئەم ژنە جیاوازە چونکە ناخی پڕیەتی لە خۆشەویستی بۆ مرۆڤەکان ئەوەتا کەژاڵ دەڵێت لە شیعری دەرگاکەتم لێ دامەخە:

من دەمەوێت

دەستت ماچ کەم

نەوەک کوڵم ولێوەکانت

هەر بۆئەوەی ووشک نەبێ

هەست و سۆزی نێو دڵەکەم

وەک و خاک و خۆڵە ساردوو سڕەکەی بیابانت

کەژاڵی شاعیر گەوهەرەکانی بیری کۆدەکاتەوە و خۆشەویستی «ئەکات بەکەس»باوەڕ بەرجەستە دەکات «نیگاری» مەترسیەکان ئە کێشێت بەدرێژایی ڕۆژگار شریتی باسەکانی بە ڕەنگی سوردەچوێنێت «هەروەها بەردەوام لە بەرانبەریدا لە ڕەنگی ئاسمان تێر رادەمێنێت و دەزانێت» کە سپیەتی ئاسمان هەمیشە هێمای روناکی بۆ ژیان بووە«بەڵام بەڵگەی زیندوویی ئەم شاعیرە وایە کە هەمیشە تاکەکان بەرەنگاری ووشەکانی بونەتەوە تاکوو رقی لە ئارەزووی ژیان بێتەوەو، خۆشەویستی بەرەو رق و کینەببات وە هەستیشی کردووە کە بە ئاشتییش تووندوو تیژی کۆتایی نایەت بۆیە شاعیر لەنێوان راستی و خەیاڵدا وەستاوە بێ ئەوەی دڵنیابێت لەوەی لە کامیاندا رووداوە گەورەکانی ژیان بەدیارکراو ی پۆڵێن دەکرێن کە ئەمەش نیشانەی دڵەڕاوکێی و دوودڵییە، بۆیە کەژاڵ لە هۆنراوەی دەنگدانەوەی ووشەکان دەڵێت:

شەوێک خەوم پێوە بینی

ووتم خودایە خەون بێ

شەوێکی دی خەوم بینی

ووتم خودایە بەراستی بێ

لە نێوانی خەونەکانما، ئەوەی بینیم

نەمزانی خەو بوو یاراستی

کەژاڵ گوڵێکی جوانی باخچەی شیعرە لە بڕگەکانی هۆنراوەکانیدا چەند ووشەیەکی ئاماژە داری «هەمە چەشن خۆی رووپۆش کردووە وەک پەڕاوی یادگارییەکان» ئەمەش رابردوو بیرەوەریەکانی ئەگەیێنێت:

وەک گوڵی هەنار تەڕیت

وەک کاتژمێرەکەی دڵی دەستم

دەنەخشێنیت جوانی روبار

مانگیت وەک خەرمانەی تریفە

ماسی دەریایت لەشەپۆلم نابیتەوە

وەک ئاوازی مۆسیقا تیشکی گەشیت

بەواتای تێپەڕبوونی کات بە بەردەوامی و بەرەو پێشەوەچوونی «دیارە ئەم شاعیرە دەزانێ ژیان شانۆگەرییەکە کارەکتەرەکانی لەسەر شانۆ رۆڵی خۆیان دەگێڕن بەدوای یەکدا هەروەها لەبۆ چوونەکانیشدا پردەکانی نێوان جیاوازییەکن بێ ئەنجام دەرکەوتوون. بۆیە ئەم زاتە هەست دەکات ژیان لە قەیراندایە و بەرەنگاری هەڵوەشانەوەو جیابوونەوە لە واقعدا دەبێتەوە خەون» بەلام شاعیر خەو بەو گۆڕینەوە دەبینێت لە رێگای ئاشتیخوازانەوە تاکوو خۆشەویستی هەڵوێستەکانی یەک بگرنەوە وە ئەو هەڵچوونانەشی بە رامبەر بە نیشتمان جوانی ببەخشێت.

کەژاڵ زۆر وورد پێناسەی ژیان دەکات، رەنگە قەبارەو هەڵچوونەکانی بارگاوی بووبن بەهۆنراوەکانی کاتێک ئەم دوو کۆپلە دەنوسێت حەزدەکات یەکسانی بێتە کایەوە تاکوو نیشتمان جوانتر رووی گەش بێت کاتێک ئەم کوڵە شیعرانە دەخوێنیتەوە تەماشای ئەم دوو جیاوازەیە بکە کە هەردوو بابەتەکەی تێدا کۆبۆتەوە:



سەرچاوە Serchawe

نیشتیمانەکەم

شەقامەکانی پڕن لەبۆنی ترسو

دەستەکانی پڕن لەبۆنی خیانەتو

زمانەکانی پڕن لەدرۆ

ئەم نیشتیمانە ناو بنێم چی؟

لەهۆنراوەی نیشتمانێک لە نێرگز لە وەرگێرانی «حمید عەبدالله بانەییە» دەڵێت:

گوڵە پەمیەکانی ئێمە

چەندین چیرۆکی جۆگەلەی خوێنی تێدا نوسراوە

چەندین باخچەی هەڵوەریوی تێدا بینراوە

هەر جەنگێک چەندان تابوت وهەر خاکێک چەندان

گوڵەگەنمی رۆڵەکانی تێدا نێژراوە

شاعیری کورد کەژاڵ کۆدێکی ژیان و دایەلۆگ و بەرگری لەدوای خۆی جێهێشت. لە هۆنراوەکانیدا ئاماژەکانی ترس و دڵەڕاوکێ و لاوازی تییێدا نەشاردۆتەوە چونکە پێی وابووە ئەوەی دەریدەبڕێت مرۆڤایەتی پڕە لە قەیران«بۆیە لەدوایدا دەبینین» ئەم شاعیرە باخچەی هۆنراوەکانی خاڵی نەبون لە نەمانی هیواو خۆشەویستی و روناکی چونکە گیانێکی نەبەز پاڵنەری بوو لە دوایدا گوڵێک بۆ گیانی پاکت (هاوڕێم).

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨

-----------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## خۆشەویستی و نیشتمان و مردن لای کەژاڵ ئیبراهیم



لە عەرەبییەوە: پ.د.هێرش محەمەد ئەمین

لەناو قەسیدەکانی دیوانی (باخچەکانی عیشق)ی کەژاڵدا رەخنەگر و وەرگر حاڵەتی یەکگرتنێکی سەرنجڕاکێش لە نێوان خودی کەسی شاعیر و نیشتماندا بەدی دەکرێت، تا دەگاتە ئاستی چڕبوونەوە و چوونە ناویەک لە نێوان خودی شاعیر و نیشتمان، لە ژێر کاریگەریی کەش و هەوای دەروونیدا.

نیشتمان سیمای تایبەتی خۆی هەیە لەم دیوانەدا، بوونەوەرێکی تینووی تامەزرۆی ژیانە، بریسکەی هەورێکی تینوە، گەروویەکە لێوەکانی بەفرە، بوونەوەرێکە تینویەتی لێدەباری لێرەوە دەبێت تێڕوانینێکی جیاواز نیشان بدەین و سەرنج لەم کۆپلە شیعرە بدەین و دەگەینە ئەودەرئەنجامەی، کە شاعیر هەمیشە نیشتمانەکەی لە چوارچێوەی دڵیدا پێناسە کردووە و راشکاوانە پێمان دەڵێت:

وڵاتەکەم بروسکەی هەورێکی تینووە
نە خەزانی پایزێکی تووڕەو
نە شەپۆلی روبارێکی سەرکێش
پێی دەزانن
بۆیە گەردنی ئەوەندە بەرزە
بزەو خەندەی لێوەکانی و
پێستی سپی و گەڵاو گوڵی
لێوەکانی، دەڵی بەفرە

نیشتمان لای شاعیر گیانداریکی دڵتەنگە لەم پارچە شیعرەدا، ستەم و کوشتن زۆرانبازی و خوێنڕشتن هەڕەشە لە خودی مرۆڤایەتی دەکات و ژیانی شیعر و سروشی دەربڕین دەخاتە مەترسییەوە، چونکە کە خوێن لەسەر زەوی دەرکەوت، ژیان نامێنێت و هێزی ئەفراندن و هونەری لێ زەوت دەکات و نیشتمانی بە خوێن رەنگکراویش مەترسیدارەو، وێنەیەکی سامناکەو، شیعر تێیدا نیشتەجێ نابێت و شاعیرانیش تێیدا ئاسوودە نابن. کەژاڵی شاعیر وێنای کچێک دەکات کە تێرە بە تیشکی خۆر و ئەو هەماهەنگیە کارەساتبارەی هەیە لە نێوان نیشتمان و شاعیر لە بەرەنگاربوونەوەی کێشەکاندا، شاعیر و نیشتمان ئاوێتەی یەکدی دەبن بۆ رووبەڕووبوونەوەی باری ناهەموار و ناخۆش و خەماوی و تەواوی رۆچوون و ترسیش گەمارۆیەکی رۆحییە، رۆحی نیشتمان و رۆحی شاعیر بە یەکەوە دەبەستێتەوە، شاعیر دەڵێت:

نیشتمانەکەم شەقامەکانی
پڕن لە بۆنی ترس و
دەستەکانی پڕن لە بۆنی خیانەت و
زمانەکانی پڕن لە بۆنی درۆ
ئەم نیشتمانە ناوبنێم چی

وێنەی نیشتمانە مەترسیدارەکەی لەگەڵ وێنەی شاعیردا گەورە دەبێت کە ترس ولەرز و نەبوونی ئارامی وئاسایش گەمارۆی داوە.

کەژاڵ کاتێ بۆ خۆشەویستەکەی دەدوێت دەڵێت:

ئێمە هەردووکمان زیندانین
تۆ زیندانی داب و نەریت
منیش زیندانی ترس

کەژاڵ وەسفی هێزی مردن دەکات کە ژیان وێران دەکات، هەستکردن بە جوانییەکان ناهێڵێت، ئەمەش وا دەکات کە بێ ئومێدی و فەوتانی لاوێتی - ژیان و خۆشەویست - زاڵ بێت، کاتێ کە دەڵێت:

خەمی دڵمان بە ئازارە

تێشووی ژیان دەیسوتێنی
تۆ بینوتە کاتێک
تۆڕ و ماسی ناگەن بەیەک
گوڵی باخچەکانی دڵم
پەڕ پەڕ دەبێ

خۆشەویستی لە ئاراستەکردنی شیعری کەژاڵدا هێزێکی ئەرێنییەوە گوڕ و تینێکی پاڵپشتیکەرە بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەمان و فەنابوون، هەروەها خۆشەویستی لە شیعرەکەدا وا دەردەکەوێت کە پاڵپشتییەکی رۆحە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مردن، هەروەک ژیانێکی راستەقینەیە، شایانی ئەوەیە هەموو پێناسەیەکی ژیانی هەبێت.

لێرەوە شاعیر لە پێگەی خۆشەویستیدا لە ئاستێکی ئارەزوومەندانەدا ناوەستێت، بەڵکو لە پێگەیەکی پاڕانەوە و دەستەونەزەر لە بەردەم خۆشەویستەکەیدا دەردەکەوێت. پاڕانەوە لە خودی خۆشەویست وەک هێزێکی ئەفسوناوی دەبینرێت کە هێز و توانا دەبەخشێتە مرۆڤ -، ئا بەم شێوەیە لەم دیوانەدا قەسیدە خۆشەویستییەکانی دەبینین- قەسیدەکانی پاڕانەوە و مەراسیمی قوربانیدانی لە خۆگرتووە، کە شاعیر بەڵگەنامەکانی ژیان دەبەخشێتە خۆشەویستەکەی - بەو پێودانگەی جوانیەکانی ژیانە.

تۆ کۆتری سپی ئاشتیت
خونچەی گوڵی لێوەکانت هەڵناوەرن
کە دەبیتەوە پەڕەی گوڵە شەوبۆ
گۆرانی و مۆسیقا
دەبنە پەرژینی سۆزی ئاواز
سەما دەکەن هەڵدەپەڕن

ئەو شتەی کە پشتگیری بۆچوونە رەخنەییەکەمان دەکات، ئەوەیە ئەو کەسەی قەسیدەکانی ئەم دیوانە دەخوێنێتەوە، ئاوێتەبوونی گیانی نێوان هەستەکانی خۆشەویستی و هەستەکانی ئازاری بۆ دەردەکەوێت، بە شێوەیەک خوشەویستی دەردەخات کە بریتییە لە رزگاربوون لە ئازار و قوتاربوونە لە مردن و تاریکایی ژیان. کەژاڵ بۆ خۆشەویستەکەی دەپاڕێتەوە، پاڕانەوەیەکی حەزکردوو لە رزگاربوون، دەڵێت:

دەستی راستم لە ئەنگوستەچاوێکدا
بەسەرسامیەوە لێی روانیم و
بەشەرمەوە پێی ووتم «
تۆ بینیوتە هەور بگری و
زەردەخەنە کۆتایی بێ و
لەسەر رێگەی ژووانی
دڵدارانی وڵاتەکەم
دوو عاشقی سەر هەڵگرتوو
بەشەڕ هاتبن
دڵی شەونمی درەختێکیش
بەنیگایەکی ئازارەوە پێی وتم «
قەت بینوتە، لە نێوان دوو عاشقدا
زام و چەقۆ، شیعر و تفەنگ
لە یەکتری تۆرابن
منیش بەرۆحێکی پڕ لە جۆگەلەی خەمەوە
لێم روانین و، پێم وتن
بەڵێ تاکو ئاوێنەی ژیان پڕ ئەستەم بێ
دەیان چرۆی گەش هەڵدەوەرێ

کەژاڵ پانتاییەک لە سۆز، زەوی، فراوان، دووربینی لە دیمەنەکانی ژیان و جموجۆڵەکانی لە ناخی شاعیردا چڕدەبنەوە لە رووبەڕووبوونەوەی چێژەکانی ئازاروخەم و هەر هێمایەکی تر کە ئاماژە بێت بۆ مردن ـ مادی بێت یا مەعنەوی ـ ئەمانە هەموو بە چڕی لە دیوانەکەیدا کۆبوونەتەوە - وێنە هونەرییەکانی کە پڕاوپڕبوون لە ژیان، هەروەک لە مانەدا دەیبینین: هێشوە ترێکانی دڵ، سەوزبوونی جوانی و هەلاڵەی پرشنگدار. ئەم وێنانە لە ئاستێکی دژدان بەرامبەر بەو بوونەوەرانەی ئاماژەن بۆ لاوازی و مردن کە بریتین لە: فرمێسک و خەم. لە بەرجەستەکردنێکی هونەریدا کە هێمایە بۆ وێناکردنی شاعیر بۆ عاشقێکی خۆی، تێیدا شاعیر بوونەوەوەرێکی قوربانیدەرە لە پێناو رزگاری نیشتمان، دەڵێت:

هەندێک جار دەبمە چەتر و

پەرژینی باخێکی وەنەوشەیی
تاکو دڕک و گوڵیش
بۆنی یەکتری بگرین
تێکەڵاوبن بە نەشئەی
ڕەنگ پەمەیی

کەژاڵ دڵی پڕە لە خەم و تێشووی ئازار، ئازارێک کە تەنها خودی شاعیرەکان هەستی پێدەکەن ئەوەتا لەم کۆپلە شیعرە پڕ لە گوڵە هەنارەیدا دەردەکەوێت و هەگبەکەی ڕۆحی دەکاتەوە:

هەگبەکەم پڕە لە کۆڵوانەی خەم و
پرووشەی هەور و نمەی باران
تاریکی ڕەش کۆتایی دێ و
ژیان ڕەنگی پەلکەزێڕینە دەنەخشێنێ
بانگی ئازادی دەچڕێ بۆ نیشتمان

خۆشەویستی لەم تێڕوانینە شیعریەوەیە کە ئازادی دەبەخشێت، لە واقیعێکی ناهەمواری پڕ لە وێرانکاری و دیمەنی مردن و ئازارو ناڕەحەتی کە هەڕەشە لە خودی مرۆڤایەتی دەکەن لە ڕێگەی چەوساندنەوەو کۆیلایەتی و بەمەبەستی هزر ودەروونی. لەم ڕوانگەیەوە شاعیر باس لە گۆڕانکاری دەکات لە میانەی خۆشەویستیەوە بەرەو چەندین بوونەوەری قاڵبوو بە هێزو شادی و ئازادی. بۆیە هەر بە خۆشەویستی شاخێک و بەرەبەیانێک و باڵندەیەک و گۆرانیەکی بۆ ژیان ئامادە کردووە، کەژاڵ دەڵێت:

بە بوخچەیەک سۆزەوە
بە بەرچنەیەک لە هێشووە ترێی دڵمەوە
دێم بۆ لات
تاکوو سەوزایی جوانیم ببینێنت
بە باوەشێک فرمێسک و
بە پریاسکەیەک خەمەوە

دەبمەوە بە خونچەیەکی گەش و

گەش دەبمەوە بۆجوانی باڵات

هەروەها لە کۆپلەیەکدا کە ئەم شاعیرە زۆر جوان باسی نیشتمانە دڵ بریندارەکەی دەکات کە خۆشەویستی پێناسەیەکی زۆر دژوارە تێدا وەک باڵندەیەکی دیل وایە راشکاوانە هەست و سۆزی دەردەبڕێت و دەڵێت:

کە تۆم ناسی

گردێک بووم، بووم بەچیا

کانییەک بووم و بووم بە دەریا

شەوێکی ئەنگوستە چاو بووم

بووم بە گزنگی بەیانی

باڵدارێکی نێو قەفەز بووم

گەڕامەوە بۆ سەرچڵی درەختەکان

بۆ نەغمەی خۆش بۆ گۆرانی

خوێنەری ئەم دیوانە شیعرییە هەست دەکات لە بەردەم جوانترین باخەکانی عیشقدایە، کە چۆن عیشقی خۆشەویستەکەی ئامبازی عیشقی نیشتمان بووە، ئەویش لە میانەی ئاشتی و ئاسایش و ئاواتەوە، بۆیە خۆمان لەبەردەم چەند وێنەیەکی هونەری دەوڵەمەند بە وردەکارییەکانی سروشت دەبینینەوە، کە ژیانیان لی هەڵدەقوڵێت، وەک نمەی باران، گوڵەکان، درەختەکان، شاخەکان، باڵندەکان، خورەی ئاوەکان، لقە شۆڕەوەبووەکان، بەهار، نێرگز، بەیانی، هەتاوی هونەری، لەم هەموو دیمەنانەدا وێنەی خودی مرۆڤایەتیی تێربوو بە ئارەزوو و بزوتن تێدەپەڕێنێت. جیاوازی زمان بووە رێگر کە نەتوانم بە دوای سیما و دەنگی مۆسیقا و بزوتنی مۆسیقای زمان و شێوازی تواناى زمانەوانیدا بگەڕێم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم جیاوازییە نەبووە رێگر و توانیم بگەمە رێچکە و واتاکانی ئەم جۆرە شیعرە، کە پڕوا پڕە لە گەرم وگوڕی شیعر و جیاکارییە هونەرییەکان، بەو هۆیانەوە باخچەکانی عیشقی بۆ دەرخستین، کە ژیان تێیدا رەنگ دەداتەوە و لای ئەو ژیان خۆشەویستیی و شیعرو نیشتمان و ئازادی و ئاشتییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ١٥ی نۆڤەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## ئەزموونێکی شایستەیە، بە تێڕوانینێکی تایبەت.



**حاتم بابەکر عەوز کەریم**

**وەرگێڕانی: بەندی عەلی**

لە یەکەم ساتەوە زانیم ئەم ئەرکە تەواو سەخت و دژوارو ئاڵۆزە، وێڕای سەر قاڵ بوونم بە توێژینەوەی ئەو شیعرانەی کە بەکوردی نوسراون و وەرگێڕدراون بۆ زمانەکانی عەرەبی، فارسی، کوردی، لاتینی ،ئەمازیغی.

"کەژاڵ ئیبراهیم خدر"یەکێکە لەو شاعیرانەی کە بە کوردی دەنووسێت و شعرەکانی کراون بەعەرەبی"ئەگەر سەرنج بدەین، بەگشتی نوسەرە عێراقیەکان هەڵگری پەیامی بەیداخی تازەگەری ئەدەبین، لە شیعری عەرەبییدا لەم بوارەدا جێگە پەنجەکانی "نازک مەلائیکە، بەدر شاکر سەیاب " لەنووسینی شیعر بەزمانی عەرەبی بەرۆشنی دیارن، ئەم شاعیرانە بەجۆرێ کۆششیان کردووە لە دیاریکردن و، دیباجەو، تەختی شیعر. کەدووبارە وێنەو بەیانیەکانیان و شێوازەکانی شیعری جەدەلیەتی سەردەمی شیعری ئەمەوی و عەباسی و ئەندەلۆسیان ژیاندۆتەوە بە پۆشاکی سەردەمیانە، هەروەها شیعرەکانی" موتەنبی، فەرزدەق، حەریر، ئەبو نەواس، ئەبو تەمام" لای ئەوان دەنگ دانەوەیەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا کەناکرێت هەرگیز بێ بەش بکرێن لە ناو بانگیان".

بۆیە دەنگ و رەنگی ئەو شاعیرە کوردانەش کە شیعرەکانیان بە تازەگەری و بەرزیی و هاوچەرخی جیا دەکرێنەوە ناکرێت نادیدە بکرێن "هەر لەبەر هۆیەش بووم رازی بووم بە نووسینی ئەم دەقە لەسەر شیعرەکانی خاتوونێکی کورد بەناوی کەژاڵ کە شیعرەکانی قووڵیەکی بەرچاوی هەیە و، بریتیە لەنایابترین وەرگێران بۆزمانەکانی جیهان".

شیعری کوردی بە سەردەمی زێڕین ناسراوە و سروشتی هێمنانەو گفتۆکردن لەخۆی دەگرێت، کەشاعیری کورد خەمەکانی نیشتمان لەکۆڵ بنێت بەپێی ئەو ئاڵۆزییەی کە خەڵکی کورد تێدا ژیاوە، لە ڕێگەی ئەو قەیران و جەنگانەی کە سۆزو ویژدانیانی تێدا بەخشیووە بەدرێژایی چەندین نەوە" ئەمەش ئەوە ناگەیێنێ کە شیعری کوردی بەگشتی لەعێراقدا بەتایبەتی هەر شیعری کلاسیکی تەقلیدی و بێ تەنها مەیلی لەگەڵ بەرەنگاریدا هەبێ" بۆیە ئێستا شیعری کوردی پەیوەندی ئەڤین و تامەزرۆیی و سۆزداری دەگێڕێتەوە، بە شێوەیەکی ڕۆمانتیکی و چێژدار، بەشداری ژن بۆپیاویش بە وردەکاریەکانی ژیان دەناسرێتەوە، لەپێناو گەشەپێدان و باڵابونیدا بەرەو جیهانێکی ئەزمونگەرایی "کەنمونەیەکی تازەگەری کراوە بەرووی مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا.

ئەزموونی شیعرەکانی کەژاڵ ئەزمونێکی شایستەیە بە تێڕامان، کە تایبەتمەندی خۆی هەیەو، سیمایەکی نوێگەری و کلاسیکی و ڕۆمانسی و بوێریان پێوە دیارە "ئەویش لەڕێگەی پێکهاتەکانی سروشتی گوندەکان، بۆئەوەی نیشتمان بەخاک و گوڵ و ئاوو چیاکان جوانتر بدرەوشێتەوە دەبێت لە شیعری کەژاڵ تێبگەین دەبێ پەنا بەرین بۆ قەێیدەی"دەریایەک لە خەم باخچەیەک لە خۆشەویستی "کە عەبدولوەهاب تاڵەبانی وەریگێڕاوە بۆزمانی عەرەبی".

چەند ساڵێکە
دەست بۆ هەر شوێنێکت دەبەم
پڕن لەباخچەی هەڵاڵەو
دەنکە هەناری ئەم وەرزەو
وەک شەونمی بەر بەیانیان
نمە نمە سپی و، دەبێ و هەڵدەوەرێ
کاتێک دەمم دێنم ماچت بکەم
تەنها گوڵی ماچەکانتە
وەک پەلکەزێڕینە پەخش دەبێ و
سپێدەیەکی ڕووناک دەنوێنێ.

کەسی وردبین لەشیعری کەژاڵ بۆچونێکی تایبەت بەدی دەکات لەسەر سروشت و پێکهاتەکانی لەکوردستاندا هەر بۆیە کەژاڵ چەندین خەڵات و مەدالیای پێ بەخشراوە هاوکات ئەوەی خوێنەری دیوانەکانی بێت و، دەقەکانی بخوێنێتەوە بەتایبەتی بۆ شارەکەی "قەڵادزێ" نوسیوە، نووسینێکی نایابی مرۆڤایەتی دەبینێ، کەپسپۆڕە ئەکادیمی خوێندکارەکان چەندین نامەی



سەرچاوە Serchawe

ماستەرو دکتۆرایان لەسەر هێناوە،هەرئەوەش وادەکات کە گۆڤارو، رۆژنامە و، بڵاوکراوە ئەدەبییەکانی کوردستان و عێراق ودەرەوەش بەرهەمەکانی بڵا و بکەنەوە".

ئەم ژنە شاعیرە خۆی دەناسێنێت وەک "مرۆڤ، وەک مێینەیەک ،وەک دایکێک خاوەنی کورو کچە، خاوەن پەیوەندیەکی توندیشە بەخاک و پێکهاتەکانی سروشتەوە، وەک لە قەسیدەی کاروان ئەنوەر بەدی دەکرێت".

شعرێکم بۆ ئاسمان نووسی
زەوی خۆی لێ تورە کردم
شیعرێکم بۆ بۆ هەتاو نوسی
هەور خۆی لێ وون کردم
شعرێکم بۆباران نوسی
تەرزە بەرد بارانی کردم
شعرێکم بۆ نێرگز نوسی
دەمی درکێک پەنجەی گەستم
شعرێک بۆ خۆشەویستەکەم
هاتن گۆڕیان بۆ هەڵکەندم.

کەژاڵ گرنگی بەجوانی سروشت دەدات، لەرێگەی گوڵ و گوڵزارەوە، ئەوەش مانای ئەوپەیوەندیە دەگەێنێت بە پێکهاتەکانی جوانی سروشت لەگوندو لادێکاندا، کە رۆچونێکی قوڵی رۆمانتیکی شاعیر دەردەخات وەک رەخنەگر و نوسەر "غەفور ڀالح عبدالله ئاماژەی پێداوە".

ویستم وەک گوڵ ناوت بێنم
گوڵێک نەبوو بگات بەتۆ
ویستم وەک جوان بتنەخشێنم
جوانێک نەبوو لەوێنەی تۆ
لەنێوانی پێناسەی تۆو وشەکانما
من تێ ناگەم

خۆم وون دەکەم یاخود تۆ؟

لە شیعری کەژاڵدا وێنەی جوان و شێوازێکی تر دەبینین، بەهار دەکاتە سمبولێک تاکوو سۆزو هەست و نەستی خۆی تێدا خاڵی بکاتەوە کە پڕن لە نەرم و نیانی و پاراوی وەک لەم شیعرەدا بەدی دەکەین "کە بانە خان" وەریگێڕاوە:

بۆت دەگەڕێم
لە شەوەزەنگی پەڵە هەورێکی
پڕ بارانی ڕۆحمدا
لەنێو پەنجەی دەستی
مۆسیقارێکی پڕ نۆتەدا
خەیاڵ بەدەم ڕوبارێکی گریانەوە
دەروێش بە تەریقەتی سەربادانەوە
واهەست دەکەم
دنیا لام وێران بووە.

شیعرە وەرگێردراوەکانی کەژاڵ بۆزمانی عەرەبی وامان پێدەڵێت کە بەرگێکی نوێگەری پێوە دیارە" کەژاڵ نوێیە، وەک شەرابی نوێ لە شوشەی ئاسندا، لەقوڵی قوڵایی سەرسوڕمان و ڕاچڵەکین دەڕژێتە هەستی مرۆڤەوە، کەئەو ڕۆژو گوڵ و ئەڤین تامەزرۆی دەبەخشێت لەرێگەی پەیوەندیی بەدەنگی خاک و دەسەڵاتی شوێن، بەواتایی نوێگەری داهێنەرانە، کەئەمەش نیشانەی ئاستێکی بەرزە لەهزریدا،کە پەیوەستە بە وێنا گەلێکی مرۆڤایەتی و، ئازادی و ڕەهابوون و سەرنجێکی پڕ بەرائەتەوە، ئەمەش هەڵوێستی ئەم ژنە شاعیرە نیشان دەدات لەمەڕ نووسین و مەبەستی گەیاندنی هەست و نەستیەکانیەوە ئەمەش بەجوانی دیارە لەو شوێنەدا کە شاعیر دەڵێ:

من شاعیر نیم
بەڵام ئەگەر لێم بپرسن
کۆرپەی کام هۆنراوە جوانە
دەڵێم ئەوەی
ژانی سروشتی کێشاوە

بەبێ بەنج و بێ دکتۆرو، بێ دەرمانە.

کەژاڵ بەدڵێکی پڕ بەئازارەوە لەدایک بووە، لەرەحمی سروشتەوە قەیدەکانی دەنەخشێنێت ئەم دیوانە جیهانێکە لەسۆزو هەڵوێست و نامەی سۆزداری و نیشتمان پەروەری کە ئەمانەش سروشتی مرۆڤی کورد لە کوردستانی عێراق نیشان ئەدەن و گەرچی چەندین رووداویان بەسەردا هاتووە وەلێ رەسەنایەتی خۆیان لەدەست نەداوە کەئەوەش مەیلدارە بۆجوانی و ئاشتی "و نیشاندەری پێکهاتەیەکی دەروونی و ویژدانی خاوەن بروایە بە پیرۆزی خاک و نیشتمان "هاوکات قەیدەکان نیشانەن بۆ تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی خاوەن بڕوا کە بۆ ئایندە دەڕوانێت وەک ئەوەی خۆی دەیخوازێت و دەیەوێت لۆکاڵی بن".

شیعرەکانی کەژاڵ هەستێکی مرۆڤایەتی بەرزو ئازاد نیشان دەدەن کە ویژدانی کۆمەڵگا دەهەژێنێت مانای وایە وابەستە نیە بە قەیرانەکان و لێکەوتە تێک ئاڵاوەکانی شیعرەوە".

شیعری کوردی خاوەن رەهەندێکی جوانیە بۆناخی مرۆڤی کورد" سوپاس بۆ کەژاڵ کە فرسەتی ئەوەی پێ بەخشیم رۆبچمە قوڵایی ئەم جیهانە شیک پۆشەوە" کە رێزو نرخاندنی زیاتری هەیە.

کەژاڵ شوێنەواری پاراوی بەهێزیی نیشاندام کە شیعر دەکاتە توانایەک بۆ بنیات نان و بەرەو پێش چوون "دوبارە سوپاسی خۆم و، خۆشحاڵ بووم بە خوێندنەوەی دەقەکانی ئەم ژنە شاعیرە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٤ی مارچی ٢٠١٨

------------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

# شیعرەکانی کەژاڵ ئیبراهیم خدر تابلۆیەکی گەشیان خوڵقاندوە.



**عەبدولسادە بەسری**

**وەرگێڕانی: فاخر عەزیز عەبدوڵا**

دروست لە نێو دیمەنە رەنگاوڕەنگەکانی ژیان و، کێشانی ئەو تابلۆیانەی کە نمایشی خەیاڵ و ئەندێشەی نەزانراوی ژیانی تێدا بە رجەستە دەبێت، بۆ ناوەوەی خودی مرۆڤ "تا لەم کاتەدا گێڕانەوەی سات بە ساتی دیمەنەکان خۆیان بە شیعری ناسک نماش دەکەن".

شیعرەکانی کەژاڵ کە خۆی لە داهێنانێکی بەرجەستەکراودا دەبینێتەوە،کارکردنێکی گونجاوە بۆ زیاترکارکردن لەسەر تاک بەتاکی ئەم کۆمەڵگایە "بۆیە کاتێک هێشووی پڕ لەلاولاوی ئەم خونچە شیعرانە دەبینێت کەوەک تابلۆیەکی گەش رەنگی نەخشاندوە"هەست دەکەیت دیمەنی ئەو سروشتە رازاوەیەت دێتە بەرچاو کە بەسەرسامیەوە لەچوار وەرزی ساڵدا لێدەڕوانیت "ئەویش بەهۆی ئەو خۆشەویستیە بێ گرو گۆڵەی کە لەدڵ و رۆحیەوە بەپاکی دەریدەبڕێت بە هەموو ئەو وردەکاریەکانیەوە کە رووبەرووی ژیانی دەبێتەوە.

کەژاڵ کە رۆژانە گوڵی شیعرەکانی بەسادەیی لە روپەڕی رۆژنامەکان دەبینین "هەست دەکەین ئەم شیعرانە لە ناخی هەموماندا دەتوێنەوە"چونکە ناخی ناوەوەی هەمومان پڕە لە تاقیکردنەوەی ئازارو ناخۆشی "چونکە ئەو کۆپلە شیعرانە لەحاڵەتی وادا خۆیان نیشانی خوێنەر دەدەن کە پێمان دەڵێت ئەگەر شیعرت نوسی دەبێت جوانیش ببینیت.

من دەزانم لە سەرەتاوە ئەم ژنە شاعیرە بە ئەسپایی دڵی لێدەدات، چونکە ئەو شیعر بەرهەم دێنێت کەلەراستگۆییەوە



سەرچاوە
Serchawe

هەڵیچنیووەو لەسروشتەوە وێنەی تابلۆکانی بۆکێشاوە "هەروەها دوور لە رق و کینە هاتووە پەیوەندەییە کۆمەڵاتیەکانیشی بەشێوەیەکی هونەری دارِشتووە" ئەوەتا لە م کۆپلە هونەریەدا باس لەگریان و باران دەکات کە چۆن خەیاڵی داگیر کردووە:

کە شورەیەی چاوەکانت گریا
فرمێسکی خەیاڵەکانم بوون بە باران.

کەژاڵ بێ ئەندازە شاعیرێکی جوانە "ئەو کاتانەی کە شیعرەکانی دەخوێنیتەوە وەکوو ئەوە وایە کە قسەت لەگەڵ بکات و بتدوێنێ، لەو روانگەیەوە شیوەیەکی رۆمانسی و پرِ لەچێژت پێدەبەخشێت بۆ خۆشەویستی و ژیان "کە هەڵزنانێکە بۆ جوانی مرۆڤایەتی" تۆ تەماشاکە چەند بە ناسکی ئەم دیمەنەی گوند دەکێشێت:

لەسەر کانی گوندەکەمان
نوێژم دەکرد
شێخێک بە لامدا تێپەرِی
وتی "کچم هانێ بەرماڵ
نوێژەکەتی لەسەر بکە"
ئەو نەیزانی بەرماڵی رۆحم راخستووە
نوێژەکانی عشقت دەکەم.

کەژاڵ وەکو هەموو شاعیرەکانی تری کورد مرۆڤدۆستە، خەم و ئازاری هەیە "هەست و نەستەکانی شاری هەڵەبجەی خوێناوی لە دڵ و دەرونیدا پەنگی خواردۆتەوە کە چۆن و بەچ بە شێوەیەکی درِندانە بەسەرئەو گەلەدا هاتووە" بۆیە ئەو وێنەیە هەمیشە لەبەرچاویەتی و، وەک ئازارێک لە شیعرەکانیدا رەنگی داوەتەوە:

بەقەد دار سێوە لاسورەی لادێ
سێوی دڵم خۆشەویستی بۆت گرتووە
بەقەد دەنکی لارو لەنجەی
دار هەنارەکانی هەڵەبجە
فرمێسکم بۆت رشتووە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەم شاعیرە هەست ناسکە رۆژانەی نوسینەوەی شیعرەکانی وەک داستانێکی گەش بنیات نراوە هەست دەکەیت هەمووی نەخشی شاخەکانی کوردستان، سروشت ،کانی و کارێز، جۆگەکانی پێناسە کردووە، بەشێوەیەکی راست و رەوان دایڕشتووە" کاتێکیش باس لە ئازادی و ژن دەکات" وێنەیەکمان دێتە بەرچاو کە دەبێت هەوڵی بۆبدەین:

ئازادییان کردە تفەتگ
چی باڵندەی روناکی بوو
هەموویان کوشت
ژنیان کردە بووکە شوشەو
لەسەر خوانی مێزەکاندا سەمایان کرد
نیشتمانیان کرد بەخەم و
شنەی ئازاری، داپۆشین
وەرزێکی پڕ لە خۆڵەمێشی بوو
جوانی خاکی لێ سەندین.

ئەم کۆپلە شیعرانە رۆژانە دەیان بینین وەک داستانێکی گەورە وایە راتدەکێشێت بۆ شاخە سەرکەشەکانی کوردستان پێ دەڵێت ئەمانە سات بە سات دەبێت وێنەی تابلۆیەکی قەشەنگ دروستبکەین و بیخەینەڕوو بەشێوەیەکی راست و رەوان:

من نەمزانی
لەچاو تروکانێکدا تەمەن دەرواو
ئەوەی زۆر دڵخۆشم دەکات
تۆ لە مینای یاقووتی مندا دەژی
ئەو شەوەی لە خەزانێکدا بۆت دەنوسم
پڕاو پڕی ژوورەکەم دەبێتە تریفەو
مۆمەکان دەتوێنەوە
ئەو وۆژەی بۆ بێدەنگی نیشتمان دەنوسم
دەرگای هەموو زیندانەکان دەکرێنەوە.

کە شیعرەکانی کەژاڵ دەخوێنیتەوە هەست بە شاعیرێکی عاشق دەکەیت ،کە بۆجوانی شەیدایە و لەخۆشەویستیدا تواوەتەوە" سات بەسات بەهەموو شێوەیەک نەخشی بۆکێشاوە، کە ژیانێکی دوورو درێژی لەگەڵدا بردۆتەوە سەر بۆیەکاتێک دەنوسێت هەموو نوسینێکی خۆشەویستیەکی ئەبەدیە، پابەندن بوونی ئەم شاعیرە وەک ئاگری تەنورێک سەرچاوەی گرتووە بۆ"درەخت، فەرشی سەر زەوی بەرماڵی نوێژکردنی راخستووە ،چوار وەرزی ساڵ کە پایز، بەهارو هاوین و زستان"دەگرێتەوە پێناسەیان دەکات لەزەت لەو سروشتە دەبینێت و وەک شیعرو پەخشان دەیخاتەڕوو.

کەژاڵ کە دەنوسێت وەکوو ئەوەی وەحی بۆهاتبێ لە تاقیکردنەوەی تایبەتی خۆیدا کە ئەوەش گەورەییە لەخەیاڵی ژنێکدائەم ژنە بەدەنگی بەرزی ژنانە دەنوسێت

ناخی جوانی خۆی و ژیانی دەوروبەر بەرێزەوە وێنا دەکات خۆشی و خەمەکانی ئاڵۆزی ژیانی لەگەڵدایە، کە بە بۆچوونی من پێویستە ئەو پێنووسە زیاتر برەوی پێبدرێت چونکە خەونی هەیە ئەو خەونەی کە پڕە لەئازارو خەمەکان بەرامبەر پیاو.

کەژاڵ دەبێت ئێمە لە بەرامبەریدا بوەستین لەهەموو کاتێکدا سەرسام بین بە ووشەکانی چونکە ئەو شاعیرێکی دروستکراو نیە هەموو شتێک لەناخی خۆیدا بە جوانی و قووڵی دەخوێنێتەوە شیعرەکانی زۆر ناسک و جوانن بەتایبەتی کاتێک لەسەر پارچە کاغەزێک دەهۆنێتەوە وەک ئەوە وایە سحرێکی جوان و قووڵ و و سەرنج راکێش و کاریگەر ببینیت، بۆیە هەموو شیعرەکانی ئەم شاعیرە جیاوازە لەوانی تر بەهەموو پەرچەکردارەکانیەوە جوانی دەنەخشێنێت کە ئۆخژنێکی بێ پەروات پێدەبەخشێ وەکوو زکر و تەسەوف وایە کە وێنەی دەروێشێک بکێشێت لە کاتی زکرکردندا:

هەرچی روبار هەیە جوانە
بەڵام هیچیان
وەک ملوانکەی چاوت مەستم ناکەن
هەرچی رەزو شینایی باخە جوانە
بەڵام هیچیان وەکوو
بزەو خەندەی لێوت
شادم ناکەن.

ئەم ژنە شاعیرە خۆشەویستی کۆمەڵگایە، بۆ زەوی و سروشت و نیشتمان" کە هەردووکیان گرێدراوی یەکن وێنەیەکی جوانی "سروش" دڵگەش لە شیعرەکانی دەبینین زۆر جاریش پێچەوانەوە دەبێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ١٦ی فێبریوێری ٢٠١٨

-----------------------------------------------

## خوێندنەوەیەکی رەخنەسازی

## لە دیوانی وشەکانی دوای ماڵئاوایی "کەژاڵ ئیبراهیم"ەوە




د. نازم حەمەد سوەیداوی- ئەنبار

لە عەرەبییەوە:دڵشاد ئەحمەد

ئەگەر هاوار لە ژن هەڵسا وەک خوێندنی کەڵەشێر سەری بڕن "ئەمە وتەی "فرزدەق"ە کە لەسەر ژن وتویەتی. ژن شیعرێکی ووت بەڵام نەخوێندرایەوە،"فرۆید" ئەڵێ "ژن کیشوەرێکی تاریکە" کاتێ ئەم کیشوەرە دەدۆزیتەوە زۆر زەحمەتە لەشوێنی "ناسنامەکەی" بزانین" لەبەرئەوەی ئەزموونێکی رەنگاو رەنگە لەبیری مرۆڤ. لەئەگەرە زۆرەکان. یان باشتر بڵێن ژن وێنەیەکی گەشەو ئاوێنەی جۆراوجۆرن ،وروژێنەرێکی جێگیرن. بەڵام هەمیشە نوێ و تازەگەری.

ئەوەی "فرزدەق" لەبارەی "کەڵەشێر"ەوە دەڵێ، کێڵگەیەکی ڕێبەری سەرسوڕهێنەرە، شتەکان دەجوڵێنێ و نهێنیەکان، ئاشکرا دەکەن. هونەریانە شێوە ی کاری تابلۆیەکی هونەری بە وشە ئەڕازێنێتەوە لەناو ئەمانەدا، نامەیەکی رەمزییە.هەموو

ماناکانی ناوەوەو شێوەشی لەئامێز دەگرێ.

یەقین دەڵێم "کەژاڵ" کێشەیەکە پێویستە لەسەر "الفرزدق" کەشیکاریەک بکات رازیمان بکات بۆگەیشتن بە قەناعەت پێکردنی کەدەڵێن "هەلاوێردی تەلیسم و دەلیلی ئەوەی غایب نیە لەم شاعیرە کوردە ژنە". ئەمەش پێکهاتەی حاڵ و مەرجێکی پێویست لەمەرجەکانی دەقە شیعرەکانی، موبالەغەنیە گەر بڵێن کە قەسیدەکانی "کەژاڵ" دۆزینەوەیەکی راستەقینەی ژنانەیە لەکوردستانی عێراق، موفرەداتی زمانەکەی بەشی سەرەکی نیە لەپەیکەری تەعبیری هەست کردن و بەس. بەڵکوو لەوە دوورترە، پرپاسکەکەشی مانای مەبەستیدار و دەلالەتی تەقینەوە لە گرژی و گەرمی عیشق و شاعیریەتی بەهەق. دەبینرێت.

هەتا دەسپێکی قەسیدەکەی عیبارەتێکە لەگوتارێکی ئاڕاستەکراو لەوەوە بۆئەو، بەو مانایە "کەژاڵ" لەچاوتروکانێکدا جۆرێکە لەبەربەرەکانی ئەوی تر"خوێنەر" دەبێ تەسلیمی بێ.

زۆربەی قەسیدەکانی ئەم ژنە شاعیرە تێڕوانینێکە لەوێنەی ئاڵۆزو بزرکاو لای خوێنەر. زۆر ئەستەمە نهێنیەکانی بەئاسانی بدۆزیتەوە لەبەرئەوەی بینای قەسیدەکانی کردووەبەزمانێکی "مەجازی" دەگمەن هەموو کەرەسە جوانیەکانی کە دەقەکانی پێ داڕشتووە، ئەچێتە فەزای هەڵوێستی جیاجیاو وزەی "ئیحایی" وپەیوەندیە مەجازەکانەوە لەگەڵ واقعی دەرەوە.

بۆیە لێرە لەسەرمانە کە پەنا بەرین بۆ هزرێکی گریمانەیی، وەک هەناسەی جوانی و نهێنیەکانی دەقە کە ئەکاتەوە لەو بونیادەی کە قەسیدەکەی لەسەر بنیات ناوە.

قەسیدەی "دیوانی وشەکانی دوای ماڵئاوایی" هەموو دۆسیەکانی هزرو یادەوەری ئەکاتە گوڵزارو، بەردەوام ئەبێ لەنامەکانی بەهەستێکی ناوازە بۆهەموو خوێنەرانی. وەک باڵندەیەک بەئاسمانا تەی ئەکات. تاکوو هەناسەی نیشتنەوە بدات. بۆیە بەروونی دەبێت بڵێم و، وای بۆدەچم یادەوەری ئەم ژنە شاعیرە کەلێوان لێوە لەئەندێشەی رەها، کەقەرەبوویەکی هوشیارانەیە لەرابردوو بۆ گردبوونەوەی جەنگەکان. ئەمە ئەوەمان دەخاتەوە یاد کەشاعیرە کۆچەرەکان "هیجرەت کردووەکان" کەبەدوای لۆژێکی یادەوەری "زاکیرە" دا دەگەڕێن تاکوو شتێ ئاسودەیان بکات. شیعر ئامادە دەکەن وەک ئامرازێک بۆئازاری ون بوون.

ئەم شیعرانە رێنمایمان پێدەدا کەبەقوڵی بیربکەینەوە بۆخوێندنەوەی.

"کەژاڵ" تەنهاییەکەی رەگێکە چووە بەناخیداو پاسپۆرتی هاتووچۆی پێداوە بۆ مەملەکەتی خاک لەوخاکەدا باخچەکان تێدا شین بوون، گوڵەگەنم و گوڵ "لەوخاکەی "کەژاڵ" سەری هەڵداوە.

ئەمە رێبەرێکە بۆعاشق بوونی کێڵگەو مەزراکان، کەزۆر پاکژانە بەرەو لای بەرائەت دەگوزەرێ، ئەوجا بڵنددەبێتەوە وەک بڵندی چیاکانی کوردستان.

هەموو رۆژێ لەدرەختی باڵاتا
بەشەونمی بەربەیانی نەشئەی دڵت
خۆم دەگۆڕم
دەبم بەکەناریەکی پڕ لەگوڵ
دەبم بەباخچەیەکی قەشەنگی تەڕو پاراو
لەهێلانەیەکی بچووکی رۆحمەوە بۆت دەخوێنم

ئەم بێ دەنگ بوونە لێی کە دیالۆگەکانی تێدا حەشارداوە راستەوخۆتەنها بۆ یادەوەریەکە هەناسەی تەواو بدات.ئەمە تەنها دەلالەتێکە لەنێوانی دوو "رۆح" شێوەیەکی دوانەیی هەیە کەچاوی لەسەر ئەم گۆشەیە داناوەو بۆتە هێلانەیەکی بچووک پڕە لە "حەنینێکی" ون. بەشێوەیەک کە روبەروو ئازارەکانی ئەخاتە روو کە خوودی مرۆڤایەتی، تووشی بووە لەهەموو کات و شوێنێکدا.

قەسیدەکە بەردەوام روونتر ئەبێتەوە تاکوو دڵنیایی بدات بەهێزی "مێینە" بۆنۆژەن کردنەوەی ناخی ماندووی لەرێگەی دانانی پەیوەندییە هەمیشەیەکان لەگەڵ "هیوا"ئاوات" بۆ بەرزڕاگرتنی نرخی ژیان و لە کاتێکی زەمەنیدا وای لێ دێ. ئەیەوێ لۆژیکی هاوسەنگی بخوڵقێنێ بۆخودی خۆی. تاکوو دوبارە دەست بەژیان بکاتەوە.

ئەمە مانای ئەوەیە ئەم قەسیدەیە بونەوەرێکی زیندووی گەڕۆکە، شێوە رەهەندێکی ئەندێشەیی فراوانی پێ ئەدات. کەکیانێکی مەعریفیە. سنوور نیە لەتوانای ئەم شاعیرە بۆ لەدایک بوون، بۆ شێوەکاری بۆ "تەئویل"، بەهێزی تاک لای؟ "کەژاڵ" کەش و هەوایەکی گونجاوی رەخساندووە بۆ قەسیدەکانی و خۆی خستۆتە ناو روبەرێکی روداوەکان.

"کەژاڵ" بۆخودی خۆی، مەڵبەندێکی هەستی دروست دەکات لە فەلەکدا دەسورێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

کاتێ کە زویرو نیگەران دەبێ لەو واقیعە تاڵ و هەناسە ساردیەی "جەنگ" کە ئەبێتە نەیار بۆ واقیع پەیوەندیە تێک چووەکان کە جەنگ بەرهەمی هێناوە. هەندێ شتی بێ مانای کۆکردۆتەوە هەتا بۆتە هێزێکی فشار لەسەر زمان. لەبەرئەوە "کەژاڵ" تەنها شیعرێکی "موجەڕەد" نانوسێ ،بەڵکوو بۆئەوە ئەنوسێ تاکوو تەنها ئاوێنەی، بێ هیوای و هەناسە ساردی بێت. ئەم هەموو بۆچوونانە وای لە "کەژاڵ" کردووە یادەوەری ئاپۆرابێ ،ناوەکان زۆربێ، کە وای لەئەندێشەی کردووە ببزوێ و، شتێکی پڕ لەئەگەرەکان بچنێتەوە.

ئەم کۆگا مەعریفیە کە پاڵنەرە لەزەمەنی بەیەکا چوون هاتووە کەنیشتمان بەشی تیایە.

وەکوو هەناسە بەزۆر کێشراوەکانی گەلەکەم
لەدووریتا باڵندەکان لە جریووە دەکەون
مناڵەکان لە پێکەنین دەتۆرێن
دڵدارەکان بێ ژوان و ئەوین دەبن
ئەی گەورەترین ئەوین و دڵداری بێ ژوان

شێوەی کۆمەڵایەتی و نامۆ بوون لای "کەژاڵ" بەربەستێکی دەرونیە لەدەوری ئەم و ئەوی تردا دەخولێتەوە ئەم هەڵوێستە ئەبێتە وروژاندنی قەناعەت لای "کەژاڵ" کە خۆ بەدەستەوەدانی روکەشی تیایە بەرەو سنورێ لە پاشەڕۆژ.بەروونی دیارە کە کردارە کۆبوەکان لەم دەقەدا ئەوەیە کە سروشتی ململانێیەکان کەشف دەکات کەخوود ئازاری پێوە دەچێژێ. لەبەرئەوەی شاعیران مل نادەن چونکە شیعر ئەدایەکی سەر لێوانە لەنێوان شاعیر تەواو نابێ و ئەم دەیڵێ. گوێگریش گوێی بۆرادەدێرێ لەبەرئەوە وەزیفەی شیعر لای "کەژاڵ" گەیاندنی نامەیەکە کە لە دووتووێ کەی زۆر کاریگەری و هەژێنی ناخە لەگەڵ هێزی دەربڕین ئەمەش مانای وایە کە کۆبوونەوەی هەمووئەو پەیوەندیە کاریگەریانەیە لای شاعیر. کەلەگەڵ واقع دەدوێ بەهەموو دیدگای پێچراو بەبەرگی سالانی هەناسە ساردی، ئێمەش بەرامبەربە "کەژاڵ" کە موعاناتێکی زۆری هەیە و لەگەڵی ژیاوە. کەگوندیانەو گوندنشینانە سروشتی وابووە لەگەڵ بەرائەتی منداڵی.

ئەمە ناوەوەی "کەژاڵ" بووە کە لەگەڵ مەرگەساتی "هەڵەبجە" هەڵی کردووە ئەو "هەڵەبجە" خنکاوەو ئەمیش لەگەڵی خنکاوە. تەماشای منداڵان دەکات کەهاوار بۆ مەرگ دەکەن. سۆزو عاتیفە بەخۆیەوە دەبەستێ تاکوو خۆرێک ببینێ بەسەر کوردستانەکەیدا هەڵهاتووە. هیچ شتێک لە "کەژاڵ" نایەت تەنها "بەرائەت" و بیرەوەری هێندە پڕبووە. سیخناخ بووە لەیادەوەرییە تاڵەکان و مانای قەیرانە تەماویەکان.

ئەم شاعیرە وادەبینین کە هاوکێشەکان ئاوەژوو دەکات لەکاتێکدا وێنەی خۆشەویستەکەی ئامادە دەکات. لەبەردەم دەروازەکانی چاوی. تاکوو شێوەیەک لەغەزەل دابمەزرێنێ ئاماژەکانیش ناشارێتەوە لەدەقە شیعریەکەیدا کە پڕە لەهیوا کەڵەکەبووەکان.

گەر بۆم بکرێ

زۆر بچووکت دەکەمەوە

وەکوو باڵدار

گەر نەتوانم لەگەڵتا بێم

خۆ دەتوانم

پەڕێکی باڵات بدزم و بیدەم

لەیەخەو بەرۆکم

ئەم شاعیرە رەغبەت دەهێنێتەوە لای خۆی بۆئینتیمای یەکێکی دی، کێشەکان بەرەو پەیوەندییەکان رادەکێشێ کەخەمی یەکەمینیەتی. لەوانەشە ئەمە بەهۆی پەی بردن بێ بە خۆشەویستی تاکوو دەی پەڕێنێ لەتەنهایە بێ چرپەکەی "کە بەگشت هێزی مێشکیەوە وەری گرتووە ئەمەش لۆژیکی شیعر شتێکە لە شتەکان نەک هەموو شتەکان بۆیە دەبینین "کەژاڵ" دەچێتە قووڵایی جیهانەکەو بەرەو جیهانێکی دی. ویست و ئارەزوو بۆ شۆڕشەکەی بەدەست دەخاتەوە ئەم هەستە فەلسەفیە لەدایک بووی هەستە ناسەرکەوتوەکانە لەگەیشتن بەماناکان. هەندێ جار ئەمە پێچەوانەیەکە کە "کەژاڵ" پێی گەیشتووە پلەی ئینتمایی و یەکگرتن لەگەڵ خۆشەویستەکەی دابین دەکات. مەبەست لێرە ئەوەیە کرداری هوشیاری جێگیر دەکات کە پێویستە لەسەر "خوود" تەعبیری لێ بکات.

ئامادەیی "نەفس" ئامادەیە لای "کەژاڵ" ئەمەش وای لێهاتووەلە "منی باڵا" مەلە بکات و غەرق بێ کاتێ قسەی لەسەر دەکرێ بە لۆژیکی کۆمەڵ بەکەمی. ئەوجا دەیڵێین کەسایەتی بەتایبەتمەندی تەواوەوە باسی لێ دەکرێت.

زۆربەی دەقەکانی "کەژاڵ" رەشپۆشن رێچکەی گۆران لەم دەقانە بینای تێکهەڵکێشراون لەگەڵ وەزیفەی جۆراوجۆر. وە پەیوەندی توندوو تۆڵ لەهەموو ئاستەکانی سیاقی کەسێکی "من" و کۆمەڵایەتی ئەوی تر کرداری گەیاندنی جوانکاریە بەو ئاراستە دوانیە. بەراستی ئامادەیە بەهێزەوە. وشە پەخشانیەکانی دەهێنێ تاکوو شێوەیەکی گەشی تەعبیری لێ دروست بکات بە رازاندنەوەی وێنەکان کە "کەژاڵ" بەوشە وێنەی دەکات. بەهێڵی بەیانی دەی چێنێ. خۆی دەگرێ بە مەعریفەی

سەرکەوتوو لەهونەری مەبەست.

نازانم تۆ دەتەوێ
سەرەتای وەرینی
ورشەی گەڵاکانی پایز بیت و
هەناسەی ئازار بپشکوێ
نازانم بۆدەتەوێ
وەرزی جریوەی بەهاربیت و
بزەو خەندەیەک بتگرێ

ئەم وێنەیە کە "کەژاڵ' خوڵقاندویەتی وای دەبینم تەعبیرێکی گەش بێ لە حاڵەتی موعاناتی خۆی ئەوەندەی تر بەرجەستەکردنێکی بەهێزبێ بۆ پاشەرۆژ. بەهەموو ئەو چاوەڕوانیەی کە دەیکات بۆهەڵهاتنی مانگ بەجوانی لەئاسمانی کوردستانیەکەی.

یادەوەری "کەژاڵ" پڕە لەخەون ،کەدەیەوێ لەئاسمانی تەمەنیدا بیهێنێتەدی، وەکردوشیەتی و هێناویەدی. بەڵام ئاماژەی بیروڕای ئاڵۆزمان بۆدەنێرێ کەشەپۆل دەدات هەمیشە لەخەیاڵدا.

خەوش نیە کە بڵێین تەوزیفی خۆشەویستەکەی کە رووپۆشی دەکات بۆئەو ژینگەیەی کە "کەژاڵ" شیعری تێدا دەنووسێ. ئەمەش پەردە لادەدا لەسەر ئەوەی چەند مەودای ماوەی هەیە لە گەیشتن بە ئامانج بە تەعبیرێکی رەمزی رەها پێداویستی دەلیلی گەورەیە بۆ زۆربەی قەسیدەکانی "کەژاڵ" کەگوێگر سەرخۆش دەکات بەرێگای سۆفیگەری بۆپەڕینەوە لە بونگەرایی و ژانەکانی هەڵدەماڵێ و دەڵێ..

من کزەبام، زۆر خۆش دەوێ
وەکوو کاتژمێرەکەی ژوور سەرم
شنەی شەماڵ لەگەڵ خۆیا دێنێ
ئەوەی کزەو شنەی شەماڵی نەبینیبێ
نازانێ سەر چاوەی عەشق

لەکوێوە سەر دەردێنێ

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١٨

---------------------------------------------------

## شیعرەکانی کەژاڵ گەمە لەگەڵ خۆشەویستیدا دەکەن



**تاهیر مشی**

**لە عەرەبییەوە: لوقمان مەنسور**

سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم شیعرەکانی ئەم شاعیرە، سەرنجیان زۆر ڕاکێشاوم، بۆیە کاروانی ئەدەبی ئەم شاعیرە هیما و جوانی دەبەخشێت و ئەو واتاو مانا تایبەتیەی کە خۆی لەسەر بنیات ناوە بەرهەمە پرشنگدارەکانی دەگاتە خوێنەر بۆیە کاتێک شیعر دەخوێنینەوە ئاوێنە و پەنجەرەی ئەو شاعیرەمان لە بەردەستدایە کە بڵاوی کردوونەتەوە.

کەژاڵ هەموو تواناو ئیلهامی خستۆتەگەڕ، بۆ پاکژکردنەوەی ڕۆحی، تاکو گوزارشت لە پەرەپێدان و توانای نووسین و هەستی هونەری ناسکی خۆی بکات و لە شیعرەکانیدا ڕەنگ بداتەوە و بەرزەفڕ تاوی بدات، تاکو شاهەنگی شیعرەکانی بۆخولگە و مەودا دوورو بەرینەکان بنێرێت بۆ ئەوەی واتای ماناداری شیعرەکانی هەست پێبکەین کاتێک لە دەقە شیعرەکانیدا دەردەکەون. هەرچەندە شیعرەکانی ئەم شاعیرە وەرگێردراون بۆ سەرزمانی عەرەبی بەڵام نرخ و بەهاو ئیستاتیکای ئەدەبی لە دەست نەداوە، بەو جیاوازی و هەڵکشان و داکشانەی کە خوڵقێنەری هونەر ی تایبەتی ئەون کە لە دەقەکانیدا بەدی دەکرێن.

خاتوو کەژاڵ ئیبراهیم خدر خاوەنی هەستێکی ناسک و ئەندێشەیەکی فراوان و بیرکردنەوەیەکی قووڵە بە وشەکانی بەرووی ژیاندا وەستاوەتەوە، هەموو گۆڕانکاری و هەڵشکان و دابەزین و تاڵی و شیرینەیەکانی تاقی کردۆتەوە سەرباری هەموو ئەوانەی باسمان کرد خاوەن رۆشنبیرییەکی بەر فراوانە لە رێگەی خوێندنەوەی بەردەوام کە بەدەستی هێناوە، هەمیشە تواناکانی پەرەپێدەدات تاکو ئاسۆی شیعرەکانی داهێنانی بەر فراوانتر و پێشکەتووتر لە خۆی بگرێت.

بۆیە کاتێک شیعرەکانی ئەم دیوانەی دەخوێنێتەوە لەرووی بابەت و هزرەوە هەندێک جار شێوازی دەربرینی خێراو راستەوخۆ دەبینین ئەوەتا کەژاڵ لەم کۆپلە شیعرەدا راستگۆیانە ناخی خۆی دەخاتە روو:

لە باخچەی عەشقما
سێ گوڵت پێشکەش دەکەم
یەکەمیان بۆ دەستت، سەمای پێ بکەی
دووەمیان بۆ لێوت گۆرانی پێ بڵێی
سێیەمیان بۆ چاوت
فرمێسکەکانی پێ بسڕی

کەژاڵ وشەو نووسینەکانی بەکاردێنێ تا لە سروشتی ساف و بێگەردا مەلە بکات، ئێش و ئازارەکانی کۆمەڵگا و ناخی خۆی دەخاتەڕوو کە هێمایەکە بۆ نوێکردنەوە و ئاماژەکردن بەو واتاو ئامانج و بابەتانەی کە مەبەستیەتی، دیارە لە رێچکەی هەوڵەکانیشیدا بۆ نوێگەری بەرهەمی ناوازە هەڵکشانی زۆر بەدەی دەکەین لە نێوان کارە جوانەکانی شیعردا کە تا رادەیەک کاری زۆری لەسەر کردووە. بۆیە ئەگەر سەرنج لەم چەند گوڵە شیعرە بدەین دەبینین ناخی خۆی چۆن خستۆتەڕوو:

ئەگەر یەکێ لێم بپرسێ
شیعر بۆچاوی کێ دەڵێی
کەمانچەی دڵە شەیداکەت
بەچ ئاوازێ لێدەدەیت
چی پێ بڵێم کە من هێشتا
نازانم بۆ خۆشم دەوێت
کە من هێشتا دەتپەرستم

نازانم چیت، نازانم کێیت

شاعیر هەموو دۆزو بابەتێک لە شیعرەکانیدا دەخوێنیتەوە هەر لە خۆشەویستی نیشتمان، نەتەوە، ویژدانی مرۆڤایەتی، خۆشەویستی، ئەو بەراستگۆیی و گەرم و گوڕی و هەستێکی سۆزدار و پاراوە دەنووسێت، خوێنەر کاتێک ئەم شیعرەی دەخوێنێتەوە بەروونی هەست بەوە دەکات کە چی دەڵێت و تووشی چ ئازارێک بووە.

دەستێکم بدەیە، دەستێکم بۆتۆ
چاوێکتم بدەیە، چاوێکم بۆتۆ
لێوێکتم بدەیە، لێوێکم بۆتۆ
با دڵنیابم بەشێکی لە من
بەشێکم لە تۆ.

گرنگترین بناغە بۆ داهێنانی ئەدەبی و هونەری راستگۆییە لە هەست و نەست و دەربریندا، کە لە قووڵایی ئەزموون و ئێش و ئازار و «پێر سناڵەوە » سەرچاوەی گرتووە، خۆی لە ئەزموون و تاقیکردنەوەی ژیاندا بەرهەم هێناوە، ئەگەر لە هەستی ناسکی بڕوانین دەگەینە ئەو بڕوایە کە ئاسۆی بیری بە خوێندنەوە و رۆشنبیری فراوانە کە بەشێوەیەکی بەرچاو «گشتگیر لای خاتوونی شاعیرمان هەیە» بۆیە ئەگەر لەم کۆپلە شیعرە رابمێنین چەند جوان وەسفی وەرزەکان و خۆشەویستی کردووە پێمان دەڵێت

تۆ هەندێک جار پایزیت و
هەندێک جاریش وەرزی بەهار
کە ناتبینم خەزان لە باڵام دادەکاو
کە دەتبینم ژیانم پڕ دەبێت لە گوڵزار

کەژاڵی شاعیر ئەوەی دەیخاتەڕوو، هەمیشە لە رەنگەکانیدا دەیپارێزێ و گرنگی پێدەدا بۆیە خەون پێکهاتەیەکی سەرەکییە لە دەقە شیعرەکانیدا بەیانیەکی روناک و پرشنگدارمان نیشان دەدات کە لەسەر دەلالەتی مەبەست دەشەکێتەوە » بەگشتی دەقی وەرگێڕان گۆڕانکاری لە شێوەی دەربریندا هەیە لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی تر جیاوازە، هەروەها بابەت و ناوەڕۆکی شیعر لە نوسینی تایبەت و هەست و نەستەکانەوە وەردەگێڕدرێت بۆ سەر چەند زمانێک ئەوەتا دەبینین شاعیر ی هەست

فراوان، نووسینەکانی بەوەرگێڕانی ئەدیبە خاوەن پێنووسە زێڕینەکان شاددەکات و لەم دیوانەیدا رێچکەیەکی نوێ لە هەستی پڕ جۆشی گرتۆتە بەرو لە ناخیەوە هەست پێدەکەین و پێنوسەکەشی ئاوازێکی تایبەت دەخوێنێت.

بۆیە ئەم شیعرانە بۆن و بەرامەی تایبەتی خۆی هەیە ، بۆنی ئەو گوڵ و رێحانانەی لێدێت کە دەیخوێنینەوە.

خاتوونی شاعیر لە دەقەکانیدا ئەوە دووپات دەکاتەوە کە شیعر پەیامێکە ئاوێنەی هونەر بووە، ئێش و ئازارەکانی ناخمان دەخاتەڕوو، ژنیش وەک بونەوەرێکی ئازا نیشان دەدات کە خوڵقێنەری کۆمەڵگایە بۆیە ئەم دیوانەی تایبەت و دەوڵەمەند لە دارشتن و پێکهاتەی سەفەرێکی پڕ چێژ.

کەژاڵی شاعیر تیشک و روناکی بۆ خوێنەر دەهاوێت و بەهرەکانی ئاشکرا دەکات کە بەرهەمێکی بەهادارەو پڕە لە هەستی جوان، لەدەریای بەخشین و داهێنان گەشتمان پێدەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٤ی مای ٢٠١٨

-----------------------------------------------

## کەژاڵ گیان تێر بنوو، کاتی ئیسراحەتتە



هاورێ و هاوسەرت «رێبوار محمد یوسف»

«کەژاڵ گیان کە بیر لەمەرگی ناوادەی تۆ دەکەمەوە ،هەموو رۆژێک فرمێسکەکانم دەبنە دەریایەک لەخەم، خەمێک بەس خۆم دەزانم کە رۆژانە هەناوم چۆن گڕی گرتووە» کە بیر لە ئێش و ئازارەکانت دەکەمەوە مەگەر تەنها من و خوا بزانین»

کە چ یادەوەری و بیرەوەریەکت لە نێو رۆحمدا جێ هێشتووە».

نەمدەزانی دەمریت، دەمزانی زەردەخەنەو پێکەنینەکانت لە سەر کوڵمی لێوەکانت تۆراوە، بەڵام حەزم نەدەکرد پێت بڵێم، چونکە خۆت دەت وت خودایە بەشی ئەوەم پێ ببەخشە تاکوو گوڵی ووشەکانم پەرچەمی بەیانیان دا بهێنێت و لەسەر پەرەی ژیانم وەکوو شەونم دەرکەون.

ئەوەی تۆی ناسیبێت لەنزیکەوە دەزانێت تۆ چ فریشتەیەکی ئەم سەر زەمینە بوویت «فریشتەیەک هەمیشە بانگەوازی جوانی و خۆشەویستیت دەبەخشیەوە» تۆ لەنێو لەپی دەستدا تەنها «جگەرە هاورێت بوو»لەنێو رۆحتا تەنها «پیاڵەیەک چا گۆشەی ژیانت بوو» لە شەوانیشدا «حەبێکی «هێمن کە هەرسێکیان میوانێکی هەمیشە ژیانت بوون»

نەمدەزانی دەمریت چونکە پەرچەمی وشەکانت ئاوێنەیەک بوون بۆ خۆی «بەڵام ئەوەندەم دەووت تۆ رۆحێکی سپیت هەیە پاک و بێگەرد وەکوو گوڵی شیعر وایە، وەکوو پەرچەمی بەیانیانی قەڵادزێ دەدرەوشێتەوە » وەکوو دار هەنارەکانی هەڵەبجە خوێناویان لێ دەتکێ وەکوو شارە جوانەکەی سلێمانی بۆنی غەریبیان لێ دێت»

لەوەڵامدا پێت دەووتم «من قەڵەمێکی جوانی» ژن و ئەدەبم «وەکوو رۆحی ئاسمان شینم» نیشتمانەکەم خۆش دەوێت «ئەوانەی هەتاو و پەلکەزێرینە بەگەشی نابینین» بەشێکن لە وەرینی گەڵای پایزو «دڕندەیەکن لە دەرونی هەموماندا» پێت دەووتم «من شیعر تاکە هاورێمە »لەجوانی شیعردا خۆم دەبینمەوە دەبێت هەموو ئەو گوڵە ووشانە بە پەرچەمی نیشتمانەکەمدا هەڵواسم» چونکە بەمن دەڵێن «شاعیری خەونە مەحاڵەکان» شاعیری مەلائیکە«شاعیرێک پڕ لەهەستی جوان» شاعیرێک پڕ لەباخی هەڵاڵە» «شاعیرێک لەهیچ شاعیرێکی تر ناچێت» پێم دەڵێن «کەژاڵ خۆی شیعرە» کاتێک تەماشای دەکەیت هەر دەڵێت بۆ شیعر دروست بووە «من سەدان ووشەی وام پێ بەخشراوە» «رەنگ و دەنگم باڵایەکە بۆ گەلەکەم»

کەژاڵ گیان چیت بۆ بنوسم «خۆتۆ لە کۆپلە شیعرێکدا روو لە» خوا «دەکەیت و دەپاڕێتەوە دەڵێت» خودایە« ئەوانەی ماڵ و حاڵی خەڵکی تێک دەدەن «فرمێسک بەژن دەرێژن» چرۆی گوڵەکانیان دەوەرێنن «ماڵ و حاڵیان لێ تێک بدەیت» من چیت بۆ بنوسم تۆ نەک «هاوسەر، بەڵکوو هاورێیەکی سەر سەختی ژیانم بوویت» تۆ رۆیشتی بەڵام دەنگ و رەنگ و ووشە پێناسەی شاعیریت بەباڵای ئێمەدا بڕاوە«شانازییە بۆ ئێمە کە پێمان دەڵێن شاعیرێک لەنێو بەرگی مەینەتی و

ئازاردا جوانی ووشەی دەبەخشیەوە «تۆ ١٢ساڵ لە یەک ژووردا ژیانت بەرێکرد بەدبەختیەکت دەچەشت مەگەر» خۆم و کچەکانم «تەنها لەو ئاوازو سەمفۆنیایە بگەن»

چیت بۆ بنوسم ئێستاکە لەباتی دیدەنی تۆو ئازاری نیشتمان بوومەتە هاورێی سەر کێلەکەت، کێ هەیە هاورێی سەر قەبران بێت جگە لەمن «کە دێم بۆلات بارانی فرمێسک لە چاوانم دەرژێت هەموو یادگاریەکانت دێتەوە یادم» بیر لەنێوانی تۆو ئەوان دەکەمەوە «تۆیەک زەوی وەکوو دایکێکی میهرەبان لەباوەشت دەگرێت» ئەوەندە خۆشی دەوێت لەگەرماو سەرما دەتپارێزێت وەکوو دایکێکی میهرەبان و خێر لەخۆ نەدیوو وێنای روخسارت دەکێشێ «بنوو کەژاڵە جوانەکە» کەژاڵی گوڵ «کەژاڵی پڕ لە ئازار» چەند جوانە مرۆڤ لەدوای خۆی هاورێ شاعیرو، ئەدیب و نوسەرەکانی سەربەرزانە لێی بدوین و بە ژنێکی پڕ لە» بەرائەت «باسی بکەن» «و سەدان فرمێسک لە چاوەکانیان بێتە خوارەوە.

ئێستا سنوری دڵی تۆ لای هاورێ بەرێزەکانتە»پیم وانیە شیعریش بتوانێ دەرەقەتی باڵای جوانی تۆ بیێت، چونکە رۆحێکت هەبوو رەنگا و رەنگ لە پەلکەزێرینە» سپی ،سپی وەکوو کلوە بەفر دەبریسکێتەوە » بنوو بێ خەم کاتی ئیسراحەتتە» یادگاری و بیرەوەریەکانت لەماڵە بچووکەکەی ئێمە دایە«چەند خۆش بەختین «کە پێت دەڵێن تۆ نامریت «نامرێت هەیە «نواڵەت «بۆتە سێبەری هەمیشەیت «داریاسیش»تیشکی زێرین «بنوو بێ خەم تیشکی گەشی خۆر لە سەر کێلەکەت شەوق دەداتەوە«بنوو بێ خەم کەژاڵ گیان کاتێ پشووی جەستە ماندووەکەتە » ماڵئاوا ژنە خان و مانەکە »ئەمرۆ چەند دارێکی سەوزم لەسەر کێلەکەت ناشت تاکوو ببنە سێبەر بۆ رۆحی تۆ»«رۆحێک هەمیشە بە زیندوویی دەمێنێتەو»

ماڵئاوا شاعیرە بێ دەنگەکە کە چەند بەبێ دەنگی مردی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠١٨

----------------------------------------

## بابەتەکانی ساڵی: ٢٠١٩

---------------------------------------------

## ڕۆچوونە نێو شیعری "گەر بتوانم"ی کەژاڵ ئیبراهیم خدر



**عدی عەبادی ڕەخنەگری عێراقی "بغداد"**

**لە عەرەبییەوە: عومەری حاجی عەزیز**

١

لەدەستم بێ وەکوو ئاگر

هەموو لاشەت ئەسوتێنم

خۆ هیچ نەبێ

چنگێ خۆڵەمێشی گیانت

بۆ خۆم دێنم؟!

٢

گەر بتوانم

هەموو خوێنەکەت دەگوشم

تێکەڵ بەرووباری دەکەم

خۆ هیچ نەبێ من دەتوانم



سەرچاوە
Serchawe

پەرداخێ لەو ئاوە بنۆشم؟!

ئەگەر لێرەوە بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش دیدەی خۆمان بخەینە سەر ئەم کۆپلە شیعرانە تەماشادەکەین، زۆر شیعری جوانمان هەیە کە لەدەرونی پڕ لەژانی شاعیرەکەوە سەر هەڵدەدا. ئەویش لە ئەنجامی کۆی گشتی ئەو زام و خەم و، ناسۆرانەی کە دەرونی هەیەژاندووە.

ئەم شاعیرە هەست ناسک و پڕ لەبەهرەیە لە هۆنینەوەی شیعرەکانیدا، ڕێگەیەکی جیاوازی گرتۆتە بەر، لەوانی تر کەشعر دەنوسین. ئەم شیعرانە لە نێو ناواخنی شاعیرەکەوە دێتە دەرێ و ئاوێنەی خۆیان پەرش دەکەن.

بۆیە شاعیری جیهانی "جین نیکولاس" و "ئارثر رامبۆ" لە شیعری "المرکب السکران" رووگەی خۆی بەیان دەکەن بەرامبەر بە ژیان لەئەنجامی تاقیکردنەوەیان کە خۆیانی پێدا تێپەڕیووە.

ئەوەتا ئێستا شاعیرێکی کورد بەناوی "کەژاڵ ئیبراهیم خدر" کە زۆربەی شیعرەکانی وەرگێڕدراون، لە قووڵی ناخیەوە کۆپلەی بچووک و پڕ چێژ دەنوسێت و دەڵێت "ئەگەر بتوانم" کە ناونیشانی کۆپلە شیعرەکەیەتی وە کردنەوەی کلیلێکە بۆ جیهانی دەرەوە لە شیعرەکانیدا دەیبینین. بۆیە "کەژاڵ" توانیوویەتی پەیوەندێکی قووڵ بەرهەم بهێنێت لەنێوان خودی وەرگرو، گوێگر داهێنان بکات. کە کۆتاییەکەی نێرگزێکی ئارام بەخش دەبەخشێت.

کەژاڵ لەرێگەی کۆپلەکانیەوە کار لەسەر کرانەوەی شیعرەکانی و، توانای خۆی ئەنجام دەدات. بۆیە لەم کۆپلە شیعرەهەست جوانەدا وێنای رۆحی کەژاڵ دەبینین و دەڵێت:

لەدەستم بێ وەکوو ئاگر
هەموو لاشەت ئەسوتێنم
خۆ هیچ نەبێ
چنگێ خۆڵەمێشی گیانت
بۆ خۆم دێنم؟!

شیعرەکانی کەژاڵ لەبیرێکی قووڵ و هەستدارەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەویش لەئەنجامی هێنانی ئەم ووشانەو گونجاندنیەتی

بۆجوانی شیعر.

کەژاڵ ناوێکی ناوازەی پێبەخشراوە لەنێوان خاک و خۆڵی رۆحی. بۆیە لەئەنجامدا ئەم شیکردنەوەیەی توانای شاعیر دەبینین کەچەند لە "واقیع و" بەخشینی پاکیزەیی لە گۆڕەپان و ئەم نێوەندەدا بالأدەستە لەرووی فیکرو هەڵهێنجانی ووشەی ئەدەبیدا کەسەرچاوەی گرتووە.

وەکوو "تەها حسین" کە عمیدی کۆلیژی ئادابە "دەڵێت پەیوەندی شیعرو شاعیر بە بەرهەمەکەی کۆتایی دێت لەدوای نووسینەوەی" هەروەها دەبێتە پەیوەندیەک گشتگیر لەنێوان نووسین و وەرگردا وەکوو شاعیر دەڵێت:

هەموو خوێنەکەت دەگوشم
تێکەڵ بەرووباری دەکەم
خۆ هیچ نەبێ من دەتوانم
پەرداخێ لەو ئاوە بنۆشم؟!

لە شیعرەکانی ئەم ژنە شاعیرەیەدا رۆچوونێکی پڕ ئەندازەی بەرهەم هێن و بەتوانا دەبینین لە شیعرەکانی.وە دوبارە بەخشینی وشەکانی و، فکری راگوزاری زۆر جوان دەبینرێت بۆیە "باختین" دەڵێت ئێستا نووسینی سەنگین ،تەنها شێوەیەکی جوان و چێژ بەخش ناگرێتەوە بەڵکوو بۆتە رێڕەوێکی زانستی و، رۆشنبیریش ئەنجام دەدات وە "ئەرستۆش" وەسفی شاعیرەکان بە گەورە پێناسە دەکات.

بۆیە دەبێت دوای ئەم رۆیشتنە جوانەی "کەژاڵ ابراهیم خدر" بکەوین و، نێوەندە کەش دەبێت کاری لەسەر بکات لەزۆر رووەوە بۆجوانی و رۆشنبیریمان کە پێویستە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١٩

-----------------------------------------------

## ئەگەر غەریبی وشەت کرد لە ڕۆحی کەژاڵدا ببینە




رضوان محمد جابر المحامی - مصر

لە عەرەبییەوە: هەڵکۆ عومەر تۆفیق

چەند شادومان و بەخیتاربووم کە ئەم ژنە شاعیرەم لەڕێگەی شیعرەکانیەوە ناسی.

وە بەختەوەریشم بە هاوڕێیەتی ژنە شاعیری کورد.ئەویش لەئەنجامی بینینی کارە داهێنەرەکانی.بۆیە کاتێ شیعرەکانی دەخوێنیتەوە، پێویستە بتوانی پێناسەیەکی کورت بۆ کۆپلە ناوازەکانی ئەنجام بدەیت لەجیهانی شیعرو وشەا. وەئیزافەیەکیش بخەیتە سەر جوانی شیعرەکانی ئەم خانمە هەست ناسکە.

کەژاڵ هەمیشە بەردەوامەو، ڕاستگۆیانە دەنوسێت. لەنێو دەستە نەرم و نیانەکانیدا چەپکە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگی شیعر دەبینرێت و هەستی پێدەکەین.

کەژاڵ ئیبراهیم، شاعیرێکی دیاری خوداییە. مایەی خۆشحاڵیمە بە باڵای شیعری ژنێکی بەبەهاو بەهرەداردا بنووسم.

یەکەمین جار کە دیوانە شیعری ئەم خانمە هەست ڕەنگینەم بینی لە "هۆڵی قەراجی ئەدەبی" سەرسام بووم بە شیعرەکانی بۆیەمن توێژەرنیم، وە توێژینەوەشم بۆشیعرەکانی نەکردووە. وە سیمای شیعرەکانیشم دەرنەخستووە بەڵکوو تەنها هەستێکی ناخی خۆمە وەک "وەرگرێک" یاخوود چێژ بەخشێکی شیعری دەیبینم. ئێوەش لەگەڵمدا هاوڕادەبن کاتێک کەدەڵێم" ئەم ژنە شاعیرێکە خاوەن بەهرەیەکی خوادییە.هەستێکی مەزن و باڵا دەتڕفێنێ بۆئاسمانی خەیاڵ. لەدەریای جوانی شیعر دەبێت سەما بکەیت و، بەوشەکانی مەلەت پێدەکات.

کەژاڵ باش دەزانێت گەمە بە وشە و کەرەستە شیعرەکانی بکات وە لەشوێنی شیاوی خۆیدا بەکاریان بێنێت. چونکە کارێکی زۆر قورسە ئەو جێگە گۆڕکێیە. مەگەر لەتوانای خودی شاعیرەکەدا بێت.

جوانی سروشتی وڵاتەکەی ئەم ژنەی کردۆتە شاعیرێکی جوان و، شارەزاییەکی بێ گرێ و گۆڵی شیعری بۆ بێگەردی سروشت و ئایدیای خۆی کە چیا سەرکەشەکانی بەنەخشی رەنگاو رەنگ بینیووە.

کەژاڵ شیعر وەک ناسکی گوڵ لەوشەکانیدا، وەشنەی شەماڵ لە بەیتەکانیدا دەبینرێت. ئەو ناگەڕێت بەدوای ئایدیاکاندا بەڵکوو ئەوان دێنە ئاوەزییەوە بۆیە ئەمە کاری داهێنەرانەی شاعیرە.

بۆیە لێرەوە راشکاوانە دەڵێم "ئەگەر ووشەکانت لێ بزربوو، غەریبی دەکەیت. ئەگەر داهێنانەکەت وەرگرت، دڵخۆش دەبی. کەژاڵ هەمیشە خاوەنی خەونە، هەستەکانی لەناخی ژنێتییەوە لەدایک دەبێ و دەبێتە وێنەیەکی شیعری جوان و لە ناخماندا دەزرنگێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١٩

-----------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## ئەفسانەی گۆرانییەکی ماندوو بۆ کەژاڵ، ژنێک لە ئاو سادەتر



**دەوەن مەعروف**

سادەیی زمان لەناو دەقی شیعردا، زاڵبوونی زمانی شاعیرمان لەناو دەقدا نیشان دەدات، لە ڕووی واتاو فۆرمەوە. هەموو شیعرێکی دروست، هەڵگری ماناکانی ناوەوە و دەرەوەی دەقمان پێ دەناسێنێت. دەق هەم هەڵگری دیدو پێوانەی هزری شاعیرە، هەمیش ناساندنی زمانە لەناو دەقی شاعیردا. کارێکی سەختە شاعیر بتوانێت لە کەمترین نووسیندا، باشترین مانا بخوڵقێنێت، یان ساناتر بێژم: خاڵی گونجاوی سەرنج ئەوەیە، مامۆستا مەسعود محەمەد وتەنی: (نووسین دەبێت خۆی لە لوول پێچی و گێژەنی دێر بپارێزێت )گەر شیعر نەیتوانی لەناو چەند دێڕێکدا ماناکان بخوڵقێنێت، بێ شک ناشتوانێت لە جەهەرو ناوەڕۆکدا، ئەیستاتیکای دەق بەرهەم بێنێ. کاری هەرە گرنگی شاعیری دروست گەمەکردنی زمان و تەئویلە لەناو سیاقی دەقدا. زۆرجار شاعیر بە ئەنقەست فەزایەک بۆ شیعر و بۆ خوێنەر چێدەکات، ئیدی ئەوە ئەرکی شاعیرە، کە تنۆک تنۆک مانای جوانی بڕژێنێتە دەروونی تینووی خوێنەرەوە. تینوێتی شاعیر کاتێک دەشکێ کە خاڵی کۆتایی شیعر بە کۆتایی هاتبێت و ماناکانی جوانی دەق بخوڵقێنێ، بەڵام تینوێتی خوێنەر، بەپێچەوانەوە هەرگیز بەکۆتا نایەت لەئاست دەقی شیعردا، ژبەر هەندێ شاعیر بەردەوام، وەک گەڕیدەیەک لەدووی دێڕ و ڕستەو وشەکان دەکەوێت، بۆ ئەوەی جوانترین مانای شیعر ببەخشێتە هەم زمان و هەمیش خوێنەر.

(ئەی پیاو..
تۆ بۆچی نوێژ بۆ بەهەشت دەکەی؟
کە خوداوەند لەماڵەکەی خۆتدا،
بەهەشتێکی پێ بەخشیوویت
کە ژنە!)



سەرچاوە
Serchawe

شاعیر خاتوو (کەژاڵ ئیبراهیم خدر) لەو شاعیرە دانسقانەیە،کە خوێنەرەکانی بۆ ئەبەد تینوویێتیان ناشکێت و بەردەوام سووسەی دەقی تازەی شاعیر دەکەن، بەرهەمهێنانی خوێنەرێکی لەم جۆرە هەستی بیستن و خوێندنەوەی شیعرمان لەلا جوانتر دەکات. پێێر گامارا وتەنی (شاعیری بلیمەت زمانی پاشە ڕۆژ دەخوڵقێنێت) شیعر لە ڕێگەی جوانی زمانییەوە خۆی دروست دەکات. گەر بەوردی لەم شیعرە هایکۆنیەی خاتوو (کەژاڵ ئیبراهیم) بڕوانین، دەبینین جەنگێک هەیە جەنگی مێینەکانە دژی نێرینەکان.جەنگێک کە بە پرسیارێک پەنجەکانی دەخاتە سەر نێرسالاریی نێرینەکان. نێرەکان ترسنۆک و مەلوول لەبەردەم مەکتووبە ئاسمانییەکاندا، کەچی شمشێر بەدەست لە بەرامبەر لێوی ئاڵ و بۆن و بەرامەی مێینەکاندا. مێینەکان نێرەکان بە ماچ ئاشت دەکەنەوە، کەچی نێرینەکان چاو بز دەکەنەوە، ژن دەکوژن، چەقۆ وەک زمان و وەک ئەخلاق بەکار دێنن، ئاخر کەی ڕەوایە بەهەشت بۆ زۆرینەی نێرینەکان بێت! لە کاتێکدا مێینەکان تۆنی دەنگیان هێندە ئارامبەخشە خوداوەند وەخەبەر دێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٣٠ی جوولای ٢٠١٩

---

## لە بەندەری بەرمۆداوە بۆ زمانی باڵندەم دەزانی



**داکشانی شیعریی لای کەژاڵ ئەحمەد**

**سەدیق سەعید ڕواندزی**

ئەزموونی شیعریی، ئەزموونێکە لە گۆڕاندایە. کاتێ شاعیرێکیش هیچی نوێی پێ نامێنێ بۆ وتن، یاخود ئەزموونە شیعرییەکەی لە جێی خۆی وەستا، ئەوا جارێ مەرگی خۆی دەدات. خولانەوە لە بازنەی شیعر و زمانێکی دیاریکراودا، ناتوانێت گوتارێکی دیکەی شیعری جیاواز بێنێتە ئاراوە. یەکێک لەو ڕەگەزە شیعرییانەی وایکرد نیو سەدە زیاتر شێرکۆ

بێکەس لە نێو ئەزموونی نووسینی شیعردا بژی زمانەکەیەتی. شێرکۆ بە بڕوای من هەر تەنها شاعیرنەبوو، بەڵکو فەرهەنگێکیش بوو لە زمانی تازە و وشەی تازە. ئەگینا هاوشێوەی گەلێک شاعیری تر، دەمێک بوو دەکەوتە پەراوێزی مێژووەوە. کە زمانی شیعر جیاواز کەوتەوە، ئەوا وێنە و ماناش جیاواز دەکەونەوە. چونکە شیعر زمانە. کاتێ سەیری قەسیدەی (ئێستا کچێک نیشتمانە) دەکەین، ئاخۆ بەر هەمان ئەو چەمکی نیشتمانە دەکەوین، کە بۆ ساڵانێکی دوور و درێژبوو لای شێرکۆ بێکەس ڕەهەندێکی سیاسی هەبوو؟ یان بەرگوتارێکی دیکەی جیاواز دەکەوین؟ ئەو گۆڕانکارییە بەرەمبنای دنیابینییەکی نوێ و زمانێکی نوێی شیعرییە. زمانێک کە شیعری ئەو شاعیرە بەرە و ئاراستەیەکی جیاوازتر لە پێشوودەبات. کاتێ شاعیر هەست دەکات ناتوانێت ئەو زمانە تێپەڕێنێت، بێگومان ئەو کات بەر ئەزموونێکی جیاوازتر و نوێتر ناکەوین. لەو ڕوانگەیەوە، کاتێ سەرنج لە زمانی شیعری کەژاڵ ئەحمەد لە کۆمەڵە شیعری (زمانی باڵندەم دەزانی) دەدەین، هەست دەکەین نەک هەر بەر زمانێکی تازەی شیعری ناکەوین، بەڵکو درک بە داکشانێکی گەورەی شیعریش دەکەین لای ئەو خاتوونە شاعیرە. شیعرەکانی ئەو دیوانە، ئەگەر بەراورد بکەین بە (بەندەری بەرمۆدا) باشتر ئەو جیاوازییەمان بۆ دەردەکەوێت. کۆمەڵە شیعری (زمانی باڵندەم دەزانی) نوێترین و دواترین کۆمەڵە شیعری کەژاڵ ئەحمەدە. ئەگەر بە وردی سەرنج لەو شیعرانە بدەین، دەبینین تا ڕادەیەکی زۆر جۆرێک لە سادەبوونەوە و پاشەکشەی شیعریی، بە ئەزموونی ئەو خاتوونەوە دیارە. بە تایبەتیش ئەوانەی لە ماوەی دە ساڵی جێهێشتنی نیشتمان لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٨ بۆ ٢٠١٨ نووسیونی. لە نێوان بەندەری بەرمۆدا، کە یەکەم کۆمەڵە شیعری ئەوە و بیست ساڵ لەمەوبەر چاپکراوە، لەگەڵ زمانی باڵندەم دەزانی کە نوێترین شیعرەکانی ئەون، جیاوازییەکی گەورە لە ڕووی زمان و دنیابینی و گوتاری شیعرەکانەوە هەیە. ئەو شیعرانەی لە بەندەری بەرمۆدا هەن، لە ئاستی وێنەی شیعری، چێژ و شیعرییەت، زۆر لە شیعرەکانی ئێستای جوانتر و سەرنج ڕاکێشترن، ئەگەرچی دوو دەیەش بە سەر نووسینیاندا تێپەڕیوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە داکشانێکی گەورەی شیعری لای ئەو شاعیرە هاتۆتە ئاراوە و ئەستەمە بەو شیعرە سادانە، جارێکی تر بتوانێت سنووری بەرمۆدا ببەزێنێتەوە. لە ڕاستیدا، بیست ساڵ زەمەنێکی کەم نییە بۆ نوێبوونەوە و گۆڕانکاری لە ئەزموونی شیعری شاعیرێکدا. تەنانەت ئەو گۆڕانکارییە دەبێ بە جۆرێک بێت، خوێنەر هەست بە دیدگای نوێتر و شیعری جوانتر و هونەریتر بکات، نەک بە ئەزموونێکی شیعری سادەوە، جارێکی تر هەوڵبدەی خۆت بناسێنیتەوە. لە بەندەری بەرمۆدا دا، ئێمە دەنگی ژنە شاعیرێکی یاخی، تووڕە دەبینین، بە گژ هەموو جۆرە بیرکردنەوە و تراديسیۆنێکی کۆمەڵایەتی دواکەوتوودا دێتەوە. لەو شیعرانەدا، بەر دەنگی ژنێک دەکەوین کە نەک هەر ژنبوونی بەلاوە شوورەیی نییە، بەڵکو شانازییەکی گەورەش بە ناسنامەکەیەوە دەکات. دەنگێک کە زایەڵەکەی هەموو دنیا دەگرێتەوە. دەنگێک تا ئەو پەڕی سنوور، شەڕی ناسنامە، ژنبوون، بوون و ژیان دەکات، بە بێ ئەوەی سڵ لە هیچ شتێک بکاتەوە. لە بەندەری بەرمۆدا، کەژاڵ ئەحمەد لە شیعرێکدا دەڵێت:

ئاواتی من گەورەترە لە وەی بە تەنیا ئافرەت بم.

خەونەکانم باڵاترن.
لەو سنوور و نەریتانەی.
لەم دنیادا بۆم دانراون..
(بەندەری بەرمۆدا ل ١٢)

ئێمە لێرەدا، لە بەردەم ناسنامەی ژنێکداین، کە یاخی و تووڕە، بە گژ هەموو ترادیسیۆنێکی دواکەوتوودا دێتەوە. ئەو شاعیرە سنووورە باوەکان دەبڕێت خەونی مەزن و گەورەی هەیە. خەونێک کە نەک هەر لەم دنیایەدا جێگەی نابێتەوە، بەڵکو بە دوای دنیاییێکی دیکەشدا دەگەڕێت. لەو کۆپلە شیعرییەدا، ناسنامەی ژنێک دەبینین، کە مرۆڤبوونی لە پێشەوەی ژنبوونییەتی. ئەم شاعیرە داکۆکی لە ناسنامەی خۆی دەکات و دەیەوێت ئەو بڕوایە لای هەمووان دروست بکات کە ئەو بەر لە ژنبوونی مرۆڤە. ئاواتەکانی ئەو، خەون و خۆزگەکانی گەورەترن لە هەموو ئەو خەونە رۆمانسییانەی کە ژنان هەیانە. بە توندی بەگژ ئەو نەریتانە دێتەوە کە رەنگڕێژی ژیانی ژن دەکەن و بوونەتە بەشێک لە کولتووری میللییانەی کۆمەڵگا. دەنگی ئەو شاعیرە لەو شیعرەیدا، دەنگی مرۆڤێکی یاخی و رامنەکراوە، دەنگێکە کە ئاراستەی هەمووان دەکرێت بەوەی کە ژن تەنها وەک کاڵایەک لە خزمەتی پیاو نەبینن، کەژاڵ دەیەوێت ئەو دیدگایە تێکبشکێنێت، کە ژن لە شەرەفدا دەبینێت و شەرەفیش لە دڵۆپە خوێنێکی ژن، بۆیە ئەو نەک هەر دژی ئەو روانینەیە، بگرە رەتیشی دەکاتەوە، گەمە بە ئەقڵی ئەوانەش دەکات کە ژن وەک هێمای شەرەف دەبینن.بۆیە بیست ساڵ لە مەوبەر دەڵێت:

ئەوەتانێ کابرایەکی رۆژهەڵاتی..
لەسەر کورسی حەیاو ئابڕووم دانیشتووە..
قاچی خستۆتە سەرقاچی. لە پێ یەکدا..
سەد جار دەڵێ بەشەرەفم..
ئای لە شەرەفی رزیوی کابرایەکی رۆژهەڵاتی..

بێگومان رۆژهەڵات لێرەدا، هەر تەنها دەلالەتێکی جوگرافی نییە، بەڵکو کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیشی هەیە. چونکە پیاوی رۆژهەڵاتی، وەک ئاماژەمان پێکرد شەرەف لە جەستەی ژن دەبینێتەوە، بەڵام شەڕی شاعیر لێرەدا، شەڕی ئەو دنیابینییەیە کە دەیەوێت ناسنامەیەک لە شەرەف و ئابڕوو بۆ ژن بتاشێت. بە دەربڕینێکی تر، شاعیر دژی ئەو تێڕوانینە میللییە دەوەستێتەوە کە ژن وەک هێمای شەرەفی پیاو دەبینێت. چونکە خاوەندارییەتییەکە لێرە بۆ پیاو دەگەڕێتەوە، کە ئەمەش بەشێکە لە ئەقڵی دەرەبەگایەتی. شاعیر دژی ئەو پاشکۆبوونە دەوەستێتەوە و ناسنامەی خۆی گەورەتر لەوە دەبینێت کە بە

تەنها ژنێک بێت. بە پێچەوانەوە ئەویش وەک رەگەزەکەی تر، خاوەن شوناسی خۆیەتی. بە تێگەیشتنی ئەو، وەک چۆن شەرەفی پیاو هی ژن نییە، بۆچی شەرەفی ژنیش هی پیاو بێت؟ کەلای ئەو رزیو و بۆگەنە و دیاریشە رزیو مانای ئەوە دەگەیەنێت کە کەڵکی هیچی نییە. دوای بیست ساڵ لەو دەنگە یاخییە، لەو شیعرە تووڕە و جوانانە، بابزانین لە زمانی باڵندەدا ئەو شاعیرە چی دەڵێت؟ شاعیر دوای دوو دەیە، شەرەفی رزیوی پیاوی رۆژهەڵاتی رەتناکاتەوە، شاعیر پیاو وەک هێمای دەسەڵات و تووڕەیی و هێز پیشان دەدات و ژنیش وەک بوونەوەرێکی لاواز. ئەو لە زمانی باڵندەدا دەڵێت:

ئەگەر دەستی تۆم بەرکەوێت. روح دەکەیت بە بەرما..
دەمکەیتەوە بە کچێک گەزۆی نازی لێ بڕژێت..

(زمانی باڵندەم دەزانی ل ٢٦)

بۆ من وەک خوێنەرێک، جێگەی سەرنجە ژنە شاعیرێک، کە سەردەمانێک شیعری وەک هێمای یاخیبوون و هاتنەوە بە گژ عەقڵی پیاوسالاریی دەبینی، کەچی دوای بیست ساڵ هێندە لاواز لە ژیاندا خۆی دەربخات. ئەوە گرنگ نییە، ئەو دەستەی روح دەکاتەوە بەری شاعیر، دەستی هاوڕێ، یار، یاخود نیشتمانە، پرسیار ئەوەیە کەسێک لە چاوەڕوانی ئەوە بێت یەکێکی تر بیکاتەوە بەکچەکەی جاران و خۆی ئەو وزە و یاخیبوونەی تێدا نەمابێت، دەتوانێت شیعر بکاتە پەیامی رزگاربوون بۆ ژنانی تر؟ مەگەر ئەو شاعیرە دوو دەیە لەمەوبەر ناسنامەی خۆی، خەونەکانی، لە ژنبوونی گەورەتردا نەدەبینی؟ جیاوازتر لەوانیتر بیری نەدەکردەوە؟ کوا ئەو خەونانە؟ بۆچی ئێستا هێندەلاواز و غەریب خۆی دەردەخات. مەگەر ئەوە پاشەکشەیەکی دیاری گوتار و دنیابینی ئەو شاعیرە نییە. تا ئەوا رادەیەی بڵێت:

نەخێر ناتوانم رێگایەک بدۆزمەوە.
لەم شەوە روناکە کوێرەدا..
مەحاڵە پێکەنین.

(زمانی باڵندەم دەزانی ل ١٦)

شاعیر، رەهایانە ئەوە بۆ هەمووان بەیان دەکات، کە ئیدی ناتوانێت رێگایەک بدۆزێتەوە. تەنانەت هەر لە سەرەتاوە، بە نەخێر دەدوێت. واتە هەموو هەوڵدان و گەڕانێک لە پێناو دۆزینەوەی رێگەیەکی تر، ئەنجامی نابێت و دەبێ رازی بێت بەو قەدەرەی بۆی دانراوە. بێگومان نەدۆزینەوەی رێگای تازەش، واتا بە رێگادا رۆیشتنی رێگای هەموو ئەوانیتر، بەمەش هیچ جیاوازییەک ناکەوێتەوە لە نێوان خۆی و ئەوانیتردا، لە کاتێکدا بیست ساڵ لەمەو بەر،خەونەکانی گەورەتر بوون لەوەی بە تەنها ژنێک بێت. کەچی دوای بیست ساڵ، ئەو شاعیرە بە شێوەیەک پاشەکشە دەکات، کە مەحاڵە توانای پێکەنینیشی

هەبێت. دۆشدامانی شاعیر لەدوای بیست ساڵ بە دیار ژیانەوە کە لە سەرەتاوە رەتیدەکردەوە، ئاماژەیەکی روونە بۆ پاشەکشەی شیعری ئەو، هاوکات نەدۆزینەوەی دنیایێکی دیکەشە. بێگومان تا لەسەر شیعرەکانیش بوەستین، باشتر ئەو دنیابینیەمان بۆ دەردەکەوێت. لە پەراوێزی روانینمان بۆ بەشێکی زۆری ئەو شیعرانەی لە کۆمەڵە شیعری زمانی باڵندەم دەزانی هاتوون، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە کەژاڵ، بیست ساڵ لە مەوبەر زۆر داهێنەرتر و بەتواناتر بووە لە نووسینی شیعردا. لە کاتێکدا هەر شاعیرێک لە ئەزموونی شیعری خۆیدا، ئەگەر نەیتوانی گوتار و دنیابینی نوێ دابهێنێت و رابردوو تێپەر بکات، باشتروایە نەنووسێت. چونکە خولانەوە بەدەوری شیعردا، هیچ داهێنانێکی لێناکەوێتەوە. لەو روانگەیەشەوە کاتێ وەک خوێنەرێک شیعرەکانی بەندەری بەرمۆدام خوێندەوە و بەراورد بە شیعرەکانی ئێستای ئەو شاعیرەم کردن، هەستم کرد ئەوشاعیرە لە ماوەی دە ساڵی جێهێشتنی نیشتماندا، جگە لە چەند شیعرێک کە زمانێکی سادە و ئاسایی، بێ پەیام و ناوەڕۆک، بێ یاخیبوون و شەڕی ژنبوون، هیچی تری نەنووسیوە. دەکرێ خوێنەرانیش بۆ دروستی ئەو بۆچوونەی من، بەراوردی هەردوو بەرهەمە شیعرییەکە بکەن. ئەو جیاوازییانە بە ئاراستەی پاشەکشێی شیعری بەجۆرێکن، کە هیچ خوێنەرێک ناتوانێت هەستی پێ نەکات. وەک ئەوەی ئێمە لە بەردەم دوو شاعیری جیای دوو قۆناغ و دوو سەردەمی جیاوازدا بین. کەژاڵ بیست ساڵ لە مەوبەرو لە بەندەری بەرمۆدا دا دەڵێت:

من ماڵێکم هەیە لە سەر مانگ...
گۆڕێکم هەیە لە سەر ڕێی کاکێشان..

(بەندەری بەرمۆدا ل ١١٤)

ماڵێکم هەیە لەسەر مانگ، دەلالەتێکە بۆ جیاوازکەوتنەوە و خۆدابڕین لە هەموو ماڵە کلاسیکییەکانی سەر زەوی. بێگومان ماڵ، گوزارشتێکی کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و خێزانی، پەتریاکی و میللی دەگەیەنێت. هەمیشە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، ماڵ لای زۆربەی ژنان وەک زیندانێکە. شوناسی ژن لەو چوارچێوەیە دایە. ماڵ و ژن، زۆرجار دەبنە دووانەیەک کە لەیەکتری جیانابنەوە، تەنانەت تێڕوانینێکی خێڵەکی لە نێو ئێمەدا باوە کە دەڵێن: (ژنێک بینە بابیبە ماڵ). وەک ئەوەی ئەرکی ژن، تەنها لەو ئۆرگانە کۆمەڵایەتیەدایە کە ناوی ماڵە. ماڵێک کە تیایدا سنوور بۆ هەموو خەون و سەربەستی و ئازادییەکی ژن دەکێشێت. شوێنی ئەو تەنها ماڵە، لە دەرەوەی ماڵ، ئیدی شوناسی ئەو هەمیشە لە بەردەم سڕینەوە و روشاندایە. بۆیە کاتی ئەو شاعیرە بانگەشەی ئەوە دەکات کە ماڵێکی لە سەرمانگ هەیە، ناڕاستەوخۆ ئەو پەیامە دەگەیەنێت کە ماڵی من لە ماڵی هەمووتان جیاوازە. من وەک ئێوە نیم و وەک ئێوەش رازی نابم بە ماڵێک لە سەر زەوی کە بۆم دروست دەکرێت. بەڵکو ماڵی من لە سەر مانگە، کە بە ئەندازەیەک دوورە، دەستی هیچ کەسێکی نەگاتێ. ئەو ماڵە، هاوشێوەی هەموو ئەو ماڵانە نییە کە لەسەر زەوی هەن. ماڵێکە لەسەر مانگ کە سەدان هەزار میل لە زەوییەوە دوورە. ئەم

جیاوازکەوتنەوەیە، بەرهەمی ئەو دیدگا شیعرییە پڕجۆش و خرۆش وداهێنانە بوو، کە بۆ ساڵانێکی درێژ شیعری کەژاڵی پێ دەناسرایەوە. شیعرێک کە هەمیشە وەک ریفۆرمێکی کۆمەڵایەتی بە گژ داب و نەریتەکان، ئەو قەدەغەکراوانە دەچووەوە، کە ژنیان وەک رەگەزێکی لاواز، پاشکۆی پیاو، بێ ناسنامە دەبینی. وەلێ دوای بیست ساڵ، با بزانین ئەو ماڵەی شاعیر بانگەشەی بۆ دەکرد کە لە سەر مانگە چی لێهات؟ توانی بینای بکات؟ لە دوای بیست ساڵ و لە کۆمەڵە شیعری زمانی باڵندەم دەزانی، ئەو ماڵە نەک هەر نامێنێت و دەسڕێتەوە، بگرە شاعیر هێندە دەستەوەستان و لاواز دەبێت،کە تواناى ئەوەی نییە نەک لە سەرمانگ،بگرە زەویش ماڵێک بونیاد بنێت!! واتا لەو ژنانەش لاوازتر و بێ ئیرادەترە، کە هەموو ژیانیان لە نێوماڵدا دەبینن و بە سەربەخۆبوونی ماڵیان، وا هەست دەکەن کۆتایی خەونەکانیانە. لە دوای ئەو هەموو ساڵە شاعیر دەڵێت:

ئێستا کوانێ..کوا ماڵی هەیە ژیانم؟
وەک چۆڵەکە بە تەنها فڕین دەزانم..

(زمانی باڵندەم دەزانی ل ٢١)

واتا شاعیر لەسەر زەویش هەست ناکات ماڵی هەیە، ئەگەرچی بیست ساڵ لەمەوبەر لەسەر مانگ ماڵی هەبوو، بگرە گۆڕەکەشی لە کاکێشان بوو نەک گۆڕستانی هەمووان. ئەمەش دەریدەخات، کە دوای بیست ساڵ ئەزموونی ئەو شاعیرە، داکشانێکی گەورەی شیعری بەخۆوە بینیوە لە رووی فۆرم و زمان و پەیامی شیعرییەوە بە بەراورد لەگەڵ رابردوودا. چونکە نەک تەنها لە رووی گوتاری شیعرەکانەوە، ئەگەر لە رووی زمانی دەربڕین و وێنەی هونەریش لە شیعرەکانی شاعیر بڕوانین، درک بەوە دەکەین کە زمانی شیعری کەژاڵ، بیست ساڵ لەمەوبەر لە زمانی شیعری ئێستای جوانتر و سەرنجڕاکێشتر بووە. بۆنموونە: لە بەندەری بەرمۆدادا، لە شیعرێکدا دەڵێت:

لەم کۆڵانە عەتری یادەوەری هەیە..
بەڵام بۆن کۆناکرێتەوە..
دەنا شووشە بەتاڵەکانی عاتیفەم لێوان دەکرد..

(بەندەری بەرمۆدا ل ٧٨)

ئەو شاعیرە، بەزمانێکی سادە، چ وێنەیەکی هونەری شیعری بەرجەستە کردووە. عەتری یادەوەری و شووشە بەتاڵەکانی عاتیفە، چەند وێنە و دەستەواژەی شیعری جوانن کە سەرنجی خوێنەر رادەکێشن. کەچی لە دوای ئەو هەمووجوانییە لە



سەرچاوە
Serchawe

زماندا، تازە ئەو شاعیرە لە زمانی باڵندەدا دەڵێت:

پیاو کە پەست بوو هاوار دەکات..
دەرو دراوسێش دەزانن..چی دەڵێت و چی دەکات

(زمانی باڵندەم دەزانی ل ٦٣)

دەکرێ خوێنەران، بەراوردی هەردوو کۆپڵە شیعرییەکە بکەن، ئەو کات دەردەکەوێت کە وێنەی شیعری و زمانی ئەو شاعیرە، بیست ساڵ لەمەوبەر چۆن بووەو ئێستا چۆنە؟ دواجار ئەگەر بمەوێت وەک خوێنەرێکی شیعر لە بارەی دوا دیوانی کەژاڵ ئەحمەدەوە رایەک بڵێم، ئەوا بێ دوو دڵی و بەوپەڕی راشکاوییەوە، بڕوام وایە خۆری شیعری ئەو شاعیرە ئاوابووە. بۆیە دەبێ هەر شیعرە کۆنەکانی بخوێنینەوە، تاکو شوناسی شیعری و ئەزموونی شیعری، لە بیری خوێنەراندا بە نەمری بمێنێتەوە!

پەراوێز:

١- بەندەری بەرمۆدا "شیعری کەژاڵ ئەحمەد" ساڵی چاپ ١٩٩٩...
٢- زمانی باڵندەم دەزانی "شیعری کەژاڵ ئەحمەد" ساڵی چاپ ٢٠١٩.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٥ی دێسەمبەری ٢٠١٩

---------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

# کەژاڵ ئیبراهیم خدر دەنگێک لەکوردستانەوە



علی حسن فەواز

لە عەرەبییەوە: کاوە هاوڕاز

بێگومان سەرهەڵدانی شیعری کوردی و وەرچەرخانی بە «سەمتی» دووەمی نووسیندا بۆسروشت و رەنگدانەوەی ئەو توانا شیعرییە لەسەر گەشەکردن و پێگەیشتن و بەدەستهێنانی توانای ئەو کردارەش کە دەیکات بەبەشێکی زیندوو لەبونیادە زمانییەوانیەکان. کەبەرەو گیانی نوێبوونەوە کراوەتەوە لەدوای ئەوەی لە پەنگ خواردوویی کۆنەکان دەربازبوویێت، لە ئاقاری پیرۆزگەری و چوارچێوەی سۆفیزم و «حلولی عیرفان»ی و تەنانەت لەنێو قاڵبە هەژموونگەرییە تەقلیدییەکانەوە بەڵام نووسینی داستانە رۆمانسییەکان بەپێودانگی ئەوەی نووسینێک پارێزگاری جۆرو شوێنیش هەروەها دەربڕی خواستە پەنگ خواردووەکانی گیانی کوردەوارین لەرووی شوێن و دەسەڵات و داب و نەریتەوە، شوێنی سروشتیش کە بلێسەی وەرگرتووی دارشتنی سروودەکانە کەبوون بە پێوەری نووسینەکە بۆ بانگەوازو ئامادەکردنی کاریگەری دەروونی و هەستەوەری لە بەرجەستەکردنی خودی خۆشەویستیشدا.

لە شیعرەکانی ژنە شاعیر کەژاڵ ئیبراهیم یشدا ئەم ئامادەکارییە بۆچەند رووگەیەک بەرزبۆتەوە چونکە زمانی نووسینە شیعریەکە شتی هاوشێوەی گەمەیەکە لە کیمیادا،کەشتەکانی ئاڵ و گۆڕی ئارەزووکانیان لەدروستکردنی خوڵقەت و لەززەت و حزوردا دەکەن.

هەروەها داوای فەرمان دەکەن لە گوزارشت کردن لەگوتاری ئاشکرا دەربڕیندا. بەو پێودانگەی گوتارێکە کە سنوری بەزاندووە.

«مێینەش» لێرەدا لایەنگیری بۆسروشتە پاڵفتەکراوەکەی خۆی هەیە کەلە جەستەو چێژوو سەربەستی و لەباریدا، ئەو دەربڕی زمانێکە کە سنوری نووسین و تێڕوانین و ئەفسونگەری تێ دەپەڕێنێت. بۆ نوسین و ئامادەکاری کە تێدا بونیادی تێڕوانینی خۆی بەرجەستە دەکات کەوا هێماو نیشانەکانی لەسەر بناغەی فەرمانی ئامادەبوونی بەرچاو بنیات دەنێت..

من بەر لەوەی تۆ بناسم
لەخەونی چاوەڕوانیدا تۆم بینیبوو
من بەر لەوەی تۆ بناسم
تامەزرۆی سەمای پەنجەت و
عاشقی روخساری گەشو
دوو چاوی پڕ ئەوینت بوو

هەموو ئەو دەستپێکانە کە سەرەتای بڕگەکانی قەصیدەکەی پێداون ئەو گۆشە لەسەر گرگرتنی «مێینەیە» لەمەر عشقەکەی و، سەربەستی و، یاخی بوون و، ئارەزوو کە پێی دەبەخشێت تاکوو لەنۆتەی خۆشەویستی و دان پیانانەکەشەوە رێگە بگرێت، چونکە دەزانێت فەرمانی هەڵبژاردنی سەربەستی زۆرترین گوزارشتە لەوجودی پڕاو پڕی خۆی وەک «مێینەیەک» کەلە قاپووتی دێرینی پەلگرتووی سروشتەوە دەرهاتووەو ئەمەش جێگەی گومناوییە لەئەو پەیوەندییە شێواوە بۆ فەزایەکی شەڕانگێزی زیاتر.

کە تۆم ناسی
گردێک بووم ،بووم بەچیا
کانیەک بوومو بووم بە دەریا
شەوێکی ئەنگوستە چاوو بووم
بووم بە گزنگی بەیانی
باڵدارێکی ناو قەفەز بووم
گەڕامەوە بۆ سەرچڵی درەختەکان
بۆ نەغمەی خۆش، بۆ گۆرانی

بێگومان هەڵبژاردنی ئەم قەصیدانە بۆلێدوان لەسەر لایەنەکانی گۆڕانکاری و نوێگەری لە شیعری کوردیدا مانای ئەوەنیە

کە تەنها لە قاڵبێکی سنورداپە. لەچەند ئەزموون و گرەوێکی تردا بەند بکرێن. چونکە دیمەنی شیعری کوردی بەهێزێکەوە گوڕی خواردۆتەوە کە هەموو نیشانەکانی گرەو بەندی شیعری کوردی تێدایە. کەوا پێشەوا نوێکان هێناویانەو، چەند نەوەیەکیش لە ئەستۆیان گرتووە. کە وەرزە شیعریەکانی خۆیان لەگەڵ فەزای سەربەستەکاندا پێی والاکردووە. هەر ئەم وەرزە شیعریەش چادرە پیرۆزەکەی پێداون بۆرەنگ کردنی سروشتکردنی بە رەنگ بەخشراوەکان رۆحە پیرۆزەکەی پاشان دەربازکردنی لە بەندیخانەکانی داناوە بۆ رەوانبێژی کە هەروەها دەربازکردنی هەر زمانی ئەبستراکتی وەسفەوە بۆزیندویەتی ئەو. وێنەکێشەکانی بەخشینی زیاتر پێبەخشیووە» لەوەدا کە سروشتێک بێ و دەرهێنەری گەمەی وەسف و داخڵکاری نێو خانەی پێگەیشتووی گۆڕانکاری بێت...؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٧ی دێسەمبەری ٢٠١٩

---------------------------------------------------

## وێنەی ژن لە شیعرەکانی کەژاڵ ئیبراهیم خدر دا



د. لوقمان رەئوف

بەشی یەکەم

پێشەکی:

باسکردن لەسەر وێنە بە گشتی و وێنەی شیعریی بەتایبەتی، قسەکردنە لەسەر نەسیجێکی زۆر گرنگی نێو دەق، دیاریکردن و لێکدانەوەی ئەم نەسیجەش، راستەوخۆ کاریگەری لەسەر ماناو مەبەستی دەق هەیە، بەم پێیەش بێت وێنە بەشێوە فراوانەکەی بریتییە لە ڕەنگڕێژکردنی سیمای شتەکە، لەپێناو بەرجەستەکردنی شوناس و تایبەتمەندی وێنەی شتەکە،

ژنیش یەکێکە لەبنەماسەرەکییەکانی دەقی ئەدەبی گشتی و دەقی شیعریی بەتایبەتی، چونکە ژن بۆخۆی جیهانێکی تایبەتەو پڕە لەنهێنی و ئاماژەو ڕەمزو نیشانە، هەموو ئەمانەش لەبنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ژن بەشێکە لەبوون و پێکهاتەیەکی سەرەکی ژیان و بەردەوامی ژیانەو خاوەن پێگەو بەهای تایبەتی خۆی هەیە، جگەلەمەش ژن و بوون و خودە لەژیان و دەقیشدا، نەک بابەت بێت بۆ دوان، واتە کەرەستەیەک بێت لەکەرەستەکانی نوسین، چونکە ژن پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەمرۆڤ و بەرامبەر کۆمەڵگە هەیە، چ لە ڕوی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری... هتد

لە وێنەدا ئەوەی گرنگە دیاریکردنی ڕەگەزی ئەو رووداو و گرفتانەیە کە وێنەکەیان دروستکردووە، لەگەڵ ئەمەشدا خودی ناونیشان وێنەی یەکەم بۆ دەق دەستنیشان دەکات، یاخود وێنە هاوتەریب و یەکسانە لەگەڵ ناونیشان. لەگەڵ ئەمەشدا کاریگەری لەسەر تەواوی بزاوت و جوڵەو پرۆسەی ژیان هەبووەو هەیە بە درێژای مێژووی مرۆڤایەتی، ژن وەک هۆکاری خۆشی و خۆش بەختی، وەک هۆکاری ناخۆش و دڵەڕاوکێ و نائارامی دەرونی.

**وشە کلیلییەکان: ژن، وێنە، شاعیر، مانا**

**چەمکی وێنەی شیعریی:**

وێنەی شیعریی ڕەگەزێکە لەڕەگەزەکانی دەق، چونکە هەموو دەقێک پێویستی بەدروستکردن و داهێنانی وێنە هەیە، هەر لەبەر ئەمەش کارنامەی شیعری بریتییە لەداهێنان نەک گوزارشتکردن(١)، لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت ئەوە بڵێین وێنەی شیعری شتێکی نوێ نییە، چونکە لەگەڵ بوونی شیعردا، وێنەش بەشێکە لە پێکهاتەی دەقەکە، بەڵام ئەوەندە هەیە لەبەکارهێنانی لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازە(٢)، چونکە بەپێی وێناو روانینی شاعیرەکە، وێنەو پەیەم و ئامانجەکەی دەگۆڕێت.

وێنەی شیعریی، تەنیا ئەوە نییە، شاعیر وێنەکە بە شێوەی جوان بخاتە روو، بەڵکو بەدەر لەوەی خودی وێنەکە، کرۆکی هونەری شیعرە، کرۆکی ئەزموون و توانای داهێنانی شاعیرەکەشە، چونکە زۆر جار وێنەکان لە جیهانی هەستی و نەستی و عەقڵگەریی شاعیرەکەوە سەرچاوە دەگرێت، بەم پێیەش شیعر هەوڵدانێکە بۆ رزگاربوون لەو فشارە شیعریەی، کە وشەکان لە قەبارەی مێشک و دەروونی شاعیریان دروستکردووە.

وێنە بریتییە لە ناوەندێک (وسیگ) ی بنچینەیی، کە شاعیر ئەزموونی لەڕێگەوە دەخاتەڕوو(٣)، بەمەش وێنە دەبێتە هۆکارێک لەوهۆکارانەی کە شاعیر لەڕێگەیەوە وێنەو ڕوانینێکی خۆی دەخاتەڕوو، یاخود وێنە بریتییە لە گوزارشتێکی



سەرچاوە
Serchawe

دەرەکی بۆ حاڵەتێکی ناوخۆیی(٤)، یاخود وێنە ڕەگەزێکە لەڕەگەزەکانی داهێنانی شیعریی و بەهۆیەوە تواناو کارامەیی شاعیر دەردەکەوێت و توانستی داهێنانی لەپرۆسەی هونەریدا دەچەسپێنێت(٥)، یان وێنە ئەو چوارچێوەیەیە، کە وشەکان دروستیدەکەن(٦) بەوەی دەتوانێت تابلۆیەکی جوان لەبیری خوێنەردا دروستبکات و مانایەکی بەرجەستەی پێببەخشێت لەڕێگەی وشەو دەستەواژەو ڕستەکەناوە(٧).

جاحف دەڵێت" شعر دارشتنێکە (صیاغە) و لێکدانێکە لەوێنەکان"(٨) عبدالقادر جرجانی دەڵێت "دوو وێنە نواندن و پێوانەیە و بەپێی وتەکانمان فێری دەبین و بەچاوەکانمان دەیبینین"(٩)

راج بوحوش دەڵێت " وێنە لەشیعردا شێوەیەکی هونەرییە کە وشەو دەستەواژەکان دەروستیدەکەن، دوای ئەوەی شاعیر دەیخاتە کۆنتێکستێکی تایبەتەوە، تاوەکو گوزارشت لە لایەنێک لەلایەنێکی ئەزمونی شعریی بکات (١٠) باوەند دەڵێ" وێنەی ئەدەبی ئەو ڕاستیانەن کە پێکهاتەیەکن لەعەقڵ و سۆز لە ساتێک لەساتەکانی زەمەندا"(١١)

لەگەڵ ئەمەشدا وێنە پێکهاتەیەک لە ئەزموون و جهانبینی نوسەر، لەپێناو گوزارشتکردن لەو شتەی کە مەبەستێتی.

**وێنەش لەسەربنەمای دووشت پێکدێت:**

ا- واقیع، کە سود لەکەرەستەکانی وەردەگرێت.
ب- خەیاڵ کەسەر لەنوێ ئەو کەرەستانە بنیاددەنێتەوە.(١٢)
ج- کارایی وێنەش لەکاری هونەریدا نایەتە دی، ئەگەر پەیوەندیەکی بەهێزی بەسۆزو دەرونی مرۆڤەوە نەبێت، چونکە ئەم هەڵچونانە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دەرونی خوێنەر دروستدەکەن (١٣)

بەگشتی لەڕەخنەی نوێدا چەندین وێنەی جیاواز هاتونەتە ئاراوە، وەک وێنەی هونەری، وێنەی شیعری، وێنەی ڕەوانبێژی، وێنەی هێڵکاری،....هتد

وێنەش سیستمێکی دەلالییەو خاوەن دوو ئاستە (ئاستی گوزارشتی، ئاستی پێکهاتەیی) ئاستی گوزارشتی ئەو گەیاندنە بیریە دەگرێتەوە، کە شاعیر مەبەستیەتی لەڕێگەی وێنەو کۆدەکانییەوە بە وەرگری بگەیەنێت، ئاستی پێکهاتەیی یەکەکانی دەقەکەی بەرهەمهێناوەو دەتوانێت لە ڕێگەی کۆدەکانییەوە گوزارشتەکان بەهێزو هەمە جۆر.(١٤)

لە راستیدا وێنەی شیعریی، یەکێکە لەو رەگەزە سەرەکییانەی،کە دەبێتە چەقی پێکهاتەی شیعریی، پێکهاتەیەک کە تەواوی سیما شیعرییەکە، بۆ خۆی کۆنترۆڵ دەکات، بە شێوەیەک زۆرجار لە رێگای کۆ دەلالەتەکانی وێنەوە، دەتوانرێت شتە نهێنی و داهێنانەکانی شیعرەکە بخەینە روو.(١٥)

## ژنێکی کاراو شاعیرێکی بوێر

خاتوو کەژاڵ لەساڵی ١٩٨٧ دەستی بەنووسین کردووە، تا ساڵی مردنیشی (٣١) ساڵی تەمەنی بۆ شیعرو ئەدەب تەرخانکردووە، و لە کۆی ئەم ماوەیەش خاوەنی (٢٤) دیوانی چاپکراوە و لە دوای خۆشی (٥) دەستنوسی بەجێهێشتووە، واتە لەماوە (٣١) ساڵی تەمەنی شیعرییدا، (٢٩)دیوانی نوسیوەو (٢٤٠) خەڵاتی جۆراو جۆری وەرگرتوە، ئەمانەش گەواهیدەری قەڵەم بڕشتی و چالاکی و دڵسۆزی شاعیرمان پێدەڵێت.

لەسۆنگەی ئەو مێژووە پڕسەروەرییەی کە لەدوای خۆی جێیهێشتووە، توانیویەتی ببێتە یەکێک لەئەستێرە دیارەکانی شاعیرانی ژن لەکوردستاندا، لەگەڵ ئەمەشدا شاعیرێکە لەلایەک لەگەڵ موعاناتی گەلەکەی ژیاوەو قەڵەمەکەی لەگەڵ هەست و نەستی گەلەکەیدا بووە، لەلایەکی ترەوە خودی خۆشی ئەم هەنگاوەی، یەکێک بووە لەئامانجەکانی، بۆیە ئەو مەعاناتەی کە لە شیعرەکانیدا خستونیەتە ڕوو، ئەگەرچی هەندێک جار موعاناتی تاکێکن و بۆ خودی کەژاڵ نوسراون، بەڵام هەڵقوڵاوی ئازارەکانی کۆمەڵگەن و باس لەگرفتە سەرەکییەکانی ژیان دەکەن، بۆیە ئەم موعاناتانە لەسەرچاوەی هەست و نەستی ڕاستگۆیانەی کەژاڵ خانەوە هەڵقوڵاون، لەپێناو خستنەڕووی ئەم پەیامەش، زۆر جار شێوازی ڕەمزی ئاشکراو نائاشکراشی بەکارهێناوە.

شیعری دیوانەکانی شاعیر لەڕووی بابەتی بیری و نوێکردنەوەو نوێگەرییەوە، خاوەن ئاستێکی باشن و لەناو ئەمەشدا، ژن چەقی زۆر لەڕوداوەکانی ناو دیوانەکانیەتی و لەڕێگەی وێنەو زمانی شیعریی و خەیاڵی فراوان و شێوازێکی بەهێزەوە، چەند پەیامی مەبەستداری خۆی گەیاندووەو ویستویەتی لەڕێگەی ئەم پەیامانەوە، زۆر لەگرفت و کێشەکان هەم بناسێنێت، هەم چارەسەر بکات، هەر بۆیە لەناو تێکستەکانیدا گەشبینی و پۆزەتیڤ و ڕوانین بەشێوەیەکی تایبەت و دیاری هەیە، چونکە شاعیر مەبەستی بووە، ببێتە کارئەکتەرێکی گۆڕانکاری نێو کۆمەڵگە.

شاعیر لەدەقەکانیدا هەوڵیداوە لەزۆر پرس بدوێ و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، بە پلەی یەکەم پرسی ژن و نادادپەروەری و یەکسانی، دواتر لەمەسەلەی نەتەوەیی و نیشتیمانی و سیاسی و ویژدانییەکان دواوە، لەمەش گرنگتر لەسەرچاوەیەکی



سەرچاوە Serchawe

ڕاستگۆییەوە دەینوسێ، بۆیە هەستێکی سۆزداری زۆر لەشیعرەکانیدا پەنگی خواردۆتەوە، ئەمەش بەخوێندنەوەی شیعرەکانی زۆر بەڕوونی هەستپێدەکرێت، واتە هەست بەڕاستگۆیی شاعیر لەدەربڕینی هەست و گوزارشتەکانی دەکرێت، لەگەڵ ئەمەشدا لەقووڵایی ئەزموون و موعاناتی کەسی و گەلیەوە سەرچاوەی گرتووە، لەڕێگەی ئاستی ڕۆشنبیری و بەردەوام خوێنەری، ئەوەندەی تر ئەزموونی شیعر نوسینی دەوڵەمەند کردووە.

کەژاڵی شاعیر مەبەستی بووە لەڕێگەی دەقەکانییەوە، تەواوی جوانییەکانی ژیان بەخوێنەرەکانی بناسێنێت، بۆیە بەردەوام دەقەکانی بریتین لەخستنە ڕووی زۆر لەهەستە جوانەکان، لەپێناو گەیاندنی ئەم پەیامەش، خۆی بۆتە پاڵاوانی دەقەکانی و لەڕێگەی بەکارئەکتەرکردنی خۆیەوە، ئەم مەبەستەی دەخاتە ڕوو، بۆیە زۆر جار بە جێناوی (من) دەدوێت، تاوەکو لەڕێگەی خۆیەوە تۆ بناسێنێت و لەو سۆنگەوە کاریگەری لەسەر خوێنەر دروستبکات.

شاعیر لەدەقەکانیدا ئەوەمان پێدەڵێت، کە شیعری بریتی بوو لە بڵند گۆو سۆشیال میدیاو وێستگەی ڕاگەیاندنی ئازارو خەمی گەلەکەی بەشێوەی جیاواز، بۆیە هەندێ کات نائومێد و هەندێ کات خەمبار و هەندێ کات دواون لەگەڵ ڕۆح و هەندێ جاریش پێچەوانەی ئەمەیە، دەیەوێت بڵێت ئەمە واقیعی حاڵی تاکی کوردە و پێویستە لەم ڕوانگەیەوە کار بۆ چارەسەرکردن و ناسینی گرفتەکانی بکەین، واتە شاعیر چاوی شاعیری زۆر وردو وردبین بووەو توانیویەتی، دیوی دووەمی ڕووداوەکان ببینێت و بە ئێمەی بناسێنێت، هەر بۆیە لە دەقەکانیدا یەکگرتنێکی سەرنجڕاکێش لە نێوان خودی کەسی شاعیر و دەورووبەردا بەدیدەکرێت، تا دەگاتە ئاستی چڕبوونەوە لە نێوان خودی شاعیر و دەورووبەر.

هەربۆیە شاعیر باسکردن لە کایە جیاوازەکان، یەکێک بووە لە ئامانجەکانی شیعر نوسین، بۆیە لەناودەقەکەدا خۆشەویستی بووەتە هێزێکی بەهێزی هەژاندنی ناخەکان و نزیککردنەوەی تاکەکان، ئەمەش کاتێک دەردەکەوێت، خوێنەری شیعرەکانی کەژاڵ خان، شیعرەکانی بە مانای شیعریی بخوێنێتەوە، هەستدەکات لەناو دەقەکانیدا فەزایەکی جوانی و خۆشەویستی هەیە، بۆیە وا هەستدەکات لەبەردەم جوانترین باخەکانی عیشقدایە، ئەم عەشقەش فەنتازیایەکی ستاتیکی بەخشیوەتە دەقەکانی، هەموو ئەمانەش بە ڕەگەزە جیاوازەکانی دەقی شیعرییەوە بووە، واتە خاتوو کەژاڵ بەهۆی ئەو وێنەو خەیاڵ و...تاد کە لە شیعرەکانیدا هەن وایکردوە، خوێنەرانی نوقمی جوانی شیعریی بکات، بە شێوەیەک کەلەگەڵ جیهانی پڕ لە سادەیی و مرۆیی و هەست و نەستەکانیدا خۆی بگونجێنێت، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بەردەوام لەگەڵ دەروونی خەڵکیدا ژیاوەو ئامانجی سەرەکی ناسینی ناخی خەڵکی بووە، نەک هی خۆی، بەمانایەکی تر شیعر ئاوێنەمای ناخی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی بووەو بووەتە سەکۆیەک بۆ ناسینی ئازارەکان و بەرەنگاەی کێشەکان، هەربۆیە لەرێگەی وێنەو خەیاڵەوە گوزارشت لە دەروونی مرۆڤەکان دەکات، چونکە توانیویەتی بەشێوەیەکی ورد ئەو شتانەی

کەهەستی پێکردوون وێنەی بکێشن، هەر بۆیە لەگەڵ خوێندنەوەی شیعرەکانی راستەوخۆ هەست بە بوون و هێزی شوێن و کاتەکان دەکەیت، بەمانایەکی تر شیعرەکانی رەنگدانەوەی کۆمەڵگەن، لەگەڵ ئەمەشدا وەک شاعیرو ژن دڵ و دەرونی جیاوازترە، چونکە ناخی پڕیەتی لە خۆشەویستی بۆ مرۆڤ و ژیان و دەوروبەر....تاد.

کەژاڵ خان لەشیعرەکانی روانینی تایبەتی بۆ ژن و ژنبوون هەیەو مەبەستییەتی ژن وەک و کارئەکتەری سەرەکی ژیان بناسێنیت، هەر بۆیە کە شیعرەکانی دەیخوێنینەوە ویست و خواستی خۆیت بۆ دەردەکەوێت، کە ئەو مێینەیەو وێڵە بە دوای کێشەکانی کۆمەڵگەدا، هەر بۆیە ئامانجی نوسین لای کەژاڵ خان، ئامانجێکە بۆ ئامانجێکی گەورەتر، واتە کەژاڵ شاعیرێکە توانای ژنێتی تێدایە کەخەمەکانی بگۆڕیت بۆ تابلۆیەکی شیعری، لەم سۆنگەشەوە کەژاڵی شاعیر لە شیعرەکانی مێژووی وڵاتێک، چیرۆکی ملیۆنان دەنوسێتەوە، مەبەستییەتی خۆی وەک هەموان و وەک خۆی بناسێت، دواتر لەرێگەی ناسینی شوناسەوە، چارەسەری بنبڕ بۆ کێشەکان بخاتەروو.

لە کۆی ئەم روانین و ناسینەوە، دەتونم بڵێم کەژاڵی شاعیر زۆر بە پەرۆش بووە بۆ ژیان و خۆشەویستی و شیعر، بۆیە مەبەستییەتی دڵەکان پاککاتەوە و تییدا هاوکاری و خۆشەویستی بچێنیت، بۆیە کە شیعرەکانی کەژاڵ دەخوێنیتەوە، هەست بە شاعیرێکی عاشق دەکەیت، کە شەیدای ژیان و جوانی و عشقە.

### وێنەی ژن لەشیعری شاعیردا:

لەڕاستیدا دیاریکردنی وێنەی ژن لەشیعری کەژاڵ ئیبراهیم خدر دا، پێویستی بەخوێندنەوەیەکی ورد هەیە بۆ کۆی شعرەکانی شاعیر، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی کەتایبەتن بەژن، یان باس لەژن دەکەن، ئەم کارەش یەکەم هەنگاو نییە، چونکە هەرلەسەرەتای شیعری کلاسیکیەوە پێگەو وێنەی ژن بەشێکی دانەبڕوابوون لەدەقەکان.

بەگشتی ژن لە هیچ دەقێکدا ون نییە، یاخود نائامادەیی نییە، ئیتر دەقەکە دەقی پیرۆز بێت، یان ئەدەبی و یاسایی،... هتد، ئەم ئامادەبوونەش بەڵگەی رۆڵ و پێگەی ئەکتیڤی ژنە لەژیاندا، یاخود کاریگەری و کارلێکی و کارایی ژن لە بیر و هەستیاری مرۆڤ بەدرێژایی ژیان، بۆیە وەک ا- پەیوەندی بیۆلۆژی / لەش: ب- پەیوەندی واتایی، گیانی، واتە بەپێی ئەم دوو پەیوەندییە ڕادەی پەیوەندی و کاریگەری و کارلێکراوی ژن و پیاو پیشاندەدرێت، بەهۆی پەیوەندی ڕۆحی و جوانییەوە و لێرەوە وێنەی ژن ئاماژەو نیشانەو مەدلولی خۆی وەردەگرێت.

ئەو وێنـانەی کە کەژاڵ بەکاریهێنـاون، یـاخود شـاعیر مەبەسـتیەتی وێـنەی ژیـانی بخـاتەڕوو، وێـنەی ژیـانی هـاوچەرخی خۆیەتی، بەڵام بە سیماو تایبەتمەندی کۆنەوە، بەمانـایەکی تـر ئەگەر چی باسی ژنی تێدا دەکـات، بەڵام بـاس لەلایەنە نێگەتیڤەکـانی کـۆمەڵگەو ئەو مافخواردنـانەی ژن دەکـات، بەهـۆی ئەمەشـەوە هەسـتدەکەیت بـاس لەژنـی قـۆنـاغی ڕابـردوو دەکات، چونکە نابێت ژن لەم سەردەمەو لە پێشکەوتنە زانستی و ڕۆشنبیرییەدا بەوشێوازە بژێت، چونکە ژن بەسروشتی حاڵ بوونەوەرێکی جوانەو بەهێنـانە نـاو دەقیش، ئەوەنـدەی تـر هەم خـۆی و هەم دەقەکەش جوان دەکـات، هەربـۆیە ئەوکـاتەی وێنەی ژن و خۆشەویست، یـان وێـنەی ژن و دایک، واتە وێـنەی ژنـی ڕاستی لەگەڵ وێـنەی وێـنەی هیماییـدا تـێکەڵ دەبێت و وەسفێکی نوێی و وێنەیەکی دەرەکی نوێ نیشاندەدات.

شـاعیر پێیـوایە بە ئـازادکردنی جەسـتە و هەست، ژیـانێکی مۆدێرن و شارسـتانیەتی دێـتەدی، بـۆیە دەیەوێت ئەو هـۆگرەی جەستە لە ڕەگەزەوە بگوازێتەوە بۆمان و ئازادی تـاک، بەوەی جیهانی ناوەوەی ژن دەهێنێتە ناو ڕوداوەکان و دەیکـاتە سیماو ڕوخسارو بنەمای ژنیەتی ژن وەک مرۆڤ، نەک جەستە بریتیی بێت لەسیمای ناساندن.

بۆیە شـاعیر دەیەوێت دیـواری جیـاوازی و ململانێی نێـوان ژن و پیـاو نەهێڵێت و بیکـاتە ناوجیهـانێکی تەواوکەری یەکتری، لەگەڵ ئەمەشدا ژن لە شیعری شاعیردا ئامـادەبوونێکی زۆری هەیە بە تەواوی ئـاستەکانەوە، بـۆیە شـاعیر بەشێوەی جیـاواز وێنەی کێشاوە، وێنە ئەو شتەیە کە لەزەینی خوێنەردا بە وشە دروستدەکرێت، ئیـدی لەسیمای بیرەکـان بێت، یـان شـتەکان، یـان هەستەکان.

## ١- ژن وەک شاعیر:

لێـرەدا شـاعیر مەبەسـتێتی ژن وەک ژنێکـی شـاعیر بخـاتە ڕوو، بەڵام خسـتنە ڕووەکە بـریتیە لە ناسـاندنی نـاخ و ئەو موعاناتەی کەهەیەتـی، بە مانـایەکی تـر دەیەوێت بڵێت ژن لەجیهانێکدایە، هەر هەنگاوێک بنێت، یـان ڕوو لە هەرشتێک بکـات، پـێچەوانەکەی یـان بەرامبەرەکەی لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکـات، بەمانـایەکی تـر هەرکارێک بکـات کـارەکەی بەهەڵە دادەنرێت، یاخود بەردەوام بەرامبەر دژەکان بۆ کارە جوانەکانیش ناشرینت دەکەن، وەک دەڵێت:

شیعرێکم بۆ ئاسمان نوسی
زەوی خۆی لێرە توڕەکردم
شیعرێکم بۆ هەتاو نوسی

هەور خۆری لێ ون کردم
شیعرێکم بۆ باران نوسی
تەرزە بەردبارانی کردم
شیعرێکم بۆ نێرگز نوسی
دەمی درکێک پەنجەی گەستم
شیعرێک بۆ خۆشەویستەکەم
هاتن گۆڕیان بۆهەڵکەندم ... بەرگی یەکەم، ل ١١٥

کەواتە دەیەوێت بڵێت، بەردەوام ژن چ وەک ژن، چ وەک شاعیر مافخوراوەو بەردەوام بەرامبەر ڕووبەڕوی دەبێتەوەو ڕێگری کارەکانی، یاخود هەر کارێک دەکات، ڕێگرێکی وەک ڕەقیب بۆ دروست دەبێت، لەلایەک وەک فێرکردن، چونکە ئەم دەتوانێت بیکات و تێدەگات بەرامبەری ناتوانێت بیکات، چ وەک پرۆسەی ململانێیی دوو ڕەگەز، یاخود دەڵێت:

من و شاعیرێکی پیاو
دوو پارچە شیعرمان نوسی
ئەو شیعرێکی تەڕ بۆ کچێک
منیش کۆپلێیەک بۆ کوڕێک
کوڕەکە هۆنراوەکەی برد
بە هاوڕێکانی نیشاندا
هەموو کردیان بە گۆرانی
کچە خستیە کەنتۆرەکەی
توند کلیلی دا؟!... بەرگی یەکەم ل ١١٦

شاعیر دەیەوێت بڵێت ئەگەرچی پرۆسەی نوسین یەک کردارە، بەڵام بۆ نوسین جیاوازە و ئەوەی بۆ نێر لواوە، بۆچی بۆ مێ نەلواوە، بۆیە مێ ناتوانێ تەنانەت خواست و حەزەکانیشی ئاشکرابکات، بۆیە بەردەوام بەنهێنی دەیهێڵێتەوەو لەلاپەڕەی یادگاریدا هەڵیدەگرێ، ئەگەرچی کوڕەکە دەشێ وەک ئارایەتی و خۆهەڵکێشانیش ئەم کارەبکات بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا بۆ ئەو ئازایەتییە و بۆ مێ ئابڕوو چونە.

یاخود دەڵێت:

لێوەکانت سور سور بکە
بەوێنەی کەو
قژت زەردبکە وەکو تاڵەکانی هەتاو
پەرداخێکی شەراب لەسەر مێزەکەمان بنۆشە
ئەوسا دەڵێن
تۆ ئەو کیژۆڵە شاعیرەی
سەدان ساڵە بۆ شیعرو وشە دەسوتێ ... بەرگی یەکەم ل ١١٨

٢- ژن وەک دایک:

واتە ژن لەم جۆرەدا دەبێتە سەرچاوەی ئەم خۆشی و سۆزو هیواو... هتد، چونکە بەردەوام دایک بوەتە هێزی بەرەنگاری و بەردەوامی ژیان، لەپێناو رۆڵەکانیدا

وەک دەلێت:

دایکم رۆحی جۆگەیەکی تینووە
پولەکەی دەسماڵەکەی
بەئاوازێکی کۆترێکی رەنگی سپی دەخوێنێ
چریکەی هێشووە ترێی دڵی
لەنگەری جوانی رادەگرێ و
دەبێتە گوڵە ئەستێرەو جارجارەش بەنەغمەی
دڵێکی شێواو پێدەکەنێ.... بەرگی یەکەم ل ١٢١
یاخود دەلێ:
دایکم خۆی بروسکەی بەهارێکی گەشەو
سەری پرە لەباڵندەی کێوی و

چاوەکانی بۆ دنیای دوور دەڕوانن.... بەرگی یەکەم ل ١٢٢

کەواتە دایک لانکەی ئارامی خۆشیە، لەگەڵ ئەمەشدا ئامادەیە بەردەوام قوربانی بدات و خۆی بکاتە قوربانی خواستی رۆڵەکانی، بۆیە دایک ژیان و نیشتیمانە، هێزی ئارامی و خۆشبەختییە، جگەلەمەش دایک لەئایندەو ئاسۆی رۆڵەکانی دەڕوانێت، نەک لە ئێستای منالەکانی، بۆیە بەردەوام ئێستای خۆی دەکاتە قوربانی ئایندەی منداڵەکانی،ئیدی ئەم قوربانیدانەی چەندێک قورس بێت گرفتی نییەو ئامادەیە.

## ٣- ژن وەک ژن:

لەشیعری (بۆ دواهەناسەکانی ژنە سەر سپییەکە ) کە بۆ خوشکی کۆچکردوی نوسیوە، دەیەوێت لەڕێگەی سپی و وێنەی ژنێکی بەتەمەن و سەرسپی خاسیەتی دایکێک، یان ژنێک بخاتەڕوو،

وەک دەڵێت:

وەک بەفر کاکۆڵی سپیت باراندە
نێو دنیا بچکۆلەکەی تابوتەوە
گۆڕێکت پڕکرد لەنوری سپی لەمیهری سپی ... بەرگی سێیەم ل ١٧٠

کەواتە دەیەوێت لەڕێگەی کۆمەڵێک خاسیەتی خوشکەکەی وەک ژن بخاتەڕوو، کە بریتییە لە ئارامی و خۆشەویستی و میهرەبانی، ئەم خاسیتانەش لەڕاستیدا بریتین لە بوونی ژن و خودی ژن لەمانە پێکهاتووە، بۆیە لەڕێگەی ئەم خاسیەتانەوە هانا بۆ دەقئاوێزانی ئاینی دەبات، تاوەکو لەڕێگەی ئاینەوە ئەم رۆڵ و گرنگیەی ژن پیشانبدات،

وەک دەڵێت:

بەهەشتێکی بچوکی خستە ژێر پێت... بەرگی سێیەم ل ١٧٠

یاخود دەڵێت:



سەرچاوە Serchawe

ئەی ژنە سەرسپییەکە

وەک بەفر

قژە سپییەکانت کۆبکەرەوە و

وەک نور

بەسەر شەقامە جەنجاڵەکان

ببەخشیەوە

وەک کۆتر بەدەنووک هەناسەکانی

ژیان هەڵگرەو

بیخە بەردەم کاردانی ژینەوە... ل ١٧٠

کەواتە ژن ئەو کەسەیە کە لە ڕێگەی هەندێ تایبەتمەندی و قوربانیدانی خودی خۆی بۆ بەرامبەرەکانی مێژوو ژیانی خۆی دەنوسێتەوە و دەیەوێت لەڕێگەی ئەو ئەرکەی کە لەسەر شانیەتی، ژیان جوانتر بکات و نەوەیەک و ژیانێکی جیاوازتر لەڕابردوو بهێنێتەوە ئاراوە.

### ٤- ژن وەک عاشق:

مەبەست لەوەیە کە ژن وەک کەسێکی عاشق دەردەکەوێت و عەشق دەبێتە ناسنامەو هێمای دیاری ژن، وەک دەڵێت:

منی عاشق دەمەوێت تامی باران و

گژوگیا سەوزی بەهارو

دڵداری تارمای شەو بکەم

منی عاشق دەمەوێت

بۆنی ئازارو مەستی شەو

گیانەڵای وەرزی پایز بکەم... بەرگی دووەم ل ٦٥

عاشق بوون ئەو پەیوەستبونە رۆحیەیە، کە لەگەڵ بەرامبەر یان ئەوشتەی خۆش دەوێ و ئاواتەخوازێتی دروستببێت، بۆیە عاشق بەردەوام لەگەڵ باران و سەوزەگیاو ئەوساتە خۆشانەیە، کە لەگەڵ بوون دەژێت.

### ٥- ژن وەک مەزڵوم:

مەبەست لەوەیە کە وەک زوڵمێکی زۆر لەسەر ژن کراوە و ژنیان بەکەم زانییوە، یان مافیان پێشێلکردووە، واتە بەهۆی ئەو زوڵمەو مافخواردنەی بووەتە کەسێکی مەزڵوم و لەم ڕێگەوە وێنەکەیان پێدەناسێنیت،

وەک دەڵێت:

ئازادییان کردە تفەنگ
چی باڵندەی ڕوناکی بوو
هەموویان کوشت
ژنیان کردە بووکە شوشەو
لەسەر خوانی مێزەکاندا سەمایان کرد... بەرگی دووەم ل ١٢٦

یاخود دەڵێت:

هەشتی مارس
تەمێکی ناوەختی نیگەرانیەو
بۆ من یەک ڕۆژ و ساڵ نییە
یەک وشەو یەک کتێب و
یەک فەرهەنگیش نییە..... بەرگی دووەم ل ١٨٠

یان:

مێیەکی ئازاو بەجەرگ
لەناو زیندانی دڵڕەقی
دەپاڕایەوە فێری یەک و دووی بکەن

کە فێربوو

بە حونجە دینوسی

لەیەکەم و دوا رستەی خۆیدا

رۆژێک دێت خواش ئاوڕێک لە ئێمەش بداتەوە... بەرگی دووەم ل ٢٥٠

هەشتی مارس یادی ژنە، خودی یادەکەش ئاماژەیە بۆ ئەو زوڵمەو ستەمەی کە لە ڕبردوودا بەرامبەر ژنان کراوەو مافیان خواردوون، بۆیە ژن تەنها بریتی نییە لە مرۆڤێکی ئاسایی، بەڵکو کارەکتەرێکی سەرەکی و پێکهاتەیەکی گرنگی ژیانەو دەبێت لەم سۆنگەوە لێی بڕوانین، بۆیە خودی ژنان خۆیان سووربون لەسەر ئەوەی، ئەو کارانەی پیاوان دەیکەن، نەک ژنیش دەتوانێت بیکات، بەڵکو کردویەتی.

### ٦- ژن وەک هیوا:

مەبەست لەوەیە ژن دەبێتە هۆکارێک بۆ ئارامی و ئاشتی و گەشانەوەی هیواو ئومێدەکان، بۆیە لێرەوە ژن هێزێکی کاریگەری ژیانە،

وەک دەڵێت:

من نازانم فریشتە بووی

یاگوڵێکی باخچەی ئاشتی

بووی بە پۆلی ئەستێرەی گەش

بوویتە پەڵەی هەوری سپی و

لەسەر خونچەی گوڵی لێوم

بەئەسپایی دادەنیشتی... بەرگی دووەم ل ١٤٢

### ٧- ژن وەک ژن:

ئەو وێنانەن کەوەک ژن وەک ژن و ڕۆڵێکی وەک کارئەکتەری ژن پیشاندەدات،

وەک دەڵێت:

ئەی شۆڕە ژنە شۆخەکە
ئەو ساتانەی وەکو حەوا
بەددەم خواردنی سێوێکەوە
ڕووت و قوتی
چاوم ئەبێتە وەرزی باران و
دوو باڵندەی سپی دەبینیم لەناو سنگتا... بەرگی دووەم ل ١٨٤

یان دەڵێ:

ژنێ بەوهەموو جوانیەوە
بەو هەموو ناسکی و عەشقەوە
چرای پەنجەکانی دائەگیرسێ... ل ١٨٥

ژن وەک ژن بریتییە لە جوانی و ناسکی و ئارامی و ئەو حەوانەوە دەرونیەی، کەبەردەوام مرۆڤ پێویستی پییەتی و لەڕێگەی ئەم جیهانە ناسک و جوانەوە، حەوانەوە و ئارامی وەردەگیرێت، بۆیە لەگەڵ ئەوەی زوڵمی بەرامبەر دەکرێت، بەڵام لەڕێگەی ئەم خاسیەتانەوە، ڕاگری باڵانسی ژیانە.

**٨- ژن وەک خەمبار:**

شعری (ئەو ژنە لەچی دەچێ ) شیعرێکی دورو درێژترە و تایبەتیکردووە بە ژن و تێیدا چەند خاسیەتێکی ژنی خستۆتە ڕوو، بە مانایەکی تر ژن لەگەڵ ئەوەی خاوەنی جوانی و ئارامی و پاکییە، بەڵام جیهانێکیان بۆ خوڵقاندووە، بۆیە بەردەوام خەمگینەو جیهان ناخی، جیهانێکی خەماوییە

وەک دەڵێت:

ئەو ژنە لە بووکەشوشەیەک دەچێ

لەبوکێکی کراس سپی

شیرزە وەک سێبەر

باریکە وەکو رێواس

رەشتاڵە وەک میخەک

غەمگین وەک وەرزی

بارانی کۆچکردوو... بەرگی دووەم ل ٢٣٩

هەروەها دەڵێ:

ئەو ژنە لەتەمێک دەچێ

تەمی بەفری ئێوارانی زستان

لەسەکۆیەکی بێدەنگ

لەشمشاڵی پەنجەی مۆسیقارێک... بەرگی دوەم ل ٢٣٩

یاخود دەڵێت:

ئەو ژنە لەشەقام دەچێ

لەشەقامێکی گەرمی هاوین

لەدارستانێکی وشکی بێ ئاو

کەباڵندە ناتوانێ هیلانەی تێدا بکا... بەرگی دوەم ل ٢٤٠

ئەگەر چی ئەم دەقە لە (٨) دیمەنی جیاواز پێکهاتووە، بەڵام هۆی دیمەنەکانی بریتین لە ناساندنی تەواوی وێنەو دیمەنە خەماوییەکانی ژن کە بەهۆکارێکی جیاواز بەردەوام داوایلێدەکەن، ببنە هۆکارێکی سەرەکی تێکدانی ژیان و خۆشییەکانی وەک دەڵێت:

ئە ژنە خۆی

شعرێکی ڕەنگاو ڕەنگە

وشەکانی کێڵگەیەکە
نەغمەی ژانێکی ناوەخت
بەسەر لێوتەوە دەربارەی
لە پڕیکدا خۆی وندەکا و
وێنەکانی لەباوەش دەگرێ
هەموو ڕۆژێ هەموو ساتێ
ئەمرێ و زیندوو دەبێتەوە... بەرگی دووەم ل ٢٤٢

یاخود دەڵێ:

ئەو ژنە
ڕەنگ و ڕووی دەم و چاوی
هەوری هەژارێکی تێدایەو
زەردەخەنەیەکی ژاکاو میوانیەتی
جوتێ باڵندەی فرمێسک و
پۆلێ هەناسەی زەرد
دەبێتە هاودەنگ و هاودەمی ... بەرگی دووەم ل ٢٤٣

### ٩- ژن وەک خەباتگێڕ:

باسکردنە لەو ژنانەی کەلەپێناو نەتەوەو نیشتیماندا، ئامادەی هەموو شتێکن و هەر لەسەرتاشەوە بڕیاریانداوە، کە دەبێت بژین بۆ نیشتیمان و لەگەڵ هەموو تاوان و زوڵمەکاندا، ئەوەندەی تر سورترو هەڵوێستیان بەهێزتر بێت،

وەک دەڵێت:

ئەو ژن بوو،
پێش ئەنفال لەناوگیرفانی خۆیدا

بەردێکی گوندەکەی هەڵگرت
لەسەری نووسی، ئەی بەرد تۆ جەستەت چەند ڕەقەو
منیش دڵم
عەرعەریش ناتوانێ نیشتیمانم بیرباتەوە... بەرگی دووەم ل ٢٤٩

**١٠- موعاناتی ژن:**

مەبەست لە خستنەڕوو، یان ناساندنی ئەو زوڵم و ئازارانەیە کەبەسەر ژندا هاتووە،

**وەک دەڵێت:**

کەنیشکێکی ڕەشپۆش هەبوو
پەڕی سیگارێکی لەدایکی دزی
بە پەنجە خوێناویەکانی نوسی
سەرکردەکان دەتوانن نیشتیمان
داگیربکەن
بەڵام ئەی چی لەدڵی ئێمە دەکەن... بەرگی دووەم ل ٢٥٠

**یاخود دەڵێ:**

مێیەکی ئازاد بەجەرگ
لەناوزیندانی دڵڕەقی
دەپاڕایەوە فێری یەک و دووی کەن
کەفێربوو
بەحونچە دەینووسی
لەیەکەم و دوا ڕستەی خۆمدا
ڕۆژێک دێت، خوا ئاوڕێک لەئێمەش

بداتەوە... بەرگی دووەم ل ٢٥٠

### ١١- ژن وەک ڕەخنە:

مەبەست لەو ژنانەیە کەدەتوانن بەرامبەر مافخواردن و زوڵمگێکردنیان، ڕەخنەو گلەیی خۆیان بەبێ ترس لە کات و شوێن و چۆنیەتییەکان دەخەڕوو،

وەک دەڵێت:

شێرە کیژێک
بەدەم زریکەو دوعاوە
کەهێشتاش بۆنی کفری لێدەهات
لەناو هەوایەکی تەڵخی بیاباندا
بەپەنجەی شایەتمان دەینوسی
خودایە ئیماندارەکان دەبینی ....ل ٢٥١

واتە دەیەوێت بڵێت خوایە کۆمەڵێک بە ناوی ئاینەوە، ئێمەی بێتاوان قەتلوعام دەکەن و ئاماژەکردنیش بۆ پەنجەی شایەتومان و نوسین لەو کاتەدا، واتە شایەتی زوڵم و نادادی مرۆڤ و ڕێگەکان.

### ١٢- ژن وەک هێمای بەهێزی و خاوەن هەڵوێست:

مەبەست لەوەیە کە کۆمەڵگە کۆمەڵێک شتی بۆ ژن دروستدەکات تالێیان بترسێ، واتە بەکۆمەڵێک شتی زۆر لاوەکی دەیترسێنن تادەستەمۆی بکەن، ئەگەر نا ژن زۆر لەوە بەهێزترە، کە ئەوشتانە کاریگەری لەسەر دروست بکەن،

وەک دەڵێت:

مێرد مناڵێکی کچە ڕەشپۆش

تا لەماڵ بوو لەخەتەنەش دەترسا
کەچی لەناو زیندانی تۆقیندا
دەستیان دەبڕی و ئەو پێدەکەنی .... ل ٢٥١

**١٣- ژن وەک قوربانیدەر:**

مەبەست لەخستنە ڕووی ئەو دیمەنانەیە، کە ژنان لەپێناو دۆزێکی ڕەوادا قوربانیان بۆ داوە و بەشداربوون لە تۆمارکردنی مێژوویەک، کە نەتەوەیەک شانازی پێوەدەکەن،

**وەک دەڵێت:**

ئەو ژنێکی گەرمیانی بوو
ئازار لە پشکۆوە کردیە خۆڵەمێش
لەگزنگەوە کردیە زەردەپەڕ
سترانێکی نەبیستراو بوو
لەناو گەردی بیابانێکی تورەدا
سەمایەک بوو
لەسەر دوو قاچی شەکەت وەستابوو
کەچی هێشتاش دەیوت
من شۆڕە ژنم... بەرگی دووەم ل ٢٥٢

**یاخود دەڵێت:**

ئەو کەنیشکەی من بینیم
شانۆیەکی بێکۆتایی و
وەرزی یەکەمی ڕۆمانێکی درێژ بوو
کە پاڵەوانەکەشی مرد

کەچی ئێستاش لەناو دڵی ئێمەو

لەسەر خاکی بیابانی بێ ویژدان

زیندووماوە... بەرگی دووەم ل ٢٠٣

**١٤- ژن وەک ناسنامەو هێزی ژیان:**

مەبەست لەناساندنی ئەو هێزی بەرەنگارییەی ژنە، کە لە ناخی ژندا هەیەو لەبنچینەدا خۆی ڕووی نایەت بیخاتەڕوو، لە پێناو بەرامبەردا، بەڵام ئەگەر پێویست بکات، ئەوا خاوەن هێزو ئیرادەیەکی بەهێزە،

**وەک دەڵێت:**

ئەو کچۆڵەیەی لەگوندەکەی شەرم خواردی

لەزینداندا بووبە شێر

بووبە ژنێک

پیاوەکانیش لێی دەترسان

چونکە شۆڕەژنی گەرمیان بوو... بەرگی دووەم ل ٢٥٤

**ئەنجام:**

لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەوەی:

١- ژن جیهانێکی ئاڵۆزەو لەم جیهانەشدا چەندین شتی ئاڵۆزو جوان هەن وێنەی ژن دەنەخشن.

٢- ژن خاوەن وتەو دەستەواژەی ژنانەی خۆیەتی.

٣- ئەو وێنانەی شاعیر خستونیەتەروو، هەمویان هەڵقولاوی واقیعی کۆمەڵگەن.

٤- ژن بەش و پێکهاتەیەکی گرنگ و سەرەکی رووداو و هەنگاونانەکانە.

٥- وێنەی ژن بریتییە لە وێنەی زیندویەتی کۆمەڵگە و رۆڵی ژن لە ژیاندا.

**پەراوێزەکان:**

* محمد بنيس، الشعر العربی الحديث، دار توبقال، الدار البيضاء، ط ٣، ٢٠٠١، ص ٩٨



سەرچاوە Serchawe

* احسان عباس، فن الشعری، دار الثقافة ، بیروت، ط ٣، ١٩٩٥، ص ٢٣٠
* جابر عصفور، الصورة الفنية فی التراث النقدی و البلاغی، دار المعارف، مصر، ١٩٨٠، ص ١٦٤
* نادر احمد عبدالخالق، الصورة والقصه البحث فی الارکان و العلاقات، دار العلم، ط ١، ٢٠٠٨، ص ٧٩
* خطاب نقد الشعر، عزدين مناصره، ص ٩٨
* لويس س دی، صورة شعرية ، ت: احمد نصيف الجنابی، مؤسسة الخليج، كويت، ١٩٨٢، ص ٢١
* نصرت عبدالرحمن، من النقد الحديث، مكتب الاقصی، ١٩٧٩، ص ١٩٧
* جاحظ، الحيوان ص١٣٢.
* جرجانی، دلائل الاحجاز، ص ٥٠٧
* رابح بوحوش ، السابيات و تطبيقاتها على خطاب الشعرى ، دار علوم ، ٢٠٠٦ ،ص١٥٢
* ابراهيم رومانی، الخموض فی الشعر العربی الحديث، دار هومه، الجزائر، ٢٠٠٣، ص ٣١٣
* فاطمة صغير، ساليب البيان فی الشعر السنوی القديم،٢٠١٢، رسالة دكتورا، جامعه ابی بكر تلميسان، الجزائر، ص ٢٣٥
* وجدان الضايع، الاستمارات فی الشعر العربی، الحديث، مؤسسة العربية ، بيروت، ١٩٥٢ ص ٢٩
* د. لوقمان رەئوف، دەقی شیعری کوردی لەروقنگەی سیمیۆلۆژییەوە، ٢٠١٤، ل ٢٧١
* (لوقمان رەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، دەزگای سەردەم، ٢٠٠٩، ل ٩٧


سەرچاوەکان:

کوردییەکان:

١- د. لوقمان رەئوف، دەقی شیعری کوردی لەروقنگەی سیمیۆلۆژییەوە، ٢٠١٤
٢- لوقمان رەئوف، بنەماکانی مۆدێرنە لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، دەزگای سەردەم، ٢٠٠٩

عەرەبییەکان:

* ابراهيم رومانی، الخموض فی الشعر العربی الحديث، دار هومه، الجزائر، ٢٠٠٣
* احسان عباس، فن الشعری، دار الثقافة ، بيروت، ط ٣، ١٩٩٥
* جابر عصفور، الصورة الفنية فی التراث النقدی و البلاغی، دار المعارف، مصر، ١٩٨٠
* جاحظ، تحقيق: عبد السلام هارون، الحيوان، الناشر: مصطفى البابي الحلبي، ١٩٦٥
* جرجانی، دلائل الاحجاز، مكتبة الخانجي - مطبعة المدني، ٢٠٠٨




سەرچاوە Serchawe

* رابح بوحوش، السابيات و تطبيقاتها على خطاب الشعرى، دار علوم، ٢٠٠٦
* فاطمة صغير، ساليب البيان فى الشعر السنوى القديم،٢٠١٢، رسالة دكتورا، جامعه ابى بكر تلميسان، الجزائر
* لويس س دى، صورة شعرية ، ت: احمد نصيف الجنابى، مؤسسة الخليج، كويت، ١٩٨٢
* محمد بنيس، الشعر العربى الحديث، دار توبقال، الدار البيضاء، ط ٣، ٢٠٠١
* نادر احمد عبدالخالق، الصورة والقصه البحث فى الاركان و العلاقات، دار العلم، ط ١، ٢٠٠٨
* نصرت عبدالرحمن، من النقد الحديث، مكتب الاقصى، ١٩٧٩
* وجدان الضايع، الاستمارات فى الشعر العربى، الحديث، مؤسسة العربية ، بيروت، ١٩٥٢


سەرچاوە: سایتی هەولێر - ڕێکەوتی: ١٢ی جوونی ٢٠١٩

---------------------------------------

## رەخنەیەکی شیکاریيانه

## بۆ چامەی وەرزی پێنجەمی خۆشەویستیی

### کەژاڵ ئیبراهیم خدری شاعیری کورد.




موهەنەد تالیب (عێراق)

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدولکەریم


سەرباسی چامەکە خۆی لەخۆیدا چامەیەیەکی گرنگە، چونکە لەنێوان چوار وەرزدا وەرزی پێنجەم نیە، بەڵام خۆشەویستی لەهزری کەژاڵی شاعیردا وادەکات کە وەرزی پێنجەم هەبێت ئەوەی خۆشەویستی دروستی کردووە و، چووەتە نێو وردەکاریی

ژیانیەوە. چونکە ئەو لەوەتی لەدایک بووە ئەو تـاوە دەژی کەتێدایە. بەهەموو واتـایەکی وەرزی پێنجەم لەخۆشەویستی و هەسـت و سـۆزەوە سـەرچاوەدەگرێت، ئەمەش وایکـردووەبەدوای هەر وشـەیەکی نوێـدا بـگەڕێ، و لەرێـگەی ئەوەوە ئەوەی لەدڵیدایە هەڵدەچێ وە هەست و نەستی بە شێوەیەکی قووڵ دەردەبڕێ.

کەژاڵـی شـاعیر توانیـویەتی بەو دەربـڕینە تیـژەی لەهەستەکانیدا هەیەتـی شمشـێر ی بـازنەیی لەگەڵ زمانـدا بکـات و، کاتێکیش ئەوەی دەیویست بیڵێت ووتی"سەرکەوتنی بەچاوی خۆی بینی و بەبالاترین و قوڵترین ووشە گەیشت.

ئەم شاعیرە هەست ناسکە، لەکاتێکدا یاری بەپیت دەکردو خۆی هەڵدایە سەر پشتی، بۆئەوەی بە فراوانی بەنێو هەڵگوتن و، پێدا هەڵدان و، گۆرانی و سەما، بەنێو دووتوێی دێڕەکانیدا گوزەربکات، تا وەرزی پێنجەمی عەشقمان پێشکەش بکات. چونکە لەم وەرزەدا جوانترین ئەو شتانەی کۆکردونەتەوە کەلە وەرزەکانی دیکەدا هەن بۆئەوەی وەرزەکەی ئەو جوانترین و نایابترین بێت لەو عەشقە پڕ سەروەرییەی کە بەخۆی بەخشیووە. ئەوەتا کەژاڵی شاعیر لەم کۆپلە شیعرەدا دەڵێت:

من پیرنابم<br>
هەر بەگەنجی دەمێنمەوە<br>
چونکە خوێنت<br>
لە لاشەمدا قوڵپ دەدا<br>
تەمەنم بەناو شیعرو<br>
ماچی لێوت و،شنەی هەناسەت<br>
گوزەر دەکا

کەژاڵ ژنێکی راستگۆیە هەر شیعرێک کە نوسیویەتی لە رۆحیەوە هەڵقووڵاوە بـۆیە کـاریگەری ئەم وەرزە بە خۆشەویسـتی دەچنێتەوەو دەڵێت "خۆشەویستی تۆ وایلێکردم لەژیانمدا بمێنمەوەو، قۆنـاغی گەنجی تـێ نەپەڕێنم نەپێش دەکەوم نەدواش دەکەوم. هەر بـۆئەوەی ئەو ئەڤینـەی تـۆ دامدەپۆشـێ ،تـاکوو بەنێـو لەش و بیـرو هەسـت و نەسـتمدا دەڕوات. ئـاخر ئەمە ئەوینێکی شێتانەیە کە وای لێ بکات هەر بەو گەنجیە وە هۆگر بێت، کەلای خۆمەوە هەرگیز هەست بە پێش کەوتنی تەمەن نەکەم لە مەگەر ئەو گیـانی منـداڵییە نەبـێ کە لەناخمـدا وەگ گوڵێـک گـڕی گرتـووە، کەتـازە پشـکوتووەو، بەو هەمـوو گەشانەوەویە جوانی خۆی لەدەست نەداوەو وەکوو شنەی با هەڵمژێ، چونکە وادەزانێت ئەو ئەوینـە رۆژی لە دایک بـوونیەتی و وەکوو مێژوویەک وێنای دەکات تاکوو لەرێڕەوی ژیاندا تۆماری بکات.



سەرچاوە
Serchawe

من تەنها چوار وەرزم هەبوو
تۆ وەرزێکی ترت دامێ
ناوم لێنا وەرزی پێنجەم
من خۆشەویستیم نەناسی بوو
عشقت ژیانی پێبەخشیم
بوو بەشیعرو، بوو بەماچ و، بوو بەهاودەم

ئەو هەستە جوانەی کەژاڵ پێناسەی دەکات وەکوو پێناسەیەک کە لەسەر جەستەی دانراون وەک خوێنێکی گەشیان لێهاتووە و، بەنێو دەمارەوخوێنبەرو خوێنهێنەرەکانیدا دەگەڕێن. وە هەرەتی لاوی بەعەشقەکەی دەبەخشن و هەر دەڵێی سەرچاوەی کانی و کارێز دەتەقن. بۆئەوەی بێنە سەر رووی زەوی و هەوا هەڵمژن. کەئەمە وەکوو تۆف و زریانێک وایە کە دەیەوێت هێور نەبێتەوە تاکوو وای لێ بکات چۆرواگەی شیعر هەڵمژێت و بە هەناسەکانی درەختی باڵای گۆشکراو بێت. چونکە ئەم چامەیە وزە بەخشە بۆنێو دڵ و دەرونی و، ماچەکانیش دەیکەن بە مێینەکەی"ڤینۆس"ی خۆشەویستی و، ئەوین. تاکوو بە تەمەنیدا تێ دەپەڕێ،

کەژاڵ دەزانێت هەر عەشقەخۆشەویستی دەچنێتەوەو، سروشتی شیعرو نوسین دەکاتە گوڵێکی رازاوە. کەتوانی بەخشینی هەیە و هەموو هاوکێشەکانی عەشق بە پاکیزەیی تێکەڵ بەیەک دەبن.

باڵای هەموو چیاکانت بۆ دەتاشم
پەیکەرێکت لەرۆحی خۆم بۆ دروست دەکەم
کە جێ شوێنی، ماچی من و، گوڵی من و، لێوی من بێ
بەتریفەی مانگ ناوەکەتی لەسەر دەنوسم
خوێنی جەستەی لاشەی من بێ.

کەژاڵ پەرچەمی شیعرەکانی وەک ئاوێنەیەک نیشان دەدات ،هەواڵ دەدات کە "شاخ "کەژ" کەژێکی دیکە پاڵپشتی بکات و کەژەکان هەر چوار ساڵە کە پشتوانی بکەن... و هەموو وەرزێک خۆشییەکی بداتێ، چونکە خۆی بە گەورەی "وەرزان و میری" کیژان دەزانێت وە بۆتە خۆراکی شیعرو سروشت و پیتی و سازگاری ئەو، وە بەهەشتیش بەنازی بریسکەوە هەستی پێ بکات بۆیە ئەم شیعرەی ناوم ناو ناوە وەرزی پێنجەمی خۆشەویستی، لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کەژاڵی شاعیر دەیەوێت



سەرچاوە
Serchawe

وەرگریش "گوێگریش" لەگەڵ خۆی بیەرێنێتەوە بۆ مێرگێکی گەورەی خۆی، کە پڕ بێت لەعەشق و، گۆرانی و، مۆسیقا، ئەوەی لەناخیدایە بەختیارو شادومانی بکات و، دەیەوێت بۆچوونێک لەهەستیدا بفرێنێ، کە زۆر بەوردی وەک مێینەیەکی سەوداو ئاشق پەیامەکەی خۆی بگەینێ. بۆیە کەژاڵ جوانی عەشق لە شیعرەکانیدا دەدۆزێتەوە کە بەزیندوویی دەیانووسێ و دڵی لێ دەدات، تاکوو پڕابێت لە خۆشەویستی ژیان.

من بەتەنها
لەناوتۆدا بینین و تەماشام هەیە
بۆیە سەر بەرەو خوار، بکەومەوە خوارێ
یا سەرکەوم، نائومێدی یەخەم بگرێ
یا پێبکەنم
هەر لەسەر لێوی ماچی تۆ
چرای عەشقم دادەگیرسێ
ماچت دەکەم لە قژتەوە هەتا بەرپێ؟

شاعیر زۆر راشکاوانە لێرەدا ئەوەی لەتوانایدا بێت دەیبەخشێت ،تەنانەت ئەو خەیاڵەی کە لە مێشکیدایە،پرشنگ دەدات و جوانترین و، بالاترین و، خۆشترین ووشەی لێ دروست دەکات.وە بەخشینێکی رازاوە لەسەر دەفرێکی زێڕ پێشکەشی خۆشەویستەکەی دەکات کە بی هاوتا بێت. تاکوو رادەی مەستی وە دەیەوێت گوزارشت، لە هۆگری و، عشق و تواوە نەوە بکات وەجوانترین هەست و سۆزەکانی خۆی دەبینێ. وە دڵی بەچەند وشەیەک ئاو ناخواتەوە تاکوو جوانترینیان هەڵبژێرێت، بەڵکوو دەیەوێت لەو بەخشندەیەدا دانسقە بێت و، کەسی دیکە بەو نەچێت.

کەژاڵ "مانگ و زەوی" وەک تابلۆیەک دەبینێ، کە وێنەی مەستەکانی لەسەریان بکیشێ تاکوو دڵدارەکەی بکات بە پەیکەرێک هەموو جیهان بیبینێ، وە بە پیرۆزیەک لە رۆحیدا بیهێڵێتەوە.

من هەر ماچم نەناسی بوو
کاتێ بە رەنگی خۆڵەمێشی
لێوت کردم بە باڵندە
لەنێو سۆزی باوەشی تۆدا



سەرچاوە Serchawe

بووم بە گوڵێکی پەڕاگەندە

کەژاڵی شاعیر لێرەدا زۆرترین خۆشی خۆی لە تەماشاکردنی عاشقەکەی دەبینێ، ئەو بە کرۆک و گەوهەری جوانی دەبینێ، وە لەناخی خۆیدا بەدوایدا دەگەڕێ.

کەژاڵ رەهەندی دژ بەیەک لەوەسفی هەستە شیعرەکەیدا دەبەخشێت. هەر چەندە چەمکەکان بگۆڕێت ئەو درک بەوە دەکات کەجوانتر و، باڵاتر خۆی بدرەوشێنێتەوە،و داوکارە جیاوازیی هەستەکانی لەگەڵ نەستەکانی رێگەیان لێ ناگرێت.

کەژاڵ مێینەیەکی تەواو پێ گەیشتوو، وەرزگار بووی کۆنترین زەمانی ژنانەو، ئەو لە پانتایەکانی شیعردا کلپەدەکات و سووتاوییەکانی وەک ئاگر گڕدەگرن، هەست دەکات ئەوەی دەیڵێت شادومانیە کەبەعاشقان بەیەک دەگەیێنێ، ئەو راموسانەن کە وەئەو راموسانانە دەرگایەکی دڵسۆزانەیە لای ئەو، بۆیە ئەو دەرگایە جوانترین چێژیان لێ وەردەگرێ، تەنانەت پیتی ووشەکانی لە ویژدانیدا چەکەرە دەکەن و کرژ دەوەستن. ئەو دەیەوێت لەمووی سەریەوە تا پاژنەی پێی ماچ بکات. وەکوو خوانێک تینوو یەتی و، برسیەتی لێ بشکێت. هەرچەندە ماچی بکات و دەست لەملی بکات لێی تێرنابێ. کە ئەمەچڵە پۆپەی خۆشەویستیەکی زۆر گەورەو قووڵە؟

کەژاڵی شاعیر ئازادانە بیرلە درکاندن و، گەوەیەکی داخراو، یان بازنەیەکی گاڵەدراو رێی لێ ناگرن. ئەوینەکەی وەک ئاسماندا لەشەقەی باڵ بدات وایە شێوازی شیعرەکەی زۆر راشکاوانە و زمان پاراوانە و ئازادانە نووسیویەتی" کە دەگمەنە لە چامەی شاعیرە ژنەکانی دیکەدا بینیومە".

کەژاڵ زۆر لەوە زیاترە کە تەنها شاعیر بێت، دەیەوێت دەربڕین بگۆڕێت و، ژن لەکۆت و پێوەندی شەرم لە شیعردا رزگار بکات چونکە شیعر پیرۆزیی خۆی هەیە کە نایەوێت ببێت بە زیندانیی درکاندن و گێڕانەوە" کەژاڵ بە کۆترێک دەچێت کە دەیەوێت ژنان لە قەفەس بێنە دەرێ.

بەرۆژ دەستمان
لەناو گوڵ و، تیشکی خۆردایە
کەشەو دادێ پەنجەکانمان
ئاوێزانی کەمەرو، باوەشی یەکتر دەبن



سەرچاوە
Serchawe

بۆیە هەمیشە
شیعرەکانم، لەشەودا لەدایک دەبن؟

لێرەدا شاعیر هۆکاری عەشقی ئەو ماچەمان دەخاتە بەردەم، ئەو ماچەی شۆڕشی ئەڤین هۆگری مێینەیەکە، پڕە لە عەشق و هەست و نەسیتی هەڵچووی تێدا تەقاندۆتەوە، ئەو ماچە وەکوو رۆژهەڵهاتن بووە بەبەیانیەکی قەشەنگ بەسەر ژیانداو ئەو خۆشەویستەییەی گریانی لەگیانی ئەودا رووناک کردەوە؟؟ ئەو ئەڤینیە کە هەموو گیانی دادەگرێ،.. ئای ئەوە چ ماچێکە کە شادمانی و بریسکە و بەخشندەییەکی زۆری لە دڵشادیی لەهەستی ئەودا بۆ ژیان هێنایەوە.

ئەفسانەی ئەوینداریی هەموو عاشقان بە یەکەم ماچ دەست پێدەکات.

کەژاڵی شاعیر خۆی لە بەرامبەر کەشکەلانێکی زۆر گەورەدا بینی کە دەتوانێ وەک باڵندەیەک تێیدا لە شەقەی باڵ بدات و ئەو ماچە جوانە، ئەوەندە گەورەو بەهێزو توند بوو بەرادەیەک وەک باڵندەیەکی خۆڵەمێشی وەسفی کردووە، چونکە تێکەڵ بوونی لێوەکان بەیەک گەیشتنێکی گەورەیە.کەپێم وایە ماچێکی خاوێن بووە، وەکاتێکی زۆری بۆ شیرین و باڵادەست لەملانێ ویستووە. ئەو رامووسانە سەرەڕای جوانی و پێدا هەڵدانە زۆرەکەی، بەڵام شتێکی دیکە لە ئارادایە کەلەو راموسانە جوانترو گەورەتر و پڕ بەخشندەیترە، ئەویش ئەوەیە کە دەرگای بە پانی کردەوەو خستیویەتە سەر گازی پشتێ، ئەویش یەکەم هەنگاو بوو بۆ خۆشەویستی کەبەدڵدارەکەی دەبەخشێت. کەجوانترین و، باڵاترین و، نایابترین کارە.

کەژاڵ باوەشێکی رەنگینی هەیە بۆئەو نیشتمانە کە ئارام دەگرێ تێیدا، کە دەیکاتە ماڵی هەمیشەیی ودڵنیایی کە عاشقەکەی دەبینێ.

کەژاڵی شاعیر زۆر لێهاتوو رێکپۆشە، لە هەڵبژاردنی وشەکانی هەرچەندە ساکاریش بن، بەڵام "تراوو، روونو، پاکن "وەک ئاوی سازگار. کەژاڵ بەردەوامە لە ژەنینی پیتەکان بەجوانترین شێواز، کە وا لەخوێنەر دەکات هەست بە ئاسودەیی بکات لەنێو دێڕەکانیدا و لەخوێندنەوەشیدا گەرمیان پێ دەبەخشێ.

من کەژاڵ بە یەکێک لە و شاعیرە دەگمەنانە دادەنێم کە چامەکەی بەشێوازێکی دەوڵەمەندی ئاسودەو، ناسکانە و، پیرۆزانە دەهۆنێتەوە کە لەرووی راستگۆیی و، هەستەوە هەوڵ بۆگۆڕینی وشەی راستەقینە دەدات، کە هیچ پەیوەندیەکی بە نارروونیەوە نییە. حەزیش ناکات وا لەخوێنەر بکا بەدوای فەرهەنگ و قامووسدا بگەڕێ بۆئەو مانایییەی کە شاعیر



سەرچاوە
Serchawe

مەبەستیەتی: ئەو - واتە شاعیر - هەڵبژاردەیەکی جوان و ساکارەو خۆشی لەوەدا دەبینێ چامەیەک بنوسێ کە تیشکێکی نەرم و نیان بهاوێ بۆ ژیان تا خەڵکی دیکەش بە چێژی خوێندنەوە لێی ورد ببنەوە.

وەک پەپولە ناسکیت و

وەک گزنگ زەرد

وەک پرژەی ئاوو روون

وەک شەماڵ فێنک

ئێواران دەبیت

بەگوڵ هەنارێک

لەگەڵ خۆرنشیندا

دێت بۆلام

کە شەو داهات

دەبیت بەگەڕیدەیەکی دوورە وڵات

شاعیر گریانە جوانەکەی لە هەردوو دیوی شەوو ڕۆژدا دیوە، ئەو بەرۆژ چێژ لە نزیکی ئەو بۆنە خۆشیبەخشیە بینییوە کە پڕ لە هەستی پاک و سازگار، دەوڵەمەندەکەی بینیووە ئەوەتا لەجوانی "سروشتدا "گوڵ، مێرگ، چیمەن، لەجۆگەلەی ئاودا عەشقێکی سازداوە کە هەنیسک و هەستی خۆی دەبینێ بە بوونی عاشقەکەی، کە ئەمەش سەیرانێکە هاوشێوەی هیچ شتێکی دیکە نییە، ئەو سەیرانە سەرتاپا گیرە و پڕە لەدڵخۆشی و دڵشادیش دایدەپۆشێ بەڵام ئەوە کامە دڵشادییە وای لێدەکات هەست بەجوانی سروشتی دڵڕفێن بکات... ئینجا کەشەو یش دادێ. بەڵام چ شەوێک کەلە خەیاڵی خۆیدا بەخەون دیتن دەیباتە سەرو بەئارەزووی خۆی چی بوێ دروستی دەکات لەوێنەی جوان و، دەست لەملانێ و باوەش و تێک ئاڵان لەکەمەرەوە کە بە پیرۆز ی دەزانێ و تێکەڵاوی دەکات و دەپەرستێ؟؟

کەژاڵ کچی عەشق و خانمی توانەوەیە، ووشەکانی بەقوڵایی شەوو ئەو جوانیەی تێدا بەدی دەکات؟

ڕۆچوونی زۆربەی چامەکانی زادەی شەوی کپ و بێ دەنگن، گوێ لەهەست و خەیاڵەکانی خۆی دەگرێ تا ئازادیی بە قەڵەمەکەی ببەخشێ بۆئەوەی عەشقێکی بێ کۆتایی توانەوە لەدڵداریدا بنەخشێنێ. شەو شاعیر ڕاپێچ دەکات بۆ خەونی جوانتر و، هەستی "ڕوانتر و تراوتر "ئەوشەو بە دڵدار دادەنێ کە پەلکێشی دەکات بۆ خۆش بەختی".

شاعیر وای دادەنێ کەشەو ئەو بێ دەنگیە چێژ دراوەیە، پێی خۆشەو، جوانترین و نایابیترین ئەو شتانەی تێدا دەنوسێ کە هەستیان پێدەکات.

ئەگەر هاتی ئێوارەیەک وەرە بۆلام
تا بەپێکێک مەستت بکەم
ئەگەر هاتی نیوەرۆیەک وەرە بۆلام
تا لەبەر رۆشنایی تیشکی رۆژدا
ماچت بکەم
ئەگەر هاتی بەیانیەک وەرە بۆلام
تا شەونمی سەر روومەتەکانم
تێکەڵاوی لێوت بکەم

کەژاڵی شاعیر مافی درکاندن بەقەڵەمەکەی دەدات بۆ عاشقەکەی، کە بە پەپوولە وەسفی دەکات چونکە لەگەڵیدا میهرەبان بووە، لەدیدگای کەژاڵی شاعیردا مرۆڤێکی بەرەوشتەو دەزانێ چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ژنێکی عاشقی شێتدا بکات. شێوازو هەڵسوکەوتی ئەوی بەدڵەو ئامادەیی و نزیکی ئەوی پێ خۆشە... ئەو زەردە وەک گزنگی، بەرەبەیان، وەک خۆرەتاو،کاتێک کە رۆژ خەریکە تازە هەڵدێت دەبینێت... وەک ئاوڕشێنێکی فێنک، چونکە هەندێ جار پرووشەی ئاوی سازگار وامان لێدەکات کە بەرمان کەوێت و بتوێینەوە..

کەژاڵی شاعیر ژنێکی هەست ناسکە ئەو شتە جوانانەی لەدەوری ئەودان و هەستیان پێدەکات، وای لێدەکەن پیتەکانی بخاتە کارو کۆت و بەندیان نەکات.. ئەو بەردەوام بەشیعرەکانی بەشداریی لەجوانترین ئەو شتانە دەکات کە هەستیان پێدەکات بۆئەوەی بە وردەکارییەوە وشەکانی دەوڵەمەندبن. کە گوزارشت لەهەستێکی دڵفڕێن دەکەن، بە رووداونیان دڵی لێ دەدزن.

سروشت یارمەتیەکی زۆری شاعیری داوە بۆ تێگەیشتن و، هەست بزواندنی، ئەوەتا بە ووشەکانی جوانترین شیعرمان بۆ دەهۆنێتەوە سەبارەت بەبەخشندەیی هەست و نەستی کە تێیدا ژیاوە، بۆ ئەوەی وشانکانی بەناسکی و نەرم نیانیەوە بخرێنە نێو دڵمانەوە لەکاتی خوێندنەوەدا چێژ وەرگرین:

ناوێرم دەست لە روومەتت دەم
چونکە ئەوەندە ناسکە
گوڵی پەنجەکانم برینداری دەکا
ناوێرم بێمە باوەشتەوە
چونکە ئەوەندە گەرمە
خوێنم لە ژێریدا قوڵپ دەدا
لەنێوانی ناسکی رووت و
گەرمی باوەشتا
نازانم عەشقت بۆکوێم دەبا

کەژاڵی شاعیر بەخشندەیە، بەخشندەیەکی دڵ و دەروون کراوەیە، هەر بۆیە هەرئامادەبوون و لێک نزیک بوونەوەیەکی شاعیر کە بۆی برەخسێت بۆی بلوێت ئینجا بەیانیان یان بەرۆژ و، یان بەشەو، بەخششێکی بۆئەو هەیە کە تەنانەت بیریشی لێ نەکردۆتەوە. ئەو بەخشندەیە خۆشەویستەیەکەشی گەڵێک زۆرە، بەرادەیەک کەهەست بەجوانترین ئەو شتانەی بکات کەدەشێ دڵدارێک بەری بکەوێت:

ئەم دەقە ئامادەییەکی بێ وێنەی بەخشینی تێدایە، لوتکەی بەخشینە لووتکەی دەستکەوتە، ئەم دەیەوێت دڵدارەکەی چێژ لە هەموو ئەوناوە وەربگرێت کە بەڵێنی پێداوە ن کەهەرگیز بە خەیاڵیدا نەهاتووە و، بیریشی لێ نەکردۆتەوە. ئەمە داستانێکی زۆر گەورەی عەشقێکە کەوەک ئاسمانێکی فراوان تێدا لەگەڵێد ا ژیاوە ویژدانی لە شەقەی باڵ دەدات و دەفرێت تاکوو بەچاوی خۆی ببینێ "کەچەند جوان و لێهاتووەو ئەو فرین و لەشەقەی باڵدانە. خۆشەویستیەک کە پر لەبەهرەو خۆش بەختی کە تێربێ لە وشتانەی کە پێشکەشیان دەکات و تێریشیان لێدەخواتەوە..

هێندە شیعرم بۆ نوسیووی
خەریکە چاوم هەڵدەفڕێ
بەدەم خەمەکانتەوە هێندە گریاوم
هەموو جەستەم هەڵ ئەلەرزێ
من دەمەوێ
تۆو،شیعر بکەمە ئەستێرەو

لەدەشتی ساماڵدا بڕوێ

ئای چ هەستێکی جوان و ناسکە. عەشق لێرە بێ سنورو بێ کۆتاییە، وەک دەریاییەک ئاسۆکەی دەبینی، چونکە لەخەیاڵ بەرفراوانتر و، لەخەون قوڵترە. شاعیر لەسنوری تێ گەیشتن تێ دەپەڕێ لەوانەیە ووشەکانی "مەجازی"بن بەڵام لە بوونیاتیاندا زۆر لەوە باڵاترو باڵاترن. ئەوەی گێڕاویەتەوە لەهەستی زۆر نەرم و ناسک دان. وا لەخوێنەر دەکات لەگەڵیدا بتوێتەوە" وەک دەڵێن ئەوەی شاردراوەتەوە گەورەترەو زیاترە، ئەو نازانێ بەرەو کوێی دەبات ئەو بەخششەی داگیری دەکات هەستێکی تێدادروست دەکات؟؟ کە خۆیشی نازانێت چۆنی ناوبنێت و وەسفی بکات. جوانترین شتێ لە چامەکەدا هەبێت ئەو دەقەیە چونکە ووشەی جوان و نایاب لەدوو توێی دێڕەکانیدا هەن. بەجۆرێک دەربڕن کەدەست بە سەردڵدا دەگرن.. نزیکی خۆشەویستیەکەی وایلێدەکات وریا بێت و ئاگای لەخۆی بێت. ل نەوەک ئەو نزیک بوونەی ببێتە هۆکاری شتێک و جوانی و، ناسکی و، خۆشەویستیەکەی بشیوێنێ، چونکە لەبەر هۆگریی خۆش ویستنی زۆری بۆ ئەو ترسە هەیە، سەبارەت بە جوانی و ناسکی و نیانی خۆی" چونکە پڕواپڕە لەخۆشبەختی".

کەژاڵ بەو پەڕی جێژو خۆش نودیەوە نزیکە لە خۆشەویستەکەی نقووم بوونی خۆی لەودا تەقاندۆتەوە ،کەئەوەک ئاسمان وایە زەوی بۆدەکاتە باوەش و، بەڵام بەری ناکەوێت بەڵکوو تەنها دایدەپۆشێ، کەئەمەش داهێنانێکە کە تەنها لەووشەکانی کەژاڵی شاعیردا هەیەو، ئەو تەنها خاوەنداریەتی پەنجە مۆری شیعرەکانی خۆیەتی؟ ئای ئەو چ شاعیرێکە کە هیچ سنورێک بۆهەستە روون و جوان و ناسکەکانی نیە؟؟؟

من هەندێ جار
کەتۆ لەووشەم دادەبڕێی
دەبمە کاغەزێکی نەخوێنراوە
خەیاڵت مەستم دەکاو
دەمخاتە ناو قوڵایی مێژووتەوە
دێوانەکەم دێنم و هەموو شیعرەکان دەگەڕێم
تا لەناو ئاوی شیعرێکدا دەتدۆزمەوە

گوێزانەوە لە عەشق و ئەوین و هۆگرییەوە بۆ پەرۆشی و ترسی لەدەست چوون، لە هەموو شیعرێک و چامەیەک لە هەموو وشەیەکدا دەبینی، چونکە هەموو نوسینەکانی تەنها بۆئەوەو نایەوێت بیرو هزری خۆی جگە لەو بەکەسی دیکە و بایەخ بە

هیچ شتێکی دیکە بدات " جگە لە عاشقەکەی ،لەبەر ئەوەی جیهانی کەژاڵ شیعرەو، نۆبەرەی وشەکانی بۆ وڕێنەو قسە بزرکاندن نیە لە مێشکی خۆیدا، چونکە کەژاڵ بەپابەندو هۆگرایەتی ئەو کەسی دیکە بەدی ناکا، کەلەبەردەمی شیعرو نوسینەکانیدا وەستا بێت؟ چونکە ئەو شتانەی پێ بەخشیوون لەدڵ و دەروون و ناخیدا دێنە دەرەوە.

کەژاڵی شاعیر تەنها ژنێکی پڕاوپڕ لەمێینەیەتی تەژی عشق نیە، بەڵکوو ئەوەندە بە سۆزە لەوە دەترسێ ئەویش لەدەست بدات وەناتوانێ بەر لەگریان بگرێ، چونکە هەردوکیان یەک دەروونن و هەستیان هەیە، رەنگ دانەوەی روخسارو نیشانەو دەربڕینەکانی لەرۆحی ئەودا رەنگ دەدەنەوە، ئەو ئاوێنەیەکە وێنای دەکات و، دەیەوێت هەمیشە دڵخۆش و شادمان بێت، هیچ غەمبارییەک لەبەرامبەر خۆشەویستیدا نەبێت. کاتێک ئەو بە غەمباری دەبینێ هزرو بیری تێک دەچێ و دەشێوێ، وا هەست دەکات کەبۆ بەختیاری و، ئاسودەیی و، خۆشەویستی ئەو خوڵقاوە، ئەو بەتەنها خۆشەویست نییە دەیەوێت وەک ئاسمانی هێمن و، مێشک و خەیاڵی ساف بن. چامەکانی نایانەوێت غەمباری ببینن چونکە چامەکانی جیهانی جوانیی و ئاسودەیی ئەو پێک دێنن. بۆیە "شاعیر"خۆی لەهەموو ئەوشتانە دوور دەخاتەوە کە کاریگەریی نەرێنیان لەسەر هەستی ئەو هەبێت و سروشتی بەردەوامی دەوێ لەهەست کردن بەدڵنیایی..

چاوەکانت لەچاوی گوڵە بەرۆژە دەچن
هەمیشە بەئازادی خۆیان دەنوێنن
دەستەکانت لە دەستی پێشمەرگەیەکی
سەنگەر دەچن
کاتێ بۆ چاوی نیشتمان
لەسەنگەردا جێی دەهێڵن
بالآشت لەچنار دەچێ
تادێ بەرزتر دەبێ و
هیچ کاتێ خەم ناوەرێنن

شاعیر نایەوێت خۆشەویستەکەی دوور لە پیتەکانی خۆی ببینێ، چونکە لەپێناوی ئەودا دەژی، بە شیعرو هەستیەوە.. دیارنەبوونی ئەو لە دێڕەکانیدا، واتای ئینکارکردنی تەواوی بوونی ئەوە، بەمەش ئەو دەبێتە کەسێکی نەناسراو".

کەژاڵ هەوینی شیعرەکانی هۆکاری عەشقەکەیەتی، ئەو لە بیرو هزریدا تاجێکی گەورەیە بەسەریەوە .بەسەرووی هەست و

سەرچاوەو کانیەوە. لەبەرئەوە پەنا بۆ چامەکانی دیکەی دەبات و ئەو نوسینانەی دەهێنێتەوە بەرچاوی خۆی بۆئەوەی سەر لەنوێ بیانکات، بە شیعرو بیانوسێتەوە. بەووشەو،حەزون تاسە و، توانەوە تۆماریان بکات، چونکە ئەو تاکە سروشتهێنە لە شیعرەکانیدا. عەشق و چامە لای ئەو بوونی ئەو دەگەێنێ بە هەموو وردەکارییەکەوە.بۆیە ئەگەر خۆشەویستەکەی ببینێ ئەوا ژیان وەبەر چامەکەیدا دێتەوەو لەجیهانی شیعردا بەردەوام دەبێ، ئەوێک کە ئەڤین و عەشق و خۆری دیوانەکەی، مانگی نوسینەکانیەتی، ئەو پرشنگ هاوێژو، رووناکی پاڵی پێوە دەنێ کە بەتەواوەتی رۆبچێتە نێو سەودا بوون چونکە پێویستەیەکەیئەبەدییە لەژیانیدا.

شاعیر بەهەموو ویژدانێک و پێ زانینێک کە بێ هاوشێوەیە لە هەست گەورەکەیدا، لەگەڵ خۆشەویستەکەی دەژی، کە بووەتە تیشکی ژیان و خونچەی نەمامەکەی، چونکە ئەو بەلای ئەمەوە هەموو جیهان و هەموو ژیانە.

گوڵە بە رۆژەی گەورەو جوان، کەلە ناوچەکانی نیشتەجێی بوونی شاعیر زۆرە، وەک چاوی خۆشەویستەکەی سروشت پێ بەخش دەبینێ. ئەو گوڵانە بە زۆری گەورەن پەڕەکانیان بە دەوریاندا وەکوو برژانگن، سروشتی ئەو ژینگەیەی شاعیری تێدا دەژی وەسفی جوانی پێ دەبەخشێت، ئەوەتا ئەم خۆشەویستەکەی، لە هەموو شوێنکدا دەبینێ و وردە کارییەکانی لەو سروشتە دڵفڕێنەدا خۆیان دەنوێنن.. چاوی وەکوو گوڵە بەرۆژە یەباڵاکەشی وەکوو چیای سەرکەش و بڵند وایە و کەمەری وەک مێرگی سەوزە، ئەم سەودای بووەو لەو بەولاوە چاوی کەسێکی دیکە نابینێ، لەهەموو شوێنێک چاوی هەر بەو دەکەوێت و هەر ئەو دەبینێ دەستەکانت بەدەستی پێشمەرگە دەچن "شاعیر دڵدارەکەی وەکوو پێشمەرگەیەک دەبینێ "ئەو خۆشەویستە هێزو هەستی دڵنیابوون و ئەمینی پێ دەبەخشێت، مادەمەکی لێیەوە نزیکە دەیپارێزێ و، سام شکۆی بەرانبەری لەسنوری تێ دەپەڕێ و، بە کەسێکی لێهاتووی دڵگیر وێنای دەکات":

رۆژێک دێ زەردە پەڕی
پیریەتی بەرۆکمان دەگرێت و
دەستی مەرگ بۆلامان ئەهێنێ
ئەوکاتە مۆسیقا ئەبێتە
پەپولەی پاییزو
خەونەکانیش بەتەمی چنارێ
پەنجەی بەفر بوخچەکان دادەخاو
پۆلە ئەستێرەی باڵگرتوو

لەکێوان گەروییان ووشک ئەبێ
لەتینوا شایی و شیعرو گوڵ
دەست دەکەن بەنزا

ئەو خۆشەویستیە گەورەیەی کەژاڵی شاعیر تێدا دەژی هەستی ئەوەی پێ دەبەخشێت کە ئەگەر تەمەنی بەرەو پێش بچێت ئەوا بەجوانترین شێوە خەیاڵ وێنەی بۆ دەکێشێ "کە بەشێوەیەکی "واقعی" جوان تا دواساتی مەرگ لەتەنیشتی یەکتر دەبن، چێژو خۆشی لە جوانترین کاتەکانی ژیانیان وەردەگرن. چونکە خۆشی ژیان و خۆشەویستیەکی سەرتاپا گیر و، هەست کردن لەو قۆناغەدا پڕ جۆش و خرۆش تردەبێت. کاتێکیش کە تەمەنیان بەرەو پیربوون دەچێت، ئەوا بە تەنیشت یەکەوە دەبن و پێکەوە جوانترین کات بەسەر دەبەن کە خۆیان هەوڵیان بۆداوەو دڵیان پێی خۆش بووە. ئەو هەست و سۆزە دایاندەگرێ بەرەو شایی و هەڵپەڕکێ. کە گەلی کورد حەزی پێ دەکات، ئەویش ئاگر کردنەوەیەو بەدەوریدا دەسوڕێنەوە.. ئەو هەڵپەڕکێە بەجوانترین و، خۆشترین داب و نەریتی گەلی کورد دادەنرێ کاتێک لە بۆنەکانیاندا ئاهەنگ دەگێڕن ،ئەمەش هەڵپەڕکێ و سەمایەکی پیرۆزە کە بە کەلتورە بەرزەکانیان دادەنرێ و شانازیی پێ دەکەن.. جوانی ژیان لەو نەریتە بۆ کەژاڵی شاعیر دەردەکەوێ، بۆیە گوڵ و، شیعرن" وەپەیوەندییەکی توندو تۆڵ و پتەویان لەنێواندایەو پێکیانەوە دەبەستێتەوەو، خۆشەویستی کۆیان دەکاتەوەو هەست بە سەروەری خۆیان دەکەن.

نەمزانی دەستەکانت جێم دەهێڵن
کاروانێکی راگوزارن و تێ دەپەڕن
سەرنجت رێبوارێکە
هەر رۆژێ بێ رووخسارم بەجێ دێڵێ
من دەمەوێ لە رێو بانی
ئەم ئەوینە سپیەدا
یەک دەست و ،یەک چاوو،یەک دڵ بین
تا لەجیهانی ئەم عەشقەدا
بێ کەس نەبین

ژیان تەنها بۆ خۆشەویستی بەس نیە.. بەڵکوو ئارەزوویەکی لەوە قوڵتر هەیە و ئەویش ئەو چارەنووسە، کە شاعیر بۆ دوا رۆژی خۆی نەخشەی بۆ دەکێشێ و نایەوێت بەتەنها بێ، بەڵکوو دەیەوێت ئەو جیهانە راستەقینە و واقیع بینینە بێت ،کە



سەرچاوە
Serchawe

بەبێ ترس و دڵەدڕاوکێ تێدا دەژی... دەیەوێ دڵدارەکەی ئەو نیشتمانە بێ کە هەوڵ دەدا ببێتە ماڵ و حاڵی تایبەتی خۆی لە بەرامبەر هیچ سنورو پێ قایل بوونێک..

کەژال حەزناکات خۆشەویستەکەی وازی لێ بێنێ و جێی بێڵێت، چونکە لە هەستییدا ژیانی دەکات بە دۆزەخێک کە بەرگە گرتنی گرانە. چونکە بەو کارە گیانی دەکوژێ و هەست و سۆزی دەمرێنێ؟؟ بۆیە دەبێ ئەو تەنها هیواو ئاوات و، یان خەون ڕێبوارێک نەبێت، بەڵکوو پێویستە ئەم چی بەخشیووە، ئەویش پێی ببەخشێت لەسەر دەفرێکی زێڕین" دڵ و دەرون و جەستە و بیرو هزرو دڵی کۆڵەوار نەبێت کەپێشکەش بەدڵدارەکەی کردووە.، چونکە ئەوەی بەخەیاڵدا نەهاتووە کە ئەو ژیانەی چارەنوسێکی نادیارەو بیری لێ نەکردۆتەوە؟؟؟ بەڵکوو وای بۆ دەچێ کە بیرکردنەوە لەم کارە شتێکە لە فەرهەنگی ژیانی ئەودا هەر نییە و خۆ ئەگەر رووش بدات ئەوا بەلای ئەوەوە مردنە، وە ناشیەوێ پێش بینی بکات.

قژت خەمێکی کورتی شەوی شیعرمەو
منیش چرایەکی داگیرساوی حەزەکانت
نەچرا خەمم لادەباو
نەخەمیش چرا دەکوژێنێتەوە
کەواتە هەر تۆ بمنوسەوەو
هەرمن روناکت دەکەمەوە

کەژاڵی شاعیر"مووی سەری خۆشەویستەکەی یان "قژت"بەشەوانی شیعری من دەچێ و لەرەشیدا وەکوو "خەم"وایە.شاعیر وای دێتە پێش چاو کە رەشی مووی سەری ئەو، تا رادەیەک بەهەندێک لەشەوە کورت و خەمبارەکانی ئەم دەچێت، ئامادەیە شەوەکانی بەرۆشنایی خۆی بۆروناک بکاتەوە کە بەرۆشنایی قەندیلەیەک "لە قوتیلەیەک " دەچێ لەشەوێکی تاریک و نوتەکی ئەنگوستەچاودا. ئەم دەیەوێت کە دڵدارەکەی هەستی پێ بکات هەروەک چۆن هەموو ژیانی خۆی پێ بەخشیووە لەهەست و سۆزو دەیەوێت هەمیشە لەگەڵیدا بمێنێتەوەو دەست بەرداری نەبێو، بیرو هزری بەلاوە بنێ. بەڵکوو دەیەوێت لە قەوارەو گیانی ئەودا بژی، بۆیە دەڵێت خۆتم پێ ببەخشە و، خۆتم لێ لامەدە و، چۆن دەتەوێت بمنوسەوە.با هەمیشە هەر لەهزرتدا بم خۆت بەو شتانەوە خەریک مەکە کە یادی منت لەبیربەنەوە. من بەدرێژایی کات لەگەڵ تۆدا دەژیم و بۆتاوێک یان چاوتروکانێکیش لێم بزرو نادیار نابێت. هەر شتێک بەسەر ژیانم بێت لە خەم و گیرۆدەیی و یان هەر سەر قاڵیەکی دیکەی ژیان تۆ بەگیان و جەستەو هزرو دڵ و ترپەی دڵ هەر لەگەڵمدای و، نەمهێشتووە هیچ شتێک تۆم لەبیربباتەوە یان هەست بە بوونت نەکەم

ئەو سەرنجەی لەدیدارێکدا گرتە چاوم.
بوون بە دووچڵە نێرگز
لەبناری چیای سەرتا رووان
ئەو دەستەی خستە دەستمەوە
بوون بە رێگەی دوو عاشق و
لەژوانێکدا پێیا تێ پەڕین
ئەو ماچەی لەسەر روومەتت کردم
هەموو شەوێ دەمباتە
دونیای خەوبینین

کەژاڵ گوڵێکی جوانی پەرچەمی شیعرەو، کیژۆڵەکی راستگۆیە "بۆیە دەڵێت هێشتا یەکەم نیگاتم لەبیرە کەچاومان کردەوە، چۆن لەیەکەم تیرەوە هەستت داگیرساندم.. ئەوە نیگایەکی گەورەو قووڵ بوو کە بەگیانمدا چووە خوارێ، وایلێکردم کە عاشقت بم و ئاگرێکی گەورە لەئەڤینی تۆدا لە ناخمدا هەڵایساند و تۆی خستە بەر دڵم، هەر لە و نیگایەوە بوو، بووبە دەروازەیەک، بردمیە نێو گیانمەوە و لەدڵ و دەرونمدا نیشتەجێ ی کردی.. ئای ئەو نیگایە چەند جوان بوو... نیگایەک وەک دوو نێرگز هاتە بەرچاوم لەچاومدا بە چێژ و خۆشی و تەڕو پاراوی "هەست "سەمایان دەکرد. کە دەستیتیش گرتم هەستێکی خۆش لە دەستەوە خزی بۆ جەستەم ،هەستێکی ئەوەندە خۆش کە جوانییەکەی لە وەسف کردن نایە ،کەسیش نازانێ وەسفی بکات.. نیگاکەیت رێگایەک بوو دەیبردم بۆلای جوانترین ئەو شتانەی پێم خۆش بوو ن و هەستم پێ دەکردن.. ئەو دیدارە بەلای کەژاڵی شاعیرەوە دیدارێکی مێژویی و شکۆدارو گەورەیە لەگیانی ئەوداو بەلەدایک بوونی ئەڤینی خۆی دادەنێ و بالاترین و جوانترین ژیانیشە کە هیچ لە بیرچوونەوەیەک ناتوانێ، یان ناوێرێ بە نزیکیشیدا بڕوات، چونکە ژوانێکی پیرۆزە کە لە وردەکارییەکانیدا، جوانترین و مەزنترین دیدارە کە ئەم بەدرێژایی ژیانی خەونی پێوە دەبینێ. ئەو جوانترین و ناسکترین و چێژدارترین ژوان بوو، کاتێکیش کە کوڵمی ماچ کرد. تێربیەکی زۆری پێ بەخشی، ئەو دیدارە بە گەورەترین و باڵاترین دڵخۆشی دادەنێ و پڕ عەشقترین دیدارە و دەرپەڕینی عەشق و یەکەم پڕیشکیەتی.

لە نێو فەرهەنگی گشت خەمەکانی دنیادا
من خەمی تۆ دەناسمەوە
ریش سپیەو

خوێنی سور ئەینوسێتەوە
هەگبەیەکی بە کۆڵەوە
پڕیەتی لەشیعری، خەمی ئەنفال و
خەمی هەڵەبجەو
خەمی گشت کیژە خێر لەخۆ نەدیوەکانی تێدایە
بۆیە هەرگیز چۆک دانادا بۆدوژمنێ
بێدەنگ نابێت لەبەردەم
ئاهوو نالەی هیچ کەسێ

کەژاڵی شاعیر بە وردەکاریەکی زۆر روونتر بەدڵدارەکەیمان دەناسێنێ، ئەویش وردەکارییەکی زۆر گەورەیە، بەو قوڵییە مێژوویەکەی بۆئەو دڵدارەی وا دیارە لە قۆناغێکی پڕلە ئێش و ئازاردا ژیاوە ،لە کارەساتی بۆمباران کردنی شارەکانی گەلی کورد لەسەردەمی ستەمکاری عێراق "دیکتاتۆرێدام حسینی بەعسی" کاتێک کەلەشاری هەڵەبجەی دا ئەو شارە کوردییە ناسراوە.. کە ێدام بە تۆپ و مووشەکی کیمیاوی "کیمیابارانەکە بە فرۆکە بوو "وەرگێڕ" و کوشتارگەیەک روویدا کە هەموو جیهان پێی زانی".

کەژاڵ دەزانێ ئەو ئەڤیندارەی تووشی چ ئێش و ئازارێک بووەو چۆن لەنێو خەم پەژارەی ئەو کارەساتەدا دەژی و ئەمیش دڵی دەداتەوەو لەگەڵیدا دەوەستێ تا پشتگیری بکات و ئێش و ئازاری ئەو کارەساتەی لێ دووربخاتەوە .کارەساتی ئەڤیندارەکەی ئەوەندە سووک نییە، کارەساتی کوژرانی چەندین خێزانی زۆر و منداڵی شیرەخۆرەو ژن و کچی جحێڵ و پیرەمێردو پیرێژنە. ئەو ئازارەی دڵدارەکەی تێدا دەژی شاعیر هەستی پێدەکات کەچی بۆی ناکرێ ئازاری ئەو یادە لەسەر شانی لابدات، وەلێ لەو ئێش و ئازارو کارەساتەدا لەگەڵیدا دەژی. کەکۆتاییەکە زۆر نیشتمان پەروەرانەیە لێی دواوە، ئامانجی ناوەرۆک و بەرزو باڵا خۆی تێدا نواند ووە. "واتە شاعیر" بێ دەنگ نابێ و بەهیچ ستەمێک قایل نابێ کە بکرێتە سەر خۆی یان نەتەوەکەی..

کەژاڵ ژنێکە خۆشەویستی خۆی بۆ گەلەکەی کردۆتە کۆڵ و ئەوەشی بەدڵدارەکەیەوە بەستۆتەوە لەنێو ئێش و ئازاری ئەو کارەساتە دەژی. من ناتوانم گوزراشتشت لە قەبارەی ئەو ئێش و ئازارە بکەم کە بەو شارە لێ قەوماوو نەهامەتبارە گەیشتووە، بەڵام ئەوەندە بەسە کەباسی ئەو شارە بە کیمیاوی بۆمباران کراوە بکەم و، وێناکردنی ئەو کارەساتە کە مرۆڤایەتی لە ئاستیدا شەرمەزارە و ئارەقەی شەرمەزاریی لەتەوێڵیدا دەتکێ، کەئەمە بۆخوێنەرجێ دەهێڵم.

کەژاڵ خـانمی شـاعیر کـوردە" لەنێـو ئەو نەهـامەتییەدا دەژی کە بەسـەر نەتەوەکەی هـاتووە، بەخراپتـرین مـۆتەکەی ڕاستەقینەی دادەنێ کە کورد لە ژیانیاندا گیرۆدەو تووشی هاتوون. ئێش و ئازارەکانی لە ئەنجامی ئەو کارەساتە دا دروست بووە".

ئەوەی کەژاڵی شاعیر پێشکەشی کردووین لەم دەقەی دواییدا دروشمێکی باڵا تەژیی و خۆشەویستیەکی گەورە بـوو بـۆ دڵـدارو نیشتمان و نەتەوەکەی... ئەو شانازییەکی زۆری بە هەوادارنـی بەخشیووە "بـۆیە هەتـا شـاعیر بـژ ی و زینـدوو بێت، ئەوە عەشقێکە تێیدا تواوەتەوەو دڵۆپ دڵۆپ چۆڕاوەتەوە و نێو بیرو هزری.
لەکۆتاییدا "دیدگا "خەون".

لەکاتێکدا ئەو دەقانە دەخوێنیتەوە، داهێنان و دیدگایەکی بێ هاوشێوە لەنێوان دێڕەکانیدا دەبینین.. کەژاڵـی شـاعیر دەقـی زۆر جوان و لێ هاتووی ئاسانی نەرم نیانمان بۆدەخاتە ڕوو، کە گوێگرو وەرگر زۆر بە خۆشی و نیانی وەریدەگرێت، وات لـێ دەکات لەگەڵ هەموو وردەکارییەکانی بژی، هەر وەک ئەوەی لە لەگەڵیدا بێت.. دەقەکـان لە دوو تـوێی دێڕەکانیـدا هەسـتی زۆر مەزن و سۆزی نایـاب و دەربڕ کە بەهەمـوو هەسـتێکی پـڕ لە خۆشەویـستی و جوانی لە خـۆ دەگـرن، ئەمەش "وادارمـان" دەکات بە سنگی فراوانەوە و بە ئاسودەیی بەنێو دەقەکاندا بسوڕێتەوە.

خانمی شاعیر پشت بە شێوازی شاردنەوەو ناڕوونی نابەستێ و بەکاری ناهێنێ، بەڵکوو پەنـای بۆ دوور کەوتنەوە بـردووە کە دەستور شکاندنەو، دەرچوونە لە شتی بـاوو" فێڵ کردنی داهێنەرە لە زمانی نەست، بۆئەوەی ببێت بە دەربڕێکی نـائـاسـایی لە جیهـانێکی نائاسـایدا، زمـان و شیعرو دایـدەهێنێ، بـۆئەوەی قسـەیەک بکـات کە بەشێوەیەکی دیکە بـۆی نـاگوترێ و، خـۆ دوورخستەوەش خۆی لەخۆیـدا ئامانجێـک نییە لەترسی نـاڕوونی و پەردە بەسەر دادان، بەڵکوو ڕێگەیەکە بـۆ ئەفرانـدنی جـوانی شیعری و دوورخسـتنەوەش ئەگەر بەدڵـی وەرگـر و گـوێگر بێـت، ئەوا ئەرکـی نیشـانە، شیعریی خـۆی دەبینـێ، ئەو هەستەی خۆی کە وەسفی کردووە کەمێک لەپێ قایل بوون و قبوڵ کردن تـێ پەڕیووە. ئەوانە دەقـێکن زۆر بـاڵا هەڵچوون و بایەخ و شوێنی خۆیـان هەیە و جێگەی خۆیان لەنێوان قەنـاعەت پـێ کردن و لـێ تێربـوون دەدۆزنەوە ئەوانە دەقـی جـوان و دەوڵەمەندن کە ڕەهەندێکی بەر بڵاوی ژنێکی شاعیریان کردۆتە کۆڵ و توانیویەتی بە شێوازێکی ڕێک و پێک و جوان وەسـفی ئەوە بکات کەلەدڵێدایە و بۆئەوەی وشەی سوک و ئاسان بەردڵ کەوتووی بەکارهێناوە کە بەئاسانی وەردەگیرێ.

کەژاڵـی شـاعیر چـامەیەکی زۆر جوانی خۆشەویستی بـۆ هۆنیـونەتەوە دڵدارەکەشی پـێ ناساندوین، ئەو دڵـدارەی کەبەسـەر هەستی شیعری ئەودا زاڵ بـووە، ئەم تەنهـا ئەوە دەنوسێت لەهەسـتی جوان و، دۆسـتایەتیەکی پـڕ لەخۆشەویسـتی.. باسـی



سەرچاوە
Serchawe

ژینگە و گەلەکەی وخۆی و داب و نەریت و بخێرو چاکەمان بۆ دەکات.. باسی دیدگای فراوان و بەر بڵاومان بۆدەکا لە دەرخستنی خۆشەویستی گەلەکەی..

خانمی شاعیر شێوازێکی زۆر نەرم و چێژ وەرگر و گوێگری هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە چامەکانی گەرم و گوڕو جوان بن. ئەم وشە ڕەوشت بەرزانە دەبڕی هێڵ کێشراون، ئێمەی گەیاندۆتە رادەی تێ گەیشتنی ئەو خۆشەویستیەو، ڕۆچوون بەناویاندا بەجۆرێک پڕ بە هەستەوەری خۆمان و واتای خۆشەویستی بکەین، چونکە جوانییەکی دڵڕفێن لەدوو توێی دێڕەکانیدا هەیە بەو ئامانجەی خۆشی بەوەرگر بەخشێت و هەست بەجوانی چێژ لەخوێندنەوەیدا بکەیت "لە کۆتاییدا نرخاندن و شیکردنەوەی چامەکە بۆرای ئێوە جێ دەهێڵم و لەلای خۆشمەوە خۆشەویستی و سڵاوی دۆستانەتان پێشکەش دەکەم و بە خۆشەویستی ڕێزەوە هەر بمێنن...

سەرچاوە: ماڵپەری کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ١ی نۆڤەمبەری ٢٠١٩

-----------------------------------------------------

## کەژاڵ لە وەرزێکی ساڵدا.

**پێشکەشە بە کەژاڵی ڕۆح پەپوولە**



**عەبدولقادر**

هەموو گزنگی بەیانێک لەدامێنی ئەزمڕەوە تەمێکی چر سپی سپی هێدی هێدی شۆڕدەبێتەوە ناو ڕۆحمان سەری هەموو کڵۆی

بەفرە و کراسێکی ئاودامانی قەتران قەترانیرەشی لە خۆیەوە ئاڵاندووە، زۆر هێمن و لەسەرەخۆرێگا دەکا ئەوەی جارێک ناسیبێتی نەک بەبزە و خەندەی سەر لێو بەهەردوو دەست سڵاو دەکا و سەروپای شیعری ماچ دەکا، هەندێک دەڵێن هەبێ ونەبێ هەرخۆیەتی... ئەهارووخساریرووی ساتەوەختی ئاوابوونی خۆر دەنوێنێ.

ئا کەژاڵە، گومان نیە کە کەژاڵە، چەندرێبوارێکی سەررێگا دەڵێن نەخێریا خەونەیان خەیاڵە، جارێکی دی کەس نایبینێ لە دەرگای دڵی کەس بدا شیعرێکی ساوا بنێرێ بە شنەی با، دەرگای دڵی بۆ هیچ کەسێ ناکاتەوە، ڕەنگە هیچ کەسیش نەناسێ، نازانێ کە تۆ چیت و کێیت ، لەکوێوە بۆ ئەو پەیدا بوویت، بەڵام هێندەی ئەو دەزانێ، تۆ فریشتەی خواوەندێک بوویت، لەورۆژەوەی دەستەکانت بوونە پێنوس بۆ هۆنراوەی، بۆیە هەرچی تۆ دەینوسی، هەروەک ئەو گوڵە ژاکەوەی.

کەژاڵەکە... ئەی خواوەندی شیعری جوانی، دیاری دەستی کام فینۆس بوویت بۆ نێو دڵی سلێمانی، تۆ فریشتەی نا.. نا.. تەنیا ژانێکی پڕ ئازاری نێو شیعرێکی دەستی شێرکۆی*:

ئازارێکی باڵا بەرزم
بێ ئەوەی بچمە سەر شانی
خەمێکی تر
تەنها بەسەر هەڵبڕینێ
برین لەکوێ بێ دەیبینم
هەژار لە کوێ بێ ئەمبینێ.

نازانین تۆ دوای چی کەوتووی بەدوای کام دێڕی شیعرەوەی، وێڵی عەشقی کام مەعشوقی، ئەی نازانییاسای عەشقە هەر وابووە هەمیشە مەعشوق دوورە لە دڵ، کەژاڵی وێڵ... هێندە بە خۆشەویستیدارۆ چووی کە خۆتی لە بیر بردوویتەوە دوای تەلیسمی عەشقێک کەوتووی کە هەرگیز نایدۆزیتەوە. دە دانیشە لە نێو دڵی دوو دێڕ شیعرا ئارام بگرە و جگەرەیەک داگیرسێنەو قومێکی قووڵ تا مەستت کا قومێکی قووڵ تا چی خەمە بیسوتێنێ و خەمت لەکۆڵ بکاتەوە نا.. نا... نابێ تۆ لەکۆڵ خەم بکاتەوە...

کەژاڵەکە... ئەی دەربەندی هەموو خەمێ ئەوەی بەتۆدا گوزەرکا.. دەڵێی کۆڵێ خەمت بەمێ!! کەژاڵەکەی ڕەنگ ئاڵەکە دەوازبێنە، کەی وابووە کە تۆ دەڵێی:

کە منداڵێ باوکی وون کرد
دەبێ لە بەرزەخ بۆی بگەڕێ
سۆزی دایکی لە دەست بدات
دەبێ ئەم ژیانە بێ سۆزە جێ بهێڵێ
بفڕە ..بفڕە .. ئەی پەپوولە باڵ شکاوەکە
بمرە ..بمرە ئەی منداڵی بێکەس.
ئەی ناپرسی ئەو منداڵەی کەساوا بوو زوو باوکی مرد.

لە کام بەرزەخ چاوەڕێ کا؟ کێ ببینێ کە نایناسێ، ئەوە منم وێڵم لە نێو سەرابێکا بەدوایەوەم نە دەیناسم نە دەمناسێ، تەنها کۆڵێ سۆزی دایکم هەڵگرتووە توێشەبەرەی ڕێگای دوورمە هەر نایگەمێ..

کەژاڵەکە تۆ ڕاست دەکەی ئەی پەپوولە باڵ شکاوەکە، هەر تۆ نەبووی هەڵئەزنای بەلوتکەی کێوی خەما وەک تەوارێ هەموو جارێ... تێر دەتڕوانی بە سروشت دا و دادەبەزیت بۆ کەناری بۆ پاسارێ، ئەو سێبەرەی وەک ڕێبوارێ کە هاوڕێت بوو کە پێت دەگوت:

سەرت مەنێ بەسنگمەوە
باهێندە بۆنی تۆ نەگرم
زۆر دەترسم کە لێم دووربی
بەبێ ئەو بۆنەی تۆ بمرم.

دەبێ ئێستا حاڵی چی بێ؟ لە پاڵ کام دێڕی شیعرتا هەڵکورمابێ، ئەی تۆ حاڵت بۆ ئەو چۆن بێ؟

ئەمشەو دڵم بۆنی نێرگزی لێدێ و
دنیای بەختەوەریم شەپۆلێکی وێرانەیە و
بێ دەنگی بەسەر دەریای تەمەنمدا دەڕژێ
بالآی چنارم بۆنی ماڵئاوایی دەکاو
خەیاڵی ڕۆحم پێم دەڵێ
ئەمشەو دوا ماچی کۆتاییە و

وەرزی بەهار ، گوڵی باخت تێر ئاو ناکا.

ماڵئاوا کەژاڵەکە. سلێمانی

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

---------------------------------------

## کەژاڵ ژنێک بێدەنگ

### بەڵام گوڵێک لە جوانیی شیعر.



نەسیم مروەت جوو (ڕۆژهەڵاتی کوردستان - سنە)

وەرگێڕانی: ڕێباز مستەفا

یەکەم جار بوو شیعری کەژاڵم خوێندەوە، لەدنیای مەجازی و لەرێگەی تایبەتی فەیسبوکەکەی خۆیەوە. هەر لەسەرەتای خوێندنەوەی شیعرەکانیەوە، ژنبوون و ناسکی و، بوێری و، ئازایەتی ئەو ژنەم بەهۆی دەربڕینی وشەو دەستەواژەکانیەوە بۆدەرکەوت: هەر ئەو سەرەتایەش بوو کەبووە هۆی ئاشنابوونم لەگەڵیدا و دواتر پێشنیاری خۆی بۆوەرگێڕانی بەشێک لە هۆنراوەکانی لەلایەن بەندەوە بۆ سەر زمانی فارسی ئەنجامدرا.

رەنگبێت باوەڕکردن ئاسان نەبێت ،بەڵام تاکوو ئێستا کەوا خەریکی نووسینی پێشەکیم بۆشیعرەکانی، هێشتا کەژاڵم نەبینیوە، ئەگەر چی بۆ بینینیشی چوومە سلێمانی، بەڵام لە بێ شانسی بەهۆی ناهەمواری باری دەروونی شاعیرانەیەوە

ئەوکات چووبووە سەفەر و نەکرا یەکدی ببینین...

کەژاڵ شاعیرێکی هەست ناسک و دیار،سادەیی و، راستگۆیی لە شیعرەکانی بە گرنگترین و دیارترین تایبەتمەندی هەستی شاعیرانەی ئەو دەژمێردرێت، کاتی دەڵێت:

کە تۆم ناسی
گردێک بووم و، بووم بەچیا
کانیەک بووم و ،بووم بەدەریا
شەوێکی ئەنگوستە چاوو بووم
بووم بەگزنگی بەیانی
باڵدارێکی ناو قەفەس بووم
گەڕامەوە بۆسەرچڵی درەختەکان
بۆنەغمەی خۆش، بۆگۆرانی.

شیعرەکانی کەژاڵ سادە بەڵام پڕ مانا، لەرەگەزی عاشقانەی ژنێکی کورد ،یان باشتر بڵێم ژنێکی رۆژهەڵاتی، ئاواسادەبێ. ژنێک لە هۆنراوەکانیدا هیچ پێچ و پەنایەکی رۆژهەڵاتیانەی تێدا نابیندرێت.

ئەو شیعرەکانی لەدڵیەوە سەرچاوە دەگرێ لەنووکی خامەکەیەوە هەڵدەڕژێ و لاپەڕەی سپی کاغەز ماچ دەکات و روون و بێ پێچ و پەنا دەڵێت:

ئەگەر یەکێ لێم بپرسێ
شیعر بۆچاوی کێ دەڵێت
کەمانچەی دڵە شێتەکەت
بەچ ئاوازێ لێدەدەیت
چی پێ بڵێم، کەمن هێشتا
نازانم بۆخۆشم دەوێت
کەمن هێشتا دەتپەرستم

نازانم چیت، نازانم کێیت.

کەژاڵ ژنێک هەمیشە عاشق بو نیشتمانی پڕ لە ئەندێشەی جوانی شیعر دەهۆنێتەوە. بەڵام بۆچاوی خۆشەویستەکان سازێک هەڵدەگرێ و، ژێیەکانی رێک دەخات و، دەیچڕێ. هەروەها زۆر بەسادەیی لە شیعرەکانیدا هەندێ جار بۆپیاوی خەونەکانی دەبێتە دایک و لایلایەی بۆدەڵێ، هەندێک جاریش وەک خوێندکارێک و، بەچاوانی زیت و پڕ میهرەبانیەوە وانەی ئەڤین لەخۆشەویستەکەیەوە فێر دەبێ.

کەژاڵ لە شیعرەکانیدا سوود لە هەموو شتێکی دەوروبەری وەردەگرێت. تاکوو خۆی و خۆشەویست و، عەشق بئافرێنێ. ستایش بکات و بخوێنێت، بەو شێوەیەش خۆی پەیوەست بکات بەشیعرو، شیعر بەوشەو، هەردوکیان بەعشق وێنا بکات.

کەژاڵ هەمیشەو بەردەوام لەعشق دەدوێت. بەڵام ژنیش فەرامۆش ناکات ئەو لە کۆمەڵگایەکی پیاوسالاردا دەژیت کە تیایدا ژن بەتاوانی خۆشەویستیەوە دەچەوسێندرێتەوە و سوکایەتی بە ژنبوونی دەکرێت و بەناوی "نامووس"ەوە کوت و بەند دەکرێت و دەش کوژرێت.
لێرەدایە کە شاعیر زمانی نەرم و نیانی ژنانەی دەکاتە شمشێرو، هاواردەکات دژی ستەم و چەوساندنەوەو تووندووتیژی رادەپەڕێت.ئەو وەکوو هەموو ژنانی کورد، باری ستەمی ژێر دەستەیی گەلێک لەبوونی خۆیدا هەست پێدەکات و بەدەربڕینی وشە باس لە کۆسپ و بەربەستەکانی بەردەم ئازادی دەکات بۆیە لەم کۆپلە جوان و سەرنج راکێشەیدا کەژاڵ دەڵێت:

لەسەر شیعرێکی ئازادی بۆ خاکەکەم
شیعرێکیان دەستگیرکردم
دەستی وشەکانیان بەستەوەو
چاوی ناوەڕۆکەکەیان بەست
بۆسبەینێ بووم بەسردووی نەورۆز
لەسەر چایەیکی بەرز گرم گرت.

لە کۆتاییدا ئەگەر لە یەک وشەدا کەژاڵ کورت بکەیتەوە، عاشقێکە هەموو جەستەی ژنایەتی تێدا بەرجەستە دەبێت چونکە ئەو نیشتەجێی شاری عیشقە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٢٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

## کەژاڵ ئیبراهیم خدر"فریشتەیەکی شیعر".

ئەلبەدەوی سالح (جەزائیر)

وەرگێڕانی: کاوە هاوڕاز

لە تاریکی توانەوەی هەستەکانیدا.. لەڕەوانەوەی هەستکردن بەگیانی وشەو، دیتنی جوانی. پیتە گۆشەکراوەکانی بەهەست و نەست.. هەروەها زەمەنێک کە چێژ وردبوو، تامی جیاکردنەوەی ڕەسەنایەتی لەداهاتوو لەدەست چووە. قەناعەتی جیاوازی لەنێوان جوان و ناشیرن دا نەکات.. لەچەقی ئەو شەوەزەنگە دا بەرەو ئەم مەست بوونانەی مەبەستی بوو، لەسەر ترۆپکی چیاکانی کوردستان و لەبنارو پێدەشتەکانەوە، لە نێو کارلێک و کاردنەوەی بەرزایی دەشتاییەکانەوە. شنەی ئەفسونێکی جوان سەرهەڵدەدا لەگەڵ لەرزەی دەستێکی فریشتەیی شاعیرانە کە لەتەپ و تۆزی لوول بوون دەتەکێنێت و، بڵێسەی ژیانێک هەڵدەدات تاکوو چاوانی بگەشێنێتەوەو بەپەنجەیەکی کوردستانیانەی ناوکەنارەکانی شیعرو ئاواز.

شاژنی وشەو خانمی دانا "کەژاڵ ئیبراهیم خدر" بەسۆزێک کەناخی عەرەبێک دەهەژێنێت و، بەسەدایەک کەهەموو گیانی کۆچەریەک دەلەرزێنێ و ئەفسوون بەسەر شاعیری لێهاتوودا دەکات. مانا دادەهێنێ و، پیتەکانی جوانی بەرجەستە دەبن و وشەکانییش باڵا جوانتر دەنوێنن. بەسەر هەست و نەستی مردووشدا کە بەخەبەریان دێنن.. ئیدی لێرەوە وشەی وەفادار بەجوانی و واتا گەیشتوو بە قوڵایی واتاکانی و تەریب بە هەموو گیانێکی تینووی جوانی ڕەهاو باڵگرتوو بەهەموو هزرێک کەلەناخیدایە. ئەمە پێدەشتە دەوڵەمەندە کەیەو لەجوانیەکەیەوە دیوانی شاعیری کوردستان خۆی دەنوێنێنت؟؟

وەڵامی نووسینەکەی لە لایەن دکتۆر عەباس بابیلی "شاعیر و ڕەخنەگر "بەغدا":

بۆهاوڕێی سەنگین و وەفادار کاکە "ئەلبەدەوی ساڵح".

بەڕاستی من دەستەوەسانم لەگوزراشت کردن لەسەر ناسکی وتەکانت. دەربڕینی ڕستەی وشەکانتان کە تاڕادەیەکی زۆر هاوشێوەو جوانی گوڵە گەنمە ئاڵتونیەکانە،؟؟ کەژوانی تاکەکانی خۆری تێدا ڕەنگ دەداتەوە. لەوێشەوە جوانترین گوزارشتی ئەوین ڕۆمانیسی دەچرێت.

بەراستی زۆر دڵشادبووم بەوەسفەکانتان، خۆشحاڵ بووم بەشێوازی پەخشانەکەتان و بەوشە قووڵ و بیروڕاکەتان کەلە قردێلەیەکی ئاسۆی دەچێت. بەهاو چەمکی بەرزی ڕەوشتمەندی تێدایە. ئەو ستایشەی ئێوە بۆئێمە بەڵگەیەکی رۆشنە لەسەر رەسەنی خۆتان و گەلەکەتان بەتایبەتی گەلی "جەزائیر" کەبە گیانی جوانی و قوربانیدان ناسراوە و کەهاوشێوەی گەلی کوردی ئێمەیە.

بێگومان جوانی نوسین و دەربڕینیان هێمایە بۆبەرزی ناختان کەم وێنەیە و هێماشە بۆ پاکیەتی بۆئەو دڵە پاکەش کە ترپەکانی برایەتی و هاوڕێیەتی پەسەنددەکات.

کەوا وەسفی من و کارەکانتان پێ کردووە. بۆیە زۆر شادومانم چونکە لەناخی کەسێک و برایەک، هاوڕێیەکەوە، بەهەموو ئەمانەت و گەورەیی و رەسەنایەتیتانەوە.

وە بەرەوشتێکی بەرزەوە هەڵدەقوڵێت کەهەر ئێوە خاوەنی بوونن وەک کەسێک بەرێزو خۆشەویست. بۆیە سڵاوێکی تایبەتیم بۆ بەرێزت هەیە لەچیاو دۆڵ و لەدرەختەکانی گوێژەو لەتاڤگە گەورەکانەوە کەبە شیرینترین ئاوی پاکی، وەک پاکی دڵت لێوەی دەردەچێت لەگەڵ سڵاوم چاوانت ماچ دەکەم..

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٩

---------------------------------------------------

## كەژاڵ ئیبراهیم، پەیامی شیعری كرد بە گوڵ.



**هەڵكۆ عومەر تۆفیق**

كەژاڵ شاعیرێكی هەست ناسكی نێو مەیدانی ئەدەبی كوردی و، پانتایەكی بەر فراوانی لە شیعردا داگیركردووە. رەخنەگران و توێژەرانی كۆمەڵگاكەمان بەشێوەیەكی سەرنج راكێش لێ دەڕوانن "حیكمەتی ئەو تێڕوانینەش لەوەدایە ئەم خانمە خاوەنی روئیایەكی ناسك و نەرم و نیانە كەلەناخیەوە شەونمێكی شیعر هەڵدەقوڵێت. كەدەیان بەرهەم و وێنەی جوان و شایستەو نایابمان بۆدەنەخشێنێ "كەئەم هەستە لای كەمی شاعیران دەبینرێت.

كەژاڵ لەجیهانی پڕ بەرهەمی شیعری خۆیدا خەیاڵێكی پڕ بەرەكەت و، بەزمانێكی پشدەریانە وشەكانی هۆنیوەتەوە ، كەلە بنەڕەتدا زمانی"موكریانە".

كە رەنگە ئەم پرسیارەش قورس بێت بكرێت ئەگەر ئەو زمانە پرشنگدارە نەبوایە ئەو روناكیەش لەدایك نەدەبوو.

من لێرەدا نامەوێت باس لە جوڵاندنی وشە ناواخنی و بەهێزی وشەكانی شاعیر بكەم كەباسی چی دەكەن. بەڵكە دەمەوێت بگەڕێم بۆهێماكانی وشەو لێكدانەوەی "سیسۆلۆژیا " و دەرخستنی هەستی جوانی وشەكانی لە زماندا كەلە دەقێكی داهێنەرانەدا خۆی هێناوەتە بەرهەم. ئەم پەیوەندیە ش كرۆكی پرۆسەی داهێنانێكە لەشیعردا بەشێوەیەكی قووڵ تر؟كە ناكرێت پێكهاتە شیعریەكان دووربێت لە هاوكێشە ی عشق لەناو زماندا ،كەكاریگەری هەست و ئیقاعی خۆی لەنێوان هێماو ماناو، لەناواخنە شاراوەكانی دژەباوەكان بەدیار دەخات. لەشێوەی هەڵچوون و، لەیەك چوون و، جیاوازی شاراوەی دیار كەهەندێ جاریش زمانەكەش فێڵی لێدەكرێت؟



سەرچاوە Serchawe

بەتایبەتی کاتێک پەیوەندی "وتن و هێماکان" سەرنجێکی دوور لە دینامیکی ماناکان دەبینین لەناواخنی ئەم هاوکێشەیەدا.

رەنگدانەوەی رەمزە هونەریەکان و شتە جیاوازیەکان ئەو ئالۆزییەی نێوان "دال و مەدلوول"ی پەیوەست کردووە. رەنگە لە تێگەیشتندا زۆر رۆ بچێتە ناو ئەو کلتورە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەی مرۆڤایەتیەوە. کە لە بۆماوەیدا بۆمان ماوەتەوە. کەبەرپەچی تەنگژەکانی داوەتەوە،هەر بۆیە پێویستە روانینمان بۆزمان و هێماکان فراوان بکەین بۆتێگەیشتنێکی رۆحی و هەست پێکراو لەنێوان روکەش و ناخدا. رەنگە روکەش ناواخن بشارێتەوە بەپێچەوانەشەوە راستیەکەی دەربکەوێت کەئەم ئەزموونە روونە لە ژینگەیەکی گوماناویدا نوێگەرایەتی دێنێتە بوون.

"کەژاڵ"ی شاعیر ئامرازە تەعبیریەکان بەشێوەیەکی بەفراوان و رەونەقدار تەوزیف دەکات. وەناخمان لە خڵتەی داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان خاوێن دەکاتەوەو مێشکمان بەیاسایەک دەشواتەوە، تاکوو بتوانین دیمەنی رەنگین و ناسکی شیعرەکانی "کەژاڵ"ببینین کەلەمێشکماندا داڕێژراوە.بۆیە ئەو پەیوەندیە تایبەتە لەگێڕانەوەو دەرکەوتنی شیعرەکانی "کەژاڵدا" هەستی پێدەکرێت.

شیعرەکانی "کەژاڵ"لە چنینی زمانەوانیدا کاریگەرو پتەودیارە. چڕکردنەوەی زمانی ئەم پەیوەندییە جیوەییە جۆڵاوە قوڵترە" وتن و هێماکان"ی دەرخستووە "ئەم زمانەی لەناخدا پرۆسەیەکی دینامیکی شاراوەیە واتە کارلێک کردن لەنێوانیاندا "بەجیاواز، تاجیاوازتر، شیعرو ناشیعر، عەشق و، ناعشق لێک جودا دەکاتەوە کەواتە دەبێت بڕوا بەوە بهێنین کە "کەژاڵ"شتە نەگۆڕاوەکان "گۆڕانکاری نوێی بەسەردا هێناوە. بۆیە زمانەکەشی رامان دەکێشێت بۆهاوکێشەی"راکێشان و هەڵچوون" ئەم هەڵس و کەوتەو جێگە گۆڕکێیانەی شیعرەکانی ناخی ئازارو خەم و ژانەکانی شاعیرمان بۆدەردەبڕێت ئەگەر لەمیکرۆسکۆبی خەیاڵەوە بیبینینەوە هەست بەتەقاندنەوەی ئەم زمانە دەکەین.

بۆئەوەی راستگۆتر بم و بە"بروکستی"تاوانبارنەکرێم دەبێت بڕوا بەوە بهێنم کەئەزموونی شاعیر دوورە لە هاش و هوش و هاواری گەورە. بەپێچەوانەوە وشەکانی تابلۆیەکی رۆژهەڵاتی ناسک و پڕمانان. وە ئەو چرکەساتەی رۆحمان بۆوێنەدەکات کەوەرگر بەئاسانی ئەم شێوەیە وەردەگرێت دوور لەمکیاژی شیعری.

شاعیریەتی "کەژاڵ" هەمیشە ئەدرەوشێتەوە لەخۆڕسکی و هەڵچوون و زانیندا بۆیە یەکانگیربووە. لەگەڵ دێرە شیعرەکانیدا. شاعیر کانیەکەو دەڕژێتە دنیای ناخی خۆی و، لەگەڵ هەستەکانی دەرەوەیدا. واتە رزگاربوون لە زاڵبوونێکی سوڵتانیانەی رۆمانتیکی.

بەئاشکرا بانگەشە بۆخۆشەویستی و مرۆڤ دۆستی دەکات، دوور لە زەبرو زەنگ.شیعرەکانی ئەم شاعیرە بۆتە دیاردەیەک لەجوانی و رەنگینی نێو ئەدەبی کوردی جوانی شەپۆلی ئەزموونی "کەژاڵ" روون و بێگەردە کانیلەیەکی نەرم و نیانە گشت پیسی و پاشەرۆکانی ژیانی لابردووەو فرێداون.

"کەژاڵ" هەمیشە بەدوای دۆزینەوەی خۆیدا وێڵ بووە تا بگاتە دۆزینەوەی ناسنامەیەک بۆژیانی شیعری خۆی بۆیە گەیشتبووە ئەو داهاتووەی کە ململانێی نێوان مرۆڤەکان؟ راستی لای کێیە؟ ئەی عەشقی راستەقینەی شاعیر لەکوێدایە. کۆمەڵگا ناڕاستە، یان مرۆڤەکان ناشیرینی دەکەن. کێ ئەم زیندانەی بۆمرۆڤ خوڵقاندووە کێ ترسی خستۆتە دڵی ژنەوە؟ئەم پرسیارە سایکۆلۆژیانە هەمیشە لای "کەژاڵ" دەبێتە پرسیاری ناخی و، وەڵامیش دەداتەوە واتە ئەم پرسیارەکان فڕێ نەداتە ناو کۆمەڵگا و بێ وەڵام بێت. بەڵکوو وەک ژنێک دەگەڕێت بەدوای جیاوازییەکاندا ئەم بڕوای بەرق و قین نیە "بۆیە لەم کۆپلە شیعرە جوانەدا"کەژاڵ"پێمان دەڵێت:

هەرگیز باوەڕ ناکەم
پیاوان رقیان لەژن بێت
تەنها ئەوکاتانە نەبێت
کە دەبینین ژنێک لەوان گەورەترە..

لێرەدا "کەژاڵ کەرەستە خاوەکانی شیعری بێ فلتەرو، بێ گۆڕانکاری بەکارهێناوە، هەست دەکەیت وشەکان دوبارە دەبنەوە بەڵام بەمانای جیاواز وەکوو"بەهار، ئاسمان، نێرگز، پەپوولە، گەڵا" بێ ئەوەی هەست بەم دوبارە بوونەوە بکەیت بۆبنیات نانی پانتایەکی فراوانی شیعر؟ بۆیە لێرەدا جێگە پەنجەی شاعیر هەست پێدەکەیت بێ ئەوەی ناوی شاعیرەکە نوسرابێت چونکە گشت دەلالەتەکانی "کەژاڵ" دەگەڕێتەوە بۆخودی خۆی کەلەنەستیدا هەستی پێکراوە. هەروەها شیعرەکانی "هایکۆ"یەکی جوانی نەخشاندووە لەژێر هەمان ناونیشاندا کەمەودای داوە بەشاعیر جوانی شیعر بەیان بکات هەروەها بەو ناسکیە وەربگێردرێت بۆسەر زمانەکەی؟

"کەژاڵ" وەک عادەتی خۆی بەرهەمە شیعرەکانی بۆبنیاتنانی دەقی تایبەت بەخۆی گرتووە؟لەکۆپلەیەکدا مفرەداتی "سێبەر،درەخت " گوڵی قەرنەفل،باران"دەبنە گێڕانەوەی زمانی دەقەکە کەلە بنچینەدا کوڵەکەکەی ژنە بەشێوەیەک شیعرەکانی نەخشاندووە "دووربووە" لەدوبارەبوونەوە. وەک بڵێت دەچێت بۆنمایشکردنێکی وەرزێکی نوێ، یاخوود لەبەر کردنی پۆشاکێکی ناوازەی شیعری.

"کەژاڵ" لە زمانی شیعریدا سەردەکەوێت و، پێچ دەخواتەوە، بەرەو خورەی ئاو، منداڵی، بۆن و بەرامە و گۆرانی، ئەم هەموو تێکەڵیە شیعرە جوانە بەلای منەوە سەرسوڕهێنەر نیە لەگەڵ ئەو ژینگەییەی کە شاعیر لەم مەملەکەتدا دەژی. هەموومان مانا جوانیەکانی شاعیر دەناسین کەچۆن گرێ کوێرەکان دەکاتەوە بێ کۆت و بەند "خوێنەرو گوێگر" دەیخوێنیتەوە؟لەلەکۆپلەیەکی جواندا "کەژاڵ"کیماسی"شیعری بەکارهێناوە وەلەهەر کۆپلەدا مانایەکی جوانی بەشێوەیەک لە شێوەکانی شیعری بەرهەم هێناوە.

ئەم ژنە پڕە لە رەنگی شەماڵ، ژنێکە پڕواپڕە لە خۆشەویستی"بەڵام بێ دەسەڵاتە لەبەردەم شەڕەکانی کۆمەڵگادا کە دەیەوێت هەناسەکانی هەڵکێشێت؟

"کەژاڵ" بونەوەرێکی جوان و هەست ناسکە کە هەمیشە "دەستی پڕ بووە لەباران" وەبۆتە بونەوەرێکیش کە جوانی ببەخشێت بە ژیان".

سەرچاوە: ماڵپەری کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠١٩

----------------------------------------

## کەژاڵ ئیبراهیم خدر شاعیرێک لە جوانیی مەرگ.



د. سەباح موحسین کازم

وەرگێڕانی: بەندی عەلی

بێدەنگ بوونی دڵی بەشێوەیەکی کتوپڕ، زەرەرێکی دی بۆ ناوەندی ڕۆشنبیری و هزری و ئەدەبی زیادکرد، بەتایبەتی پاش

کۆچی دوایی (فالح عەبدولجەبار)ی بیرمەندو، (د. عەبدولمەتلەب سنید)ی هونەرمەند و(د. ئەحمەد مەتلوب) و دەیانی تر لەداهێنەران، ئەو داهێنەرانەی دوای کۆچی خۆیان شوێنەواری ڕونیان جێهێشت لەژێر خۆری عێراقدا.. دواهەمینیان "کەژاڵ ئیبراهیم خدرە" کەزیاتر لەبیست دیوانی شیعری پێشکەشکردووە بەزمانی کوردی و عەرەبی.. لەبەرهەمەکانی کەژاڵدا، کاریگەریی سروشت و ئاوێتەبوونی لەگەڵ دەوروبەردا بەڕونی دەردەکەون. لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەو وێنە شیعریانەی لەکاریگەریی دەوروبەرەوە هەڵهێنجراون و پڕن لەموزیکی شیعری، بەجۆرێ وا لەخوێنەر دەکات هەست بەخەزنەی سازگاریی دەربڕینەکانی شاعیر بکەیت لەدیوانەکانیدا، ئەو دەربڕینانەی کەسەرلێون لە جوانی و سەرسوڕمان و هاوسەنگی نێوان هەڵقولاویی رۆح و دەربڕینی هەستیی باڵای نەبینراو، لەگەڵ قوڵیی هەستی خودیی، بەمەش بانگەشەی پێدراوی جوانی دەکات لەسروشتی دە وروبەر، ئەو نێوەندەی ڕازاوەیە بەگژو گیای سەوزو درەختە شین بووەکانی لەبەهارداو بەڕووتبوونەوەی ئەو درەختانەش لەگەڵاکانی لەوەرزی پاییزدا.. بەوپێیەش دیدگای خەوبینینی شاعیرمان بۆ ڕوون دەبێتەوە لەشێوەی بەپیتی و سەرنج ڕاکێشانی خوێنەر لەرێگەی زمانی ئەو هەستپێکردنەی هەستی پێناکرێ و، زمانی ئەو دۆزینەوانەی نەدۆزراونەتەوە لەخەیاڵی بەپیتی شاعیردا نەبێ ..ئەوانیش لەڕێگەی داهێنانی ئەو هیماپێدانانەیە کەتایبەتە بەشاعیر خۆی، بەشێوەی (زانراو و هیما پێدراودا) ئەمەش دەبینرێ لەزمانی شیعریی بەپیتی شاعیر کەپڕە لەسیمبول و تێڕامان لەنێو دەقە لێوانلێوەکانی لەجوانی.

لە زمانی وێژەیی شاعیریشدا، کە پۆشراوە بەشۆخ وشەنگیی سروشت و سەوزیی ڕۆحی، لەدیوانە شیعرەکانیدا بەجۆرەها شێوە نمایشکراوە لە"میتافۆرو کینایەو مەجازی" لەبونیادی دەقەکاندا هاوکات لەگەڵ چنینی دەقەکان و لێهاتویی لەبەکارهێنانی پێکهاتەکانی، بەجۆرێ کەخوێنەر بەتوندی رادەکێشێ و روحی هەمەڕەنگ دەکات بەپیرۆزکردنی ئەو نهێنیە ڕوحیانەی لەناخیدا داپۆشراون و، بە هەڵسوکەوتە کانی مرۆڤ دەخەنە جوڵە، بەهیماکانی دەقی پەخشانی کاریگەر.. وەک چۆن (د. سەلاح فەزل) لە(ڕەوانبێژی خیتاب و زانستی دەق.. لا ٢٠)دا دەڵێ: گەر بگەڕێینەوە بۆ (تیۆری سوسییر) لە زماندا، وەک دەستپێکێک بۆ ڕەوانبێژی نوێ، دەبینین کەبریتیە لەهاوئاهەنگی نیشانە، نا هۆکارییەکانەو هەموو شتێک تێیدا لەپەیوەندی و هاوپەیمانییدایە.. واتە مانای وشەکان لەسەر شوێنیان لەڕستەداو جیاوازیان لەوانی تر، ڕاوەستاوە.. ئەمەش بەڕوونی دیارە لەهەندێ دەقی شاعیردا کەخۆشەویستی دەبەخشێ و جەنگ و ناخۆشی مەحکوم دەکات و ڕقی لەخوێن ڕشتنیشە، وەک لەدەقی دژ بەجەنگ و وێرانکاری و توندوتیژیدا هاتووە:

خوێن مێژوومان دەنوسێتەوە
خۆشەویستی دەکاتە نائومێدی
درەخت دەکاتە گوڵی سور



سەرچاوە
Serchawe

برین پرشنگ دەدات
روخساری زەوی دەگۆڕێ
هەتاو سڵاوی لێ ناکات
خوێن دەبێتە ژاڵەی تاڵ
ئاسۆی شیعر دەبێتە
چیمەنی ووشک و
بێ ئومێدی سۆزی شمشاڵ

لێرەدا شاعیر لە هاواری نارەزایەتیدا بەشێوەیەکی کۆ دژی جەنگ و پەڵەی خوێن و خۆڵەمێشی درەختەکان و روح کێشانی بێ تاوانان،، هەڵوێستە دەکات و، ئەو شوێن برینانەی وەک نیشانەیەکی درێژخایەن دەمێننەوە لەسەر جەستە.. ئەم دەقانە گەرچی لەخودێکی تەنیاوە دەردەچە یە، وەلێ باس لەخەمێکی دەستەجەمعیی مێینانە دەکەن کەلە وێنەی مێ و دایکانەوە سەرچاوە وەردەگرن. بەئومێدی دورخستنەوەی (من و ئەوی تر) لەجەستە.. ئەمەش وەک ئەزمونێکە کە وردەکاریەکانی پەیوەندی نێوان (ڕاڕا یی و دڵنیایی) دەنوێنێ لەمیانەی گەڕان بەدوای باوەشێکی گەرمدا کەئومێدەکانی مێ لەخۆ بگرێ لەشانازیکردن بەقەوارەو کەسایەتی خۆی.. ئەمەش لەڕێی هێماکانەوە کەلە دەربڕینەکانیدا دەردەکەون لەڕێی ئەو هەستانەی لەنا وشیاریەوە دێن وەک مەیلی بۆ ئەوی تر و لەچێژ نزیک بوونەوە تاگەیشتن بە"یوتوبیای "ئاسودەیی و هەست کردن بەبوون.. هەروەها سەلماندنی خود لەڕێگەی توانەوەی نەفس بەوەسڵی ئەوی تر "بەڵان " نەک وەک مانای ئەدەبیی ئیرۆتیکیەکەی، بەڵکو وەک دەربڕینی ویژدانیی بێگەرد لەو هەستانەی لەسینەدا یەنگیان خواردوە، لەدرکاندنێکی نیانی رۆمانسیدا ئەگەرچی هەندێ لەو دەقانەی کەژاڵ سیمبول و داستانی لە میپۆلۆجیادا تێدا نییە وەلێ هەوڵی ئەوەی داوە دڵنیایی بگەڕێنێتەوە بۆ درکاندنی ئەو نیازەی خۆی لە پاڵ مەجازەکانی زمان وپەیوەندیە دیالیکتیکیەکانی نێوان شێوەو ناوەڕۆک و ماهیەتی وشەکان لەبونیادو ماناووێنەو ڕیتمدا، بشارێتەوە.. وە هەندێ جیاکاری زمانەوانی لەنێوان دەقەکانی تردا ئەوە دەبینین کە (من) تامەزرۆیی زۆر لەچاو ڕاڕایی پڕ ترسی (ئەوی تر).. من لێرەدا ئەوە دەبینم کەتوانای دەربڕینی کەژاڵ چەند بەرزە لەبواری دەربڕینی زمانەوانی و جیاکاری مانادا بۆ ئەوەیە گوژمێکی زیندوێتی بدات بەدەق و بونیادی شیعریی ڕاڕا بەمەبە ستی ئەنجامدانی دووانەی (هەستی و زهنی) وەک لە دەقەکانی (دە چرۆ لەقەسیدەی ماچی خۆشەیستی، سەدای وشەکان، پێش ئەوەی منت خۆش بووێ، بە هەورێکی سور ئازادی ژیان دەنووسم...). لێرەدا کەژاڵ زۆر بەروونی داوای ئازادی و سەربەستی بۆ ژیان دەکات و بەدڵێکی پڕ لەتاسەوە پێمان دەڵێ:

سەربەستی ژیان

بە هەوری خوێن ڕەنگ ڕێژ دەکەم
لەنێو دڵی پڕ تاساوی هەمووتانا
وەکوو ڕێژنەی باران
وولات پڕدەکەم لەرەنگ
لەژێر سێبەری باڵاتا
لەدرەختی پڕ هەناری گوڵی لێوتا
لەزەنگ ئەدەم

کەژاڵ لە میانەی بردنی خەیاڵی وەرگر، بەرەو تێڕامان و بیر کردنەوە بەیەکاچوونەکانی زمانی شیعری کەلەو دەقانەدا هاتوون، کە پڕن لەسیحری سەرسوڕمان و، جوانی و جیاکاریی مانایی، کەوەک بەرکەوتنی شیعروایە لەگەڵ گەرمای خۆرو، ئەو ڕاچەنینانەی ئەم دەقانە دەیان خوڵقێنن لەئەنجامی ئەم جیاکاری ماناییەوە.. وەک لەم دەقەدا هاتووە:

ماڵی دڵت چەند بچووکە
وەک جۆگەلەی ڕۆحم وایە
ئەوەندە سەخت و هەڵدێرە
دەنگ نابیستم لەهیچ لاوە
نە شەقەی باڵی باڵندە و
نە جووڵە و شنەی بایە

بەڵێ، ئەزمونی شاعیری کۆچکردوو کەژاڵ ئیبراهیم، یەکێکە لەو ئەزمونە بەپیتە شیعریانەی ژنان، لەشیعری عیراقیدا، بەتایبەتمەندێتیەکی کوردیەوە، کەپڕە لەفەزای جوانی وئاسۆیەکی بەرین تاکو هەتاو، هەر بۆیە داهێنانە جوانەکانی بوونەتە بابەتی دەیان لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی و ئەدەبی لە لایەن نووسەران و ئەدیبە عێراقیەکان و عەرەبەکان، کە شایەتی ئەم داهێنانە جوانەی شاعیرن.

سەرچاوە: ماڵپەری کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ١٢ی ئەپریلی ٢٠١٩

---------------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

# خۆشەویستیی، نیشتمان و مردن



**خوێندنەوەیەکی رەخنەییانە لە دیوانی (باخچەکانی عیشق)ی کەژاڵی شاعیردا**

**د. کامیلیا عەبدولفەتاح**

**وەرگێڕانی: پ. د. هێرش محەمەد ئەمین**

لە ناو قەسیدەکانی ئەم دیوانەدا رەخنەگر و - وەرگر - حاڵەتی یەکگرتنێکی سەرنجڕاکێش لە نێوان خودی کەسی شاعیر و، نیشتماندا بەدی دەکرێت، تا دەگاتە ئاستی چڕبوونەوەو چوونە ناویەک لە نێوان خودی شاعیر و نیشتمان، لە ژێر کاریگەریەکی کەش و هەوای دەروونیدا.

نیشتمان سیمای تایبەتی خۆی هەیە لەم دیوانەدا، بوونەوەرێکی تینوی تامەزرۆی ژیانە، بریسکەی هەورێکی تینوە، گەروویەکە لێوەکانی بەفرە، بوونەوەرێکە تینویەتی لێدەباریٚ لێرەوە دەبێت تێڕوانینێکی جیاواز نیشان بدەین و سەرنج لەم کۆپلە شیعرە بدەین و دەگەینە ئەودەرئەنجامەی، کە شاعیر هەمیشە نیشتمانەکەی لە چوارچێوەی دڵیدا پێناسەکردووەو راشکاوانە پێمان دەڵێت:

وڵاتەکەم برووسکەی هەورێکی تینووە
نە خەزانی پایزێکی تووڕە و
نە شەپۆلی رووبارێکی سەرکێش
پێی دەزانن
بۆیە گەردنی ئەوەندە بەرزە

بزە و خەندەی لێوەکانی و
پێستی سپی و.. گەڵا و گوڵی
لێوەکانی، دەڵی بەفرە.

نیشتمان لای شاعیر گیانداریکی دڵتەنگە لەم پارچە شیعرەدا، ستەم و کوشتن زۆرانبازی و خوێنڕشتن هەڕەشە لە خودی مرۆڤایەتی دەکات و ژیانی شیعرو سروشی دەربڕین دەخاتە مەترسییەوە، چونکە کە خوێن لەسەر زەوی دەرکەوت، ژیان نامێنێت و هێزی ئەفراندن و هونەری لێ زەوت دەکات و، نیشتمانی بە خوێن رەنگکراویش مەترسی دارەو، وێنەیەکی سامناکەو، شیعر تێیدا نیشتەجێ نابێت و شاعیرانیش تێیدا ئاسوودە نابن.

کەژاڵی خانمە شاعیر وێنای کچێک دەکات کە تێرە بە تیشکی خۆر و ئەوهەماهەنگیە کارەساتبارەی هەیە لە نێوان نیشتمان و شاعیر لە بەرەنگاربوونەوەی کێشەکاندا، شاعیر و نیشتمان ئاوێتەی یەکدی دەبن بۆ رووبەڕووبوونەوەی باری ناهەموارو ناخۆش و خەماوی و تەواوی رۆچوون و، ترسیش گەمارۆیەکی رۆحیە، رۆحی نیشتمان و رۆحی شاعیر بە یەکەوە دەبەستێتەوە، شاعیر دەڵێت:

نیشتمانەکەم شەقامەکانی
پرن لە بۆنی ترس و
دەستەکانی پڕن لە بۆنی خیانەت و
زمانەکانی پڕن لە بۆنی درۆ
ئەم نیشتمانە ناوبنێم چی.

وێنەی نیشتمانە مەترسیدارەکەی لەگەڵ وێنەی شاعیردا گەورە دەبێت کە ترس و لەرز و نەبوونی ئارامی و ئاسایش گەمارۆی داوە.

کەژاڵ کاتێ بۆ خۆشەویستەکەی دەدوێت دەڵێت:

ئێمە هەردوکمان زیندانین
تۆ زیندانی داب و نەریت

منیش زیندانی ترس.

کەژاڵ وەسفی هێزی مردن دەکات کە ژیان وێران دەکات ، هەستکردن بە جوانییەکان ناهێڵێت، ئەمەش وا دەکات کە بێ ئومێدی و فەوتانی لاوێتی - ژیان و خۆشەویست - زالڕ بێت، کاتێ کە دەڵێت:

خەمی دڵمان بە ئازارە
تێشووی ژیان دەیسوتێنێ
تۆ بینوتە کاتێک
تۆڕ و ماسی ناگەن بە یەک
گوڵی باخچەکانی دڵم
پەڕ پەڕ دەبێ.

خۆشەویستی لە ئاراستەکردنی شیعری کەژاڵدا هێزێکی ئەرێنییەوە گوڕو تینێکی پاڵپشتی کەرە بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەمان و فەنابوون، هەروەها خۆشەویستی لە شیعرەکەدا وا دەردەکەوێت کە پاڵپشتیەکی رۆحە بۆ بەرەنگاربوونەوەی مردن، هەروەک ژیانێکی راستەقینەیە، شایانی ئەوەیە هەموو پێناسەیەکی ژیانی هەبێت،

لێرەوە شاعیر لە پێگەی خۆشەویستیدا لە ئاستێکی ئارەزوومەندانەدا ناوەستێت، بەڵکو لە پێگەیەکی پاڕانەوەو دەستەونەزەر لە بەردەم خۆشەویستەکەیدا دەردەکەوێت. پاڕانەوە لە خودی خۆشەویست وەک هێزێکی ئەفسوناوی دەبینرێت کە هێزو توانا دەبەخشیتە مرۆڤ، ئا بەم شێوەیە لەم دیوانەدا قەسیدە خۆشەویستییەکانی دەبینین - قەسیدەکانی پاڕانەوەو مەراسیمی قوربانیدانی لە خۆگرتووە، کە شاعیر بەڵگەنامەکانی ژیان دەبەخشێتە خۆشەویستەکەی - بەو پێودانگەی جوانیەکانی ژیانە.

تۆ کۆتری سپی ئاشتیت
خونچەی گوڵی لێوەکانت هەڵناوەرن
کە دەبیتەوە پەڕەی گوڵە شەوبۆ
گۆرانی و مۆسیقا
دەبنە پەرژینی سۆزی ئاواز

سەما دەکەن هەڵدەپەڕن.

ئەو شتەی کە پشتگیری بۆچوونە ڕەخنەییەکەمان دەکات، ئەوەیە ئەو کەسەی قەسیدەکانی ئەم دیوانە دەخوێنێتەوە، ئاوێتە بوونی گیانی نێوان هەستەکانی خۆشەویستی و هەستەکانی ئازاری بۆ دەردەکەوێت، بە شێوەیەک خۆشەویستی دەردەخات کە بریتییە لە رزگاربوون لە ئازار و قوتاربوونە لە مردن و تاریکایی ژیان. کەژاڵ بۆ خۆشەویستەکەی دەپاڕێتەوە، پاڕانەوەیەکی حەزکردوو لە رزگاربوون، دەڵێت:

دەستی راستم لە ئەنگوستە چاوێکدا
بە سەرسامیەوە لێی روانیم و
بە شەرمەوە پێی ووتم "
تۆ بینیوتە هەور بگری و
زەردەخەنە کۆتایی بێ و
لەسەر رێگەی ژووانی
دڵدارانی وڵاتەکەم
دوو عاشقی سەر هەڵگرتوو
بەشەر هاتبن
دڵی شەونمی درەختێکیش
بە نیگایەکی ئازارەوە پێی وتم "
قەت بینوتە، لە نێوان دوو عاشقدا
زام و چەقۆ، شیعر و تفەنگ
لە یەکتری تۆرابن
منیش بە رۆحێکی پڕ لە جۆگەلەی خەمەوە
لێم روانین و، پێم وتن
بەڵێ تاکو ئاوێنەی ژیان پڕ ئەستەم بێ
دەیان چرۆی گەش هەڵدەوەرێ.

کەژاڵ پانتاییەک لە سۆز، زەوی، فراوان، دووربینی... لە دیمەنەکانی ژیان و جموجۆڵەکانی لە ناخی شاعیردا چڕدەبنەوە

لە ڕووبەڕووبوونەوەی چێژەکانی ئازاروخەموو هەر هێمایەکی تر کە ئاماژە بێت بۆ مردن - مادی بێت یا مەعنەوی - ئەمانە هەموو بە چڕی لە دیوانەکەیدا کۆبوونەتەوە - وێنە هونەرییەکانی کە پڕاویڕبوون لە ژیان، هەروەک لە مانەدا دەیبینین: هێشوە ترێکانی دڵ، سەوزبوونی جوانی و، هەلاڵەی پرشنگدار. ئەم وێنانە لە ئاستێکی دژدان بەرامبەر بەو بوونەوەرانەی ئاماژەن بۆ لاوازی و مردن کە بریتین لە: فرمێسک و خەم. لە بەرجەستەکردنێکی هونەریدا کە هێمایە بۆ وێناکردنی شاعیر بۆ عاشقێکی خۆی، تێیدا شاعیر بوونەوەرێکی قوربانیدەرە لە پێناو رزگاری نیشتمان، دەڵێت:

هەندێک جار دەبمە چەتر و
پەرژینی باخێکی وەنەوشەیی
تاکو دڕک و گوڵیش
بۆنی یەکتری بگرین
تێکەڵاوبن بە نەشئەی
رەنگ پەمەیی.

کەژاڵ دڵی پڕە لە خەموو تێشووی ئازار، ئازارێک کە تەنها خودی شاعیرەکان هەستی پێدەکەن ئەوەتا لەم کۆپلە شیعرە پڕ لە گوڵە هەنارەیدا دەردەکەوێت و هەگبەکەی رۆحی دەکاتەوە:

هەگبەکەم پڕە لە کۆڵوانەی خەم و
پرووشەی هەور و، نمەی باران
تاریکی رەش کۆتایی دێ و
ژیان رەنگی پەلکەزێڕینە دەنەخشێنێ
بانگی ئازادی دەچڕێ بۆ نیشتمان.

خۆشەویستی لەم تێڕوانینە شیعریەوەیە کە ئازادی دەبەخشێت، لە واقیعێکی ناهەمواری پڕ لە وێرانکاری و دیمەنی مردن و ئازارو ناڕەحەتی کە هەڕەشە لە خودی مرۆڤایەتی دەکەن لە رێگەی چەوساندنەوەو کۆیلایەتی و بەمەبەستی هزرودەروونی. لەم روانگەیەوە شاعیر باس لە گۆڕانکاری دەکات لە میانەی خۆشەویستیەوە بەرەو چەندین بوونەوەری قاڵبوو بە هێزو شادی و ئازادی. بۆیە هەر بە خۆشەویستی شاخێک و بەرەبەیانێک و باڵندەیەک و گۆرانیەکی بۆ ژیان ئامادە کردوە، کەژاڵ دەڵێت:

بە بوخچەیەک سۆزەوە
بە بەرچنەیەک لە هێشووە ترێی دڵمەوە
دێم بۆ لات
تاکو سەوزایی جوانیم ببینیت
بە باوەشێک فرمێسک و
بە پریاسکەیەک خەمەوە
دەبمەوە بە خونچەیەکی گەش و
گەش دەبمەوە بۆ جوانی باڵات.

هەروەها لە کۆپلەیەکدا کە ئەم شاعیرە زۆر جوان باسی نیشتمانە دڵ بریندارەکەی دەکات کە خۆشەویستی پێناسەیەکی زۆر دژوارە تێدا وەک باڵندەیەکی دیل وایە راشکاوانە هەست و سۆزی دەردەبڕێت و دەڵێت:

کە تۆم ناسی
گردێک بووم، بووم بە چیا
کانیەک بووم و بووم بە دەریا
شەوێکی ئەنگوستەچاو بووم
بووم بە گزنگی بەیانی
باڵدارێکی نێو قەفەز بووم
گەڕامەوە بۆ سەرچڵی درەختەکان
بۆ نەغمەی خۆش، بۆ گۆرانی.

خوێنەری ئەم دیوانە شیعرییە هەست دەکات لەبەردەم جوانترین باخەکانی عیشقدایە، کە چۆن عیشقی خۆشەویستەکەی ئامبازی عیشقی نیشتمان بووە، ئەویش لە میانەی ئاشتی و ئاسایش و ئاواتەوە، بۆیە خۆمان لەبەردەم چەند وێنەیەکی هونەری دەوڵەمەند بە وردەکارییەکانی سروشت دەبینینەوە، کە ژیانیان لێ هەڵدەقوڵێت، وەک نمەی باران، گوڵەکان، درەختەکان، شاخەکان، باڵندەکان، خوڕەی ئاوەکان، لقە شۆڕەوەبووەکان، بەهار، نێرگز، بەیانی، هەتاوی هونەری، لەم هەموو دیمەنانەدا وێنەی خودی مرۆڤایەتیی تێربوو بە ئارەزووو بزوتن تێدەپەڕێنێت. جیاوازی زمان بووە ڕێگر کە نەتوانم بە دوای سیما و دەنگی مۆسیقاو بزوتنی مۆسیقای زمان و شێوازی توانای زمانەوانیدا بگەڕێم.بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم

جیاوازییە نەبووە رێگر و توانیم بگەمە رێچکە و واتاکانی ئەم جۆرە شیعرە، کە پڕواپڕە لە گەرم وگوڕی شیعرو جیاکارییە هونەرییەکان، بەو هۆیانەوە باخچەکانی عیشقی بۆ دەرخستین، کە ژیان تێیدا ڕەنگ دەداتەوە و لای ئەو ژیان خۆشەویستیی و شیعرو نیشتمان و ئازادی و ئاشتییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ١٥ی جانیوێری ٢٠١٩

---------------------------------------------------

## ساڵی ٢٠٢٠

## کەژاڵ شاعیرێک پڕ لە هەڵاڵەی وشە.



د. محەمەد زبابە (میسر)

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: هەڵکۆ عومەر تۆفیق

کەژاڵی شاعیرم لە رێگەی شیعرە ناسکەکانیەوە ناسیوە ،شاعیرێک ئەوەندە جوان دەینووسی ،هێمنی و لەسەرخۆم تێدا خوێندۆتەوە،بۆیە لەم روانگەیەوە زۆرجاریش باری سەرنجی خۆمم بۆ دەربڕیووە، بەوپەڕی راستگۆییەوە رەخنەو پێشنیارەکانم بۆ خستۆتە روو، ئەویش بە سنگێکی فراوانەوە هەمووی لێ وەرگرتووم.

ئەوەی زیاتر مایەی شادمانی من بووە،کاتێک کچی شاعیرێک لە نیشتمانە رەنگینەکەی خۆیەوە دیوانە شیعرییەکەی دایکی جوانەمەرگی بەناوی "پرووشەکانی عەشقی" پێشکەش کردم "لە وڵاتی مێری شارستانیەتەوە کە بەخاوەنی "ارچ کنانە" ناسراوە شەرەفمەند بووم.

کەژاڵ شاعیرێکی رەنگاو رەنگە لە پەیڤی جوان "لەوشەی ناسک و پڕ لە هەلاڵەی وشە، لە گوڵی پەمەیی، لە سروشتی سەوز. بۆیە لێرەوە هەوڵ دەدەم و، بە هیوام بتوانم پەیڤێک بەم شاعیرە خاوەن هێزی ووشەو زمان پاراوەدا بدەم.
کەژاڵ کچی نیشتمانێکە، هەمیشە رەنگی سپی وەکوو بەفر پۆشیووە "شاعیرێکە کەم ژن هەیە بتوانێت بەو ئاوازو سەمفۆنیایە بنوسێت" ئەو هەمیشە لەرێگەی شیعرەکانیەوە دەیخستیتە بەردەم پرسیار؟ پرسیارێک ئایا ژن و پیاو کە دوو بونەوەری مەزنی ئەم سەرزەمینەن "بۆ دەبێت جیاوازیان لەنێواندا بکرێت کە مرۆڤیان خوڵقاندووە.

کاتێک ئەم دیوانەی دەخوێنیتەوە خۆت لەبەردەم شاعیرێک دەبینیتەوە کەخاوەن قەڵەمێکی هەستیاری مرۆڤایەتی و ئینسانیە بەمانای وشە؟وشەکان بەدیباچەیەکی زیرەکانەو هوشیارانە ریزدەکات.

ئەو شیعرەکانی بە کراسێکی پەخشانامەی روون و رونتر بەیان دەکات. لە ناخە جوانەکەیدا بەبێ دەنگی و قورگی پڕەوە وشەکانی دێتە دەر.

بۆیە لێرەوە باخچەیەکی گوڵ پەرش دەکات کەبەسەرهاتی شاعیرێکە لەمینبەرەکەیەوە رۆژە سەختەکان دەگێرێتەوە، وە عەزفێکی پڕ لە هیوا دەژەنێ پڕە لەچریکەی شادی.

کەژاڵ شیعرەکانی لە قووڵایی ئیمانەوە سەر هەڵئەدەدا لە لێکدانەوەیەدا بەهانەیەکی ئینسانی تێراوە بە باوەڕە عەقیدەکانی خۆی.

شیعرەکانی نامەیەکی "سامی"یە بەکورتی و پوختی پێمان دەڵێت. دەبێت هەمیشە پێنوسەکانمان کۆشش بکا، وێنەی مەرجان و پەخشی رووناکیەکانی بالابکا. ئەو نیشتمانی بە هیواوە خۆش دەوێت حەزدەکات بە بەرگێکی سپییەوە داپۆشرێت بۆیە لێرەدا زۆر راشکاوانە دەڵێت:

ئەوکاتەی نیشتمان

خوێن دەبەخشێ و سەروەریەکانی تۆماردەکا
پەلکەزێرینە گوڵ دەردەکاو سەما دەکا
نا بۆ شەڕ..
نا بۆ پڕ بوونی نیشتیمان لە تەرم
نا بۆ هەڵوەرینی پەنجەکان و
مەرگی هێواشی رۆڵەکان

شیعرەکانی ئەم شاعیرە چەندین هەڵبەزو دابەزی بەخۆیەوە بینیووە. چونکە وشە ناسکەکانی لە نیشتمانە پڕ لە بەرائەتەکەیەوە، لەدڵە پاک و بێگەردەکەیەوە هەڵقوولاوە.خاوێن وەک روبارو کانیەکی روون. وەک دەشتاییەکی سەوزی پان بەرین وشەکانی خستۆتە بەردەم خوێنەرانی.

کەژاڵ شیعرەکانی لەرۆح و دڵیەوە دێتە دەرەوە،لێرە ناکرێت ئەم شاعیرە هەست ناسکە هیواکانی خۆی بخواتەوە، چونکە هیواکانی هەرگیز نادزرێن.

نیشتمانی ئەم شاعیرە کارتی بەردەم مزگەوت و کۆڵانەکان بە رەشپۆشی قبوول ناکات. ئەو لەنیشتمانێکدا دەژی کە مردن وەرناگیرێت وەک گوڵی مانگی ئایار حەزدەکات گەشاوەیە بێت. ئەو حەزدەکات وشەکانی پەخش بکات وەک مانگ و رۆژی ئەیلولی قەشەنگ بدرەوشێنەوە. حەزدەکات وشە کانی خۆشەویستی ببەخشێتەوە، هەست ناسک وەک خۆشەویستی منداڵ وەک سنگی دایک پاک و بێگەرد.

بۆیە عەشقەکەی کەژاڵ چوارچێوەی ئاڵاکەی بەخۆشەویستی دەچێنێت. وەحەزدەکات نیشتمان یارمەتی بدات، چونکە یارمەتیدانی نیشتیمان عەشقێکی ترە لەناخی ئەودا.

رێکەوتی: ١٢ی ئەپریلی ٢٠٢٠

--------------------------------

# شیعر زمانی مرۆڤ و گەردوونە

## خوێندنەوەیەک بۆ دەقی (وەرە بەیەکەوە بژین) ی کەژاڵ ئەحمەد



**ناڵە حەسەن**

ماوەیەک لەمەوبەر لە نامەیەکدا، خوێندنەوەیەکمان بۆ چەند دەستەواژەیەکی دەقێکی شیعری (سەباح ڕەنجدەر)ی شاعیر کرد هاوکاتیش، باسم لە مانیفێستێکی خۆم کردبوو، کە پێکهاتووە لە سێبەش، لەوێدا دووبەشی مانیفێستەکەمان باسکردبوو ئەوانیش لەژێر ناوی (شیعر فۆرمێکی بێدەنگ نییە..!) و (شیعر عەشقێکی گەورەیە!)، هەروەها ڕەهەندەکانی پشت ئەو گوتنانە و لەچوارچێوەی خوێندنەوە بۆ هەندێک لە چەمک و هێما و کۆدەکانی نێو دەقەکە باسکردبوو. وا لێرەشدا بەشی سێیەمی مانیفێستەکە لەژێرناوی (شیعر زمانی مرۆڤ و گەردوونە) باسدەکەین و (بەریەککەوتن و هاوتەریببوونی) ناوەڕۆک و ئامانجەکانی ئەوبەشەش لە سیاقی خوێندنەوەمان بۆ ئەو دەقە بەدەردەخەین، هەروەها دەیکەین بە (میتۆدێک) بۆ خوێندنەوەی دەقی (وەرە بەیەکەوە بژین)، کە یەکێک لە شیعرەکانی (کەژاڵ ئەحمەد)ی شاعیرە، هەوڵدەدەین هێندەی بۆمان بکرێت لە دەرگای چەند بابەتێکی پێویست و گرنگ بدەی. لە سەرەتاوە شیعرەکە چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە یان لە ڕووی زمانەوانی و فۆرمەوە، تا ئاستێکی بەرز جوانی بەرجەستەکردووە، بە زمانێکی شیرین و پڕ هەست و سۆز، دەقەکە نووسراوە، وشە و میلۆدییەکانی ئەم دەقە، گەمە لەگەڵ دەمارە عاتیفەییەکانی خوێنەر دەکەن و چێژێکی بێوێنەی پێ دەبەخشن، هەروەها لەم دەقەدا بە توانایەک و هەست و خەیاڵی شاعیرانەوە عەشقێکی گەورە نمایشکراوە، یان باشترە بڵێم / چیرۆکی عەشقێکی گەورە دەگێڕێتەوە، وەک ئەو چیرۆکانەی لەنێو کتێبی ئەفسانەکانەوە باسدەکرێن. لە پشتی ئەو خەیاڵە ڕۆمانسییانەوە لە دەرگای کۆمەڵێک بابەت و مەسائیلی گرینگ دەدات کە / پەیوەندییان بە ژیان و چارەنووسی مرۆڤەکان و هاوکات پەیوەندییان بە شیعر و مەعریفەی شیعرییەوە هەیە، لە سەرەتاوە شیعرەکە بەمشێوەیە دەست

پێدەکات.

سبەینێ واز
لەماڵەباجێنەی تەنیایی ئەهێنم
تۆش واز لە دارلاستیکی سەرکێشی بهێنە

لەم کۆپلەیە / هەست بە سەرەتای نەخشە و پلانێک دەکرێ، وەک خۆئامادەکردنێک یان وەک سەرەتایەک بۆ چوونە نێو ئەو دنیایەکی جیاوازەوە / ئەویش دنیای عەشقێکی نوێیە، لەسەرەتاوە بە بڕیارێک دەست پێدەکات، شاعیر لەنێو شیعرەکەیدا / دەگاتە ئەو باوەڕەی کە هەر لە سبەینێوە واز لە (ماڵەباجێنەی تەنیایی) بهێنێ و دەخوازێ دڵدارەکەشی واز لە (دارلاستیکی سەرکێشی) بهێنێ. وادیارە (ئەو) واتە دڵدارەکەی هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو بڕیارە و بەتەواوی یەکلانەبۆتەوە، بۆیە لە سەرکێشییەکانی بەردەوامە، بەڵام ئەگەر، لەڕووی زمانەوە سەیری ئەم دەستەواژە و ڕستە شیعرییانە بکەین، دەبینی پەیوەندییەکی بەهێز و ناوازەی لەنێوان وشەکانی (دارلاستیک و سەرکێشی) یان (ماڵەباجێنە و تەنیایی) دروستکردووە، هونەرکارییەکی شاعیرانەی تیاکردووە، هەردوو وشەکەی لەمانا بنەڕەتییەکە داماڵیوە بەتایبەت (دارلاستیک و سەرکێشی)، لە پەیوەندییەکی نوێدا مانایتری پێبەخشیون، وشەی (دارلاستیک)، پەیوەندی بە تەمەنی منداڵییەوە هەیە، زێتر منداڵ دارلاستیک بەکار دەهێنن بەتایبەت کوڕان وەکچۆن (ماڵەباجێنەش) یاری کچانەیە، سەرەمانێک دیارە مەبەستمان لایەنی کەم بیست ساڵێک لەمەوبەرە، کە ئەوکات / ئەتاری و پلەیستەیشن و کۆمپیتەر و ئەنتەرنێت نەبوون، منداڵ دوای قوتابخانە زۆربەی کاتەکانی لە کۆڵان و لەگەڵ منداڵانیتر بەسەردەبرد، دارلاستێک بۆ شەڕی نێوان کۆڵانەکان و گەڕەکەکان بەکاردەهات و یان بەردگرتنە چۆلەکە و باڵندەکان، واتە دارلاستیک لایەنێکی (نیگەتیڤ)یشی هەبوو، هاوکات سەرکێشیش دیوێکی نێگەتیڤی هەیە، بەڵام / لێرەدا دارلاستیک هێمایە بۆ منداڵی، واتە وشەیەکە بەرائەتێکی جوانی پێبەخشیوە، سەرکێشیش دیوە نێگەتیڤەکەی لێ داماڵیوە، چونکە ئەم دوو وشەیە لەپەیوەندییە نوێیەکەیان دەتوانین وا خوێندنەوەی بۆ بکەین (سەرکێشییەکی منداڵانە)، واتە دەخوازێ / دڵدارەکەی واز لە کێشییە منداڵانەییەکەی بهێنێ، هەروەکچۆن خۆی واز لە ماڵەباجێنەی تەنیایی دەهێنێت ...! پێشتریش لەسەر ئەم بابەتە قسەمان کردووە و گتومانە / لە نێو زمانی شیعری داماڵینی وشە و چەمک و هێماکان لە مانا پێشوەختەکان و مانا فەرهەنگییەکان، ئەوە پرۆسەیەکی داهێنەرانەیە، هەروەها د. محەمەد کەمال لە کتێبی (فەلسەفەی بوون)، لە ڕووی بوونگەراییەوە باس لەم پرۆسەیە دەکات و ئەو بە (هەڵوەشاندنەوە و دامەزراندن) ناوی دەبات و دەڵێت (پەیوەندی نێوان ئەم دوو خەسڵەتە گرنگە و ناتوانین لە یەکدییان جیا بکەینەوە، (هەڵوەشاندنەوە) بەبێ مەبەستی دامەزراندن و لە پێناو هەڵوەشاندنەوە دەبێتە (وێرانکردن) بەڵام، بۆ ئێمە هەڵوەشاندنەوە لە وێرانکردنەوە جیاوازە، چونکە دەمانەوێت لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوە بیرۆکەی نوێ

دابمەزرێنین و بە ئاکامێکی دیکە بگەین...!)، هەروەها هەر لە پەیوەند بەم بابەتە ئەوەش دەڵێت کە / ئەگەر هەڵوەشاندنەوە دامەزراندنی بەدوادابێت، ئەوا هەڵوەشاندنەوەکە دەبێتە (پڕۆژە)، واتە پڕۆژەیەک ڕوو لە داهاتوو...! هەروەکو ئەوەی لەو پەیوەندییەی نێوان وشەکانی (دارلاستیک و سەرکێشی)، هەڵوەشاندنەوەمان بینی، وشەکان لە مانا پێشوەختی و مانا فەرهەنگییەکانییان داماڵرابوون، لە پەیوەدییەکی نوێ بنیادنرابوونەوە، واتە دامەزرابوونەوە، ئەم هونەرکارییە لە زمان تا ئاستێکی باش قووڵی و جوانکاری بە دەستەواژە و ناوەڕۆکەکە بەخشیوە.

کەژاڵ ئەحمەد لە بەشێکیتری شیعرەکەیدا دەڵێت؛

من ڕێگەی هەموو ڕۆژێک و
ئەدرێسی ژیانم ئەگۆڕم
بەکۆدێکی زۆر نهێنی
کە دڵتە
تا هیچ کەسێ نەتوانێ بمدۆزێتەوە
کلیلی دڵم ئەشکێنم.

شاعیر لەپێناو بەدیهاتنی خەونێکی گەورە و گەیشتن بەدواڕۆژێکی پڕ لەخۆشەویستی لەگەڵ کەسیک کە، سوارچاکی نێو خەون و خەیاڵەکانییەتی، ئامادەی هەموو بڕیارێک و هەموو گۆڕانێکە لە ژیان و لە خۆیدا بۆیە، لە سەرەتاوە بڕیاردەدا واز لەماڵەباجێنەی تەنیایی بهێنێت، ئەمیش واز لە دارلاستیکی سەرکێشیی بهێنێت، ئێستا / بڕیاریتر دەدات کە، ڕێگاکانی هەموو ڕۆژە و ئەدرێسی ژیانی بگۆڕێت، خۆی ون بکات و لەچاوی ئاوەدانی خۆی بشارێتەوە، تەنها بە کۆدێک بدۆزرێتەوە ئەویش دڵی دڵدارەکەیەتی، واتە وەک ئەشقیایەکی شەیدا، لەو زێتر کەسێکیتر ناتوانێ بیدۆزێتەوە.

لە دیمەنێکیتری شیعرەکەیدا دەڵێت،

وەرە بەیەکەوە بژین...
لەناو ئینجانەیەکی زۆر بچکۆڵەدا
کە عاشقێکی خوێنشیرین
لە حەوشەی خوێندنگەیەکی تێکەڵاوا

دایبنێت و

مامۆستایەک بەتاسەوە بۆنی بکا.

بەپێی ئەم دیمەنە شیعرییە، عەشقەکەیان گەیشتۆتە ئاستێک، کە مانەوەیان لەدووری یەک و لە نێو کونجەکانی تەنیاییدا، سووتان و ئازارێکی گەورەیە، ئازارەکەی هێندە کاریگەر و بەسۆیە کە بەرگەگرتنی کارێکی سانا نییە، بۆیە دڵبەر بە دڵدارەکەی دەڵێت / وەرە بەیەکەوە بژین، بەڵام شاعیر ئەم داوایە لە نێو وێنەیەکی شیعری زۆر نایاب و ناسکۆڵە دەردەدبڕی و دەڵێت، وەرە بەیەکەوە بژین / لەناو ئینجانەیەکی زۆر بچکۆڵانەدا، ئەم دوو عاشقە هێندە تامەزرۆی یەکتری و گەیشتن بەیەکن، هەرشوێنێک بێت، تەنانەت / نێو ئینجانەیەکی بچکۆڵانەش بێت قەبوڵیانە، دەبن بە دوو گوڵی بۆنخۆش و دەچنە نێویەوە، دەخوازن عاشقێکی خوێنشیرین لە حەوشەی (خوێندنگەیەکی تێکەڵاوا) دایانبنێت و لەوێدا مامۆستایەک یان قوتابییەک بەتاسەوە بۆنییان بکات. دیمەنێکی تابڵۆی ڕۆمانسی و پڕ لە هەستی شاعیرانەو بە زمانێکی شیرینی شیعری، بەکارهێنانی (خوێندنگەیەکی تێکەڵاو) زۆر لەشوێنخۆیەتی و مەودای بیرکردنەوە و ناوەڕۆکی وێنە شیعرییەکەی قووڵتر کردووە، کە لە بەشەکانیتری ئەم دەقە هەڵوێستەی زێتری لەسەر دەکەین.

شاعیر بە هەمان وزە و خەیاڵە دۆزەخییەکانی لەنێو دەقەکەی بەردەوام دەبێ و دەڵێت؛

من و تۆ بەیەکەوە بین

هێڵی تەلەفۆنەکانی شار

بیست و چوار سەعات سەرقاڵی گوێگرتن لە ئەوین نابن

من و تۆ بەیەکەوەبین

ئیتر کارەبا نابڕێت و

هەموو ڕۆژێ ئاو دێتەوە

Googleیش رزگاری ئەبێ لەگەڕانمان بەدوای یەکدا و

کچان بۆ تۆ و

کوڕان بۆ من ناتوێنەوە

خۆی لە بنەڕەتدا شاعیر باسی عەشقێکی گەورەمان بۆ دەکات، ئەو عەشقەی دەتوانن مەوداکان ببڕن و لەنێو زەمەندا بمێننەوە، ئەو عەشقەی نەک هەر شایستە بەوەیە شێوەی ژیان و یان خووە هەمیشەییەکانی بۆی بگۆڕی بەڵکو، شایستە بە

هەموو قوربانیدانێکیشە. لەنیو کورەی خەیاڵەکانی دوور دوور دەڕوات، تەنانەت بۆ ئەودیو سنوورەکانی خەیاڵ، وایدەبینێ / بەیەکگەیشتنی ئەوان و بەیەکەوە ژیانی ئەوان وەک (موعجیزەیەکی گەورە)، یان دەبێتە کلیلێکی سیحری گرێکوێرەی هەموو کێشەکان دەکاتەوە و چارەسەریان دەکات...! ژیان دەگاتە ئەوپەڕی کەناری ئارامی..! بڕۆننێ لەنێو رووبەری خەیاڵ چ فەنتازیایەکی خوڵقاندووە..! یان دەڵێت (من و تۆ بەیەکەوە بین / هێڵی تەلەفۆنەکانی شار، بیست و چوار سەعات سەرقاڵی گوێگرتن لە ئەوین نابن..!) بەمانای هەموو هێڵی تەلەفۆنەکانی شار و هەموو خەڵکی ئەم شارە بەعەشقی ئەوانەوە سەرقاڵن ..! تەنها باسی ئەوانە و هیچیتر، گەر ئەوان بەیەکبگەن و بەیەکەوە بژین / ئیتر چیتر تەلەفۆنەکان سەرقاڵ نابن بە گوێگرتن لە چیرۆکی ئەم دوو ئەویندارەوە. یان دەڵێت / (من و تۆ بەیەکەوە بین، ئیتر کارەبا نابڕێت و هەموو ڕۆژێ ئاو دێتەوە...! )، بەیەک دێرە شیعر باسی (دوو) گەورەترین کێشەی خەڵکی کردووە (کێشەی ئاو و کارەبا..!) بەدیوێک (گەورەیی و ئەفسونی عەشقەکەمان پێشان دەدات، کە بەیەکەوەبوونی ئەوان ئیتر کارەبا نابڕێت و ئاویش دێتەوە..! )، بە دیوێکیتر پێمان دەڵێت (کە ئێمە لە نیشتیمانێک دا دەژین خەڵکەکەی (کێشەی ئاو و کارەبایان هەیە..!) بەیەکەوەبوونی ئەوان ئەم کێشانە چارەسەر دەبن..! بەبڕوای من ناوەڕۆکی ئەم جۆرە دەقانە بە ئەندازەی ئەو عەشقە ئەفسوناوییەی باسمانکردووە گەورەن، یان دەڵێ (گوگلیش ڕزگاری دەبێ لە گەڕانمان بەدوای یەکدا و کچان بۆتۆ و کوڕان بۆ من ناتوێنەوە..!)، لێرەش شاعیرانە ئەو تامەزرۆیی و چەپاندنە کوشندەیەی (کوڕان و کچانی) کۆمەڵگەکەمان باسدەکات، کەژاڵ لێرەدا توانا شیعری خۆی لە ئاستێکی بڵند دەرخستووە، لە دوو وێنەی جوانی (هونەری و شیعری) باسی لە چەندین کێشەی گەورە و بابەتی زۆر گرنگ کردووە وەک،(قوتابخانەی تێکەڵاو، هێڵی تەلەفۆن، کێشەی ئاو و کارەبا، سایتی گوگل، باری دەروونی کوڕان و کچان..!) بە زمانێکی شیعری پڕ چێژ و سەرنجڕاکێش..! شاعیر بەهەمان کڵپە ڕۆمانسییەکانی نێو دەمارەکانی عاتیفە و خەیاڵە تامەزرۆ و ئیرۆسییەکانی دەڵێت،

هەر ئێستا وەرە مارەمکە
بە پێشەکی خەندەیەک و
بە پاشەکی نیگایەکت قایل ئەبم
تۆ (بمهێنە) بۆ ناو قسەیەکی خۆش و
منیش بۆ ناو شیعرێکی کچانە (ئەتهێنم!)
هەر ئەمڕۆ مارەمکە
بە پێشەکی چەپکێ گوڵ و
بە پاشەکی ماچێکی دۆستانە
یان بەسێ جار وتنی وشەی (گیانەکەم)

**تەڵاقمدە و تەڵاقتەدەم!**

شاعیر دەیەوێت کۆڵنەدات / عەشقەکەی بەئاکام بگات و دەستبەرداری ئەو خەونە گەورەیە نەبێت، دەیەوێت ئاکامێکی هەبێت، بۆیە لەسەرەتا داوا دەکات و بانگی دەکات، یان پێی دەڵێت (وەرە بەیەکەوە بژین)، بەڵام، هێندە نیگەران و دڵبەسۆیە دەیەوێت ڕەسمیەتێک بەو بەیەکەوەبوونە بدات و بەپێچەوانەی زۆرێک لە کچانی نیشتیمانەکەی هەمیشە خۆی دەستپێشخەر دەبێ، بۆیە بڕیار دەدەت و دەڵێت (هەر ئێستا وەرە مارەمکە..!)، بە (دیوێکدا..!) بەشێوەیەکی زۆرجوان و بە بیرکردنەوەیەکی هاوچەرخانە ئەو داوایەی خۆی بۆ مارەکردنەکە دەخاتەڕوو و دەڵێت (بە پێشکی خەندەیەک و بە پاشەکی نیگایەکت قایل دەبم..!)، یان دیسان گەرمتر و بەتاسەتر پێدادەگرێ و دەڵێت (هەر ئەمڕۆ مارەمکە / بە پێشەکی چەپکێ گوڵ و بە پاشەکی ماچێکی دۆستانە..!)، بۆ (جیابوونەوەش وشەی (گیانەکەم) بەسەو زێتر هیچیترنا..!) ، وەک شاعیرێکی هەستناسک، بەزمانێکی شیرین و بەسۆز، باس لەم بابەتە کۆمەڵایەتییە گرنگانە دەکات / بابەتەکانی وەک (هاوسەرگیری و مارەیی و جیابوونەوە) لێرەدا ئەوەش دەبینین کە عەشق چ بەهایەکی گەورەی هەیە، ماڵی دنیا و (هیچ شتێک) لەسەرووی بەهاکانی عەشقەوە نابینێت، بۆیە (بۆ بەیەکەوەبوون و مارەیی / تەنها چەپکێ گوڵ و ماچێکی دۆستانە و دەخوازێت..!)، بەودیوە داهێنانێکی گەورەی کردووە، چ لەڕووی زمانی شیعری و چ لەڕووی بیرکردنەوە و ناوەڕۆک و بیرکردنەوە هاوچەرخەکانی، بەڵام بە دیوێکی تر / بۆ بەکەوەژیان (فۆرمی مارەیی و ئیمزاکردنی پارچە کاغەزێک لەبەردەم دادوەر) تاقە فۆرم و تاقە ڕێگە نییە، کەژاڵ ئەحمەد فۆرمی دووەمی بۆ (بەیەکەوەبوون) (نادیدە) گرتووە، فۆرمی دووەمیش / بریتییە لە بەیەکەوەبوون و بەیەکەوەژیان بەبێ ئیمزاکردنی هیچ پارچەکاغەزێک و ئەگریمەنت و بەڵگەنامەیەک یان بەبێ چوونە دادگا و هیچ شوێنێک، تەنها بوونی عەشق و خۆشەویستییەک و ڕەزامەندی هەردووکیان، ئەوەندە بەسە بۆ بەیەکەوەبوونیان ئیتر هیچ شتێکیترنا..! لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ئەم فۆرمە بۆ بەیەکەوەژیان وەک فۆرمەکەیتر لە ئاستێکی بەرین پیادەدەکرێت، وەک خێزانێک چاویان لێدەکرێت و منداڵیش دروست دەکەن و لەڕووی یاساییەوە هەموو مافێکی خێزانی و یاساییان هەیە، بەمانای تەنها (کچبرادەر و کوڕبرادەر)ن واتە (گێرل فرێند و بۆیفرێند)، هەرکاتێکیش بەیەکەوە نەگونجێن جیادەبنەوە، دیارە لە هەردوو باردا، ئەو پارچە کاغەزە ئیمزا بکرێت یان نا، کاتێک خۆشەویستی نەما ئیتر تەواو، ئەو پەیوەندییە کۆتایی دێت، جا بەیەکەوە بمێنن یان جیاببنەوە..! کەژاڵ وەک شاعیرێکی (دژەباو)، کە سەردەمانێک بەو ئاراستە کاریکردووە، دەبوا فۆرمی دووەمی نادیدە نەگرتبا، یان ئەوەتا هەرباسی مارەیی نەکردبا، بۆ نموونە (هەر پێی لەسەر ئەوە داگرتبا (وەرە با بەیەکەوە بژین..!)، یان دەیتوانی بەشێوەیەک باسی کردبا کە بوارێک بۆ فۆرمی دووەم بهێڵێتەوە، یان لایەنیکەم ناڕاستەخۆ دەریبڕیبا بۆ نموونە بیگوتبا (وەرە بەیەکەوە بژین (گەر مارەم بکەی یان نا)، من خۆم و دەسکە گوڵێک هەر لە چاوەڕوانیت دا دەبم..! )، لێرەدا باس لە هەردوو فۆرمەکە دەکرێت، وەک کەسێکی هاوچەرخ و دژەباو هەردوو فۆرمەکەی قەبوڵ دەکرد، چونکە لای ئەو عەشق و بەیەکەوەبوونەکەیان لەسەرووی هەموو

شتێکەوەیە، چونکە کەژاڵ ئەحمەد لە سەرەتاوە، بە دوای کتێبەکانی (بەندەری بەرمۆدا و وتەکانی وتن)ەوە، بە ئاراستەی دژەباوی کاریکردووە، بە دەرەجاتێک لەم کتێبانەش بەڵام بەتایبەتتر لە کتێبەکانی (قاوەیەک لەگەڵ ئەودا) یان (ئاوێنەم شکاند)، لەوێدا (کەژاڵێکی جیاواز) دەبینین بەتایبەتیش / لە کتێبی چوارەمی (ئاوێنەم شکاند) ئەم دژەباوییە و هاوچەرخییە بە ڕۆشنی ڕەنگدەداتەوە، خۆشی لە زۆرێک لە شیعرەکانی بەم دیدەوە نووسیویەتی بۆ نموونە، شیعرەکانی (شکاند، کەژاڵێکی جودا، سەدساڵ غەریبیت دەکەم، نازانم بەبێ تۆ بژیم، بە تەنوورەیەکی کورتی سوورەوە و زۆرێک لە شیعرەکانی ئەو سەردەمانەی..! )، چونکە بەبڕوای من / مرۆڤ دەبێ ڕاستگۆ بێت لەگەڵ ناخ و بیروباوەڕەکانی خۆیدا، ئەوەتا / (ئەلبێر کامۆ، لە (ئەفسانەی سیزیف)، ڕەخنە لە (گالیلۆ) دەگرێ و دەڵێت (بە ئاسانی دەستبەرداری ئەو ڕاستییە زانستییە بووە وەختێ بووە مایەی هەڕەشە لەسەر ژیانی،.. گەرچی یەکێک بوو لە گرنگترین ڕاستییە زانستییەکان..!)، یان هەر لەوکتێبەدا لەبارەی (شوبنهاوەر)ەوە دەڵێت (وەک بابەتێکی پێکەنین باسی شوبنهاوەر دەکرێ کە چۆن خۆی لەسەر سفرەیەکی ڕازاوە دانیشتووە و کەچی ستایشی خۆکوشتن دەکات...!) ، بۆ ڕەخنەگرتن لەم بیرمەندانەش پشتی بە وتەیەکی (نیچە) بەستووە کە دەڵێت، ( فەیلەسووف بۆ ئەوەی شایانی ڕێزگرتن بێت پێویستە خۆی نموونەی ئەو شتانە بێت کە دەیانڵێت..!) ئەو قسەیەی (نیچە) بۆ هەرکەسێک و شاعیرێک و نووسەرێکیش هەر ڕاستە، بۆیە ئەو چاوەڕوانییەمان لەو شاعیرە ئازیزەمان ئەوەیە کە، بەو ئاراستە دژەباوییەی خۆی سەرلەنوێ دەستپێبکاتەوە و (ڕۆحی فرۆغ و ڕوئیاکانی کەژاڵێکی جودا) لەنێو بیرکردنەوەکانی ئێستای زیندوو و چالاک بکاتەوە...!

شاعیر لەنێو دەقەکەی / بەهەمان هەست و سۆز و زمانێکی شیعری پڕ لە خرۆشان و چێژ بەردەوام دەبێت و دەڵێت،

سبەینێ واز
لەخووی خراپی زۆر نووستن ئەهێنم
مۆڵەت لە شیعر و خەڵک و خوا وەرئەگرم و
لەناو کلۆرە دارێکی پوورەی هەنگا
مانگی هەنگوینی لەگەڵ تۆ بەسەرئەبەم
فێری وتنی شیرین و
خستنەوەی وەچەی شیرین و
ئاشتییەکی شیرین ئەبم

کەژاڵ ئەحمەد لەو دەقەیدا، وەک ئەوە وایە چیرۆکی عەشقێکمان بۆ بگێڕێتەوە، لەسەرەتا عەشق دواتر (بەیەکەوە ژیان)،

دواتر مارەیی و هاوسەرگیری..!)، لەم کۆپلە شیعرەی سەرەوەش، لە سەرەتا باس لەگۆڕینی هەندێک خووی خراپ دەکات، بەمانایەک خۆی ئامادە دەکات بۆ ئاهەنگی گواستنەوە و ڕۆیشتن بۆ مانگی هەنگوینی، بەڵام بۆ مانگی هەنگوێنییەکە (شوێنێکی جودا لە وێنەیەکی بێئەندازەی جوانی شیعریدا) باسدەکات و دەڵێ (مۆڵەت لە شیعر و خەڵک و خوا وەرئەگرم و / لەناو کلۆرەدارێکی پوورەی هەنگا / مانگی هەنگوینی لەگەڵ تۆ بەسەر ئەبەم...!) دیارە شاعیر بەم دیدەوە دەڕوانێ کە (ژیان و عەشق و مرۆڤ) بەهای گەورە و پیرۆزییان هەیە، بۆیە دەبینین لە مارەیەکەش داواکەی تەنها (چەپکێ گوڵ و ماچێکی دۆستانە) بوو، بۆ مانگی هەنگوینییەکەش، داوای هوتێلێکی گەورەی (پاریس و نیۆرک) ناکات، هەرکوێیەک بێت تەنانەت (ناو کلۆرەدارێکی پوورەی هەنگیش بێت...!، بەڕاستی خەیاڵێکی ناسک و جوان و شاعیرانەیە، جوانکارییەکی بێوێنەی بەو کلۆرەدارەی پوورەی هەنگ بەخشیوە، لەو وێنە شیعرییە جوانی وەقسە هاتووە، لێرەدا چێژێکی گەورە بە خوێنەر دەبەخشێ، لەسەر چیرۆکەکەی بەردوام دەبێت و دوای مانگی هەنگوینیش (باسی وەچەنانەوە و بەیەکەوە ژیانێکی ئارام دەکات..!)، ئیتر هەوڵدەدا لەم کونجی ئارامابیە لەگەڵ ئەودا تابۆی بکرێت بۆ درێژماوە بمێنێتەوە، بۆیە هەوڵدەدات زێتر کار لەسەر خۆی بکات و ئەوشتانەی یان، (واز لە خووە خراپەکانی بهێنێت) و وەک دەڵێت (هەر ئەمڕۆ واز / لەم تووتڕکی تووڕەبوونانەم ئەهێنم / کە لەدڕکی پەستبوونی تۆ ئەچێ بۆ لەمەودوا / گوڵ ئەگرێت و گوڵ ئەگرم...! ) ئیتر لێرەوە بەرەو کۆتایی چیرۆکەکە دەڕوات و بەڵام دواجار وێنەی گومانێکی گەورەمان بۆ دەکیشی و دەڵێت،

ئەگەر دڵت هێندەی دڵم گەورەنییە
بڕۆ وازم لێبهێنە با هەروەکو جاران بژیم

بەمانایەک / لەوە دڵنیا نییە کە دڵی (ئەویش) جێگای ئەو عەشقە گەورەیەی تیادەبێتەوە، یان دەتوانێ قەبوڵی ئەو کرانەوە و هاوچەرخییەی بیرکردنەوەکانی ئەو بکات..! لەڕاستیدا لەوە دڵنیا نییە و نازانێ، بۆیە بە (ئەگەرەوە) قسە دەکات...!، مرۆڤی هاوچەرخ و مۆدێرن هەرگیز بە باوەڕی موتلەقی ڕەها لە شتەکان و بابەتەکان ناڕوانن، ئەگەر بە ئاستێکی کەمیش بێت بوارێک بۆ گومانەکان دەهێڵنەوە، لێرەدا کەژاڵ ئەحمەدیش هەروای کردووە.

لەم دەقەدا / زمانی شیعری لەسەرەتاوە تا کۆتایی شەونمی چیژ دەردەکات و تەڕو پاراوە، فۆرم و ناوەڕۆکیش / لەنێو رووبەی جوانیدا تەریبن بەیەکەوە.. لێرەدا بە پێویستی دەزانم هەندێک قسە لەسەر چەمکی جوانی بکەین، ئەو (چەمکانە)ش کە پەیوەندییان بە جوانییەوە هەیە و ماناکانی جوانی تۆختر دەکەنەوە و مەوداکانی جوانیش بەرینتر دەکەن، هەندێک نموونە و لایەنی جوانکاری ئەم دەقەش بخەینەڕوو. هەروەک لە کتێبی (ئیستاتیکا، Aestheticism)، کە لە نووسینی (ئار ڤی جۆنسن)ە، لە بەشی (شیعر و جوانی) دا هاتووە و، دەڵێت (کرۆکی جوانی لەنێو ئەدەبدا / لە

شیعردا بە ڕۆشنی دەردەکەویت..!)، بە مانای شیعر / لە هەموو ژانرەکانیتر زێتر ئیش لەسەر جوانی دەکات، هەر لەو بەشەدا باس لە شاعیر و نووسەر (ئەدگار ئالان پۆ) دەکات، بەتایبەت لە مامەڵەکردن و روئیاکانی ئەو لەگەڵ هەستی ڕاستی و چەمکی ڕاستی لەنیو دەق و نووسینەکانیدا، بە بڕوای ئێمەش / چەمکی جوانی پەیوەندییەکی نزیک و بەهێزی هەیە لەگەڵ چەمکی ڕاستی یان ڕاستی گوتن، لەنێو گوتارە شیعری و ئەدەبییەکاندا ڕاستی گوتن، ڕەنگەکانی جوانی تۆخ دەکات و ڕووبەری جوانیش بەرینتر پێشان دەدات، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو ڕەوایەتیش بە داهێنان دەدات، چونکە ڕاستی گوتن هەر ئەوە نییە، پەیوەندی بە جوانییەوە هەبێت بەڵکو / پەیوەندی بە ئازادبوونی نووسەرەکەش هەیە، واتە کاتێک شاعیرێک یان نووسەرێک / لەنیو دەقەکانییان بە زمانی شیعری ڕاستی بەرجەستە دەکەن، ئەوا ئەو کەسە لەنیو ڕووبەری دەقەکەی کەسێکی ئازادە و لەژێر کاریگەری هیچ هێزێکی دەرەکیدا نییە، چونکە هەروەک چەند جاریتریش گتومانە / ئەوکەسانەی لەژێر کاریگەری هێزە دەرەکییەکانن کەسی ئازاد نین واتە (کەسی نامۆ)ن کەسانی نامۆش ناتوانن داهێنان بکەن، چونکە ئاراستەی جووڵەکانی لەژێر کاریگەری هێزە دەرەکییەکان دایە، جا ئەگەر لەم دید و ڕوانگەوە قسە لەسەر ئەم دەقە شیعرییەی کەژاڵ بکەین دەبینین / زۆر ڕاشکاوانە و ڕاسگۆیانە خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی خۆی دەربڕیوە، لەژێر کاریگەری هیچ هێزێکی دەرەکیدا نییە، ئەوەی ئاراستەی جووڵەکانی دیاری دەکات، ئەوە (تەنها) هەست و حەز و خۆزگە و خەونەکانی خۆیەتی، بێگومان بە توانا و هێزێکی شیعرییەوە، بۆیە کەسێکی ئازادە لەنیو ڕووبەری دەقەکەی بەمانایەکیتر / تەعبیری لە بیرکردنەوەکانی خۆی (کەژاڵ ئەحمەد) کردووە، بۆیە لە ئاستێکی بەرز داهێنانی کردووە، جوانییەکی مەودا فراوانی بەرهەمهێناوە، بۆ نموونە دەڵێت / (من و تۆ بەیەکەوەبین، ئیتر کارەبا نابڕێت و هەموو ڕۆژێ ئاو دێتەوە...!) چەند راستگۆیانە و شاعیرانە و بە زمانی شیعری، کێشەی ئاو و کارەبا دەخاتە ڕوو. ئایا ئەم ڕاستگۆییە پانتاییەکی قووڵتر و بەرینایییەکی زێتری بە ڕووبەری جوانی نەبەخشیوە..؟ ئەی ئەگەر بیگوتبا (من و تۆ بەیەکەوە بین، کارەبا "هەمیشە" دەرەوشاوەکانی سەرشەقام و نێو ماڵەکان زێتر دەدرەوشێنەوە و ئاویش وەک "هەمیشە". لە گۆرانی گوتن بەردەوام دەبێ..!)، ئەوەی منیش نووسیومە بە دەربڕینێکی شیعری و بە زمانێکی شیعرییە بەڵام / هیچ جوانکارییەکی تیا نابینین، چونکە ڕاستیم تیا نەگوتووە، چونکە لە نیشتیمانی ئێمە (ئاو و کارەبا) وەک زۆرێک لە پێداویستییە سەرەتاییەکانیتر خەڵک بەردەوام و (هەمیشە) لێیانەوە بەهرەمەند نین..! کەژاڵ ئەحمەد گەر دەربڕینەکانی خۆی بەمشێوەیەی من گوتبا / هیچ ئازادییەک و ڕاستگۆییەک و هاوکات ئەو ڕووبەرە بەرینەی جوانیشمان لەنیو دەقەکەیدا نەدەبینی ..! جا لێرەدا هەوڵدەدەین / بەرەو کۆتایی ئەم نووسینەمان بڕۆین و بنەڕەتی مەبەستەکانمان بە چڕی بخەینەروو، هەروەک پێشتر گتومانە کە زمانی شیعری دەتوانێ یان هێزی ئەوەی هەیە کە / قسە لەسەر هەموو بابەتێک بکات و مرۆڤ گەر توانای شیعری هەبێت دەتوانێ تەعبیر لە هەست و خەونەکانی خۆی بکات، یان زمانی شیعری دەتوانێ سوود لە هەر (وشەیەک و چەمکێک) ببینێ و شاعیرانە لە پەیوەندییەکی نوێ بەکارییان بهێنێ / بوونی ئەم هێزە ڕشت و گەورەیەی زمانی شیعری، ئەوە (دیوێکی گەردوونییەتی) شیعرمان پێشان دەدات، کەژاڵ ئەحمەدیش لە چوارچێوەی دەقە شیعرییەکەی ئەم هێزە

گەورەیەی زمانی شیعری پێشانمان داوە و بەرجەستەی کردووە، کە بە زمانی شیعری و لە چوارچێوەی وێنەی شیعری جوان بابەتی زۆر گرنگ و گەورەی باسکردووە، لە سەرەوە باسمان لە زۆربەیان کردووە، وەک (کێشەی ئاو و کارەبا، هێڵی تەلەفۆنەکان و سایتی گوگل و قوتابخانەی تێکەڵاو و مارەیی و هاوسەرگیری و تەڵاق و باری دەروونی کوران و کچان و... زۆرانیتر)، باسکردن لەم هەموو بابەتە جودا و گرنگ و هەمەجۆرانە لەچوارچێوەی دەقێکی شیعری، ئەوە ئەو هێزە گەورەیەی زمانی شیعریمان پێشان دەدات لە هەمانکات / ڕەوایەتی بە ئیمەش دەدات کە بڵێین / بوونی ئەو هێزە گەورەیەی زمانی شیعری و بوونی مەودا فراواناکانی ڕووبەری شیعر، (ئەوە دیوێکی گەردوونیەتی شیعرە...!)، هەروەها (دیوەکەی تری گەردوونییەتی شیعر لەوەدایە کە / شیعر (خۆی) لەنێو گەردووندا بوون و ئامادەییەکی بەردەوامی (هەبووە و هەیە)، بۆ نموونە / خەونەکانی مرۆڤ پڕیەتی لە شیعر بەمانایەک کاتێک / مرۆڤ هەستەکانی ناوەوە و خەونە جوانەکانی خۆی باسدەکات لەوێدا، شیعرییەت دەبینین یان، لەنێو هاژەی تاڤگەکان شیعرییەت هەستپێدەکەین، لەنێو گڤەگڤی (با) شیعرییەت هەست پێدەکەین، لەنیو میلۆدییەکانی بولبول و چیکەچیکی چۆڵەکە و باڵندەکان شیعرییەت هەست پێدەکەین، لەنێو ورشە ورشی درەخت و دەنگی ڕووبارەکان شیعرییەت هەست پێدەکەین، تەنانەت ئەگەر بە هەستەوە (گوێ لە بێدەنگی بەردیش) بگرین شیعرییەت هەست پێدەکەین، بەهۆی ئەم بیرکردنەوەمان و خستنەڕووی ئەم هەموو فاکتانە دەتوانین بە خەتێکی درشت و گەورە بنووسین (بەڵێ / شیعر زمانی مرۆڤ و گەردوونە..!)، هەروەها دەخوازم ماڵە چراخانییەکەی شیعری (کەژاڵ ئەحمەد)یش هەرئاوەدان و درەوشاوە بێت، سڵاو لە داهێنان.

سەرچاوەکان:


کتێبی (من دەبێ خۆم بسمیل بکەم) کەژاڵ ئەحمەد

کتێبی (فەلسەفەی بوون) محەمەد کەمال

کتێبی (ئەفسانەی سیزیف) ئەلبێر کامۆ .. و؛ ئازاد بەرزنجی

کتێبی ( Aestheticism) V.Johnson


سەرچاوە: ماڵپەری قەڵەم - ڕێکەوتی: ١٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

--------------------------------------------------

# رژێمی ئینترۆپی و فەلسەفەی فینۆمینیۆلۆژیا لە دەقەکانی کەژاڵ ئیبراهیم خدردا.



پ.د. زاهیر لەتیف کەریم

پ.د. نیان نەوشیروان فوئاد مەستی

### کورتەیلێکۆڵینەوەکە:

لەدیدێکی فیزیکییەوە، ئینترۆپی، کەلەبنەڕتدا ووشەیەکییونانی کۆنە، بریتیەلەگۆڕانکارییە هەڕەمەکی وبێ پلانییەکان، دواتررژێمێک لەکێش و قەبارەوڕووبەر دەخولقێنێت. ڕژێمەکە،گەرچی هەڕەمەکی (عشوائی) دەبیاتبەڕێوە، بەڵام لەگەڵا ئەمشدا هۆکارییەکان مۆتیڤێکی هەرە بەنرخیگۆڕانەکارییەکانە. بۆ نموونە، لەکاتێدا بڕە ئاوێکمان لەبەر تیشکی خۆر بۆچەندرۆژێک دانا، دواتر تێبینی دەکەین گۆڕانکاری بەسەرڕێژەکەدا هاتووەوڕێژەکە کەمی کردووە. لێرەدا هۆکاری ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ تینی تیشکیخۆر، بەوەی گەردیلەکان، بەهۆی، بەریەککەوتنەوە، ڕێژەکەی کەم دەبنەوەیان وونەدەبن. لێرەدا ئینترۆپی بەدوای مانای هێزە وونبووەکاندا دەگەڕێت، تارێژەیئینترۆپی کەمتر وون بێت ئەوارێژەی زیانەکان کەمتر دەبنەوە و بەمەشکارەکە، لەئەنجامدا، بەرەو کردارێکی ئایدیالێزمی دەڕوات (بادیسایدری: ٣-١٦). واتە جیاوازییەکان لەڕێژەی گۆڕانکارییەکان جۆرێک لەهاوسەنگێتی لەنێوان دوو توخمی جیاوازدا دروست دەکات وەک ئەوەی لادان لەیاساکان دەبنە هاوڕێی نزیکییاساکان. دواتر هەردووکیان بەیەکەوەو بەشێوازێکی هەڕەمەکی و سروشتییەکەیەکی سەربەخۆ دەخولقێنن. ئەمە بەدیوێکیتردا تێکەڵەکردنی دوو ڕژێمی جیاوازە کەئەنجامەکەی دروستبوونی قەوارەیەکی نوێیە، جیاواز لەوەی پێشووتر، وەک جوداکردنەوەی خوێ لەئاوی دەریاکانکەدواتر، بەهۆی کاریگەرییە دەرەکییەکانەوە، ئاوێکی سازگار دروستدەکات. یان گەر گوڵدانێکمان شکاند و پارچە پارچەمان کرد، دواتر هەوڵماندا پێکیانەوە بلکێنین ئەوا شێوە نموونەییەکەی خۆی ناگرێتەوە، بەڵام گەرجارێکی تر کردمانەوە بەخۆڵ و قوڕ و دروستمان کردەوە وخستمانە فڕنیگەرمییەوە ئەوا هونەر و

جوانی گوڵدانەکە دەردەکەوێت بەفۆرم و فیگەرێکیترەوە. بەمەش هێز وشێوەکە دەگۆڕێت بەڵام لەناو ناچێت، یان کۆتایان پێنایەت. هەر لەبەر ئەمەشە گەورە زانای فیزیکی ئەڵمانی(کلاوسیوز - ١٨٢٢ - ١٨٨٨) دەڵێت ترۆپی بەمانی گوڕانکاری وگواستنەوە دێت، بۆ نموونە، بەهایتەنێک، بەپێیرێژەکەی، لەگۆڕانکاریدایە، هەتا گوشارەکان لەزیادبووندا بێتئەوا گەردیلەی تەنەکەش لەگۆڕاکاریدا دەبێت. گەورە زانای فەرەنسیش(کارنۆ - ١٧٩٦ - ١٨٣٢ )بەم شێوەیە باس لەتیۆرەکەی دەکات کەبنەمایەکی گرنگی ئینترۆپییە"هێزی جووڵە ونبووەکە، لەرێگەی پێکدادانی دوو تەنەوە، گۆڕانکاری لەهێزی جووڵەدا دروست دەکات وجارێکی تر و لەرێگەی پێکدادان و بەریەککەوتنەوە هێزی جووڵە ونبووەکە دەگەرێتەوە بۆ دۆخێکی نموونەییگەورە" بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: (Marcelo :٤٨٦).

گەر لەڕوانگەی ئەدەبەوە، بەتایبەتی شیعر، سەیری ئەم تیۆر و رژێمەبکەین، ئەوا دەشێت بڵێین لەپشت دەقەوە چەندین نهێنی شاراوە بوونیان هەیە، تەنانەت ئەو دەقانەش کەبەشێوەیەکی سادە دەردەکەون. ئەمەش لەکاتێکداچەمکی دەق، لەسەر ئاستی فۆرم و ناوەڕۆک و بەهۆی کردارە بەریەککەوتنەکانەوە، فیکری وسیاسی و سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی، لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە(نیان نوشیروان: ١٧٢). بەمانایەکی جیاوازتر، دەق بونیادێکی وەستاو نیە، بەڵکو توانای گۆڕینی خۆی هەیە وهەر جارە و بەشێوە و شێوازێک بەدەردەکەوێت هاوشێوەی نەخشە بیناسازی و تەلارسازییەکان. واتە، ئەمگۆڕانکارییە لەنەخشە و کەرەستە و بابەت گۆڕانکاری لەراڤە و هەڵسەنگاندن و هەستکردندا دەکات. ئەوەی لێرەدا گرنگ بێت، ئەم گۆڕانکارییە دەرئەنجامی هۆکارییە جۆراوجۆرەکانە کەچەمکی هەڕەمەکی، نەک یاسایەکی دەستکرد و دانراو، سەرچاوەیەکی هەرە بەهێزە، بەڵکو کارەکە بەم هەڕەمییە کە ئەنجام دەدرێت. دواتر هەر ئەو هێزی هەڕەمەکییە، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، بابەتێکی نوێی سەربەخۆ دروست دەکات ودەبێتە بنەمایەکی کارکردن (ترنسهوگز: ١٣)، ئەمە هەندێک جار لەچەمکی لادانەکانیشدا (الانزیاح) بەدیدەکرێت، ئەمە لەکاتێکدا لێکۆڵینەوەکە پشت بەم لادانە نابەستێت.

## ئامانجی لێکۆڵینەوەکە:

### لەبەردەم لێکۆڵینەوەکەدا چەند ئامانجێک هەیە.لەوانە:

- بایەخدان بەهەردوو جەمسەری دەق و خوێندنەوە، ئاستە سروشتی و قووڵەکان، چونکە دەق چەند سادە بێت ئەوا خاوەن بیرۆکە ونەخشە و هێزوتوانای خۆیەتی و لەهیچ دانەمەزراوە. خاوەنەکەشی بەهۆی گۆڕانکارییە زەمەنی و جێگەیی و فینۆمینۆلۆژیاکانەوە بەوەستاویی نامێنێتەوەو لەگۆڕانکارییەکی بەردەوامدایە. بەئاڕاستەیەکی تر، لەسەریەک هێڵی نەخشەیی و بابەتی نامێنێتەوە، وەک کارێکتەرێکی شانۆیی و سینەمایی لەنواندنی جۆراوجۆرە. بۆ هەررۆڵێک جۆرێک

لەنواندن. سەرکەوتنی ئەم کارێکتەرانە بەرجەستە کردنی ڕۆڵی نواندنەکانیانە. گەر دەقەکەش ئاڵۆز بێت بەهۆیبەکارهێنانی هێما و نیشانە و ئاماژە ئایکۆنەکانەوە، ئەوا بۆ ئەمەشیان کردنەوەی دەقەکان نیشانەکانی گۆڕانکاری ئاشکرا دەکەن و دواترخوێنەر، بەتایبەتی نموونەیی، دەتوانێت دەستنیشانی هێزی دەق و بەریەککەوتن و خوڵقاندنی هێزی نوێ بکات.

- بەرۆشنبیرکردنی دەق و خاوەنەکەی بەوەی هێزی دەق و گۆڕانکارییەکانی دەرئەنجامی خەستبوونەوەی ڕوشنبیرییەکی مەعریفی و فیکری و سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژییە، بەمەش دەقی ئەدەبی بەشێوەیەکی گشتی دەرئەنجامی فرەرۆشنبیرییە.
- زانین وتێگەیشتنی ئەو هۆکارانەی کەدەبنە خوڵقاندنی هێزی دەقبەتایبەتی هۆکارە سروشتییەکان نەک دەستکردەکان.

- کێشەی لێکۆڵینەوەکە:

ئەم لێکۆڵینەوەیە، کە بۆ یەکەم جارە لەسەر ئاستی چەمکە ئەدەبییەکان کاری لەسەر دەکرێت و ئەنجام دەدرێت، هەوڵێکە بۆ چارەسەری هێزی گۆڕانکارییەکان،چونکە زۆر جار لەنزیکەوە ئاگاداری ڕەوتی گۆڕانکارییە هەرەمەکییەکان نین کەدواتر ئەو گۆڕانکاریانە کاریگەری گەورە لەسەر ئەدەب و کۆمەڵگا دروست دەکەن. واتە، خوێنەر پێویستە ئاگاداری هۆکارییەکانی بەریەککەوتنەکان بێت، کەپەیوەندیان بەدۆخە سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژی وفیکرییەکانەوە هەیە. خوێنەری سروشتی تەنها مانا گشتییەکەی دەق لەخۆدەگرێت و ناچێتە نێو ووردەکاری هێزی بەریەککەوتنەکان. هەر بەریەککەوتنێک هێزێک دەخوڵقێنێت کەلەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە. هەتا ئاستی ڕۆشنبیری خوێنەر لەگەشەدا بێت ئەوا هێزی ڕژێمی ئینترۆپی زیاتر دەردەکەوێت، بەڵکو ئەو ڕژێمە دەبێتە سەلمێنەر و بەڵگەی گۆڕانکارییە نوێیەکان. بۆ نموونە، پەیوەندییە مێژوویی و ئەدەبییەکانی ئەدەبی کوردی، لەسەر ئاستی شیعر، بەتەوژمە نوێخوازە ئەدەبییەکەی تورک بەتایبەتی ئودەبای فەجری ئاتی و سەروەتی فنون، فۆرمێکی نوێی لەشیعر دروست کردووو شاعیرانی کوردیش(گۆران وشێخ نوری ...)گەڕانەوە بۆ کێشە بڕگەییەکان، هاوشێوەی تورکەکان.

- سنووری لێکۆڵینەوەکە:

لێکۆڵینەوەکە، لەڕووی پراکتیکەوە، پشت بەدیوانە شیعری کەژاڵ ئیبراهیم خدر "ژنێک لەباخی گێلاس" دەبەستێت، ئەمەش بەوپێیەی دەقەکانی شاعیر دەرئەنجامی هێز و بزوێنەرە فینۆمینیۆلۆژیاکان لەدایک بوون و شێوەی لەدایکبوونەکەش سروشتی و خۆڕسکییە و بابەتەکانی گوشار دەخەنە سەر زمانودیمەن و وێنە و دەربڕینەکان. واتە لەدایکبوونەکە ناسروشتی

نیە و هێزە هەڕەمەکییەکان خوڵقێنەری دەقەکانە و لێرەشەوە ئەو هێزانە دەبنە ستراتیژو ئایدیۆلۆژیا. لەلایەکی تریشەوە، دەقەکانی کەژاڵ ئیبراهیم خدر لەمنداڵدانی ئێش و ئازارە داخراوەکان لەدایکبوون، ئەمەش کاریگەری لەسەرهەستی شاعیر دروست دەکات، بەوەی هەمیشە لەجووڵەیەکی بەردەوامدابێت. لەدیدێکی ترەوە هێز و گوشاری چەمکە فیکری و سۆسیۆلۆژییە نێگەتیڤەکان بزوێنەری جووڵەکانە. لێرەدا ئینترۆپیا، جگە لەگۆڕانکارییەکان، بەکاری هاوسەنگێتی هەڵدەستێت، هاوسەنگێتی لەنێوان نەخشە سۆزدارییە ئایدیالیزمەکان کەشاعیر نوێنەرایەتی دەکات، لەگەڵ نەخشەی بەرامبەرە میتریالێزمەکان. لەم نێوەندەدا بەریەککەوتنەکان ڕوو دەدەن و دواتر نەخشەکان گۆڕانکاریان بەسەر دێت. ئەم گۆڕانکارییەش لەپێناو ڕاگرتنی بالانس و هاوسەنگێتییە. کەژاڵ ئیبراهیم خدر، وەک لەدەقەکانیدا بەدەردەکەوێت، خاوەن ناسنامە و شوناس و نەخشەیەکی دیاریکراوی بەها زاڵە جوانەکان و هەمیشە وەک کەسە ئایدیالێزمەکان دەڕوانێتە شتومەسەلەکان، لەبەرامبەردا ئەوانی تر هەڵگری پەیامێکی جیاواز نوئینترۆپیاش لەهەوڵی ئاشکراکردنی بەریەککەوتنەکان و ئەنجامەکەیەتی چونکە لەبنەڕەتدا گۆڕانکارییەکان پێویستە نەخشەیەکی نوێ بخوڵقێنن..

## میتۆد و پلانی لێکۆڵینەوەکە:

گەرچی زاراوەی ئینترۆپی هەتا ئێستا نەهاتۆتە نێو چەمکە ئەدەبی و شیعرییەکان بەڵام زانستە ڕەخنەییە تازەگەرایییەکان و دوای تازەگەرایییەکان، بەنموونەی فینۆمینیۆلۆژیا(الظاهراتیە).ئەم چەمکە ڕەخنەیی وفەلسەفییە، کەلەسەر دەستی گەورە زاناو ڕەخنەگری ئەڵمانی (ئێدمۆند هۆسرڵ، ١٨٥٩ - ١٩٣٨ )ەوە بەدەرکەوتووە، جەخت لەسەر پێکهاتە فینۆمینیۆلۆژیاکان دەکات و تێگەیشتنە هەستییەکانی نێو زەمەن و جێگەدەکاتە سەرچاوەی کارکردن. ئەمەش پەیوەندی بەئەزموونی مرۆڤە هەستیارەکانەوە هەیە بەنموونەی نووسەر و شاعیرەکان لەکاتێکدا بەشێکیان دەگەڕێن بەدوای پەیوەندییە بەهێزەکانی فینۆمینیۆلۆژیا و زەمەن و جێگەوکەسەکانی. دیارە لەپێناو گەیشتن بەڕاستییە شاراوەکانی مرۆڤدایە، بەوپێیەمرۆڤەکان هەر لەسەرەتای دروست بوونیانەوە خۆیان لەنێوان ئایدیالێزم و میتریالێزمدا دەبیننەوە و هەریەکەیان هەڵگری نەخشەیەکی بیرکردنەوەکانن. لەپێناو هاوسەنگێتی نێوانیان، فینۆمینیۆلۆژیاکەی (هۆسرڵ) کەلەبنەڕەتدا لەسەر بنەمای ماتماتیک دامەزراوە و(هۆسرڵ)یش خۆی بەماتماتیک دەستی پێکرد، بەدوای ووردەکاری چەمکە هەڕەمەکییەکان دەگەڕێت تا بتوانێت بۆ هەر بابەتێک لەو جۆرە دید و تێڕوانینێکی لۆژیکی بهێنێتەوە، لەهەمان کاتیشدا بۆشاییەکانی نێوان ئایدیالێزم و میتریالێزمیش پڕ بکاتەوە. ئەو پرنسیپانەی (هۆسرڵ) کاری لەسەر کردوون (سماح رافع: ١٢٩ - ٢٠٤)، بریتین لە:

**یەکەم**: مەبەستێتی. کەباس لەهەستکردنی خود دەکرێت، ناکرێت نەیبەستیتەوە بەبابەت، بەوپێیەی هۆشی خود بەستراوەتەوە بەشتێکیان مەسەلەیەکیدەرەکی. واتە (من) بەبێ (ئەو)ی بەرامبەر کارەکانی پێ ئەنجام نادرێت،یانخود بەبێ

بابەتە واقیعییەکان توانای دەمەزراندنی بابەتێکی نیە. ئەمبۆچوونەی (هۆسرڵ) پەرچدانەوەی بیرۆکە کۆجیتۆکەی (دیکارت)ە، لەکاتێکدا دەڵێت"من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم" (ادموند هوسرل: ١٣٩ - ١٤٠).لێرەدائەرکی مەبەستێتی پڕکردنەوەی بۆشاییەکانە، یان ڕاگرتنی هاوسەنگێتییەلە نێوان خود و بابەت. شیعرییەتی کەژاڵ لەسەر بنەمای ئەم مەستێتییەدامەزراوە. ئەمەش لەکاتێکدا و بەهۆکارە سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی و فیکری و سیاسییەکانەوە بەشدار بوو لە پرۆسەی مانا ومەسەلەکان. بەدیدێکیتردا، ئەوەی شاعیری هێنایە سەر هێڵی نووسین، مەبەستێتی بوو. گەرچیپەیوەندی هێزی خود لەگەڵ هێزی ئەوی بەرامبەر لەگۆڕانکاری دایە، بەڵام لەتێکڕای دەقەکانی کەژاڵ دا پەیوەندییەکان لەجۆری تەواوکاریدایە. ئەویبەرامبەر، بەهۆکاری جیا، چەند نائامادە بێت ئەوا خودی بکەری شاعیر دەستبەرداری نابێت چونکە لەبنەڕەتدا بونیادی ماناکانی شاعیر لەڕێگەیکارلێکە سۆزداری و ویژدانییەکانی هەردوو جەمسەر (من) و(ئەو) هاتۆتەکایەوە، دامەزراندنەکە تەنها پەیوەندی بەهێزی خودە وە نیە، بەڵکو ئەویبەرامبەریش بەهەمان ڕێژە ورووبەری خودی شاعیر بەشدارە. گەر مەبەستێتی لەدەقی شیعریدا وون بوو یان کۆتایی پێهات ئەوا پرۆسەی شیعریش، وەک وەستانی دڵ، لەکار دەکەوێت. گەر وا نەبێت ئەوا ئەو لادانە لەهەستە ڕاستەقینەکان و کارەکە پێدەنێتە بەرنامەی ترەوە بەتایبەتی چەمکی "فانتازماوە"، کەبریتیە لەئامادەبوونی ئەوی بەرامبەر بەشێوازی سێبەری. لەدەقی "وەرزی پێنجەمی خۆشەویستیی"دا کەژاڵ مەبەستێتی خۆی بۆ هەمووان ئاشکرا دەکات و ئەوی بەرامبەر وەک هێزێکی هەرە گەورە و کاریگەر دەبینێت، وەک ئەوەی گەر(ئەو) نەبێت ئەوا(ئەم) یش نابێت،بەمەش (ئەو) دەبێتە کارێکتەرێکی سەرەکی و تەوەری بۆ سەرجەم دەقەکانی. هێزی (ئەو)ئەوەندە بەهێز و کاریگەرە تەنانەت توانای وەستان وڕاگرتنی زەمەنەکانی هەیەو هەموو وەرزەکان لەزەمەنێکدا کۆ دەکاتەوە، ئەویش زەمەنی خۆشەویستییە. ئەم کردارە لەڕێگەی توانەوە و کارلێکە هەستییەکان ئەنجامدەدرێت، یان واقیعێکی هەستی دەبێتە فیگەر و فاکتەری ئەم وەستان و ڕاگرتنە. ئەوەتا شاعیر دەڵێت:

من پیرنابم
هەر بەگەنجی دەمێنمەوە
چونکە خوێنت
لەلاشەمدا قوڵپ ئەدا
---
من خۆشەویستیم نەناسی بوو
عشقت کەژیانی پێبەخشیم
بوو بەشیعر و،بوو بە ماچ و،
بوو بەهاودەم



سەرچاوە
Serchawe

---

هێندە شیعرم بۆ نووسیوی

خەریکە چاوم هەڵدەوەریّ

بەدەم خەمەکانتەوە هێندە گریاوم

هەموو جەستەم هەڵئەلەرزیّ

من دەمەویّ تۆ و،شیعر بکەمە ئەستێرە و

لەدەشتی ساماڵدا بڕویّ

(کەژاڵ، دیوان: ٢٧٦ - ٢٨٠).

هەمان شت لەدەقی"ناسک..ناسک،ئاڵ..ئاڵ، شەپۆلی دڵم ئاو بدە"دادەبینرێت. لەم دەقەدا هێزی ئەوی بەرامبەر بەدەرکەوێت، وەک سێبەرێک نایەتە بەردەم شاعیرەوە. ئامادەبوونی (ئەو) جووڵەیەکی دینامیکی دەبەخشێت بە(من)ی شاعیر. ئەمەش نیشانەی پەیوەستێتی و مەبەستێتی ناوەڕۆ کوماناکانی دەق نیشان دەدات، بەوەی ئەو مانا و ناوەڕۆکانە، گەرچی بەشێوازێکی کتوپڕی و هەڕەمەکی لەدایک بوون، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا شوناسێک بۆ دەقەکانی شاعیر نیشان دەدەن، بەڵکو ستراتیژییەتی کارنامە شیعرییەکانی خۆی لەم مەبەستێتی و پەیوەستێتیدا دەبینێتەوە. ئەمە هێڵ و نەخشەی بیرکردنەوە مەبەستییەکانە کەکردارەکە تەنها بەخودی شاعیر ئەنجام نادرێت. جارێکی تر، زەمەنی دەقەکان وەستاون و سەرجەم بیرکردنەوەی هەر دووجەمسەری (من) و(ئەو) تەرخانکراوە بۆ مەبەستێتی ماناکان، خۆشەویستی ئایدیاڵیزم چەقی ئەم مەبەستێتییە. ئەوەتا شاعیر، ڕاستەوخۆ، دایەڵۆگ لەگەڵ(ئەو)ی بەرامبەردا دەکات و زەمەنەکانی لێبووە بەیەک زەمەن، شەو ڕۆژ جیاوازیان نامێنێت ئەم دەقە شرووداوێکیان دیمەنێکە لەچیرۆکی خۆشەویستی هەردوو جەمسەر. لێرەدا تەنها ئاماژە بەچەند کۆپلەیەک دەکەین و ئەوانی ترئەرکی خوێنەرە:

بەشەو وبەڕۆژ لێم دەڕوانیت

هێندە وردی

لەکانی چاوت وردبوومەوە

کاتیّ زانیم ناسک ناسک

بەسەر دیدەی تۆدا دەگریم

بووم بەمنداڵ ،ژێر بوومەوە

---

ئەو ساتانەی لەگەڵتا بم

کۆترە باڵ نەخشینەکەی نێو رۆحی تۆم

چۆنم بووێ ئاوا دەفڕم

کەلێم دوور بیت

لەقەفەزێکدا بەند دەبم وئۆقرە ناگرم

(کەژاڵ، دیوان: ٣٧٧ - ٣٨٤).

**دووەم:** هەستکردن بەدەوروبەر. ئامانجی فینۆمینیۆلۆژیا بریتیە لەهەستکردن بەبابەتێکی هەستیار، بەڵام بەشێوازێکی لۆژیکی و بابەتیانە. لەڕێگەی هەستکردن بەشتەکان دەتوانێت بچێتە نێو ووردەکاری بابەتەکانی واقیعەوە. خود، لێرەدا، پێویستە لەسەر بنەماکانی ئینترۆپی بڕوانێتە بابەتەکان و لەچەمکە هەرەمەکییەکان لۆژیکێک بخوڵقێنێت. زۆرجار، هەستکردنی خود بەجیهانی دەرەوە لەڕێگەی کاریگەرییە زەمەنی و جێگەیی ورووداوە واقیعییەکان ئەنجام دەدرێت، کەهێزی بەریەککەوتنەکان کەرەستەیەکی هەرە بەهێزی تێگەیشتنەکانە و لەوێشەوە چارەنووسی خود لەبەرامبەر ئەوی تربەدەردەکەوێت. لەدەقی"ئەگەر هاتی پەلە مەکە، بادڵم هێشووی تۆبگرێت"، کەژاڵ ئەو هەستەی لادروست بووە کەهێزی نیشتمان و ئازادی و مافەکانی ژن هەرەسیان پێهێنراوە. لەدیمەنی ژمارە (١٨)دا ڕاشکاوانە ئاماژە بەوە دەدات، خاوەن دەسەڵاتەکان سنوور و قەبارەی ئازادی و نیشتمان و ژنیانیان تەسک کردۆتەوە و بەرەو ئایندەیەکی نادیاری دەبەن. لێرەدا، هێزی دەسەڵات کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەگۆڕینی نەخشەی ئەو هێزانەی کەئاماژەمان پێدا، لەبەرامبەریشدا هێزێکی تر لەهەوڵیراگرتنی هاوسەنگییەکاندایە. ئەو هێزەش بریتیە لەهێزی بڕوابوون بەخۆ کەخودی بکەری شاعیر نوێنەرایەتی دەکات. بەمەش، هەردوو جەمسەری هێز لەململانێیبە دەستهێنانی گرەوی سەرکەوتندان:

ئازادییان کردە تفەنگ

چی باڵندەی رووناکی بوو

هەموویان کوشت

ژنیان کردە بووکە شووشەو

لەسەر خوانی مێزەکاندا سەمایان کرد

نیشتمانیان کرد بەخەم و

شنەی ئازاری داپۆشین

وەرزێکی پڕ خۆڵەمێشی بوو



سەرچاوە Serchawe

جوانی خاکی لێ سەندین

من نەمزانی لەچاوتروکانێکدا

تەمەن دەڕواو

خۆشەویستی هەر دەمێنێ

ژیان بێ تۆ تەنیاییەو

پایز بەهار ناوەڕێنێ

(کەژاڵ، دیوان: ٣٦٦).

بە پێی فەلسەفەی فینۆمینیۆلۆژیا، ئەو نووسەر و شاعیرەی هەست بەکێشەکانیدەوروبەر نەکات ئەوا کەسێکی داخراوە و لەولاشەوە ئەزموونی کارەکانی لەسنوورێکی تەسکی ماناکاندا گوزەر دەکات. بە پێچەوانەوە زانیاری و ڕاڤەو هەڵسەنگاندنی نووسەر وشاعیرە هەستدارەکان جێگەی متمانە و کارنامەیە. جگەلەمە ئەم جۆرە لەنووسەر و شاعیر خاوەن باوەڕێکی توندی ململانێن و هەروابەئاسانی ملکەچی هێزی بەرامبەری دەسەڵات نابن. واتە گەر تەوژمەکانیبەرامبەر بەهێز بێت ئەوا تەوژمی خودە بزێوەکانیش بەنموونەی، کەژاڵ ئیبراهیم خدر، بەهێزتر دەبن. بەدەربڕینێکی تر، ئەم کەسانە کەسانێکی ئاساییین و هەڵگری پەیامێکی سۆسیۆلۆژی و فیکرین. لەمامەڵەشدا، بەتایبەتی لەگەڵ هێزی بەرامبەر کەسانێکی بوێرن و قسەی خۆیان دەکەن. ئەمەش بەومانایەی هەستەکانیان بۆ دەوروبەر ڕۆڵی ئایدیۆلۆژیایەکی پیرۆز دەبینێت. کەژاڵ ئیبراهیم خدر گەرچی بەشاعیرێکی ڕۆمانسی و هەست ناسک ناسراوە، بەڵام هیچکات مەسەلەکانی تری فەرامۆش نەکردووە بەنموونەی نیشتمان و خاکونەتەوە، لەدەقی"ژنێک بەخوێنی خۆی نیشتمان زیندوو دەکاتەوە "شاعیر چیرۆکە تراژیدیاکەی ئەنفال لەکۆڵ دەگرێت و لەنێو ئەو چیرۆکەدا خودی خۆی وەک ژنێک بەرجەستە دەکات و لەوێشەوە ڕووداو دیمەنە نەبیستراوو نەبینراوەکانمان بۆ دەخاتەڕوو، وەک ئەوەی خۆی یەکێک بوبێت لەئەنفالکراوەکان. دوو هێزی جیاواز لەململانێیەکی سەختدان، لە پێناوسڕینەوە و مانەوەدا دەجەنگن. دەسەتێکی بێ ویژدان و بێ بەزەیی، ژنە ئەنفالکراوێکی فریشتە کەتەنها تاوانی پارێزگاری کردنە لەشوناس و کورد بوون. بەریەککەوتنەکان ڕوو دەدەن و هەریەکەیان بەشێوازێک دەجەنگێت. هێزی قەدەرێکی هەڕەمەکی ئەم جەنگەی دروستکردووە لەجەمسەرێکەوە نەخشەیەکی جوگرافی کاریگەر لەناوچەکەو، لەجەمسەرێکی تریشەوە دەوڵەمەندی ئەو جێگە جوگرافیایە بەکانزاو شتە بەنرخەکان کەهەمیشە دوژمنان چاویان تێی بڕیوە. ئەوەتا لەئەنفالداو هەڵوێستەی ژنە کوردێک:

ئەو ژن بوو،

پێش ئەنفال لەناو گیرفانی خۆیدا،

بەردێکی گوندەکەی هەڵگرت...

لەسەری نووسی،

ئەی بەرد تۆ جەستەت چەندەڕەقەو

منیش دڵم،

عەرعەریش ناتوانێ نیشتمانم بیرباتەوە...

---

ئەو کچۆڵەی لەگوندەکەی شەرم خواردی،

لەزینداندا ببوو بەشێر،

بوو بەژنێک

پیاوەکانیش لێی دەترسان،

چونکە شۆڕە ژنی گەرمیان بوو.

( کەژاڵ، دیوان: ٤٤٥ - ٤٤٨).

**سێهەم:** لادان لەمیتافیزیکا. فینۆمینیۆلۆژیا لەهەوڵی سەرکوتکردنی میتافیزکادایە، چونکە دیدی میتافیزیکا لەسەرو واقیعەوەیە، پێچەوانەی فینۆمینیۆلۆژیا کەمامەڵە لەگەڵ ماناکانی واقیعدا دەکات، بەڵکو پێوەری تێگەیشتنی بۆ شتەکان پشت بەو مانایانە دەبەستێت. بابەتەکانی واقیعیش دیار و ئاشکران و خودەکان، لەڕێگەی هەستەکانەوە، توانای بەرجەستەکردن و ڕاڤەکردنیان هەیە. هێزە بەریەککەوتنەکان هۆکارێکە بۆ بەردەوامی خودلەگەڵ بابەتەکانی واقیع، ئەمەش، جارێکی تر، لەپێناو هاوسەنگێتی خودو بابەتەکەی، بەوەی خود بەپێی ئەگەرەکانی زەمەن و جێگە دەیەوێت بابەتی ئەوی بەرامبەر مسۆگەر بکات. واتە خود نایەوێت لەگەمەی واقیع دەربازی بێت، بەڵکو، لەلایەکەوە مەسەلە و کێشەکەی لەگەڵ واقیعدایە و لەلایەکی تریشەوە هەڵناکشێت بەرەو میتافیزیکا کەڕەنگە ئەمە جۆرێک بێت لەهەڵهاتن لەبەریەککەوتەکانی واقیع. لەدەقی"لەشەوێکی هێمندا خەو بەتیشکی گوڵێلێوتەوە دەبینم"، کەژاڵ ئیبراهیم خدر زانیارییەکان لەسەر گۆی واقیع دەنووسێتەوە، ئەمەش لەکاتێکدا خۆی لەڕێگەی هەستە بینراوەکانەوە دەبێتە بەشێک لەڕووداو و مێژوو، چونکە ڕووداوەکان هەڵقوڵاویی ناخی خۆیەتی و نایەوێت بچێتە دەرەوەی بازنەی ئەوڕووداوە واقیعیانە. بەئاڕاستەیەکیتر، ئەو ڕووداوانە خوڵقێنەری هێزی خودی شاعیرە. هەر لەبەر ئەمەشە خودی شاعیر خۆی دەبێتە هەڵسەنگێنەر و ڕاڤەکەری ڕووداوەکان و دەسەڵات ناداتە ئەوانی تر تێکەڵ بەڕاڤەکانی بن، یان دۆسیەی بابەتەکەی بەشاراوەیی دەپارێزێت و نایداتە دەست کەسانی تر، بەمەش خودی بکەری شاعیر ڕۆڵی سێ لایەنە دەبینێت: کارێکتەری سەرەکی + ڕووداو + گێڕانەوە:

سەربەستی ژیان
بەهەوری خوێنڕەنگڕێژ دەکەم
لەنێو دڵی پڕ تاساوی هەمووتانا
وەکو وریژنەی باران
وولات پڕ دەکەم لەڕەنگ
---
بەدەستی خۆم
تەمی نیگای زامەکانم دەنووسمەوە
ئەستێرە دەکەم بەتیشک و
دارستانێک سەوز دەکەم
پرچی هەتاو دەهۆنمەوە.

(کەژاڵ، دیوان: ٥٢٠ - ٥٢١).

لەدەقی"بمبەخشە ئایلا" کەژاڵ دایەلۆگێک لەگەڵ خوداوەندی خوشەویستی(ئایلا) دادەمەزرێنێت و بەشێکی گرنگی ژیانی خۆی و تەنگەشەکانی بۆ باس دەکات، بەوەی دەرگا لەسەر مانا ڕاستەقینەکانی خۆشەویستی داخراوەو تاکە نەفامەکانی کۆمەڵگا نەخشەی خۆشەویستی تێکدەدەن و ناشیرینیدەکەن. ئەمەش جۆرێکە لەسکاڵا دژ بەکەسە نەفامەکان. دیارە خوداوەند زانیاری پێش وەختی لەبەردەستدایە و دەزانێت هێزی بەریەککەوتنەکان تەوژمێکی ئایدیالیزمی دەبەخشن بەشاعیر و هاوشێوەکانی، ڕەنگە هەر ئەوبەریەککەوتانە بێت خۆشیان بەهەمان دەردی کەژاڵ بردبێت گەر وانەبوایە ئەوا نەخوداوەند و نەکەژاڵ بەجوانی نەدەمانەوە و بەهەردووکیان هێزێکی ئینترۆپیان دروست نەدەکرد. بەمەش خوداوەند و شاعیر دەبنە ڕژێمێکی فەلسەفی بۆ چەمکی خۆشەویستی ڕاستەقینە:

من هاتووم لەنێو کێڵگەی ئەم خەمەوە
گۆرانی بۆ ژانێکی پرش لەجوانی بڵێمەوە
---
بمبورە ئەی خودای بەخشندە
بەچی دەڵێن عەشق و
بەچی دەڵێن خۆشەویستی ودابڕان

---

بمناسە ئایلا

منی ژن

لەنێو زەمەنێکی بەدڕک چێنراودا

لەدایک بووم

هەموو ئاوازێکی ژیانی تێدا قەدەغە و

پەلکەزێڕینەی بەختەوەری

تێدا نووقم بووبوو

(کەژاڵ، دیوان: ٥٩١ - ٥٩٢).

**چوارهەم**: پەیوەندی خود بەبابەتەوە. گەر کۆجیتۆی (دیکارت) تەنها گرنگی بەهێزی خود بدات بەبێ بابەت، ئەوا هێزی خود لەفینۆمینیۆلۆژیا دەرئەنجامی هەستکردنێتی بەدیاردەکانی واقیع. بەمەش خود بەبێ بابەت هیچ مانایەکی نابێت، پێچەوانەکەشی هەرڕاستە. واتە هەستەکان لەنێو هێزی جیهانەبینراوەکانی واقیع لەدایک دەبن. لێرەدا هێزی خود یەکسان دەبێتبەبابەت. خود بەبابەتەکانی واقیعەوە توانای تێگەیشتنی ماناکانی هەیە، تەواو ملکەچی بابەتەکانە و دەستبەرداری نابێت. پرۆسەی شیعریش، بەنموونە، بەردەوامیان دەبێت بەبێ وەستان. لەنێو دیوانە شیعرییەکەی کەژاڵ ئیبراهیم خدر چەندین دەق دەبینین، خود بۆتە قوربانی بابەت و ئەوی بەرامبەر، بەڵکو ئەوی بەرامبەر، بەئاشکرا و بەنهێنی بۆتە فانتازمایەک و هەمیشە لەبەردەم شاعیردا ئامادە دەبێت. بۆنموونە، لەدەقی "بەبێ دەنگی بۆت دەدوێم" کەبریتیە لەپازدە دیمەنی جیاواز بەڵام لەنێو چوارچێوەی بابەتێکی سۆزداری ویژدانیدا. شاعیر دەڵێت:

ئەگەریەکێ لێم بپرسێ

شیعر بۆ چاوی کێ دەڵێی

کەمانچەی دڵە شەیداکەت

بەچ ئاوازێ لێدەدەیت

چی پێ بڵێم کەمن هێشتا

نازانم بۆ خۆشم دەوێیت

کەمن هێشتا دەتپەرستم و

نازانم چیت،نازانم کێیت

دەستێکم بدەیە،دەستێکم بۆ تۆ
چاوێکم بدەیە،چاوێکم بۆ تۆ
لێوێکتم بدەیە،لێوێکم بۆ تۆ
بادڵنیابم بەشێکی لەمن
بەشێکم لەتۆ.

(کەژاڵ، دیوان: ١٠٩ - ١١٠).

خوێنەر بەخوێندنەوەی ئەم دوو دیمەنە، ئەوهەستەی لادروست دەبێت کەبابەت و ئەوی بەرامبەر هێزێکی گەورەیان بەخشیوە بەشاعیر، واتە ئەوی بەرامبەرخاوەن هێزە و جووڵەی داوە بەخودی بکەری شاعیر تابەو شێوەیە ئاوێتەیبێت. بەمەش هەردوو جەمسەر خاوەن دەسەلاتێکی هێزین. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەریەککەوتنە سۆسیۆلۆژییەکان لەهەوڵی خوڵقاندنی بۆشاییەکانە لەنێو ئەودوو هێزە یەکسانە. خود لەوە گەیشتووە، گرێکوێرە سۆسیۆلۆژییەکان، لەزۆر دۆخدا، تێکدەری پەیوەندییەکانە. یان سایکۆلۆژیای ئەوی بەرامبەر لەدۆخێکی ناجێگیردایە و هێزی خۆی ناخاتە بەردەست خودی بکەری شاعیر. لەبەرامبەردا خودی بکەری شاعیر هەڵوێستەی خۆی ئاشکرا دەکات و ڕایدەگەیەنێت، لەکاتێکدا دەڵێت:

من سوێند دەخۆم
هەرگیز ئاگرت نەبینیووە
بۆیە هەست بەسووتانیرۆحم ناکەیت

(کەژاڵ، دیوان: ١١٢).

بەوپێیەی خودی بکەری شاعیر خاوەن هێزە، ئەوا بەریەککەوتنەکان لاوازیناکەن و ملکەچی دۆخە سایکۆلۆژییەکی ئەوی بەرامبەر نابێت، بەڵکو دەیەوێت بیسەلمێنێت بۆ خوێنەر و تێکڕای خەڵکی کەئەو هێشتا خاوەن هێزە و لەهەمانکاتیشدا، وەک هەڵوێستەیەک، ڕێز لەهێزی بەرامبەریش دەگرێت، ئەوەتا لەهەماندەقدا دەڵێت:

دەمەوێ دوای مردنم
لەنێو باوەشی تۆدا بمنێژن
چونکە بەهەشتێک نییە
لەباوەشی تۆ ئاسووتر بێ و

دۆزەخێک نییە

وەک ئاگری خۆشەویستیت بمسووتێنێ

(کەژاڵ، دیوان: ١١١).

هەمان شت لەدەقی"چەند خونچە شیعرێکی بێ ناونیشان" بەدی دەکرێت، لەکاتێکدا ئەوی بەرامبەر بەهۆکارێکی نادیار هێزی خۆی دەشارێتەوە. ئەم شاردنەوەیە، گەرچی کاریگەری سایکۆلۆژیا لەسەر خودی بکەری شاعیر دروستدەکات، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ووز ەبەخشیشە بۆ هێزی خودی بکەری شاعیر، بەڵکو هێزەکەی گەورەتر دەکات:

تۆ چەند خۆت دووردەخەیتەوە

زیاتر هەست دەکەم نزیکیت

پەنجەکانم هەمووی پڕن لەبۆنی تۆ

---

تۆ هەندێ جار پاییزیت و

هەندێ جاریش وەرزی بەهار

کەوون دەبی خەزان لەباڵام دادەکا و

کەئەتبینم ژیانم پڕ دەبێ لەگوڵزار.

(کەژاڵ، دیوان: ٥٥ - ٥٦).

**پێنجەم**: ئامادەیی خود. ئەمە بەمانای ئامادەباشی خود دێت لەنێودیاردەکانی واقیعدا. یان ئەم جۆرە لەخود خوڵقێنەری بابەتەکانەو بەریەککەوتنەکانیش سەرچاوەیەکی بەهێزی ئەم ئامادەیە. بەئاراستەیەکیتر، خود بەهەستەکانەوە دەتوانێتڕژمێک لەئەزموون بخوڵقێنێت و دواتر ئەو ئەزموونە کاریگەری خوی دەبێت لەسەر خودەکانی تر. هەوڵەکانی خود جێگەیخۆی دەگرێت و بەفیڕۆ ناڕوات گەرچی خودی خۆشی لەنێو زەرەریشدا بێت، بەنموونەی مەسیح و حەلاج. کەژاڵ ئیبراهیم خدر لەدەقی "دوو هێڵیتەریب"دا وەک هەستیارێکی بەرپرس ڕەخنەی توند لەیاسا و ڕێساکانی سۆسیۆلۆژیا دەگرێت کەبۆ چەندین سەدە و زەمەن کۆنترۆڵی مرۆڤەکانیان کردووە و ئازادییەکانیان لێ زەوتکردوون. لەم دەقەدا، کەیەکەم دەقی شاعیرەو لەساڵی ١٩٨٧ لەڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکراوەتەوە، (بڕوانە پەراوێزیدیوانی ژنێک لەباخی گێلاس: ٤٨٤)، کەژاڵ نایەوێت دووره پەرێزبێت، بەپێچەوانەوە بەشدارە لەگۆڕینی ئاڕاستەی یاسا سۆسیۆلۆژییەکە. ئامادەبوونی شاعیر نیشانەی بوونی بەریەککەوتنە لەنێوانئەو دوو هێڵەدا، یەکێکیان بەئاڕاستەیەکی خواروخێچ، ئەوی تریان، کەشاعیر نوێنەرایەتی

دەکات، بەڕاستکردنەوەی. کرداری ڕاستکردنەوەی هەڵەکان کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بەهەوڵ و ماندوونەبوون و فیداکاری هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کەژاڵ لەپێناو بەرژەوەندییە گشتییەکان و مرۆڤایەتی خۆی دەخاتە نێو بەردەئاشی ئەو بەریەککەوتنە و لەئەنجامدا خوازیارە شتێکی ئەنجامدابێت:

ئەی مرۆڤی ئەم سەردەمە
بەگەکانی سەدەی ناوەند
دەتانەوێ فێرم بکەن
وەک خانمی دیوەخانەکان
بەپاییز وبەزستانان
لەژوورەوە خۆم بەند بکەم
تاکو وبرسی وبێ نەواکان
نەبینم کە؟
لەکوێ دەنوون وچی دەخۆن؟
---
دەبا منیش پێتان بڵێم
کەلەڕوانینی چاوی من و
چاوی ئێوە
وەکو دوو هێڵی تەریب وان
هەستی من و،هەستی ئێوە
وەکو وێنەی،شەورۆژ وان
قەت تێکەڵییەکتر نابن.

(کەژاڵ، دیوان: ٤٨١ - ٤٨٣).

لەدەقێکی تریدا بەنێوی"لەزەردەپەڕی بەیانیەوە لەڕەنگی پایز دەڕوانم" کەژاڵ ئیبراهیم دەڵێت:

شەو دۆزەخە
مەرگیش وەک ئەو

ئەو کاتانەی مەرگ و

دۆزەخ بەیەک دەگەن

من بیر لەچاوەکانی تۆ دەکەمەوە.

(کەژاڵ. دیوان: ٥٤١).

لێرەدا شاعیر، وەک خودێکی ئامادە و بزێو وپشت بەست بەهێزی هەستە ڕاستەقینەکەی، خاوەن توانا و دەسەلاتێکی ویژدانییە، چونکە لەگەڵ بەربەستەکاندا، بەنموونەی مەرگ و دۆزەخ کەنیشانەی جەنجاڵییەکانی ژیان و ژیانیش لەبەرامبەردا ماناکانی خۆی لەدەست داوە، هەڵگری وورەیەکی بەرزی بەرگرییە و لەمافە سۆزداری و ویژدانییەکانی خۆ خۆش نابێت. گەر خودەکە ئامادەباشی نەبێت لەبەرامبەر بابەتەکانی، ئەوا ناتوانێت بەو شێوازە بەرگری لەمافەکانی خۆ بکات. ئەمەش، بەدیوێکی تردا بریتیە لەبەرپرسیارێتی خود بەرامبەر مەسەلەکانی بەتایبەتی ئەو مەسەلانەی کەخۆی باوەڕی پێیەتی و بۆتە ستراتیژییەتی بیرکردنەوە ونامەکانی. ئەوەتا بەئاشکرا پەردە لەسەرڕاستییە سۆزدارییەکەی خۆی هەڵدەداتەوە بەوەی سەرچاوەی بیرکردنەوەکانی بریتیە لەهێزی عیشق و خوشەویستی، جۆرەکەی کوشندەیە و تەنها خودی خۆی و هاوشێوەکانی نەبێت ئەوا کەس بەرگەی ناگرێت. هۆکارەکەشی بۆ بەریەککەوتنەکان دەگەڕێنێتەوە بەتایبەتی ئەوانەی مانای خۆشەویستی نازانن، یان ڕێزی لێناگرن. ئەم بەریەککەوتنە بەڕواڵەت زەرەرێکی گەورەی واقیعی لەشاعیر داوە، لەهەمان کاتیشدا هێزی شیعرییەتی دروست کردووە وەک ئەوەی گەر ئەو بەریەککەوتانە نەبێت ئەوا شیعریش لەدایک نابێت. شیعریش بۆ کەژاڵ ژەمە خواردەمەنی سەرکییە و بەبێ ئەو ناژی:

ئەوەی کزەو شنەی شەماڵی نەبینیبێ

نازانێ سەرچاوەی عیشق

لەکوێوە سەردەردێنێ

چەند دەمەوێت پەنجەرەی دڵ بکەمەوە

لەگەڵ عەشق ئاشت ببمەوە

دەیان شوفار دەبنەڕێگر

تاکوو پەردەی دڵم لەناوبەرن.

( کەژاڵ، دیوان: ٥٤١).

دەشێت سەرجەم پرنسپە ئاماژەپێکراوەکانی سەروە لەم هاوکێشەیەدا کۆبکەینەوە:

بەریەککەوتنەکان = هێزێکی نەرم و لەسەرخۆ + هێزێکی قورسی کاریگەر.

مەبەست لەهێزە نەرمەکە کۆکردنەوەی هەردوو جەمسەری هێزە لەهێزێکدا. واتە هێزی پێش بەریەککەوتنیەکسان دەبێت بەهێزی دوای بەریەککەوتن. بەمەش هێزە گشتگیرییەکە جێگیرە و ناگۆڕێت. کەژاڵ ئیبراهیم خدر، لەکاتێکدا بازنەیەک یان چەقێک لەمەبەستێتی دروست دەکات، ئەوا پێشتر بڕیاری داوە کەکەسێکی نەگۆڕ بێت لەهەڵسوکەوت و بڕیاردان. دوای بەریەککەوتە سۆسیۆلۆژی و فیکری و سایکۆلۆژییەکانیش، خاوەنی هەمان هێزی پێداگرییە. لێرەدا هێزی مەبەستێتی و هەڵوێستەییەکەی نەگۆڕە. لەدەقەکانی سەرەوەدا ئەم پێداگری و جێگیرییە بەتەواوی دەبینرێت. لەدەقی "ژیانێک پڕ لەچرای خامۆشی" دا ڕاشکاوانەدەڵێت:

ئەیرۆحی ئاسمانی من
تۆ بەو سیما نەمیەی خۆتەوە
وەرە باڵەژیان نەوەستین
باوەشی کەرمم پیاکە
منیش بەپیاسەی شنەی با
فێنک دێم و
قژی جوانت شانە دەکەم
ئاڵ ئاڵ وەرەوە با بەردەوام بین.

(کەژاڵ، دیوان: ٢٢٤).

مەبەستیش لەهێزێکی قورسی کاریگەر خاوبوونەوەی هێزە دوای بەریەککەوتن. واتە هێزی دوای بەریەککەوتن کەمترە لەهێزی پێش بەریەککەوتن. لەدەقەکانی کەژاڵ ئیبراهیم خدر دا دۆخە سایکۆلۆژییەکەی شاعیر، بەهۆی بەدەستهێنانی مەبەستێتی، بەرەو داکشان دێت، چونکە شاعیر، یان باشتر وایە بڵێین خودی بکەر، ئەوەی ویستوێتی بەدەستی هێناوە و ئێستا، دوای بەریەککەوتن، شتێک نەماوە لێی بترسێت، بەڵکو ئەوی بەرامبەری بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە و مسۆگەری کردووە. ئەمە لەکاتێکدا و لای زۆرینەی شاعیران کارەکە پێچەوانەیەوە و هەتا خودی بکەر لەگەڵ بابەتەکاندا بەریەککەوتن یان هەبێت ئەوا گرژییەکان زیاتر دەبن و دۆخە سایکۆلۆژییەکی خودی بکەر لەهەڵکشاندا دەبێت. بەمەش نەخشەو پلانی هەردوو جۆر لەشاعیران گۆڕانکاریان بەسەردا دێت بەڵام لەکەژاڵ دا بەرەو خاوبوونەوەی هێزو لەوانی تر بەرەو زیادبوون و هەڵکشانی هێز. لێرەدا جیاوازییەکە لەوەدایە، کەژاڵ ئیبراهیم خدر گەیشتۆتە کۆتا باوەڕ (یەقین) کەلەلایەکەوە هیچ

هێزێک نیە دەستکاری لەمەبەستێتی ناوەڕۆکە دەقییەکانی بکات، بەتایبەتی لەگەڵ (ئەو)ی بەرامبەر، لەلایەکی تریشەوە (ئەو)ی خستۆتەداوی مەبەستێتی ماناکانەوە و دەرچوونی نیە. هەر لەبەر ئەمەشە، هێزی دواییێش بەریەککەوتن جیاوازە لەهێزی دوای بەریەککەوتن. لەدەقی"بڕیار" هەردوو جەمسەر بڕیاریان داوە پەیوەندییە مەبەستییەکە(خۆشەویستی)وەک بەرد وابێت و هیچ باران و تۆفانێک نەتوانێت جووڵەیان پێ بدات:

بڕیار وابوو ببین بەبەرد

کام بارانە،کام تۆفانە

زۆر بەخوڕە

ئێمە پێ نەتوێتەوە

---

پێش ئەوەی ئەوەی باران بباریٚ و

پێش هەڵکردنیڕەشەبا

تۆڕۆیشتی ونەهاتیەوە

نەتدەزانی ئەوەی بچێ ماسی بگریٚ

دەبێ قولەی پێشی تەڕبێ؟

(کەژاڵ، دیوان: ١٠١ - ١٠٢).

لەگەڵ ئەمەشدا، کەژاڵ هەندێک جاری کەم، وەک زۆرینەی شاعیران، هێزی دوایبەریەککەوتنی کەمتر دەبێتەوە بەوپێیەی بەرامبەرەکەی وەک پێویست پارێزگاری لەمەبەستێتی ماناکانی ناکەن. خاوبوونەوە لەهێزەکەدا ڕوودەدات. بۆ نموونە لەدەقی "وشە هەڵوەریوەکانی عەشق"، دوای ئەوەی (ئەو)ی بەرامبەر نائامادەیە (من)ی شاعیر تۆڕەیە و نایەوێت بەردەوام بێت لەپرۆسە سۆزدارییەکەدا. بەمەش هێزەکە لاواز دەبێت:

برۆ ئیتر ناتبینمەوە

دەڕۆم ئیتر نامبینیەوە

کاتێک دڵشکا

عەشق شوێنی خۆی ناگرێتەوە.

(کەژاڵ،دیوان:١٢٢).

## - ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە:

**لەم لێکۆڵینەوەیەدا چەند ئەنجامێک دروست دەبن، لەوانە:**

- فەلسەفەی فینۆمینیۆلۆژیا، بەتایبەتی ئەو پرنسپانەی کە (ئیدمۆندهۆسرڵ)دەستنیشانی کردوون و کاریشی لەسەر کردوون بانگەوازێکە بۆ دوورکەوتنەوە لەڕەهەندە ئەزموونییە فیزیکییەکان، بەڵکو دەیەوێت کارلەسەر دیاردە مرۆڤایەتییەکان بکات و پەیوەندی مرۆڤ بەبابەتەکانی دەوروبەر. ئینترۆپی گەرچی ڕژێمێکی فیزیکییە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یاساکانی تەواو دەچنە نێو پرنسیپەکانی (هۆسرڵ )ەوە،بەوەی هێزەکان، هەندێک جار، بەریەککەوتن و دوای بەریەککەوتن یەکسان دەبن و هەندێک جاری تریش هێزی پێشبەریەککەوتن جیاوازە لەهێزی دوای بەریەککەوتن. بەمانایەکی تر، مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی و لەمامەڵەکانیدا لەگەڵ بابەتەکان هەندێک جار پارێزگاری لەهێزەکەی خۆی دەکات و هێزەکان بەجێگیری دەمێننەوە، ئەمەش هۆکاری خۆیهەیە. هەندێک جاری تریش و بەهۆکاری تر، هێزەکان گۆڕانکاریان بەسەردا دێت.

- گونجاندنێک و دراوسێیەتییەک هەیە، لەنێوان یاسا زانستییەکان بەنموونەی فیزیک لەگەڵ ڕەهەندە ئەدەبییەکاندا بەنموونەی پرنسپە فینۆمینۆلۆژیاکەی (هۆسرڵ). ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەدیوار و سنوور لەنێوان ئەو دووانەدا کۆتایان پێ دێت. واتە دەشێت سەرجەم یاسا زانستییەکانی ئەندازە و فیزیک و کیمیاگەری بێنە نێو دەقە ئەدەبییەکانەوە.

- لەزۆربەی هەرە زۆری دەقەکانی کەژاڵ ئیبراهیم خدردا تێبینی ئەوە دەکرێت کەهێزی خودی یەکسانە بەهێزی ئەوی بەرامبەر و مەسەلەکان. یان هێزی پێشبەر یەککەوتن و دوای بەریەککەوتن یەکسانە و بەجێگیری دەمێننەوە، ئەوەش بەهۆی پابەند بوونی هەردوو جەمسەر بەو پرۆتۆکۆڵەی کەپێشتر لەنێوان هەردوو جەمسەردا واژوو کراوە. لەگەڵ ئەمەشدا بەبڕێکی زۆر کەمی دەق، هێزی پێشبەر یەککەوتن جیاوازە لەهێزی دوای بەریەککەوتن، ئەویش بەوەی ڕێژەو ورووبەرو قەوارەی هێزی پێش بەریەککەوتن زۆر بەهێزە، پێچەوانەی هێزی دوایبەریەککەوتن. لێرەدا هێزەکان ناجێگیرن چونکە گۆڕانکاریان بەسەرداهاتووە.

- فینۆمینیۆلۆژیا ڕێبازێکی بەڵگەیی و ئەزموونگەرایی نیە چونکە مەبەستینیە لەڕێگەی شتە ووردەواڵییەکانەوە ڕاستییەکان دەربخات، بەڵکو چەمکی ڕاڤەکردن ناکاتە بنەمای دەرخستنەکان، بەپێچەوانەوە، هەوڵ دەدات خودەکان ڕۆڵیان هەبێت لەدەرخستنی زانیارییەکان، ئەویش بەهۆی ئەو ڕووداو دیمەنانەی کەلەدەوری کۆبۆنەتەوە و ڕۆژانە مامەڵەی ڕاستەوخۆی لەگەڵدادەکات..



سەرچاوە Serchawe

- بۆ هەر بیرکردنەوەیەک پێویستە خود بگەڕێتەوە بۆ پێناسەی دەوروبەرکەتێیدا دەژی، بەوپێیەی خودەکان ناتوانن دەستنیشانی شتەکان بکەن تانەچنە نێو مانا قووڵەکانی ئەو شتانە ودەرخستنی ڕاستییەکانی. کەواتە زانیارییە ڕەهاکان دەرئەنجامی هەوڵی خودە لەنێو دیاردەکانی دەوروبەر. بەمەش تێگەیشتنی خود بۆ ماناکانی دەوروبەر جێگەی متمانەی تێکڕای خەڵکییە بەوپێیەی ئەو خودە خۆی بەشێکە لەدیاردەکان و مەسەلەکانی، یان هەرخۆی خوڵقێنەری دیاردەکانە.

- دەقەکانی کەژاڵ ئیبراهیم خدر، سەرجەمیان، دەچنە نێو ڕژێمەکەی ئینترۆپی و پرنسیپەکانی هۆسرلەوە، ئەویش بەوەی خۆی خاوەن هێزە و هێزە دەرەکییەکانیش سەرچاوە و بزوێنەری دەقەکانێتی. هەندێک جار بەریەککەوتنی پێچەوانەیی لەنێوان دوو هێزەدا ڕوو دەدەن و ئەنجامەکەشی خوڵقاندنی مەبەستێتی و گوتاری شیعرییەتە. هەندێک جاری تریش، بەریەککەوتنەکان بەبێ ئاگای خودی بکەری شاعیرە. لێرەدا قەبارە و کێشی هێزەکە دابەش دەبێت و قورسایی گەورە بەرخود دەکەوێت، وەک ئەوەی بەریەککەوتنەکە لەڕێگەی دۆخێکی هەڕەمەکییەوە ڕوو دەدات. گوژمەی هێزی دەرەکی لەدواوە خۆی دەکێشێت بەهێزی خودی شاعیر و لەئەنجامدا تووشی کێشەی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی دەکات. لەگەڵ ئەمەشدا، خودی بکەری شاعیر بەرهەڵستی ئەم گوژمە بەهێز و تێکدەرە دەکاتوخۆی نادات بەدەستەوە.

-------------------

**پەراوێز و سەرچاوەکان:**


- کەژاڵ ئیبراهیم خدر، دیوانی "ژنێک لەباخیگێلاس"، چاپخانەی قانع، ز ٢٠١٩.
- ادموند هوسرل، تأملات دیکارتیة ، ترجمة تیسیر شیخ الارض، دار بیروتللطباعة والنشر، ١٩٥٨.
- بادیس ایدري، الترمودینامیک والمیکانیک الاحصائي،معهد الفیزیاء، جامعة باجي مختار، عنابة ،الجزائر، ربیع ٢٠١٥ -
ترنس هوکز،البنیویة و علمالاشارة، ترجمة مجید الماشطة ، مراجعة د.ناصر حلاوي، دار الشؤون الثقافیة العامة - بغداد، ١٩٨٦.
- سماح رافع محمد، الفینومینولوجیا عند هوسرل، دراسة نقدیة في التحدیدالفلسفي المعاصر، دار الشؤون الثقافیة العامة (آفاق عربیة )،ط ١ ،بغداد،١٩٩١.
- نیان نوشیروان فؤاد، الشحنة الدینامیکیة في الابداع الرومانسي بینشیللي وکوران و نازک الملائکة ، دراسة مقارنة ، سردم، ٢٠٠٦.
- Marcelo Alonso، Edward.J.Finn، University Physics، Fundamentals، V3، Company Wesley Addison، U.S.A، 1978.


سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

# دیمانە

------------------------------------------

## کەژاڵ ئەحمەد:

## ئەو ئازارانەی من بینیومە هەقی خۆمە تەنانەت بە ئێوەش بڵێم کە چاوپێکەوتن ناکەم

### پرچی شیعری کەژاڵ ئەحمەد ئێستاش هەر تەڕ و بڕە



**سازدانی: جەواد حەیدەری**

کەژاڵ ژنێکی هەمیشە تەنیا، شاعیرێک کە خۆیشی نازانێت دڵی لە کوێیە، نووسەرێکە کەپێی وایە هیچ کەس وەک خۆی ناتوانێت مێژووی خۆی بنووسێتەوە. کەژاڵ ژنێک لەنێوان شیعر و سیاسەت و ڕاگەیاندن، شیعر هەڵدەبژێرێت. میدیاکارێکە کە پێیوایە هیچ شتێک بە قەد میدیا ئازاری نەداوە و جارێکی تر ناگەڕێتەوە بۆ ناوی دونیای ڕاگەیاندن. کەژاڵ یەکەمین پەیامنێری مێیە کە دەچێتە بەرەکانی شەر.

دوای ١٠ ساڵ دوورکەوتنەوە لە نیشتمان جارێکی تر کەژاڵ ئەحمەد بە ئەزموونێکی تر کە هەمان ئەدەبی تاراوگەیە، جارێکی تر نیشتمان لەباوەش دەگرێتەوە و دەڵێت: ئیتر شوو بە هیچ وڵاتێک ناکەم و نیشتمانیشم هەمان جەنتاکەی

شانمە.

لەم چاوپێکەوتنەدا کەژاڵ ڕای خۆی لەسەر شوناس، مێژوو، بێدەنگی، دابڕان، نیشتمان، تاراوگە، شیعر و چەند تەوەرێکی تر دەخاتەڕوو.

**جەواد حەیدەری**: هەر یەکێک لە ئێمە پێناسە و شوناسێکی هەیە و هاوکاتیش ئێمە بێ پێناسە و شوناسین ڕای تۆ؟

**کەژاڵ ئەحمەد**: کەس خۆی پێناسە بۆ خۆی ناکات، بەڵکوو پێناسەی بۆ دەکرێت. ژیان لە کۆتاییدا پێناسەیەک بۆ هەر یەک لە ئێمە دەکات، زۆربەشمان بێ پێناسەین. تا مردنیش بێ پێناسە دەمێنینەوە، بەڵام ئەوە بە مانای «نەبوون» مان نییە. ئێمە هەڵگری چەندین پێناسە و شوناس و ناسنامەین، وەکوو مرۆڤ، وەکوو نووسەر، وەکوو داهێنەر، وەکوو کوردێکیش.

**جەواد حەیدەری**: قسەیەکت هەیە دەڵێی: کەس وەک خۆم مێژووی خۆم نانووسێتەوە؟ ئەم مێژوو نووسینە چییە؟

**کەژاڵ ئەحمەد**: کەس وەکو خۆم مێژووم بۆ تۆمار ناکا و ڕۆمانی خەمم نانووسێ، سوپاست دەکەم کە ئەوەت وەبیر هێنامەوە، من لێرەوە دەستم پێکرد. هەر یەک لەئێمە لەژیانی تایبەتی خۆیدا سەرەتایەکی هەیە. هەر وەک چۆن لەدایک دەبێت سەرەتایەکی هەیە، لە دونیای نووسینیشدا سەرەتایەکی هەیە. ئەوە سەرەتاکەی من بووە کە پێی ناسرام. لەوێوە دونیابینی من دەستپێکردووە و گەورە بووە. بۆیە دەڵێم: قەڵەمەکانتان بشکێنن، کەس وەکو خۆم مێژووی « بوونم» تۆمار ناکاو ڕۆمانی خەمم نانووسێ. کە دەڵێم خۆم مەبەستم تەنها خۆم نیم، بەلکوو بەگشتی، وەک مرۆڤێک، وەک نووسەرێک، وەکوو مێینەیەک.

**جەواد حەیدەری**: تۆ پێشتر بوێر و سەرکەش و سەربزێو بووی، بەڵام ماوەیەکی زۆر دابڕای، دەنگت نەبوو؟ بێدەنگ بووی، هۆکارەکەی چ بوو؟ ماندوو بووی؟ یان ڕێگرییەک هەبوو، یان ناتەوێت باجی زیاتری بۆ بدەی؟ ئایا بوێرییەکەی جاران ماوە؟ ئایا پرچی تەڕ و بڕی شیعرت وەک خۆی ماوە یان وشک بووە؟

**کەژاڵ ئەحمەد**: سەرەتا لەچەمکی بێدەنگ بوونەوە دەستپێدەکەم. بێدەنگی نەبووە. بێدەنگ نەبووم ئەگەرچی زۆر جاریش بێدەنگ بوون، وتنێکی بەهێزە. زۆرجار بێدەنگی خۆی گەورەترین هاوارە. لەو قۆناغەدا کە ١٠ساڵی خایاند من بێدەنگ

نەبووم، بەڵکوو دوور کەوتمەوە، ناوی دەنێم دوور کەوتنەوە نەک بێدەنگی. وەک جوگرافیا لە نیشتمان دوور کەوتمەوە، لە بوارەکانی دیکەی وەک ڕاگەیاندن دووربووم کە زیاتر لە ٢٠ساڵ وەک میدیاکارێک کارم تێدا کردووە. ئەو دوور کەوتنەوەیە لای هەندێک کەس بە جەنابیشتەوە وا لێکدرابووەکە گوایە بێدەنگم. نا وانەبوو ، بەڵکوو لەسەر شیعرنووسین بەردەوام بووم، بەڵام لە میدیاکان بڵاوم نەکردۆتەوە و چاوپێکەوتنم نەکردووە. لەئێستادا کوردستان بە کۆمەڵێک قەیراندا تێدەپەڕێ کە ئەگەر بەرهەمیی نوێشت هەیە دەبێت زۆر بیر بکەیتەوە کە لەکوێ بڵاوی بکەیتەوە. کوا گۆڤار و ڕۆژنامە بەهێزەکانی جاران کە بە شانازییەوە شتت تێدا بڵاودەکردەوە و هەمووشیان خوێنەری جدییان هەبوو.

**جەواد حەیدەری**: ١٠ ساڵ دوور کەوتنەوە لە نیشتمان وای کردووە کە کەژاڵ بکات بە دوو کەژاڵ، یەکەمیان کەژاڵی نیشتمان، دووەم کەژاڵی تاراوگە، کەژاڵ لە نیشتماندا کەژاڵێکی بزۆز و سەربزێو و سەرکەش و یاخی، بەڵام بە زمان و شێوازی تایبەت بەخۆی، تۆ ئەو کاتەی کە لە نیشتمانیش بووی هەر کەسێکی بێ نیشتمان بووی، ڕای جەنابت؟

**کەژاڵ ئەحمەد**: ئەوە ڕەنگە هەستێکی ژنانە بێت، چونکە ژن خراوەتە دەرەوەی مێژوو، دەرەوەی نیشتمان. هەربۆیە لە شیعری نیشتمان جانتاکەی شانمە دەڵێم: (شڵەژاوانە دەڕۆم و خۆم ئەدەمە بە دەرەختێکا، پێی دەڵێم : ببورە گیان ، من هەمیشە بێ متمانەم، لەبەرئەوەی چەندینجار تالان کراوە نیشتمانی جانتای شانم.)لە سەرەتای شیعرەکەش دەڵێم: نیشتمان جانتاکەی شانمە،ماڵی ناسنامە و نهێنییەکانم، لەگشت شوێنێک لەگەڵمایە، چارەنووسی بێ چارەیە ئەم جانتایە. ڕەنگە هەر غەریبێک خۆی تێدا ببینێتەوە، لە هەر شوێنێکی ئەم دونیایە بێت، هەر کوردێک بێت و لەهەر شوێنێک بێت.

**جەواد حەیدەری**: تۆ گەڕایتەوە بۆ باوەشی نیشتمان، ئایا ئێستاش نیشتمان لای تۆ هەر کوڕە قسەخۆشەکەی جارانە؟

**کەژاڵ ئەحمەد**: وایە لەهەمان شیعرا دەڵێم :(کوڕێکە قسەخۆش نیشتمان ، ڕەدووتان دەخات کچینە، هەرگیز باوەڕی پێمەکەن ! لەنیوەی ڕێ دەروات و وازتان لێدێنێ.)لە عەممان ئەم شیعرەم نوسیووە وپێم وایە نیشتمان ئێستایش ئەو کوڕە قسە خۆشەیە بەڵام چیدی من کچە خۆشباوەڕەکە نیم.

**جەواد حەیدەری**: هیچ شتێ لەوە سەختر نییە کە مرۆڤ هەست بکات لە هیچ شوێنێ نیشتمانی نییە و بێ نیشتمانە، نیشتمانی بەلای تۆوە؟

**کەژاڵ ئەحمەد**: نیشتمان واتا جوگرافیا، واتا کەسەکانی، شوێنەکانی، دامودەزگاکانی سەردەمانێک لە هەمووو ئەمانە

دابڕابووم. دوور کەوتنەوەکەم زۆر پێویست بوو بۆ ئەو کاتانەی کە ڕۆیشتم، لەپێناو کوردستان و هێشتنەوەی خۆم ڕۆیشتم. لەدوایین شیعرمدا وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەمەوە کە دەڵێن بۆ دوور کەوتۆتەوە یان ڕۆیشتووە.

(من هود هودەکەی سلێمان بووم

کە ڕۆیشتم دەوریان دام بە گومان،

کە هاتمەوە ئاشی شیعرم دۆزییەوە و

خۆم نەدۆڕاند.)

**جەواد حەیدەری:** تۆ دەڵێیت دڵم لەشوێنێ داناوە، ئەو شوێنە کوێیە؟

**کەژاڵ ئەحمەد:** بەڵێ ئەوە لەشیعری (دڵم لەشوێنێ داناوە) دا وتوومە: (ببورە من دڵم لەسینەمدا نییە، لەشوێنێ دامناوە، بۆ خۆیشم نازانم کوێیە، تۆ دەچی، کتێبخانەی گشتی شاری بۆ دەگەڕێی، دەبینی خوێنەرێ، دەیبات و نایهێنێتەوە)

**جەواد حەیدەری:** دابڕان و دوورکەوتنەوە لەشیعر بۆ ماوەیەک زۆر ئاسایی و سروشتییە وایە؟

**کەژاڵ ئەحمەد:** دوورکەوتمەوە، بەڵام دانەبڕام، من لەساڵی ٢٠٠٨ هەتا ٢٠١٨ لەعەممانی پایتەختی ئوردن ژیام. لەو ماوەیەدا بێدەنگ نەبووم لەساڵی ٢٠١٤ دا کۆمەڵە شیعری «من دەبێت خۆم بسمیل بکەم» م بڵاوکردۆتەوە و داهاتەکەیم پێشکەش بە کەسوکاری شەهیدان کردووە. ئەم دیوانەی ئێستاشم «زمانی باڵندەم دەزانی» هەندێک لەشیعرەکانی لەعەممان نووسراون . بەو شیعرەشەوە کە لەم ماوەیەدا لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاومکردۆتەوە و هەندێک لە شیعرەکانم لە پەیجەکەی خۆم بڵاوکردۆتەوە و بێجگە لەمە لە هیچ شوێنێکی تر شیعرم بڵاو نەکردۆتەوە. شیعری «ڕۆیشتنی چەقیو»، جەفای ئەمساڵ، ملپێچەکەت و مەهێڵە لەدایکببم و زۆر شیعری ترم هەن لە دیوانە نوێکەمدا بڵاویاندەکەمەوە. ناتوانم لەپەیجەکەم هەموویان دابنێم. چونکە مافی نووسەر لەوڵاتی ئێمە کێ بیپارێزێت. هەندێک کەس بە ئاسانی بیرۆکە یان کۆپلە یان دێری شیعرەکانی تۆ دەبەن و دەیکەن بە هی خۆیان. دەبێت شوێنێک هەبێت،بابەتەکانی لێ چاپ بکەی تا مافی ئەو نووسەرە پارێزراو بێت و بڵێت من لە ڕۆژی ئەوەندە تا ئێرە بابەتم بڵاو کردۆتەوە. لە ساڵی ٢٠١٦ دا کۆمەڵێ شیعرم بە ناوی «مشتێ خوێ» بە ئینگلیزی بڵاوبۆتەوە. وەرگێڕەکان زۆر پێوەی ماندوو بوون و ئەو کۆمەڵە شیعرە لە ئەمریکا چاپ بووە. ماری لاپروس مامۆستایەکی بەتوانای زانکۆی ئەمریکی بوو لە سلێمانی، لەگەڵ دوو خوێندکاری خۆی ئەو بەرهەمەی منیان کردووە بە ئینگلیزی. گرنگە بۆ نووسەرێکی کورد کە چاپخانەیەکی گەورەی باوەڕپێکراو لە دەرەوەی وڵاتی

خۆت، دان بە نووسینەکانتدا بنێت و بۆت چاپ بکات. ئێمە ڕەنگە بتوانین لەوڵاتی خۆمان وەرگێڕ بدۆزینەوە ئەدی دەزگا دەدۆزینەوە؟ لەوێ باربارا گۆڵبێرگ ئەو کتێبەی بۆ چاپ کردووم. هەروەکو چۆن لە ساڵی ٢٠٠٥ یشدادەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی cappelen بەتیراژی ١٦٠٠ دانە لە ئۆسلۆ دیوانێکی بە نەرویجی بۆ چاپ کردووم. داهاتی فرۆشی دیوانی «مشتێ خوێ» م پێشکەش کردووە بەژنانی ئێزدی قوربانی شەڕی داعش. دوای ڕۆیشتنم لەساڵی ٢٠٠٨ سەنتەری وەرگێڕانی شیعری جیهانی کۆمەڵێ شیعری منی بە ئینگلیزی و کوردی چاپ کردووە کە د.چۆمان هەردی کاری وەرگێڕانی بۆ کردووە و دەزگای چاپەکەشی دەزگای گەورە بووە و هەموو ئەمانە لەساڵانی غوربەتی مندا ڕوویانداوە. ئەگەر بابەتم بڵاو نەکردبێتەوە، بەڵام خۆ کارم کردووە، وەرگێڕەکان لە ئەمریکاوە هاتوون بۆ عەممان بۆ لام.ڕاستە لە ڕاگەیاندن لابراوم، بەڵام لەشیعر دانەبڕاوم و ماوەیەک دوور کەتبوومەوە کە ئەوەش پێویست بوو، ئێستا تۆ لەماڵەکەی خۆت لەڕێگەی تەکنۆلۆژیاوە، لەڕێگەی فەیسبووکەکەتەوە دەتوانی دەزگای ڕاگەیاندن بیتو هەموو شت بڵاو بکەیتەوە. کە دەستمان پێکرد لەو سەرەتایانەدا ئێمە خواخوامان بوو کە لەڕۆژنامەیەکی ناوخۆیی کە ژمارەیەکی زۆر کەمی لێدەردەچوو، شیعرەکانی خۆمان بە چاپکراوی ببینینەوە، خواخوامان بوو کە شیعرەکانمان ڕەت نەکرێنەوە. من کاتی خۆی لە هەشتاکان دیوانە شیعرێکم بە ناوی «نا» ڕەت کراوەتەوە، چەندین شیعری ترم ڕەتکراوەتەوە. ئاخر لە هەشتاکان دەستم بە نووسین کردووە کە سەردەمی بەعس بووە. لەساڵی ١٩٨٧ وە دەستم بە بڵاوکردنەوەی شیعر و نووسینەکانم کردووە.

**جەواد حەیدەری:** تۆ ڕاگەیاندکار بووی، ماوەیەک سەرنووسەری گۆڤاری پشوو بووی، بەرپرسی لاپەڕەی ژنان بووی، دەستەی نووسەرانی کوردستانی نوێ بووی، بەڕێوەبەری نووسین بووی، بەڵام لەتەلەفزیۆن لەناکاو وەک دژەباو دەرکەوتی کە چی بەڕای هەندێک دواتر بووی بە باو؟

**کەژاڵ ئەحمەد:** دوای ١٤ ساڵ لەسەر نووسینێک لە کوردستانی نوێ پێیان وتم خواحافیزت بێت. بابەتەکە سیاسی و پەیوەندی بە دۆخی ئەو کاتی کوردستانەوە هەبوو. پەیوەندی بەشێوازی نووسینی منەوە هەبوو کە لەسەرەتاکانی نووسینمەوە هەر لە گۆشەی «بچووک و بەڵامەوە» تا دەگات بە ڕیپۆرتاژەکانم، تا دەگات بە نووسینەکانی ترم لەبارەی ژنانەوە کێشەی زۆر گەورەیان بۆ دروست دەکردم. لەدوای چواردە ساڵ لە کوردستانی نوێ خواحافیزیان لێکردم. لەم وڵاتەی ئێمەدا تۆ تەمەنت دەدەی بە شوێنێک، بەڵام ئەو شوێنە چی بە تۆ دەداتەوە. هیچت ناداتەوە. پێت دەڵێ خواحافیز. نە بیمەی تەندروستیت هەیە. نە بژێوی ژیانت دابین دەکات. وەک کرێکارێک سەیرت دەکات کە دەچێت بینایەک دروست دەکات ئەگەر هەرچییەکی بەسەربێت ئەوەی کەیفی خۆیەتی و هیچ ژیانی مسۆگەر نییە.

**جەواد حەیدەری:** دەوترێت تۆ پەیامنێری جەنگی بوویت و چەندین جار سەردانی بەرەکانی شەڕت کردووە؟

**کەژاڵ ئەحمەد**: بەڵێ یەکەمین پەیامنێری جەنگ بووم، یەکەمین پەیامنێری مێینەی جەنگ بووم. چەند جار لەگەڵ کاک ستران عەبدوڵڵا لەبەرەکانی پێشەوەی جەنگ بووین، چەند جار لەمردن گەڕاوینەتەوە. خۆ دەکرا کەسانی تر بچن بۆ بەرەکانی جەنگ، وتوومە دەبێت ژنی کوردیش بەشدار بێت. وتوومە دەبێت بەچاوی خۆم ببینم، بۆ ئەوەی بزانم و قسەی لەسەر بکەم. هەموو ئەو کارانەش لەئەرشیفدا ماون. یەکەمین ژنیش بووم لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ کە دەستەی نووسەران بووم. وەک پەیامنێرێکی بچووک دەستم پێکردووە تا گەیشتووم بە بەڕێوەبەری نووسین. دڵنیابە کەسێک نیم تەسلیم بم و ئاڵای سپی بەرز بکەمەوە. چوارده ساڵ لە تەمەنم لە کوردستانی نوێ تێپەڕی، بەڵام بە فیڕۆ نەڕۆییوە. لەمێژوویەکدا ماوە کە ئەرشیفی کوردستانی نوێیە. سەیر دەکرێتەوە و کارەکانی من ماونەتەوە. ئەوانەی کە کارم لەگەڵ کردوون و چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئەنجامداون سەبقی ڕۆژنامەوانی گرنگن و خۆشەویست و لەدڵی خەڵکەوە نزیکن. ئەوانە هەمووی بۆ من پاداشتن. ئەم ناسراوییەی کە من هەمە هی ماندوو بوونە.

**جەواد حەیدەری**: دوای کوردستانی نوێ لەتەلەفزیۆنی کوردسات لە پرۆگرامی دژەباو دەرکەوتی ئەمە چۆن بوو؟

**کەژاڵ ئەحمەد**: لەدوای کوردستانی نوێ یەکێکی تر دەرگای بۆ کردمەوە، ئەویش هێرۆخان بوو. هێرۆخان کلیلی ژوورەکەی خۆی لە کوردسات پێدام. چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد. دوای ئەوەی کەدەرگایەکم لێداخرا لەشوێنێکی ترەوە دەرگایەکی ترم لێکرایەوە. من پێش بەرنامەی دژەباو، هەر لە کوردسات بەرنامەی ترم هەبوو، بەرنامەی لەهەر باخێک ژنێک، هەرژنێک، ئەو بەرنامانەم هیچیان بە هێندەی بەرنامەی دژەباو جەماوەری نەبوون. ئەو بەرنامەیە وەڵامێک بوو بۆ ئەو ڕۆژنامەیەی کە دوای چوارده ساڵ دەستبەردارم ببوو، هەموو ساڵەکانی کارکردنم لە کوردستانی نوێ لە یەک بەرنامەوە چوومە ناو دڵی خەڵکەوە. لەوێش من هاتمە دەرەوە. وەک هەموو دامەزراوە و بوارەکانی دیکەی ڕاگەیاندن، بە تەنها هاوڕێیەتی و ڕێزی هێرۆخانم لەگەڵ خۆم هێناوەتە دەرەوە و شتێکی کە لەبەرچاومە ئازایەتی هێرۆ خان بوو کە لەو دۆخەدا پشتی لەمن نەکرد. ئەو بەرنامەیەمان ئامادە کرد زۆر ماندوو دەبووین پێوەی ،ماندوبوونی من و ئامانجی کەمال چالاک بۆ ئەو بەرنامەیە تەواوکەری یەکتر بوو. ئێستاش خۆ زۆر کادر و بێژەری دیکەی لێیە، بۆچی بەرنامەی وەک دژەباو دروست نەبۆوە. تا ئێستاش بەرنامەی دژەباو لەیاد نەچووە. زۆر گرنگە دوای ١٠ ساڵ هێشتا بەرنامەی دژەباو لەبیرەوەری خەڵکدا ماوەتەوە و لەیاد نەچووە.

**جەواد حەیدەری**: بەنیاز نیت جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ ڕاگەیاندن؟

**کەژاڵ ئەحمەد**: «نا» جارێکی دیکە ناگەڕێمەوە بۆ میدیا، نە کاری ڕۆژنامەنووسی دەکەم و نە لە تەلەفزیۆن وەک بێژەر

دەردەکەوم. هەڵبەت ئەمە بڕیاری ئێستامە، ئیتر بۆ ئایندە نازانم. ئازارم پێدەگا هەر بە باس کردنیشی، بەناو هێنانیشی و بە پێشنیازکردنیشی.

**جەواد حەیدەری**: ئێستا دەتەوێت چی بیت، لەنێوان ڕۆژنامەنووس و شاعیر و چالاکەوان؟

**کەژاڵ ئەحمەد**: بۆ ئەم قۆناغە لەژیانم حەز دەکەم کەژاڵی شاعیر بم و لەسەریشی بەردەوام دەبم.

**جەواد حەیدەری**: بۆ چاوپێکەوتن ناکەی، بۆ دەرناکەوی؟

**کەژاڵ ئەحمەد**: دەبێت لەئەزموونەکان فێری ئەوە بین، ئەو ئازارانەی من بینیومە هەقی خۆمە تەنانەت بە تۆش بڵێم کە چاوپێکەوتن ناکەم. بەڵام من ڕێز لە جەواد حەیدەری دەگرم و قسەی ناشکێنم. تا ئێستا خەڵکانێک هەن لە من تێناگەن. پرسیاریان هەیە و حەز دەکەم لێرەوە وەڵامیان بدەمەوە کە چییە؟ چۆن بوو؟ چ ڕوویدا؟ زۆر جار ناتوانی بە وردی هەموو شتەکان بدرکێنی، بەڵام بۆ کەسی دانا یەک وشە بەسە بۆ تێگەیشتن. دەشتوانم بڵێم حەزم لە ڕێگەی تازەیە و ناچمەوە سەر ڕێگا کۆنەکان.

**جەواد حەیدەری**: لەشیعرێکدا دەڵێی چاوم پڕ لە دابڕان کە شەوان بە تەنیا دەنووم، ئەم دابڕانە چییە؟

**کەژاڵ ئەحمەد**: دڵم تەژییە لە ژوان بۆ ئەو کەسانەی نایاناسم، ئەمە هەر شاعیرێک یان نووسەرێک دەتوانێت خۆی تێدا ببینێتەوە. ئەوە ئەوپەڕی تەنیایی من بوو لەو قۆناغەی ژیانمدا، تەنیاییەک لەناو قەرەباڵغییەکی زۆر گەورەدا. تۆ شیعرێکمت هەڵبژاردووە کە ئەوەندەی نەخایاند دوای ئەم شیعرە لە کوردستان ڕۆیشتم. سوپاس زیرەکانە شیعرەکان بۆ قسەلەسەرکردن هەڵدەبژێری.

**جەواد حەیدەری**: تۆ زۆر باسی تەنیایی دەکەی، ئەم تەنیاییە بۆ؟ئێستاش تەنیای؟

**کەژاڵ ئەحمەد**: دەتوانم بڵێم، تەنیاییەک لەناو قەرەباڵغەییەکی گەورەدا، هەمیشەیش تەنیا بووم، شیعرەکانم هەمووی باسی لە ئەوین و خۆشەویستی و پێکەوە ژیان، دەکات کەچی چ وەک ژنێک و چ وەک مرۆڤێک هەمیشە تەنیا بووم.

**جەواد حەیدەری**: تۆ باس لە ملوانەکەی پچڕاوی تەمەن دەکەی، ئایا ئێستاش کەس ناتوانێت ئەم ملوانەکەیە بهۆنێتەوە؟

**کەژاڵ ئەحمەد**: «نا» کۆنەکراوتەوە و ناشکرێتەوە، دەبوایە لەسەر ئەو قەناعەتە ڕۆیشتبوومایە کە خۆم دەرکم پێکردبوو. ئومێدی ئەوەم هەبوو کۆبکرێتەوە، بەڵام نەکرایەوە.

**جەواد حەیدەری**: تۆ شیعر چۆن دەبینی؟

**کەژاڵ ئەحمەد**: هەر وای دەبینم شیعر هونەری بیرکردنەوە و هەستکردنە، هەم بیرکردنەوەو هەستکردنە و هەم هونەریشە.

**جەواد حەیدەری**: دەوترێت شیعری کوردی لە قەیراندایە، هەروەها قەیرانی خوێندنەوەش هەیە، جەنابت ئەمە چۆن دەبینی؟

**کەژاڵ ئەحمەد**: لەکاتێکدا کە ئێمە لەرۆژهەڵاتێکی پڕ لەقەیراندا، لە عیراقی بارگاویکراو بە قەیران و دەردەسەریدا دەژین، لەو عیراقە داروخاوەیشدا لە کوردستانێکی خنکێنراو بە قەیران دەژین، نابێت هیچ سەیربێت بەلامانەوە کە دەبینین سیاسەت و ئەدەب و هونەر و ئابووری و ئینسانییەت بەگشتی لە قەیرانێکی گەورەدایە. دیاردەی زۆر روون و بەرجەستەیش هەن بۆ ئاماژەدان بە هەندێ لەو قەیرانانە، وەرن بپرسن بۆچی گۆرانی لوولە لوولە و قژ ئەندۆمی دەتوانێ دوو ملیۆن هەواداری هەبێت و پەپوولەی ئازادی مامۆستا مەزهەر یان ئەی شەمی شەوانی مامۆستا کەریم کابان ناتوانێت، کە گوناهە ئەم دوو جۆرە هونەرە هەر بەراوردیشبکرێن بەیەک.

وەرن بزانین شەڕە جوێنەکانی فەیسبووک لایک و کۆمێنتیان زیاتر لەسەر دادەنرێت یان نووسینەکانی بەختیار عەلی، با لەخۆمان بپرسین کوا موزاجی کوردەواری و ئاستی بەرزی خوێنەرەکانی جاران، کوان شانۆ گەرییەکانی جاران ئەگەر کۆمیدیاش تەوەری کارەکانیان بووبێت شاکاری وەک ئاوایی بێکەسە بوون نەک ئەمەی ئێستا مرۆڤی تیادا کراوە بە گاڵتەجاڕ و ناوێکی بێ ناوەڕۆک.

ئەگەر من لەمێژوویەکەوە هاتبم کە مەستوورە و مەولەوی و مەحوی و مەلای جزیری و نالی و گۆران و جگەر خوێن وزۆر مەزنە شاعیری تری پێشکەش بە کوردستان کردبێت، بۆچی لەئەمرۆی شێعردا و لەدوای کۆچی دوایی یەکێک لەناوە هەرە دیارەکانی شیعری هاوچەرخی کوردیی کە شێرکۆ بێکەسە، رێگەبدەین بکەوینە ناو دنیایەکی ئەدەبی کە دەبێت بڵێین کوێربم

بۆ شیعر ئەگەر لەدوای بڕینی ئەو هەموو قۆناغە دووردرێژە ئەوە ئاستی بێت. ناکرێ بڵێین قەیرانی ئابووری و ڕاوەستانی دەزگاکانی چاپ لەبڵاوکردنەوەی کتێب هۆکارە چونکە کێشەیەکی دیکەیش هەیە کە نەخوێندنەوە و گرنگینەدانە بە کتێب.

**جەواد حەیدەری**: دۆخی شیعری کوردی بە تایبەتی شاعیرانی ژن چۆن دەبینی، کام شیعری ژنی کورد سەرنجی ڕاکێشاوە لەماوەی ڕابردوودا؟

**کەژاڵ ئەحمەد**: هەموو سەردەم و زەمانێک وێڕای سەختیەکەیشی کۆمەڵە ناوێک بەرهەمدەهێنێت لە نەوەی نوێی شیعری ژناندا لەوناوە نوێیانەی سەرنجی راکێشاوم فاتمە سافجی لە باکووری کوردستان و ئەسمەر ئیبراهیمی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نارین ڕۆستەم لەکوردستانی باشوور. ئەو ناوانەیش کە وادەکەن بڵێم هێشتا شیعری ژنانە و ژنانی شیعری کوردی هەن و لەهەوڵدان بەردەوامن . د. چۆمان هەردی و ڤینۆس فایەق و مهاباد قەرەداغی و نەزەندبەگیخانی و شیرین .ک و لازۆ ئازاد و هەندێکی ترن کە ئێستا هەر هێندەم لەبیرە.

لەراستیشدا ژمارە هەر لەبیرکاریدا گرنگە بۆ دنیای شیعر وانییە، لە ڕەوتی ئەدەبیی کفریی مامۆستا لەتیف هەڵمەت گەیشتە لووتکە و لە ڕوانگە مامۆستا شێرکۆ بێکەس لەرەوتە جیاوازەکەی هەولێریش ئەنوەر مەسیفی و تەمبوور قوڕەکەی. بێگومان شاعیری گەورەی دەرەوەی هەموو ڕەوتە ئەدەبییەکانیشمان هەن. لەکۆتاییشدا ئەوەی سەبارەت بە قەڵەمی ژنانە هەستم پێکرد کەمبوونەوەی ژمارە و بەرهەمیانە لەم ساڵانەی دوایدا کە هیوادارم قەیرانێکی کاتی بێت.

**جەواد حەیدەری**: ژن بوون خۆی لەم کۆمەڵگایە سەختە، ئەگەر نووسەر و شاعیریش بێت سەخت ترە، هەندێکجار ژن هەیە لەژنبوونی خۆی پەشیمانە، تۆ دەڵێ چی؟

**کەژاڵ ئەحمەد**: من کاتی خۆی وتبووم ژنبوون لەم کۆمەڵگایە عەیبەیە، بڤەیە، هەندێک کەس پێیاناخۆش بوو، لەژن بوونی خۆم پەشیمان نیم و تەنانەت شانازیشی پێوە دەکەم و داواش دەکەم کە ژنان لەژنبوونی خۆیان پەشیمان نەبن و شانازی پێوە بکەن. لە هەموو کاتێکدا شانازیم بە ژن بوونی خۆم کردووە، تەنانەت لەکاتی ناخۆشییەکانیش، ئەو کاتەی کە مرۆڤ لەژیان بێزار دەبێت نابێت لەڕەگەزەکەی خۆی بێزار بێت، بەشێوەیەکی سەیر دۆستی ژیان و ژنبوونی خۆمم کە دەتوانم لەناو گریانێکی ژنانەدا خۆشحاڵییەکی ئەویندارانە سەبارەت بەژیان بدۆزمەوە.

**جەواد حەیدەری**: تۆ سەرەڕای هەموو ناخۆشییەکان بۆ وەک هەندێک ژنی تر ڕێگەی ئەورووپات نەگرتەبەر، ئایا تەحەمولی

غوربەتێکی ترت نەبوو، نا هەر پێتخۆش نەبوو؟

**کەژاڵ ئەحمەد**: لەبەرئەوەی زۆر داکوترابووم بە کوردستانەوە، وەک چۆن گژوگیایەک بە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵدەکێشی و ڕادەکێشی و گڵەکەی پێوەیە و دەیبەی، منیش ئاوا ڕۆحی خۆم ڕاکێشاوە کە ڕۆیشتووم، حەزم کردووە هەر لەو دەوور و بەرە بم بۆ ئەوەی لە کوردستانەوە نزیک بم.

**جەواد حەیدەری**: لە عەممانی پایتەختی ئوردن خەریکی چ بووی، باشتر بڵێم لە تاراوگە بەچیییەوە سەرقاڵ بووی؟

**کەژاڵ ئەحمەد**: لەوێ لەئەزموونی چەندین ساڵەی ڕۆژنامەوانی سوودی باشم وەرگرت، لەوێ بەڵگە و کتێبی زۆرم لەبارەی کوردەکانی ئوردن دەستکەوت. هەندێک کاری مەیدانی و چاوپێکەوتنم ئەنجامداوە سەبارەت بە کوردەکانی ئەو وڵاتە، لە دوایین سەرژمێریدا دەرکەوتووە کە ٧٠ هەزار کورد لەسەرتاسەری وڵاتی ئوردن دەژین. لەناوی بنەماڵەی هاوسەری پێشووم کەسایەتێکی گەورە و نووسەرێکی بەناوبانگ و ناسراو بە ناوی عەلی سەیدۆ گەورانی کوردی هەیە، زۆربەی خەڵکانێک کە تەمەنێکیان لەبواری ڕۆژنامەنووسی و فیکردا هەیە دەیناسن بە هۆی کتێبەکەیەوە بە ناوی «لەعەممانەوە بۆ ئامێدی». ئەو باوکی ئەشرەف کوردی، دکتۆری مێشک و دەمارە. ئەوان بنەماڵەیەکی بەڕێز و گەورەن. عەبدولوەدود عەبدولڕەحیم کوردی هاوسەری پێشووم زۆری یارمەتیدام لە ئامادەکردنی ئەو کتێبەدا، کە کۆمەڵێک بەڵگە و زانیاری تێدایە کە نوێن و کتێبەکەم هێشتا چاپ نەکردووە، زۆری ڕاستی ونبووی کوردەکان لەکاتی چوونیان بۆ ئوردن بەتایبەتی بنەماڵەی هاوسەری پێشووم کۆکردۆتەوە کە چۆن لەگەڵ سوپای عوسمانی، ساڵی ١٨٨٠چوونەتە سەڵت و نەوەکانیان لەعەممان نیشتەجێ بوون و چۆن لەبنیاتنانی ئەو وڵاتەدا بەشداربوون.

**جەواد حەیدەری**: وا تێگەیشتم کە کورد دەستی هەبووە لە دروستکردنی ئوردن و بیناتنانی حکومەتی ئەو وڵاتە؟

**کەژاڵ ئەحمەد**: بەڵێ، کورد لەو وڵاتە زۆر بوون و ڕۆڵیان هەبووە لەحکومەت و دەوڵەتی ئەو وڵاتە تا ساڵی نەوەدەکانیش کەسایەتی دیاریان لە وەزارەتەکانی حکومەتدا هەبووە بۆنموونە دکتۆر ئەشرەف کوردی وەزیری تەندروستی ئەو وڵاتە بووە، کە خوالێخۆشبوو دکتۆری تایبەتی یاسرعەرەفات بووە، لەکۆندا کورد هەبووە لەئوردن کە پۆستی سەرۆک وەزیرانی هەبووە. زۆربەی کوردەکانی ئەو وڵاتە لەدوای ناوەکانیان وشەی «ئەلکوردییان» هەیە. یەکێک لەو کەسایەتیانەی ناو بنەماڵەی هاوسەری پێشووم سەیدۆ کوردییە کە ئەویش کەسایەتییەکی گەورەی سیاسی و ئابووری ئەو وڵاتە و ناوچەکە بووە.لەناو کوردانی ئەردەندا نووسەر و لێکۆڵەری بەناوبانگی وەک دکتۆر محەمەد سوێرکی و عەلی سەیدۆ هەن.

**جەواد حەیدەری:** ئەو کتێبەت کە تایبەتە بە کوردانی ئوردن کەی چاپ و بڵاو دەکرێتەوە؟

**کەژاڵ ئەحمەد:** ئەو کتێبە دەکەوێتە ساڵی ئایندەوە چونکە هەندێک ئامادەکاری دەوێت لەبەر بەڵگە و زانیارییەکان، بەڕاستی لەو کتێبەدا کۆمەڵێک بەڵگەی گرنگ هەیە لەسەر کوردان و هەستی کوردایەتی کوردانی ئوردن، عەلی سەیدۆ گەورانی هاوسەردەمی میر جەلادەت بەدرخان بووە ولە گۆڤاری هاواردا بابەتی بۆ بڵاوکردۆتەوە و مامە گۆڕینەوە و هاوڕێیەتیان گەرمبووە عەلی سەیدۆ لە هاوار نووسینی هەبووە.لەسەروتاردا ڕێگەی پێدراوە کە نووسین و پێشنیارەکانی بۆ چاککردنی زمانی کوردیدا بڵاوبکاتەوە.ئەم نووسەرە خۆی گەیاندۆتە لای ئەمین زەکی بەگ لەبەغدا و خەمی ڕێنووسی کوردیی یەکێ بووە لەخەمە هاوبەشەکانیان.کتێبەکە مێژوویەکێ ون دەگێڕێتەوەو سەرنج ڕاکێشە بۆئێرە با هێندە بەس بێت.

**جەواد حەیدەری:** تۆ پێت وایە ڕاگەیاندنی کوردی غەدری لێکردووی؟

**کەژاڵ ئەحمەد:** بەڵێ، یەکێک لەو غەدرە گەورانەی کە میدیای کوردی لەمنی کردووە ئەوە بوو کە دەیانگوت کەژاڵ ئەحمەد شووی بە عەرەب کردووە. هاوسەری پێشووم عەرەب نەبوو و منیش شووم بە پیاوێکی فرەژن نەکردبوو. لەو دەمەی کە فرەژنی لە کوردستان قەدەغە بوو خەباتم کردووە. هەر لەو سەردەمەیشدا لای حاکم گەشاو گرێبەستی هاوسەرێتم لەگەڵ ئەو پیاوە کردووە و حاڵەتی زەوجی هەردووکمان لە گرێبەستەکە نووسراوە. بۆ من نووسراوە کە کچێکە شووی نەکردووە و بۆ ئەویشیان نووسیوە کە پیاوەکە لەژنەکەی جیابوەتەوە. ئیتر من جوابی کەس نادامەوە. دواتریش دوای چەند ساڵ وەک دوو هاوڕێ و خۆشەویست بەڕێزەوە خواحافیزیمان لەیەکتر کردووە. سوپاسی دەکەم کە زانیویەتی کە ڕۆحی من لەوە زیاتر تەحەمولی ژیانی دووری و هەندێک شتی تر ناکات.

**جەواد حەیدەری:** پڕۆژەی تازەت بەدەستەوەیە؟


**کەژاڵ ئەحمەد:** پڕۆژەم زۆر بەدەستەوەیە، بەرلە هەموو شتێک دیوانە نوێیەکەم بەناوی «زمانی باڵندەم دەزانی» چاپ و بڵاو دەکەمەوە. ئێوارە شیعرێک لەسلێمانی لەلایەن کۆمەڵەی سۆفیا بۆ ڕێکخراوەکە تێدا موزیک و سەمای بالە بەشدار دەبن. پێشتر لەسەر وشە و ڕەنگ کارم لەگەڵ دکتۆر ڕێبوار سەعید کردووە. ئێستاش لەگەڵ مامۆستا رووبار ئەحمەد کاردەکەین کە موزیک و سەما ئاوێزانی شیعر بکەین. دواتریش ئەو کتێبەم چاپ دەکەم کە لەسەر کوردانی ئوردن کارم لەسەر کردووە و بەڵگە و دیکۆمێنتم لەسەر کۆکردۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٤ و ١١ی دێسەمبەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## تەوەری پیاوان لە روانگەی ژنانی یەکسانییخواز.

**کەژاڵ ئیبراهیم خدر: حکومەتێکی پیاوسالارییمان هەیە، بۆیە رێکخراوێکی یەکسانییخواز و سەردەمییانەمان پێویستە تا کۆتایی بە دووبەرەکیی و چەوسانەوە بهێنێ.**

**سازادانی: پایزە ئەحمەد**

**پایزە ئەحمەد** لەوڕۆدا زۆربەی پیاوان - هەر یەکەو بە گوێرەی بیروباوەڕی خۆی - بە گفتار دان بە یەکسانیی نێوان ژنان و پیاواندا دەنێن.. بەڵام بێجگە لە کەمایەتییەکی زۆر کەمیان زۆربەی هەرە زۆریان لە رەفتاردا پیاوسالار و چەوسێنەرن! بە بەدوواداچوونی ئەوەی کە ئایە کێشەکان و هۆکارەکان چین؟ بەو چەند پرسیارە پەیوەستدارە ژنان دەدوێنین:

**کەژاڵ ئیبراهیم خدر**: ژن بوونەوەرێکی مەزنی نێو ئەو کۆمەڵگە فراوانەیە، بوونەوەرێکی نەخشێنراوە بە جوانیی و ناسکیی و هێمنیی، ژن بوونەوەرێکی لەرادەبەدەر مەزن و بە نرخە، ئەو جوانیی بە ژیان دەبەخشێ، هەر ئەوە نەوەیەک لەنێو منداڵدانی خۆیدا بونیات دەنێ و دەیخاتەوە، ئەوەی ژن لەنێو کۆمەڵگەدا بۆ بەختەوەریی پێکیدەهێنێ هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێ کە سۆز و خۆشەویستیی ببەخشێتەوە، لە دنیادا نەبووە ژن چەوسێنەر و هەڵگیرسێنەری و کوشتن و بڕین بووبێ و دنیا خاپوور بکا، لەپێناوی دەسەڵاتی ژنسالاریی خۆیدا تاکو پێگەی خۆی پتەو بکا؟ ئەوە هەر پیاوە دروست ئەو رێگە ترسناکە دەگرێتەبەر بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات، ژن و پیاو لە پێکەوەژیاندا دوو بوونەوەری خۆشەویستی یەکترین و بە هەردووکیان دەتوانن پێگەی کۆمەڵگە نمایش بکەن، بەڵام بە داخەوە ئەوەی روودەدا پێچەوانەیە هەر پیاوە لە پێناوی مانەوە و دەسەڵاتی خۆیدا.. لە پێناوی حەز و ئارەزووەکانی خۆیدا باڵی ژیان بە قەدی خۆیدا دەبڕێ، بۆیە دەبینن گوفتار و رەفتارەکان جیاوازن، ئەو چەوسانەوەی کە لە رەگەزی پیاوانەوە دەبینرێ زۆر جیاوازە لەو کردارەی لە هەستی ژنەوە

هەیە، بۆیە وەک دەبیبنین چەوسانەوە و کوشتن و ماڵوێرانیی جیهانبینیی بەشێکی زۆری پیاوانە، بە داخەوە بۆ ئەو رێرەوە ناشیرینەی کە هەندێکیان گرتوویانەتەبەر.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە خودی پێکهاتەی سروشتی پیاو وەک رەگەزی نێر پیاوان بەو جۆرە ئافەریدە دەکا؟ یان ئەوە دابونەریت و دین و دەسەڵاتە پیاوان بەو شێوەیە بەرهەم دەهێنن کە هەن، یان هەردوو هۆکار هەر یەکەو بە ئاست و جۆرێک کارتێکردنی خۆیان هەیە؟

**کەژاڵ ئیبراهیم خدر**: سروشتی پیاو سروشتێکی دەسەڵاتداریی و رەگەزێکی تۆڵەکردنەوەیە لە رەگەزی بەرامبەر کە ژنە، پیاو بە هۆی خۆشەویستیی بۆ دەسەڵات گرتنەدەست هەر لە دروستبوونیەوە بە دوای دەسەڵاتدا گەڕاوە بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی، تاکو بەشێکی لەو حەز و ئارەزووە نێرگسییانەی کە هەیەتی بۆ مەرامی تایبەتی خۆی بەکاریان بهێنێ، رەگەزی توندی ئەو وایە کاتێک تووڕە دەبێ ئەوەی لە ئاوەزیدایە بەکاریدەهێنێ بێ ئەوەی بیر بکاتەوە کە پاشەرۆژ چی روودەدا، زۆرجار ئەو پێکهاتەیە بۆماوەیە هەر لە سەرەتای قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵەوە دروست بووە.. ئەوەتا پیاوە دەسەڵاتدارەکان هەموو قۆناغەکانی خێڵایەتیی و دەربەگایەتی و سەرمایەدارییان بۆ مەرامەکانی خۆیان بەکارهێناوە.. هەر لە سەردەمی زووشەوە هەزاران ژن وەک کەنیزە بۆ مەرامە تایبەتییەکان بەکارهێنراون و کۆیلە کراون تاکو ئارەزووەکانی خۆیانیان پێ تێر بکەن.

**پایزە ئەحمەد**: ئایە تەنیا پیاوان هۆکاری ئەو باری چەوسانەوەی ژنانن یان ژنانی ناهۆشیار و دەستەپاچەش رۆڵی خۆیان هەیە لە درێژەدانی ئەو بارەی خۆیان؟ چارە چییە.. یان چاکترین رێیەکانی چارەسەر چین لەو رووەوە؟

**کەژاڵ ئیبراهیم خدر**: ئەو دوو بونەوەرە مەزنە جیهانبینییەک کۆیان دەکاتەوە ئەویش خۆشەویستییە بۆ ژیان و جوانترکردنی دنیایەک کە مرۆڤەکان تێیدا یەکسان بن لە رووی بیرکردنەوە و گۆشکردنیان بە ئاراستەی لێک نزیکبوونەوە، مەخابن کاتێک رۆشنبیریی و زانست و زانیاریی و تێڕامان لە بەخشینەوەی خۆشەویستیی بۆ ژیان عەقڵ میوانی نابێ و کۆتایی دێ، ئا لێرەوە سەرەتای گیروگرفتەکان و کێشەکان دروست دەبن، هەر ئەو دەسەڵاتەشە وایکردووە دوو جیهانی جیاواز لە بیرکردنەوە بو هۆگریی بۆ جوانیی ژیان دروست بێ، وەنەبێ ژنیش بێ بەش بووبێ لەو کێشانە ئەوانیش بەشی خۆیان بەردەکەوێ بەڵام زۆر بە کەمیی، چونکە ژن هیچ دەسەڵاتێکی بەدەستەوە نییە تا پێگەی خۆی پتەو بکا، بۆیە پێویستە ژنیش بە گوێرەی توانای خۆی لە رووی رۆشنبیریی و زانست و زانیارییەوە کۆشش بکا و پتر رۆبچێتە ناو ململانێکانەوە تاکو کامەرانیی و بەختەوەریی باوەش بۆ هەمووان دەکاتەوە، ژن بە هۆی خستنەوەی نەوە و ئەرکی گرانی

ڕۆژانەی ماڵ و ژیان و گوزەران و هەژاریی و بەخێوکردنی منداڵ و راپەڕاندنی ئیش و کارەکانی ڕۆژانە نەیتوانیوە بە گوێرەی پێویست بیربکاتەوەو هۆشیارانە ڕەفتار بکا.

**پایزە ئەحمەد**: هەر کەسێک لە ناخەوە بەو ژنکوژییە زۆرەی ئەو دواییانە رادەچڵەکێ یەکسەر پەنجەی تاوانکاریی بۆ حکومەت و تەواوی دەسەڵاتداران رادەکێشێ، بەڕێزت لەو بارەوە چ دەبێژی؟

**کەژاڵ ئیبراهیم خدر**: دەسەڵات باوکی هەموومانە وەکو خۆیان لە قسە و گفتوگۆ و دەنگدان لە کاتی هەڵبژاردنەکان و بلاوکردنەوەی بۆچوونەکانیان بانگەوازی بۆ دەکەن، ئەوان خۆیان بە یاسا دارێژەر و خزمەتکاری ئەم کۆمەڵگەیە دەزانن بەڵام بە داخەوە کاتێک دێتە سەر خزمەتکردن بە جۆرێکی تر دەکەوێتەوە، ژن دەسەڵاتی چی بە دەستەوەیە لە ناو کۆمەڵگە و لە ناو حکومەت و حیزبەکاندا، ئەوەتا وەک دەیبینین چەند پۆستێکی نمایشکاری بە دەستەوەیە کە ئەویش حیزبەکان بۆیان دیار دەکەن کە تەنها چەند پۆستێکی کەمە، ئەوەی لە  تواناشیدا بێ بۆ خزمەتی کۆمەڵگەکەمان بەرجەستەی دەکا بۆ خۆشگوزەرانیی، بەڵام بە داخەوە دابونەریتی کۆنی بۆماوە وایکردووە کە ژن نەتوانێ بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێ خزمەت بکا.. هەر ئەوەشە وایکردووە ناکۆکییەکان زۆر بن و دابونەریتەکان ڕۆبچنە ناو خێزان و کۆمەڵگەوە و یاساش بەو جۆرە نەبێ کە هەمووبان لەژێر سایەیدا کۆبکاتەوە، ڕۆژانە دەیان هەواڵی کوشتن و سوتان و دەربەدەریی و ماڵوێرانیی و بەندکردن دەبینین کە بە داخەوە دەسەڵات لە ئاستیاندا گوێی خۆی خەواندووە و حکومەتیش حکومەتێکی پیاوسالارییە و بە دەنگ کێشەکانەوە ناچێ، بۆیە ڕۆژانە دەیان هەواڵی جەرگبڕ دەبیستن کە مرۆڤی پێشکەوتووخواز و یەکسانییخوازی تووشی نامۆبوون و سەرسوڕمان کردووە.

**پایزە ئەحمەد**: لەبەرچی ژنان زۆر بە کەمیی بەشداریی لە ڕێکخراوەکانی ژنان دەکەن؟ یان لەبەرچی زۆربەی زۆری ژنان ڕێکخراوەکانی ژنان بە پشتوپەنای خۆیان و داکۆکیکەر لە ماف و ئازادییەکانیان نازانن؟ ئایە ئەوەش بە هۆی دەستتێوەردانی پیاوانە؟ ئایە بەڕێزت بە باشتری نازانی ڕێکخراوی ژنان لە ژنان و پیاوانی یەکسانییخواز پێکبێ؟

**کەژاڵ ئیبراهیم خدر**: ئەوە پەیوەندیی بە بوونی ئەو ڕێکخراو و سەنتەرانەوە هەیە کە حیزب و حکومەت لە پێناو بەرژەوەندیی خۆیان دروستیان کردوون: زۆربەیان دەسەڵات بۆ خزمەتی مەرامە تایبەتییەکانی خۆیان بەکاریان دەهێنێ، هەر کاتێک ویستی دەیانهێنێتە سەر شەقام و کۆڕ و کۆبوونەوە و مانگرتنیان پێ ئەنجام دەدا، وەنەبێ لەو ڕێکخراو و سەنتەرانە ژنی چالاکوان و پێشکەوتنخواز و ڕۆشنبیر و کۆمەڵگەی مەدەنی نەبێ بەڵام دەنگی ئەوانە ناگاتە هیچ شوێنێک.. ئەوەش وا دەکا زۆربەی ئەو ژنانە بێ هوودە بن و پاشەکشە بکەن، بۆیە وەک دەیبینین بەشی زۆری ژنان لەو کۆمەڵگەیەدا

ئەو ڕێکخراو و سەنتەر و گرووپانە بە پشتیوانی خۆیان نازانن و لێیان دووردەکەونەوە، من بۆ خۆم هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵیاندا نییە، بەڵام من بوونی ڕێکخراوێکی یەکسانییخواز کە خزمەت بە دۆزی ژنان بکا بە پێویستییەکی سەردەمییانە دەزانم تا هەموومان لەژێر چەتری خۆیدا کۆبکاتەوە.

**پایزە ئەحمەد**: خۆت وەک ژن تا چەند لە بەرانبەر هاوسەر یان باوک و برا یان هەر نێرێک کە لەگەڵی دەژی لە چەوسانەوەی پیاوسالاریی ڕزگار بووی؟ کێشەکان چین کە تا ئێستا خۆت یان خۆت لە چوارچێوەی ژنان بە گشتیی بە تەواویی لە بندەستی پیاوانی کۆنەپەرست و چەوسێنەر یان سیستەمی پیاوسالاریی ئازاد نەبووی؟ ڕێگەچارەکانت چین؟

**کەژاڵ ئیبراهیم خدر**: ئەو هیوایەی کە هەموومان ئاواتی بۆ دەخوازین ئەوەیە کە پێویستە دەسەڵاتێکی یەکسانییخواز و پێشکەتوو بە یاسا بێتە کایەوە تاکو هەموومان بە بێ جیاوازیی کۆبکاتەوە، من بۆ خۆم کە ژنم حەز دەکەم هیچ کەسێک یەک پەنجەشی ئازاری پێ نەگا، ئاواتمە یەکسانیی باڵ بەسەر کۆمەڵگەی جیهان بە گشتیی و کوردستان بە تایبەتیی بکێشێ و دووبەرەکیی و چەوسانەوە کۆتایی بێ چونکە زۆربەی زۆرمان تاڵاوی چەوسانەوەمان لە ناو خێزان و کۆمەڵگە و بگرە قوتابخانەش چەشتووە.. لە ڕابردووی هەمووماندا ئەو بیرەوەرییانە هەن، کاتێک دەستم بە شیعرنووسن کرد نەمتوانی بە ناوی خۆمەوە بڵاوی بکەمەوە، کە بۆ کۆڕێک یان سیمینارێک دەچووم چەندین لێپێچینەوەم لەگەڵ دەکرا، کە لە قەڵادزێ بووم بە هۆی ئەو دابونەریت و دەسەڵاتە خێڵەکییانەوە نەمدەتوانی بە ویستی خۆم حەز و ئارەزووەکانم بێنمە دی، زۆر جار کە شیعرم خوێندۆتەوە لە کۆڕەکان دوای ئەوەش کە ژیانی هاوسەرییشم پێکەوەناوە دەیان جار لەگەڵ براکانم تووشی دەمەقاڵە بوومە و شەوانە فرمێسک بە چاوانمدا هاتۆتە خوارەوە و گریان بۆتە میوانم، لێت ناشارمەوە ئێستا ئەو هەوای ئازادییەی کە هەڵیدەمژم و ئەو ڕزگاربوونەی کە هەمە سەرچاوەکەی بۆ هاوسەرەکەم دەگەڕێتەوە چونکە ئەو زۆر پشتیوانییم لێ دەکا، بۆیە پێویستە ژنان بە هەموو توانای خۆیانەوە کۆشش بکەن جیهانێکی جیاواز و دوور لە دەسەڵاتی پیاوسالاریی و بیروباوەڕی کۆنەپەرستیی بهێنە کایەوە و ڕزگاریان ببێ، ژیانێکی شایستە بۆ خۆیان فەراهەم بکەن تاکو نەوەیەکی پڕشنگدار بۆ کۆمەڵگەکەمان دروست ببێ و دوور بێ لە چەوسانەوە؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢

----------------------------------------------

## تەوەری "ئەدیب لە یەک پرسی قورسدا".



**کەژاڵ ئیبراهیم خدر:**

**من جیاواز لە دەنگەکانی تر.. زۆر لەسەرخۆ دەنووسم.. من دەتوانم تاڤگەیەک لە رووبار دروست بکەم، گوڵی وشە بدەم لە قژی رەنگی بەهار.**

**سازدانی: ئەمڕۆ**

**ئەمڕۆ**: لەوە بگەڕێ وەک ئەو چەمک و گوزارشتە باو و داهێزرایەی کە دەبێژێ: "خوێنەران بڕیاردەرن"! چونکە لەوڕۆدا خوێنەران بە گشتیی لە ناسینی بەرهەم و بەرهەمداران ئالۆودەی (میدیای پاڵپشت و پێگەی جۆراوجۆر و پەیوەندییە جۆراوجۆرەکان و فەرهەنگی باو و هێندەک خۆویستیی تایبەت)ن، ئایە خۆت وەک ئەدیب یان هەر تشتەک کە خوازیاری ئەو بی لە خۆت رازی.. یان ئایە جیاوازییەکانت بایی هێندە هەن هەبوونت وەک بوونەکی پێویست بسەلمێنن؟ ئەگەر ئا؛ لە کێندەرێی بەرهەمەکانت دەتوانین بەرجەستەت بکەین یان پەیدۆزت بکەین؟ ئەگەر نا یان نایزانی؛ لەبەرچی تا ئێستا وا دەزانی هەر هەی یان پێویستە هەر هەبی؟

**کەژاڵ ئیبراهیم خدر**: کە دەنووسم هەمیشە بیر لە ئازارەکانی ناخی خۆم دەکەمەوە، ئەو ئازارانەی کە هەمیشە وەک دیوەزمەیەک بە دوامانەوەیە، من لە شیعردا هیچ کاتێک خۆم نەکردۆتە دێوانەک بە دوای عەشقدا وێڵ بم، بەڵکو ئەوە شیعرە منی بەو دەردە بردووە، کە بتوانم عەشق پێناسە بکەم و جوانییەکانی ژیانی پێ ببەخشمەوە، لە شیعردا بەشیکی ژیان دەنووسمەوە ئەو بەشەی ژیان جوانتر دەکا، زۆر جار بووە ویستویانە دەنگ و رەنگی شیعرم لە گەروومدا وشک بکەن،

ئەو ئەستێرانەی کە خۆم خەونیان پێوە دەبینم و دەمەوێ شەوەزنگیان جوانتر بکەم.. ویستویانە مانگیش نەبینم؟

کە شیعر دەنووسم گەڵای پیتەکانیش دەکەمە رستەیەک تاکو لەدایکبوونێکی نوێ بنووسمەوە بۆ ئەوەی خوێنەر بزانێ ئەم ژیانە بەشی ئەوەندەی تێدایە کە شیعر بکەینە تابلۆیەک بۆ بێدارانی رۆژ و شەو.

لە ئەدەبدا دنیایەک جوانیی هەیە؛ زەردەهەڵگەڕان و وەرین هەیە، رەشەبا و سامان هەیە، ئەستێرە و مانگ هەیە، چەوسێنەر و چەوساوە هەیە، زامدار و بێ نەوا هەیە.. من هەموو ئەمانە دەکەمە بەرچنەی شیعرەکانم بەڵام بە شێوەیەک کە دەنگی ژنانەی تێدا بەرجەستە بکەم. من جیاواز لە دەنگەکانی تر.. زۆر لەسەرخۆ دەنووسم.. کانیاوێک دەگێڕمەوە کە سەرچاوەکەی روون بێ لە بیری مندا، بۆ شیعر رق و تۆڵەکردنەوە نییە.. من دەتوانم تاڤگەیەک لە رووبار دروست بکەم، گوڵی وشە بدەم لە قژی رەنگی بەهار، من ناتوانم چاوەکان نەبینم کە چەند فرمێسکیان رشتوە.. ناتوانم ژانی ئەنفال و زامی هەڵەبجە و قەلادزێ و کوچە و کۆڵانەکانی ژیان نەبینم و بە شیعرێک هەستی خۆمی بۆ دەرنەبڕم.

ئەوەی شیعر بە ئێمەی دەیبەخشێ تەنها خۆشەویستییە.. ئازارەکانی رۆحە تاکو ئاسوودەیی ببەخشینەوە، کاتێک زەنگێکی لەناکاو خۆی بە ماڵەکەمدا دەکا دەبێ هەست و هۆشم بخەمە کار بۆ ئەوەی ئەم ژیانە لە چەند دێڕێکدا پێناسە بکەم.

من ئەدەب و رۆشنبیریی بە جوانیی تەماشا دەکەم لە ناخی خۆمەوە، هەرچەندە ئەم بوارە ئەوەندە دەستی غەدری پێگەیشتووە بەڵام لە ئەنجامدا ئەوەی گرەوەکە دەباتەوە هەستە جوانەکانە، من ناتوانم بە شیعر وشەی ناشیرین بخەمە دیوانەکانمەوە و بیخەمە بەردەستی خوێنەر و سبەینێ لە چاڵێکدا بیشارنەوە، ئەوەی خوێنەر ئاسوودە بکا من گوڵی وشەکانمی پێشکەش دەکەم، ناچمە بەردەرگای هیچ کەسێک تا دەستم بگرێ و بەشانوباڵمدا هەڵدا، ئەوەی من دەینووسم خەمی ژن و چەوسانەوە و دزیی پیاوسالاریی و دابونەریتە کۆنەکانە.. هەناسەی هەموو ئەو کیژۆڵە و کوڕە خێرلەخۆنەدیوانەیە کە دەستی قەدەر جوانییەکانیانی لێ تاڵ کردون.. بۆیە شیعری منیش ئازارەکانی ئەوانی کردۆتە ماڵێک بۆ من تاکو بە چەند پارچە شیعرێک پێناسەی خۆشەویستیی خۆمیان بۆ دەرببڕم، ئەوەی شیعر پێی بەخشیم.. ئەم دەنگەی ئێستایە، ئەوەی ئەدەب پێی بەخشیم.. ئەم خۆشەویستییەی ئێستایە.. هەرچەندە بەردەوام ئازارەکانی کۆمەڵگا بە شوێنمەوەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - رێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٢



سەرچاوە Serchawe

## کۆمەڵێک هونراوە:

-------------------------------------------

### شنەشنی دڵەکەت گوڵێکە لە باخچەی رۆحمدا.



١

تۆ خونچەی گوڵێکی شارم بووی
بووی بە ئاونگی بەیانی
بوویت بە تریفەی مانگەشەو
دوا جاریش بە گەڵا
منیش لە ژانی شیعرێکمەوە
تریفە و، گەڵام نووسیەوە
وەک بای دەشت و نمەی باران
بە ئەسپایی هاتنە باوەشمەوە.

٢

من سۆراخی عەشقی ئاوابوونی ئەو بووم
بۆت بوومەتە دەروێشێکی قژ درێژ و

دەفڕەنێکی سەرگەردان
وەک ڕەشەبایەکی سەرشێت
لەگەڵ ئاواز و گۆرانی، شیوەنی چیادا
بوومە هەڵم و چوومە ئاسمان.

٣

بوومە هاوڕێی پەڵە هەورێ
لە خەیاڵما، هاتیتە نێو دڵمەوە و
بووی بە پەپوولەیەکی
باڵ نەخشینی زەرد
چەندە جوان و، نەشیمیلە بووی
پاک و بێگەرد.

٤

لەگەڵ بارینی باراندا
کزە بایەکی سارد کەوتە جەستەمەوە و
تۆش بوویتە کاروانچییەکی ڕاگوزار
لە ناو مێرگی هەتاومدا
لەگەڵ شیعرەکانما دەست لەملان بوون و
یەکتریتان ماچ دەکرد
تێکەڵاو بووین بە هەتاو سێبەر
منیش بووم بە بەفرێکی زستانە و
دواتر بووین بە ژن و درەخت.

٥

تاڵێ پرچت، ژێی شیعرم بوون

بوون بە دەریاچەی خەمەکانت
جوانیی خۆمم تێدا بەخشی
لە نێو نیگاو خەندەی تۆدا
عشقی ژنێک لەدایک بوو
ژووانەکانی بە چرپەوە بۆ باس کردی.

٦

لە نێو ژاوەژاوی بادەی
نیوەشەوی شەرابێکدا
خەیاڵ و بیرم، با ئەیبا
ئەی ناسکترین پەڕەی رۆحم
کاتێ دەبیتە درەختێکی وەنەوشەیی
لە نێو پەنجەرەی دڵتەوە
بە ئامێزێکی گەرمەوە
سەوز سەوز پێئەکەنی
کاتێکیش دەبیتە تراویلکە و
گوڵاوپژێنی دڵم دەکەی
بۆت دەبمە کەنارییەکی بێ دەنگ و
هەندێ جار یش فرمێسک گەردنم تەڕدەکات
بە کوڵ دەگری.

٧

کاتێک شیعرێک دەنووسم
وەک لاولاوی ماڵەکەمان
لەگەڵ شنەی بەیانیاندا سەما دەکا
بۆیە نزادەکەم و دەپارێمەوە لە یەزدان

هەرگیز نەمری
تاکو پەلکەزێڕینەی دەرکەوێ و
مەل لە جریوە نەکەون
ئەتۆش نەگری.

٨

تۆ سپیترین بەفری منی
کاتێ لەگەڵ پۆلێ
وشەی ناسک ناسک
عەشق و مەیلی منت تێدا دەڕوێ
هەرگیز نامەوێ تەنیابیت
تاکو بەژن و باڵای چنارت و
قژی رەنگاو رەنگ و، لێوت ناسکت
وەک شۆڕەبی بەرز دەبێ.

٩

کە دەتبینم لە سنەوبەرێکی سەوزی
پرچ ژاکاوی سەری ساڵ دەچی
بۆت دەبمە پەپوولەیەکی رەنگاوڕەنگ
دەت خەمە سەر کەلی شاخم
دەتگرمەوە نێو باوەشمەوە
پاک و بێ دەنگ.

١٠

تکا دەکەم
تەنیا و، بێ کەس و، غەریبم مەکە

تاکو پایز: بە کراسێکی ساردی خەزانەوە
بە کەمەری باریک و، قژی بە شیعر داپۆشراوە
نەگاتە دونیای برژانگت و
چاوە خومارەکانت.

١١

باران نمە، نمە
بەسەرتدا دادەبارێ و
گەرووی وشکەوەبووی
چەند ساڵەت تەڕدەکا
تۆش وەک ژنێکی نازەنین
لاوانەوە یەک، بۆ جوانی نیشتمان و
بەستەکانی خاک دەنووسی.

١٢

کە دەتبینم
لەوپەڕی ئاسۆی شارەوە
بەدەم هەناسەی کزەباوە
قژت ڕەشی قەترانە و
ڕوومەتە سورەکانت، ئەگەشێنەوە.

-----------------

تێبینی: ئەم شیعرە پێش مەرگی نووسیوبەتی "لە دەفتەرەکەیدا هەیە" هەندێک دێڕ و وشەی دەستکاریی کردووە "بە شێوەیەکی سەرەتایی".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ١٢ی دێسەمبەری ٢٠١٩

# کەژاڵ ئیبراهیم خدر



ژوورەکەم پڕە لەدیاری تۆ
لەڤالاینتاین گوڵێکی سورت بۆناردم
لەسەری ساڵ ملوانکەیەکی بریسکەدار
لەنەورۆزدا دەستێ جلی کوردی ئاوریشمی
لەهەشتی مارسدا
دووکتێبی
نەوال سەعداوی
لە جەژنیشدا
نۆقڵی لێوت و، شەکری خۆشەویستی

---------------

وەک پەڕەسێلکەی ئێوارانی بەهار
لەنەغمەی زەردەپەڕدا
دوو باڵەکانت تەڕدەبێ و
لەسەر دڵی پایز من
لەنگەردەگرێ

---------------

ئەگەر خاک بام

لاوانەوەی دایکێکم بۆوەرینی
گەڵاکانی خەزانت دەنووسی
گەردەرەختێکی بێوەژن بام
بەسەر پۆشی سەوزەوە
باڵەکانم دەخستە نێو شەرابێکی
رژاو
بەڵام چی بکەم من دەسماڵێکی
ئەفسوناویم بۆ چنیوی
خۆم ئەدەم بەشانی تۆدا

-----

کە زەردەپەڕ دەبێ
بەگزنگی رووخساری کیژۆڵەیەکی
شەرمنی بەیانیان
لەچاومەوە گلێنەی شەونم
دادەگیرسێ
شەقامی شارێکی وێران
بەدەمیەوە پێ دەکەنێ
با هەڵدەکاو
جریوە دەڕژێ و
رەنگی گوڵ و ،شیعرو خۆشەویستی
لەناو دڵما دەپشکوێ.

-----

من هەندێک جار لە جیاتی خۆم
شیعرێکم مەست دەبێ

پێک لەدوای پێک
بادەی مەستی چاوەکانم
پەرداخەکەم بۆ پڕ دەبێ
ئێوارەم دەبێ بە ماچ و
مەیخانەم بەنیوەشەو
کەمانچە سەری گێژ دەخواو
هەموو جەستەم سەما دەکاو
حاڵی شێتی دەتگرێ

--------------------

من بەخەوتووی دەتبینم
لەفریشتەیەکی نێو باخی شین دەچی
من لەجوانی دا دەتبینم
لەئاوێنەیەکی عاشقان دەچی
بۆیە دەڵێم بەو هەموو رەنگاو رەنگیەوە
لە پەلکەزێرینەی دوای بەهار دەچی

-------

من شەوانە ناخەوم
قەڵەمەکەم ژان دەیگرێ
بۆ لەدایک بوونی شعرێ
وەک چاوت گەش بنوێنێ
وەک رۆحت شیرینم بداتێ
بەڵام چی بکەم لە نێو ئاگردانی
روحم
پشکۆکان هەمووی سوتان

هەر خۆڵەمێش کۆبۆتەوە
پێویستم بەگڕی تۆیە
ئاگرەکەم گەش بێتەوە

------

من ئەو کاتە دەبم بەشاعیر
گەربووم بە شمشاڵ
بۆژەنینی ئاوازی گەرووی شوانێ
من ئەوکاتە ئەبم بەخۆم
کەبووم بەدەریای ئەسرینی چاوەکانت
ئەوکاتەش دەبم
بەمێژوو
کەسروودەکەی نەورۆزم
بۆگوتیەوە
ئەوسا دەتوانم ببم بەتۆ
تۆ ناوم بنێ ی شاعیر

------

سنگم کانیاو نیە
بەڵام پێستی رۆحت هەڵدەمژێ
سنگم دۆزەخ نی یە
بەڵام لەخەمی تۆ
جگەرەی تیادا دەسووتێ

-----

هەموو ساڵێ
یادی بەیەک گەیشتنی خۆشەویستی

دەکەینەوە

باوەشم پڕ دەبێ لە ئەستێرەو

ماچی شینای ئاسمان دەکەن

لەگەڵ جریوەی خەمێکی سور

تارای بوکێنی بەرووخسارم دەدەن.

-----

هەتا سەوزبوونی خەیاڵی شاعیرێک

بەسنەوبەرەکانی عشقەوە

هەتا دامرکانەوەی گڕی

ئایەتێک لەنوێژی مزگەوتێکا

هەتا پەرستن هەتا ئەڤین

خۆشەویستی

هەتا ئاویزان بوونی

دووجەستە

هەرفڕین

------

ماڵی شیعرم

وەک دڵی تۆ وەک سنگی بەرینی

ئاسمان هەمیشە لەسەر پشتە

هەیە بەعشقەوە دێتە ژووریٚ

هەیە بە ئازارەوە

------

دەبم لەگوڵ



سەرچاوە
Serchawe

لەنێو تۆدا خۆم دەڕوێنم
ئەوسا دەبمە نەمامی
حەوشەکەی تۆ

-----

تابلۆیەکت لەدڵی عاشقەکان
بۆدروست دەکەم
لەژوور سەرت هەڵی دەواسم
تا پێت بڵێم
ماڵەکەی من پڕپڕیەتی
لەگوڵاڵەکانی عەشق و
تابلۆکانی خۆشەویستی

* یەکێکە لەو شیعرانەی کە شاعیر دوای خۆی جێی هێشتووەو فریای ئەوە نەکەوت ناونیشانی بۆ دابنێت و پاک نووسی بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١٩

----------------------------------

## شەوە تاریکەکانی ژیان، خەم دەنووسنەوە



١

لەناو تاڵی رەشی قژتا
بەفرێک هەیە سپی، سپی
ئەوەنیشانەی پیریە
تا دەرکەوی وەکوو پەری

٢

لەسەر لێواری لێوتا
رەنگێک هەیە پەمەیی سور
من نازانم بۆخۆی وایە
یان سوربۆتەوە وەک تەنور

٣

لەسەر پەنجەی دەستەکانتا
پێنوسێکی جوان دەبینم
ئەوە تۆی من دەنوسیەوە
یان من وەک ئاوێنە دەتبینم

٤

لەسەر نوکی قاچەکانتا
هەنگاوێکی خێرا دیارە
دەتەوێ تۆ بۆلای من بی
یان بۆژوانێکی یارە

٥

لەسەر سنگت دارستانێ هەیە
بە شنەی با دەشنێتەوە
بۆیە جەستەم گەرم نابێ
هەمیشە فێنک دەبێتەوە

٦

من نازانم تۆ چیت و کێت
لەکوێوە بۆمن پەیدا بوویت
بەڵام هێندە دەزانم
تۆ فریشتەی خواوەندێک بوویت

٧

نامەوێ وەک جارانی زوو
هێندە منت بیربێتەوە
نەوەک لە هۆنراوەم پەست بی و
بۆ ژوانێک نەتخوێنمەوە

٨

هۆنراوەیەکت بۆ دەنوسم

پەپولە بێ

لە شیلەی گوڵی لێوی من بخواو

لە نێو باخی دڵتا بفڕێ

٩

هۆنراوەیەکت بۆ دەنوسم،

وەکوو دەریا ئاوێنە بێ

لە نێو بەرماڵی پرچی بەفر

پرشنگی دەمەو بەیان بهاوێ

١٠

کە دەنوسم

خەیاڵم دەبێە کلوە بەفرێکی سپی و

دادەبارێ

کە دەنوسم و، دەزانم

هەر زوو، قژی قەڵەمەکەم و، پەڕەی ڕۆحم

زوو دەوەرێ

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠١٨

----------------------------------------

## دوو هێڵی تەریب.

ئەی مرۆڤی ئەم سەردەمە

بەگەکانی سەدەی ناوەند

دەتانەوێ فێرم بکەن



سەرچاوە
Serchawe

وەک خانمی دیوەخانان

بەپاییزو بەزستانان

لەژوورەوە خۆم بەند بکەم

تاکوو برسی و بێ نەواکان

نەبینم کە؟

لەکوێ دەنوون و چی دەخۆن "

تا هەتیوو پێ خواسەکان

نەبینم کە"

لەبەر چۆڕاوگەی گوێسوانەو

قوڕو چڵپاوی

لاکۆڵان و شەقامەکان

بەبێ بەرگی و ،بەپێی پەتی

دێن و دەڕۆن.

-----

ئەی ئەوانەی گەرەکتانە

کات بگێڕنەوە بۆدواوە

دەتانەوێ فێرم بکەن

بەهاوینان

لەگەڵ پۆلێ کارەکەرو خزمەتچیاندا

لەگەڵ هەرەوەزی تازە

بەرەو کام هەوارە خۆشە

کۆچ ڕەوبکەم؟

تاکوو لەگەڵ

کیژی بێ ناز کەوتوەکاندا

ئاشنا نەبم؟

لەگەڵ دەست و پێ قەڵشیوو

لەگەڵ کوڵمی سووتاویاندا

هاوتا نەبم".

------

دەبا منیش پێتان بڵێم

کە لەروانینی چاوی من و

چاوی ئێوە

وەکوو دووهێڵی تەریب وان

هەستی من و ،هەستی ئێوە

وەکوو وێنەی ،شەو رۆژ وان

قەت تێکەڵی یەکتر نابن.

-----

ئەگەر منیش

وەک هەر بێ نازێکی ئەم خاکە

سەرمای زستان

دەست و پەنجەم لەگۆ نەکاو

هەموو لەشم نەتەزێنێ

یاخوود قرچەو گەرمای هاوین

سەروچاوم نەپرۆکێنێ و

نەم سوتێنێ

ئەی باشە چۆن

شادی بەهار ڕێگە دەدا

ماچی چاوی نێرگز بکەم

ئەی شنەبا چۆن شاباش و

مژدەی نەورۆزم بۆ دێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٣٠ی جانێوێر ٢٠١٩

---------------------------------------------------

## سپێدەکانی نائومێدیی.

کاروانی راز و حەزەکانی تۆ
باوەشی عەشق و خۆشەویستی من
ئەپێچیتەوە
شەوی ئاهەنگم لێ دەشوێنێ و
بووکی ئارەزوو
بۆ ماڵەباوان ئەنێرێتەوە
----
گۆرانیەکانی شەوی ڕابردوو
ئەدا بە دەریا و ژێر ئاوی دەکا
ملوانکەی ماچم ئەهۆنێتەوە
بە سنگی شۆڕە ژنێکی دائەکا
------
باڵندەی حەزم ئەبنە فریشتەو
لە دەوری سەرت ئەسوڕێتەوە
چاوی خەواڵوت بە خەبەر دێنن
شەو وەلا دەنێن رۆژ ئەبێتەوە
------
سەرنج ئەدەنە سیمای کاڵ بووت و
رووخساری شێواو بە بێ زهێنی
پەنجەم ئەنێمە تاڵەکانی قژ
ئەبنە نێرگز و دێنن مزگێنی
------
هەرچەندە یادت کەم هەزار هێندەی تر
ناوت ئەنووسم ناکوژێتەوە

حەزو تامەزرۆی ڕۆژانی پیشوو

وەک زەنگ لەناخما ئەزرنگێتەوە

-------

بۆ هەر کوێ بڕۆی هەنگاوەکانم

ڕووەو هەواری عیشقت مل ئەنێت

گوڵ سەما ئەکاو کاکەی شوانیشم

ئاوازی تازە و شمشاڵ ئەژەنێت

-----

لێوەکانیشم دوا بڕیاریاندا

خەندە جێ بێڵن سنوورەکانت

تەسلیم کەنەوە

هەگبەی پڕ ئازار لە کۆڵ ئەنێن و

ڕووەو هەواری کۆن ئەڕۆنەوە

-----

هەزار جار دەست و چاوم ماچ بکەی

سۆزی عیشقمت پێ نابەخشمەوە

خەندە بۆ لێوو دڵم بۆ دڵت

هەرگیزاو هەرگیز ناگەڕێنمەوە

-----

چەندیش لێم دووربی ڕۆژێ هەر ئەبێ

بۆ ماڵی دڵم بگەڕێیتەوە

بەفری خەمەکان کەڵەکە بوون و

نە بە خۆری تۆ نە بە تۆفانیش ناتوێتەوە

-----

چیشم پێ ئەڵێی فەرموو پێم بڵێ

کەی بێ وەفایت لەمن بینیووە

گەر عاشق نەبای من لێت خۆش ئەبووم

خۆت باش ئەزانی ، کڵپەی سووتان و
لێزمەی ئاونگی فرمێسکمت دیووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٢٠ی جانێوێری ٢٠١٨

---------------------------------------------------

## ماچێک لە پەڕەی گوڵ.

١

من دەمەوێت
دەستت ماچ کەم
نەوەک کوڵم ولێوەکانت
هەر بۆئەوەی ووشک نەبێ
هەست و سۆزی نێو دڵەکەم
وەک و خاک و خۆڵە ساردوو سڕەکەی بیابانت.

٢

گەردەتەوێ ماچم بکەی
دەبێ پەساپۆرتت پێ بێ
بۆ دەربازبوون لەسنورم
دڵنیایەبە گەرتۆ نەبی
لە هیچ کەسێکی تر نابوورم.

٣

من ماچ بەماچ دەگۆڕمەوە
خۆت دەزانی، قەرزیش وایە

ئەمە یاسایی عشقی منە
نازانم لای تۆ چۆن رەوایە؟

٤

من ماچی پەرچەمت دەکەم
چونکە بۆمن دارستانە
خۆت دەزانی عاشق وایە
حەزی لەژوانی نێو بێستانە.

٥

من بەتەنها ماچێکی تۆ
بەسەدان ماچ ناگۆڕمەوە
ئەمە یاسای دڵی منە
لای دادوەریش نایسڕمەوە.

٦

رەنگە تێر نەخۆم بەماچێ
چونکە ماچی تۆ شەرابە
پیکی لێوت مەستم دەکا
بۆیە هەمیشە خەرابە.

٧

ئەگەر کەسی ماچت بکا
من دڵ و گیانم دەلەرزێ
گەر لێوەکانی من نەبێ
بەفر چیایش تۆ نابەستێ.

٨

دەڵێی هێندە ماچم مەکە
باسوراوت نەسڕێتەوە
چۆن عاشقم
ئەگەر لێوم لە لێوی تۆ ببێتەوە.

٩

دەرگاکەتم لێ دامەخە
گەر هەموو ڕۆژێ
بێم بۆلات
چونکە دڵم هەر تۆی دەوێ
بۆیە جەسەتەم بۆتە خەڵات.

١٠

لەدوورەوە دەتناسمەوە
بۆنی ماچی منت لێدێ
خۆت دەزانی گشت چاو ساغێ
دەزانێ خۆر لەکوێ هەڵدێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٤ی جوولای ٢٠١٧

---------------------------------------------------------

## تۆ بڵێی ئاسمان دایک بێ؟

١

نەرم، نەرم، کلو، کلو

لەسنگی بێگەردی ئاسمان
بەفر دادەبارێ
تۆ بلێی ئاسمانیش دایک بێ
شیر لەمەمکی بێتە خوارێ.

٢

بەفر گریا
ووتی "من دەمەوێ
چوار وەرزی ساڵ ،سپی بنوێنم
تا بۆگشت بووکە جوانەکانی نیشتمان
رەنگی سپی بنەخشێنم.

٣

شەڕە بەفرم لەگەڵ مەکە
بەرگەی ئەو تۆپەڵە ناگرم
چونکە من هێشتا منداڵم
بۆگەلێ شت گڕوو دەگرم.

٤

بەفر لەتۆ دەچێ
یان تۆ لەئەو
من نازانم لە شەوێکی بەفرانباردا
چۆن دەردەکەوی
وەک مانگەشەو.

٥

درەختەکان زۆر دڵخۆشن
کاتێ بەفر

تاڵی قژیان سپی دەکا
ئەی تۆ نەت ووت
قژت جوانە
وێنەی بەفر نیشان دەدا.

٦

بابە نۆئێل زۆر راست دەکا
بەرگی سوور، لەگەڵ بەفر جوانە
وێنەی روومەتت دەنوێنێ
کاتێ لای قژم میوانە.

٧

ئەزمرٍ بەو بەرگی سپیەوە
چاوەڕێی پیاسەی تۆ دەکا
ئەونازانێ عەشق وایە
بۆهەمیشە لە ناو قژی سپی مندا
خۆی وون دەکا.

٨

زەیتونەکەی بەردەرگەمان
سپی بووە
رەنگە سەوزەکەی نەماوە
تۆخوا تۆش رەنگت بگۆڕە
حەزم لەو ڕەشە نەماوە.

٩

بەبەفر بڵێ
بابەسەرمندابباریٰ

من دەمەوێ چاوەکانت
هەر لەڤۆژی من بنوارێ.

١٠

لەناو پێستی سپی تۆدا
من هەر وێنەی خۆم دەبینم
تۆ لەسروشتەوە سپی
یامن وەک بووکە بەفرینە
دەتنەخشێنم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٢٥ی مارچی ٢٠١٧

---------------------------------------------------

## ئای کە ڕقم لە چەقۆ و گوێزانە.

١

ئاگەم بەتۆ
هەرچەند ڕێگە دڕک و داڵ بێ
هەردێم بۆلات
لەدوورەوە بۆنت دەکەم
تابزانی عەشق چۆنە
لەناو دڵی ژنێکی بێ دەسەڵات.

٢

لەئاوێنەی خەمی دووری چاوەکانتا
لەئازاری ژانی مێژووی دێرەکانما
پایز گەڵاڕێزانیەتی و
پیتەکانم ئەخرێنە ناو

چەقۆیەکی ژەنگ گرتووەوە
ئای کە ڕقم لەچەقۆو گوێزانە
چونکە ئەو بوو ناوکی بڕیم
لەدایکمی جیا کردمەوە.

٣

پایز ماڵئاوایی کردوو
بەفرانبار وا بەڕێوەیە
لەم سەختی سەرماو سۆڵەیە
وەرە نێو باوەشی منەوە
گڕی پشکۆم پێوەیە.

٤

چنگێ بەفرم گرتە دەستم
هێواش ،هێواش
لەگەڵ ماچ و مووچی پەنجەکانم توایەوە
من نازانم تیشکی تۆ بوو لەروخسارت
یان هەناسەی گەرمی من بوو
جارێکی تر گەڕایەوە.

٥

یادگاریەکانی ژیان زۆر تاڵن
یەکە یەکە دێنە دنیای خەیاڵمەوە
خەیاڵەکان زۆر شیرینن
سەیرم لێدێ
لای تۆ وازوو بیر چونەوە.

٦

لەدووری تۆ

فرمێسک لەچاوانم دەتکێ و

خوێن لەجەستەم

من شەهیدم

یان دایکی شەهیدێکی جەسەتە ئەستەم.

٧

من نازانم

چۆن دێی،دەرۆیی

لە چ کونجێ هەوارت هەڵداوە

پێدەکەنی یان خەم دەخۆی.

٨

من نازانم لە شارێکی زۆر گەورەدا

پڕ باڵەخانەو باخچەدا

ناژیم دەژیم

تاکوو رۆحت نەیەت و پێم بڵێ

هانێ جەستەم.

٩

دەڵی سپیم وەکوو بەفر

باڵام بەرزەو هەروەکوو ئەو

هەرگیز تۆ لە چیا ناچی

چیا بەفر لەخۆی دەگرێ و

دەیکاتە دڵۆپێ ئاو

بۆگەرووی ووشکە بووی کەو.



سەرچاوە
Serchawe

١٠

یەک جار گریانی تۆم دیووە
بۆئازیزێ تێر تێر گریای
ئەوە خەمی ناخت بوو
یاخوود لە حەسرەتی ترسای.

١١

گازینۆو یانە نەما
رووی تێ نەکەی،بۆ پێکێ مەی
خۆت شێت دەکەی
خوێنم دەکەی بەجۆری مەی
تا بۆساتێ بەئاسودەیی
هەناسە دەی.

١٢

من بەرگی رەشم پۆشیووە
تۆ هەرشادی
من خەم دەخۆم ،تۆ بێ باکی
بەفرمێسک جەستەم شووشتیەوە
رۆژێ نەتووت بۆ وا ماتی".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٩ی مارچی ٢٠١٧

-------------------------------------------

# دڵێک لە پەڕەی گوڵ.

١

ناوێرم چاوی تۆ،نیشانی هیچ عاشقێک بدەم
نەوەک ئاخێ هەڵکێشی و
شعرێکت بۆبنوسێ
ناوێرم تۆ نیشانی هیچ ژنێ بدەم
نەکا لەجیاتی تۆ،خۆی بخزێنێتە باوەشمەوە
بێ و لەنێو دڵما بنوێ
ناوێرم گەردنت نیشانی تاوسێ بدەم
دڵنیام لەخوا دەپاڕێتەوە،،دەڵێی خودایە
یامن بمرم ئەو نەمرێ.

٢

هێندە بەناسکی دەدوێی
نازانم چۆن بتنوسمەوە
پەڕەی رۆحم گڕ دەگرن
هەور دەبێتە نمەی باران
هێندە جوان پێدەکەنیت
سەرم دەبێ بەدارستانی چرو
بەدڵۆپێ ئاوی شەونمی بەربەیان لێوەکانم دەبن..

٣

لەتریفەی شنەی شەماڵی بەیانیان دەچی
پڕ دەبی لەزەر دەخەنە
کاتێ لێوت تەڕ دەبێ بەماچی من
رەنگی پایز زەرد دەبێ و

خونچە گوڵێک هەڵدەوەرێ.

٤

لە ناخی قووڵایی زەویەوە هاتووم
خۆر دەبەخشمە دەرونت
کانیاو پڕ دەکەم لەئاو
کاتێ گوڵی لێوت
پرشنگی خۆر دەنوێنێ
زەردەت بۆدەکەم بەهەتاو.

٥

تۆ ئەزانی
لەنێو دڵی پڕ لەپەژارەی شێت و وێڵما
هەرچی ڕێگەی دژوار هەیە پێدا گەڕام
هەرچی سنوری ژیان هەیە
چی ئازاری نیشتمانە
لە نێو ڕۆحما کۆمکردەوەو
نەمام نەمام بوومە سەرچاوەی کانی و
بوومە تریفەی مانگەشەو ،گوڵە هەنارێک و، ڕوام.

٦

لەماڵە بچکۆلانەکەی ڕۆحتەوە هاتووم
هیچ دەنگێکت نایەتە گوێم
نە جریوەی باڵندەو ،نەشنەی بایە
بۆیە ڕەنگی پەری دڵم
بۆ ملوانەکەی دڵت ساوایە.

٧

هەمیشە وەکوو شەستەباران دادەباریت

نمە نمە دێتە خوارێ
کورەی دڵت ئاگردانەو
شنەی رۆحت دەبێتە منداڵێکی ساواو
وەک سەرخۆشێک بۆ باوەشم دێیت و دەچیت.

٨

بەڵێنت دا
گوارەیەک لە چاوی مانگ بکەیتە گوێچکەم
روناکی لەگلێنەی چاوەکانت
شوێنی ووشەی ئازار شکێن بسڕنەوە
مەمکی درەختی شعرەکان پڕ کەن لەگوڵ
کۆرپەی ساوای حەزەکان ژێر کەنەوە.

٩

ببە بەپەپوولە
بەباڵە فرەی باڵەکانت
لەنێو باخی ووشەکانم
نیگار کێش بەو رەنگم بکە
لەسەر چڵی درەختی دێڕەکانم
بەلێوی تاسەت
بە عیشوەوە ماچێک بنێرە،بۆ دێڕی هۆنراوەکانم
"من دڵنیام ئاسۆی چاوی نەپشکتووم
لەنێو تریفەی خەیاڵما،،پێڵووی حەزم
بۆجریوەی ئەستێرەی عەشق ئەنێرم.

١٠

لەوانەیە دێڕ بەدێڕی گەڵای ووشەکانم
لە دەفتەری یادگاریما کاڵ ببنەوە

لەوانەیە رقی تورەم
بەر رەشەبای شعرم کەوێ و
خەمەکانم بسڕنەوە
بەڵام هەرگیز هەرگیز
جریوەی ئەستێرەی چاوت
گریانی هەوری ژوانەکانت
لەدیدەمدا ناسڕنەوە.

١١

نازانم بۆ خەونەکانم هەرتۆن
لەگەڵ زەردەی بەیانیاگەش دەبنەوە
ئەبن بە گوڵە مێخەک و نێرگز
لەکەناری رۆحما دەڕوێن
هەستەکانم بۆنی دەکەن
پەنجەکانم دەینوسنەوە.

١٢

تۆ هەرگیز تیونیەتیت بینیوە
روخسەت لەرووبار وەرگرێ
تۆ هەرگیز گەرمات بینووە
خۆرەتاو لەخۆت زیز بکا
لەسەر رۆحی گەڵا بنوێ.

١٣

من دەمەوێ چوار وەرزی ساڵ خۆشم بوێی
تاباڵای شعرم وەک پەلکەزێڕینە رەنگاو رەنگ بێ
ئاسمانم لێ مەتۆرێنە
بادڵی هەور گەرد نەگرێ

" من دەمەوێ

وەک بووکە بەفرینەیەک بمرم

نەوەک جەستەم گڕ بگرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠١٦

----------------------------------------------------

## نیشتیمانێک لە نێرگز، خاکێک لە گوڵ.

لە نێو زامەکانی ڕۆحماندا

دەیان برینی دوێنێ هەیە

نازانم چی بنوسم

نمەی باران و دڵۆپە فرمێسکەکانی ئێوە

یاخوود گەڵای وەریووی

ناڵەی پڕ لە ئازاری نیشتمان

نازانم چۆنتان بخوێنمەوە

رابردوی پڕ لەتریفەو

تیشکی زێڕینی هەتاوی جوانیتان

یان شمشاڵی پڕ لە گەرووی خنکاوو

مەرگەساتی دایکی شەهیدانمان.

٢

ئەو وەختەی نیشتیمان

لەبەردەم پەنجەرەکانی شەڕدا

دەیان کۆرپە گوڵی خونچەیان دەوەرێ

تاریکی باوەش دەکاتەوە

تۆ دەبێتە ئاوازێکی پڕ لە خەمم و

گۆرانیەکی وەڕس بۆمردن

دەستێکت پڕاوپڕ دەبێ لە خوێنء
ئەوەی تر سیخناخ لەتەرم.

٣

ئەو کاتەی شەڕ دەرگا بەنیشتیمان دەگرێ،
چاوی پڕ دەبێت لە فرمێسک و
مەرگی هێواشی رۆڵەکانی و
چاوەکەی تری دەبێتە گۆڕستانێکی سەوزو
باڵای چناریش لق و پۆپی خەم دایدەگرێ.

٤

ئەو دەمەی شەڕ بەرۆکمان پێدەگرێ
ئامێزی خاک وێرانترو
نیشتمانی دڵمان کارەساترو
گوڵی باخچەی شەهیدانمان گەشتر دەبێ.

٥

"ئەوکاتەی نیشتمان
خوێن دەبەخشێ و سەروەریەکانی تۆماردەکا
پەلکەزێرینە گوڵ دەردەکاو
خونچەی ژیان سەما دەکا.

٦

نا بۆ شەڕ..
نا بۆ پڕ بوونی نیشتیمان لەتەرم
نا بۆ هەڵوەرینی پەنجەکانء
مەرگی هێواشی رۆڵەکان
کە شەڕ رۆحمان لێ دەسێنێ

سەدان گوڵە گەنمی پڕ لە پەلکەزێڕینەی
ئەم خاکە نەشمیلە
وەکوو نێرگزی بەهار و
جوانی سروشت، کۆتایی دێ.

٧

ئای نیشتمانی پر لە ئازار
ئەوان خەجاڵەت بن
ئەو هەموو خوێنەمان بەخشی
ئەو هەموو تەرمەیان بەرێکرد
تاکوو تریفەی مانگ دەرکەوێ
تاکوو لاولاوی ماڵەکەمان
ببێتە پەرژینی ناسک و
بەنێو رۆحماندا سەرکەوێ
تۆ چەند گوڵە هەنارت بینی
چەند لقە داری پڕ لەگەڵای جوان و
چەندین پەپولەی ناسکت بەخشی
ئەوانەی بە ناوی تۆوە
رۆژانە پەیکەری خۆشەویستمان دەشکێنن
ئەوانەی رۆژانە بانگەوازی شەڕو
نوقلانەدەبەخشنەوە
رۆژێک دادێ
لەبەردەم چریکەی پڕ لەئاوازی ئازادیدا
بە چۆکا دێن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - رێکەوتی: ١ی مارچی ٢٠١٦

-----------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## سەمای مەرگ.

١

فریشتەکانی ئەم وولاتە
لە سەفەری سەمای مەرگی تۆدا
نیگا سیحراوییەکانیان کردە دیاری
تاکو رەنگی زەردی پایز کۆتایی بێ و
روانینی رێچکەی کاروانی دەنگت
نێرگز پڕ بێ لە نێرگزی بەهار و
نمە نمە وەکو باران دابباریێ.

٢

فریشتەکانی وڵاتی دڵی من
پڕ لە جوانیی گوڵ و
پڕ لە سروود و تابلۆی رۆحی شەونم
ئەو کاتەی کە دڵی پەپوولەیەک
هەناسەی دەسپێرێ بە خاک
ئەو دەبێتەوە گوڵ و
ئاوازێ مۆسیقایەکی پڕ لە سۆز و
خونچەی باخچەیەکی بێ باک.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٥ی دیسەمبەری ٢٠١٥

-----------------------------------------------------

## دڵێک پڕ لە شەپۆلی خەم.

کە ئەتبینم ئاسمانی نیگاکانی تۆ
پڕن لە گەواڵە هەوری تینوو
بارانی خەمم لە رۆحمدا دێت و دەچێ
تارمایی رەش دەروونم دەگرێ و
باخچەی ژینم پڕ دەکا لە گوڵی
وەریووی شەوبۆ.
-----
کە ئەتبینم رەشەبای ئازار
وەرزی ئێمە دەوەرێنن
بەهاری تەمەنم پەرت دەبێ
خەزانی نێرگزکاڵ دەچنەوە و
پایز رەنگی زەردتر دەبێ.
------
کە ئەتبینم دەرگای دڵت
پڕە لە هەواری خاڵی
گوڵی پەرژینی رۆحمان
دەبێتەوە شەپۆلی خەم
لێوی خەمباری ژینەتە
دەچێتەوە باوەشی ئاسمان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

------------------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## شەوێک پڕ لە شنەی ئازار.

١

ئەمشەو بێ تۆم، لەتەنیایی تەنیا ترم
گوڵی رازەکانی ژیانت
پڕە لە تێشووی سەفەرو
دەنگێک نیە گوێ لە ئازارەکانم بگرێ
سەردەمانێک بەدەم شنەی ئازارەوە
تۆ گۆرانیت بۆدەووتم
تاکوو خونچەی باخچەکانی رۆحم
هەڵ نەوەرێ.

٢

ئەمشەو تەنهام
دەستە لەملانی شەپۆلە زیوینەکانم
مانگیش تریفە دەبەخشێ
چاوشارکێ لەگەڵ ئەستێرە دەکات
تاکوو نەشئە بە پەلکەزێڕینەی
ژیان بدات.

٣

ئەمشەو بێ تۆم
نیوەشەوەو کەس بەنهێنی
دڵی بەژانم نازانێ
هەربەتەنها کاتژمێرەکەی
سەررەفەی دڵم نەبێ
ئەویش واخەریکە دەنوێ‌ء بێزار دەبێ.



سەرچاوە
Serchawe

٤

ئەمشەو بێ تۆم
یادەکانت تەزوویەکن
لە خەیاڵما دێن و دەچن
پڕلە هەگبەی بیرەوەریء
ووشەی پەمەیی رووحتء
خونچەی کراوەی دەمتء
ئاوێنەی روونی رووخسارو
دووتاڵ لەقژی تۆێ تیایە
یادگاری تۆم تیا هەڵگرتوون .

٥

ئە مشەو بێ تۆم
ووشەکانتم نایە سەر ئاسمانی سەرم
خونچە یەکە بۆ هیوا دەڕوانێ
ئاوێنەکە بە رووحمەوە
تاڵە جوانەکانی قژتم تیا کۆکردۆتەوە
سێبەری برژانگەکانی رۆحت و
خەیاڵە بەرینەکەی دڵت و
دەرگای بەهەشتی خەیاڵە بەرینەکەتم
تیا شاردۆتەوە.

٦

ئەمشەو بێ تۆم
هەنگاوەکانت
کاروانی بەهارێکی وەنەوشەییەو
بەکۆچی شەوە سامناکەکان دەڕەوێتەوە



سەرچاوە
Serchawe

چاوەکانت دەبینم
پڕە لەنمەی باران و
بەناکامی سەرخەو دەشکێنن
ووشەکانت
دەنگێکن لەبەردەم ئەو گوڵانەی
هەوری خامۆشء لورەی رەشەبا
دەیانوویست هەڵیان وەرێنن.

٧

ئەمشەو بێ تۆم
دەبیتەوە کۆترێکی سپی
هێدی هێدی سەردەردێنی
دڵت پڕە لەدەریای خەمم و
باڵی سپیت بۆتە روبارێکی تینوو
بۆ باخچەیەکی گەش پێدەکەنی .

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٥

-------------------------------------------------------

## ورشەی گەڵا وەریوەکانی سەفەر.

١

دوێنێ بوی بەگەڵای پایزو
لەسەفەری ورشەی گەڵاوەریوەکانی
بێ ئاگایی خۆت گەڕایتەوە
بەرلەوەی بگەیتە
رێگە بەگوڵ چێنراوەکانی ماڵی من



سەرچاوە
Serchawe

تەموو مژی باخچەی دڵت
کەوتە بەرلێزمەی بارانی
کەپرە روخاوەکەی
هەستی من.

٢

لەداڵانی خەم و ئازاری
ساردی بێ ئۆقرەمدا
بەرگێکی رەش منی پۆشی
لەبەردەمی گەڵای زەردی پایزی
لێوی تۆ
رێک راوەستام
بوومە گەڵایەکی هەڵوەریوو
بوومە شەونمی بەربەیانی
سپێدەیەکی غەمگینی تەزیوو.

٣

دڵم ماڵێکە پەمەیی
لەسینەی سپی خۆیدا
دووچرای گەش
دووباڵی خۆشەویستی گەورە
دڵم ئەوینی گوڵێکە
تابلۆیەکی وەنەوشەیی
عەشقم دەخاتە سەما.

٤

بەرلەوەی
لەکەناری ناوەختی ژانێکا



سەرچاوە Serchawe

لەدایک بین
هەردووکمان وەکوو
بەپوولە بزربین
دەبێت
وەک سەمای باران تێکەڵ بین .

٥

من سۆراخی ماچی دڵەکەی تۆدەکەم
عەشقی ئاوابوونی تۆم
تۆش پرسیارێکی هەمیشەیی
باخچەی پڕ گوڵزاری منی
من دەفرێکی گەردن سپیم
چاوەڕیی بەزەیی تۆم.

٦

هەندێ جار وەک گەردوولی بەڕەشەبا
شێت دەبم
دەبمە شەوی تاریک
پرسیار لەڕەووەزی دڵی
پڕلەئەسرینی خۆم دەکەم
پرسیار دەکەم
چۆن بویتە پەڵە هەوری ئاسمان
چۆن بوویتە وەرزی نمەی باران
چۆن بوویتە کزەیەکی هەڵقرچاوی
ساردو سەرما
لەناو مێرگی هەتاوێکدا
بنیشەوە لەسەر گوڵێکی
بەختەوەری شینی ئاسمان.

٧

ووشەکانم لەگەڵ پۆلێ
شعری شاعیرێکدا بەراورد کرد
ئەو بۆشنەی شیلەی هەنگ و
منیش بۆتریفەی مانگ
هەردوکیان دەست لەملان و
رامۆسانی ماچ کردن بوون
تێکەڵاو بوون
لەپەڕی باڵندەو
لەهەتاوی گەشی پرسێبەر
من بووم بە پەنجەرەی رۆحی
پڕ ئاوێنەی ئەو دەشتانە
ئەویش بوو بەوەرزی بەهار
بوو بەشکۆفەی چرۆی گەشی
وەرزی بارینی بارانی زستانە
من بووم بەکانیەکی بەرز
ئەویش بوو کاروانی شعری سەرمەرز .

٨

تاڵی قژی تۆم کردە
خونچەی شعرم
بەیانیانی وەنەوشەیم پێ لێ ئەدا
چاوەکانت بوونە
دوو کۆتری سپی ئاشتی
خەونی جوانیم پێ فرێدا.

٩

کەرۆیشتی گوڵە هەناری

باخی دڵم
لای تۆ جێ هێشت
تابۆنی وەرزی باران و
کزەی ئاوابوونی
تریفەی مانگ و
ڕەنگی پەلکەزێرینە
ببەخشیتە
خۆرنیشنی ئێواران.

١٠

تۆجۆگەلەی ڕوبارێکی پڕ ماتەمی
ماڵی دڵت
بۆتە وەرینی ورشەی گەڵاکانی
چوار وەرزی ساڵ
باخی ڕۆحم
بۆتە سپێدەیەکی پڕ خەیاڵی
منداڵێکی بەرائەتی گڕوگاڵ .

١١

هێشوو هێشوو، سەوز سەوز
یاقووتی دڵت پێدەکەنێ
باران خەیاڵم دەپژێنێ و
لاوانەوە
بۆوەرینی پێکی شەرابی ڕۆحم و
کۆتایی ووشەکانی تۆ دەنوسێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٢٤ی ئاگۆستی ٢٠١٥

-----------------------------------------------------

## تاڤگەیەک لە خۆشەویستیی

## دڵێک لە پەلکەزێڕینە.

١

دەروونم
شنەی شیعرێکی ئارامە
هەناسەی تاڤگەیەکی بەخورە
کانیاوی تریفەی مانگە
برووسکەی هەورێکی خامۆشە
بە ئەسپایی دێت و دەچێ
دڵم بارانی رۆحی تۆیە
کە چاوەکانت دەبینێ
دەبنە پەپوولەیەکی نەخشین
لە هیچ شوێنێ ئۆقرە ناگرێ.

٢

ئەمشەو رووبارەکەی دڵی تەنهام
بۆتە سیمای ژوورێکی غەریبیی
بۆ فرمێسکی چاوەکانت تێر تێر گریا
روخسارم
خەمی سپی تۆز لێ نیشتووی
جێگاکەم بوو
خامۆش بوو لە چوار دەوریا
چاوەڕوانی شنەیەکی هەناسەی تۆم
تۆوی بێزارییم لابەرێ
پێڵوی کزی چاوەکانم

بۆ کانیاوی ئەرخەوانی گوڵی لێوت
فرمێسک بە بێ دەنگ دەڕژێ.

٣

پێخەفەکەم بۆتە کەناری گوڵاڵە
بە بێدەنگیی
وەک دڵی باغەوانێکی غەریبی
باخچەیەک ئاوی دەدەم
دەیدەمە بەر رێژنەی باران
تاکو پرشنگی خۆر ببینێ
سەما بکا و،
ببێتە پەپوولەیەکی جوان.

٤

گوڵی ژینم
بۆتە تریفەی مانگەشەو،
شانەی رۆحت شانە دەکا
تاڤگەی ژیان
بۆتە خۆری بێدەنگی
وەک ماڵەکەم چۆڵ و تارە
وێنەکەشت پڕە لە گروگاڵی بێدەنگیی
جار جارەش بە هێمنیی ئەمدوێنێ
گڕی خەیاڵم تاودەدا و
بۆ رۆژانی رانەبردوو
چرای عشقت دەسوتێنێ.

٥

بەهاری گەش بە شێنەیی

وەکو پەلکەزێرینەی بەهار
بە ئەسپایی دەهات بۆ لام
چڵێ نێرگزی پایزم دا لە یەخەت
بەسەر سنگتەوە هێندە جوان بوو
نیگامی کرد بە پەپوولە و
بە ئاسمانی پڕ ئەستێرەی دڵما فڕی
تۆش دەستت برد
لە گیرفانتا ئەڵقەیەکەت پێشکەش کردم
وتت بیخە پەنجەتەوە
دەتوانی شیعرێ بنووسی
بۆ یادی من
لەگەڵ هەناسەی شیعرتا
بمێنیەوە بە نەمریی.

٦

ئەگەر ویستت ببی بەمۆم
وەرە بۆ لام
پێشتر بە کوێستانی دڵت بڵێ
تا بە گڕی هەناسەکەم
دەروونی ژوورەکەت بۆ گەرم کەم
نەک وەک سروەیەکی سارد
بێیت و خۆت رووت کەیتەوە
لەسەر باڵی خۆری حەزەکانتا
بێم و بفڕم.

٧

تۆ دەزانی
کاتێ کە دێت

کاتەکانم چۆن دەڕوا.. با بڕوا
من هەر ژوانەکانم هەیە
کە دێتە باوەشمەوە
کاتەکانم دەبنە
جگەرگۆشەیەکی تەماشا.

٨

کە دێی وەکو نیوەشەوێکی درێژ
دێت و دەچێت
سپێدەیەک وەکو رووبار دەنوسیەوە
بە تریفەی وشەکانت
هاورێکی نەشمیلانە
لە دەنگ ئەگاتە گوێچکەم
ئاوازێ لە رەنگی دڵت ئەکەیتە بەرم
پەڕاوێ لە وشەم بۆ ئەکەیت بە هەنگ
کە بە ئەسپایی دەڕۆیتەوە
دەنگت ئەبێ بە جریوەیەکی ئاڵ
رەنگت بە ئاوازی شمشاڵ
جوانییت ئەبێ بە تابلۆی ژوورەکەم و
وشەکانیشم بە شاهەنگ.

٩

ئەو رۆژانەی کە زۆر تووڕەم
لە ئاسمانی پڕ ئەستێرەی وڵاتەکەم
شەپۆل و هاژەی دەریا
دەیەوێت
نیشتیمانم بیر باتەوە
ئەو شەوانەی زۆر کە ئاسوودەم

مانگی رووتی چاوەکانت
بۆتە مانگی درەوشاوە
هاتۆتە نێو چاوانمەوە
ئەو ساتانەی غەمگینیشم
رەنگی خەمم رەشپۆش بووە
خۆشەویستیی بیر چۆتەوە .

١٠

لە هۆنراوەی دڵەکەمدا
ئێوارانێ لە ئەرخەوانی
ئاسمانێکی شینا دەتبینم
کراسێکی پەپوولەییت لەبەردایە
دەبی بە باڵندەیەکی ئاڵتۆنیی
چەند هاوارت لێدەکەم
بێتە باوەشمەوە
بۆ پێشوازییت
گوڵی پەنجەم هەڵدەوەرێ.

١١

بەرز دەفڕی
کە پێکدەگەین
دەبم بە بوتڵی شەرابی رۆحەکەت
پڕت دەکەم لە ئەوینی
رەنگی ئاڵت
دڵۆپ ،دڵۆپ
دەڕژێمە هەناسەی دەروونتەوە
هێندە لە جوانیتا دەمێنمەوە
دەبم بە شەرابێکی گەش

لە نێو دەریای چاوەکانتا
غەرق دەبم دەتوێمەوە.

١٢

ئەو سەرنجەی لە دیدارێکدا
وەکو کانیاوێکی جوان
گرتە چاوم
بوون بە دوو چڵە نێرگزی بەهار
لە تەنهایی کێلی سەرتا روان
ئەو دەستانەی
خستە نێو ئەندێشەی دەستمەوە
بوون بە رێگەی دوو عاشق و
لە ژوانێکا پیای تێپەڕین
ئەو ماچانەی دات لەڕوومەتم
هەموو شەوی دەمباتەوە
دونیای خەوبینین.

١٣

شیعرێکی باریکەلەت
لە ملوانکەی گەردنی خۆم
لەگەڵ تریفەی بەیاندا
لە شنەی گوڵی رەنگاورەنگ
بۆ دەهۆنیمەوە
تاکو بیکەی بە رووناکی مانگ و
هەڵیواسی بە شینایی هەناسەمەوە.

١٤

جوتێ وورده ماسی دڵت

لە پەلکەزێڕینەی رۆحم دەرهێنا و
لە دەریای سپی خۆتا نووسیتەوە
بوونە پەنجەرە و ئاوێنە
چەند مۆمێکت لەسەر کازیوەی
دڵم داگیرساند
کاتێ لە ژوان گەڕامەوە
ملوانکەکە بوو بە یاقوتی
چاوی سپی
ماسیەکانمان چووبوونە
دەریای سەرشێتی عەشقەوە
مۆمەکان کز کز دەسوتان
بوون بە ئەستێرە و تریفەی مانگ
بۆ خۆشەویستیی ماڵئاوایی.

١٥

ئەو درەختەی
بوو بە کۆتری ئاشتی ژوانەکانمان
لێم دەپرسێت و، پێم دەڵێت
بۆ جارێکی تر
لە ژێر سێبەری دڵی مندا دووبارە نابنەوە
گوڵی دار هەنارێک
دەبێتە گەڵای وەریو
وەکو پەلکەزێڕینە خۆی دەگۆڕێ
نمەی باخچە پڕ باران دەکا و
شەو لە باوەشی یەکتریدا
تریفەی مانگ ئەستێرە روو دەدا
لە روومەتیان
زەردەپەڕی بەیانیان و
لە ئێواران تیشکی شەونم

دەدا لە گوڵی باخەکەیان
بە گەڵایەک دایاندەپۆشێ.

١٦

ئەگەر شەوێک کزەی سەرما
گوڵی لاولاوی هەڵوەری
پایز شەوی تەنهایی پێ نۆشی
دێم و بە گڕی دەروونم
گەرم گەرمت دەکەمەوە
ئامادەم هەموو تیشکی چاوت
بۆ دەربێنم
لاشەی تەڕیووی خۆمت بۆ بسوتێنم
ئاگرت بۆ بکەمەوە
سپی بیت وەکو بەفر
پڕ بێت لە پەلکەزێڕینە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ١٦ی جوولای ٢٠١٥

---------------------------------------------------

## ئێوارەیەک شمشاڵ دەبێتە

## سەیبەری خۆشەویستیی.

١

مەهێڵە بێ ناز بم
خونچەی باخەکانی ژیان
پربێت لە گەڵای وەریو

بە بێ گەڵا و گوڵی دڵت بمرم
مەهێڵە
ئێوارانی دوای خۆرەتاو پڕ سێبەربێت
تاکو چرۆی لێوت بگرم.

٢

تۆ دەزانی
کاتێک عاشق
گزنگی خۆری بەیانی دەبینێت
شەیدای ملوانەکەی گەردن دەبێت
تۆ دەزانی
کاتێ تریفە بێ مانگەشەو دەبێت
چ هەتاوێک پەخش دەبێت
چ سنەوبەرێک سەوز دەبێت.

٣

بۆ خۆشەویستیی ئەستێرەی ڕۆحت دەژیم
هەمیشە ڕووبارەکانت بۆ پڕدەکەم
لە گوڵی نێرگز
دەبمە باخەوانێکی سەوز
بۆ گوڵە هەناری ڕۆحی سپیت
دەبمەوە دارێکی باڵابەرز.

٤

من لە پەلکەزێرینەی دڵتەوە هاتووم
باخچەیەکی لالەزاری دڵی تۆبووم
ڕۆحم پڕکردی لە پەلکەزێرینە
شیعرم بۆ کردووی بە گۆرانی و ئاواز



سەرچاوە
Serchawe

بە گوێی شمشاڵێکی پڕ بادا بۆم ناردووی
بارانم بۆ کردووی
بە ناسکە هەرمێ
بردوومەتە ماڵی هەور
بۆتە جێژوانی خۆشەویستیی گوڵە بەهێ.

٥

هەمیشە چەتری سۆزت بووم
تا گەڕایتەوە
نەتهێشتوە تەنیایەکەم
چەشنی گریانی چرایەک
لە توانەوەی بەفردا بە ئازاربێ
نەتهێشتووە رۆژێک
نیشتمان لە خۆم زیز بکەم
تۆ بووی گوڵە گەنمەکانی رۆحمت ئاشت کردەوە
خەیاڵی پڕ لە ئەندێشەم
خەونی شیعرەکانم رەنگ بگرن و
سیمای وشەکانم کاڵ بێتەوە.

٦

ئاشنام کەوە بە کۆڵانە
رەش و سپیە پڕ سێبەرەکانی جێژوان
تێکەڵم کە بەو بەفرە سپیەی
لە ساڵیادی تەمەنمدا
بارانتە سەر روومەتەکانم
ببمەوە بۆ لای بارانە بە لێزمەکەی جاران.

٧

کاتێک گەڵا هەڵوەریوەکانی دڵم

لە ژێر سێبەری چاوەڕوانییدا
شین دەچنەوە
من بەڵێنت پێ دەدەم
دڵت لە تەنهایی ڕۆحمدا
حەشار بدەم و گەش ببنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٢ی جوونی ٢٠١٤

--------------------------------------------------

## خەونی مەرگ.

١

ئەمشەو دڵم بۆنی مەرگ لێدێ
بەهەشت ئاهەنگی وەرینەء
سەمای دڵم تارماییەکە بۆخۆی
بەختەوەریم شەپۆلێکی وێرانەیەو
ڕەنگی سپی بەسەر دەریای تەمەنمدا دەڕژێ
باڵای چنارم ،چرۆی لێوم
بۆنی ماڵئاوای دەکاو
خەیاڵی ڕۆحم پێم دەڵێ
ئەمشەو دواماچی کۆتایەو
وەرزی بەهار گوڵی باخت تێر ئاو ناکا.

٢

ئەمشەو خەونی مەرگ دەبینم
ڕەنگی سەوز بەسەر شووشەی سنگمدا دەدرێ،
سێبەری مردن تێکەڵ بەمن دەبێ،
ڕووناکی چاوو،خەندەی لێوو،هاژەی فرمێسکم
دەکاتە دەروازەیەکی کۆتاییء

نایەوێت ساتە جوانەکانی
درەخت و گەڵاو،وەرزی تەمەنم بنوسنەوە.

٣

ئەمشەو دڵۆپێک باران
پەنجەرەی ووشە،
گوڵاڵەی شعرم تەڕناکات،
نابارێت بەسەر خونچەی روخسارمدا
تەنهایی باوەشێک گەڵای زەردی بۆهێناوم
غەریبی بۆتە هاوڕێی چارەنووسم.

٤

ئەمشەو نهێنیەکانم،لەگەڵ خۆمدا
دەکەمە تاسەی دووری،
زەنگی مردن دەکەمە دەزگیرانم.

٥

من دەمەوێت کاتێک مەرگ
رووناکی چاوم دادەپۆشێ
لەخۆم زیاتر
جوانی گوڵە کێویلەو
دەنگی نەغمەی بولبول،
هاژەی رووباری سەرشێت،
زەردی گەڵای پایزو
برینی جەستەی هەژاران،
هیوای دووری کەس نەبیستم
من دەمەوێت لەخۆم زیاتر
چێژ لەدیدەی کەس وەرنەگرم

دەمەوێت دەنگت پێم بڵێ

بێنە رووخساری ژاکاوت

تاکوو جوانیەکانی

تێدا حەشاردەمء هەڵیکێشم.

٦

ئەوە منم بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە

بەرووخساری پەشۆکاوو

بەجەستەیەکی شەکەتەوە

لەئاوێنەی تەمەنمەوە دوور دەڕوانم

هێمنتر لەجاران

بەهیلاکی و ماندووبوونەوە

لەژێر سێبەری بێ دەنگیدا

بەهیوام ژیان میهرەبانیم بداتێ

کەلەمێژە خەونی پێوە دەبینم.

٧

من دەترسم کاتێک مەرگ

سۆراخی من دەبات بۆخۆی

پەڕەی شعرو ووشەکانم

گوڵێکی تر نەکاتە تریفەو

پانتای دەشتێکی بەرین.

٨

ئەمشەو مردن پەیکەرێکە

وەکوو میوان،باوەش بە تەنهایمدا دەکاو

لێووی ووشک بووم تەڕناکا

بەڵام چی بکەم،دڵەی شێتم

پێم دەڵێت خۆشم دەوێیت.

٩

من دەزانم چارەنووسم چی بەسەر دێ
ئێستاکە دەمەوێت بڕۆم؛
بەڵام نازانم
کەی بیر لەتۆ دەکەمەوە.

١٠

ئەمشەو دەبم بەخۆم
گڕی عەشق لەدەرونمایە؛
دەبم بەگڕ بەناخی خۆمدا دەتوێمەوە.

١١

ئەمشەو دەبمە ئەستێرەو مانگ
دەبمە پەپوولەیەکی بێ باڵ
دەبمە شەونمی سەردرەخت
دەبمە کانیلەیەکی جوان
دەبمە پرچی کیژۆڵەیەک
شانەی دەستی بۆم داێنێ.

١٢

دەمەوێت بڕۆم،
واز لەخۆشەویستی و مەرگ بێنم
دەمەوێت
بگەڕێمەوە تەمەنی منداڵی؛
بۆ بووکەشوویەک تێر بگریم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ١ی ئەپریلی ٢٠١٤

## شکۆفەی شەونمی بەیانییەک.

١

لەبەردەم کاروانی وێنەی
گەلا زەردەکانی رۆحما
برووسکەی وەرزی ساڵانەی
خەوێکی قووڵی
شەوەزەنگی ملوانەکەی سەر سنگم
یادگاریی خەیاڵە و
وەک دەنکە هەنار هەڵدەوەرێ.

٢

نامۆیی کازیوەی
گوڵێکی رەنگاوڕەنگە و
وەرزێکی پڕ لە کڕێوەی بەفرە و
چاوەکانم بارانی مەستیی و
پرشنگی خونچەی شەونمی بەیانییەک
گۆرانیی شەلاڵی سەفەری شەوی کزەبایە و
سەفەری تەمەنیش گوڵێکی سەرگەردانە.

٣

هەژاریی بەردەوام
رێژنەی سەمفۆنیای کانیاوێکی بە خوڕە و
تەنیایی کەمانی دڵی خۆی دەنووسێتەوە
هەڵوەرینی تریفەی
ورشەی گەلاکان دەبینێ
پیاوێکە خوڕەی رووبارێکی مەنگە و

کەوتۆتە بێ هیوایی ژیانەوە.

٤

هەژاریی خۆشەویستیی
دیمەنی کۆڵانەکانی دڵی
خستۆتە دەسڕەکەی بەردەمی
چاوەڕێی بەزەیی گوناهی خۆی دەکا
ویژدانیش ئاسمانێکە
وەکو ژنێک
قژی خۆی دەڕنێ و
بەرهەمی درەختی خۆی دەخوا.

٥

ئەم جارەش نمەی غەریبیی
سەفەری باڕێژەی گریانم
گۆمی مەنگێکی لێڵە و
تەمێکی سارد و سڕە
ئەوەندەی شکۆفەی خەونی کازیوەی بینیوە
چوومە تەمێکی ئاسۆیەکی تەڵخەوە.

٦

نیشتمانی پەلکەزێڕینە
کوانێ خەونی شیعری داهاتووی ژنێتیم
هەر شمشێرە شەڕ دەکا
رووباری ئازادییە
جەستەی من وشک دەکا.

٧

شەو تاری مەمکێکی جوانە
دەبێتە بەرسیلەی بەفر و
گوناهەکانی دەسڕێتەوە
ماتەمێکە بۆ زستانی خەم و
دەستی تۆش فرمێسکی ئازارم دەسڕێ
نایەڵێ بە خوێنی جەستەم سوور بێ.

٨

گەر شەپۆلەکانی دەریا
دەنگی ئازادییم نەمرێنن
لە لووتکەی سپیی شعرێکا
خوێنی لاوانی نیشتمانەکەم
دەڕژێ بەسەر لاپەڕەی رێگای خەباتا
ئەوسا گوڵەکانی باخی دڵی تۆ
سوور سوور دەچنەوە لە ناو ئاواتا.

٩

من شەوی تەنیایی
خەمەکانم رادەژێنێ
چەپکێک نێرگز
لە پرشنگی هەتاو
گوڵێکی نوێم بۆ دەچنێ
لە نێو تاڤگەی یادگارییەکانی
بێ هیوایی گوڵی وشەم
دەبێ بە قژی بەهار هەڵبەستێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - رێکەوتی: ٤ی فێبریوێری ٢٠١٤

## شەوە سپیەکانی خۆشەویستیی.

١

لە کوێی شەوی یەڵدا
شەوە درێژەکانی سێبەری باڵندە و
رۆحە شیرینەکەی گمەی کۆتر
تۆ شەوێکی پایزی خۆت
دەسپێریتە تریفەی مانگ و
گوڵە هەنارەکانی رۆحی من
ئەو رۆحەی هەست بە تراویلکەی
هەناسەی پەلکەزێرینەی
بەهارێکی پڕ لە شەونم دەکات.

٢

لە برووسکەی روبارێکی هێمنەوە
کەوتوومەتە رێ
بەددم زریان و رەشەبای
شەوێکی سپییەوە
هەنگاوەکانم دەبێتە
تیشکێکی پرشنگدار
لە رۆحی بەردێکی ئاگرینەوە
وڵاتی دڵت دەبێتە کوانووی خەمی ساماڵ
شەماڵی نیگای دەروونم
تارمایی زیندەگی ژیانمە
تۆ ئەستێرەی درەوشاوە بووی
لە جۆلانەی ئاسمانی مندا
ئاوێتەت کردم

بە سروشتی چوار وەرزی ساڵ.

٣

مەبە بە گەڵایەکی وەریووی پایز بۆ من
من ئاگرێکی تازە بووکم
دەمەوێ لەسەر شاباڵی دڵی تۆ
لەنگەر بگرم
بۆ کۆتری ئاشتی
جیهانی پڕ بەرائەتی منداڵیی
بۆ ئازادیی باڵندەکان
تاکو سڵ نەکەن
لە دەستی نەگریسی راوچییەکان.

٤

مەبە بە تەمی گومان
بە رێژنەی پرسیار و رەشەبا
بە دوودلیی لێم مەڕوانە
تۆ نازانی چاوەکانم
دوو چرای باڵ داگیرساون
لاشەم شەلاڵی خوێن بووە
کە من ئەوینێکی چاو نەترس بم
دڵم دەرژێتە جۆگەکانی کازیوەوە
لە شێوەی پەیکەرێکی ئەفسووناویی
بۆ شمشێری سووری هەتاوت
لە ئەشکەنجەدا هاوار دەکەم
لە ناو ماڵیاندا باڵ دەگرم.

٥

دەمەوێ یەزدان

گوێ لە پاڕانەوەی دڵم بگرێ
تا بزانێ لە دارستانی لاشەمدا
چەند جار زمانم سوتاوە
چەند جار یاخی بووم لە وەنەوشەی شیعر
لە ناسکی دڵی گەرمی بیانیەکان
ئای خودایە نامەوێ لە تۆ جیاببیمەوە
تا دارە هەنجیرە پیرەکەی
ڕۆژگارێک دێت و سەردەنێتەوە
لە باخچەی دڵیاندا من دەنووسێتەوە.

٥

کۆترە پەرتەوازەکانی منداڵییم
سەرگەردانی نێو تۆڕی جەستەم دەبن
تاڵەکانی قژم دەهۆنمەوە
بۆ بە هەشتی ئارامیی و دڵنیایی
ئەسپی ڕۆژگارە ناهەموارەکان راو دەکەم
تاکو لە دۆزەخی مەرگێکدا
بە ئەسپایی دەبمە گوڵێکی خوێناویی و
پشوو دەدەم.

٧

حەز ناکەم ببمە دەست و پەنجەی
هەڵوەرینی بێوەژنێک
ئەهریمەنێک سۆزی دڵم بەرێ بۆ خۆی
حەزەکانم دابەش بکات
بمکاتە وڵاتی خوێن و
سنەوبەر تیاما سەوز نەبێ
لاولاوی تەلیسماویی

لە باڵام جیا بکاتەوە
جریوەی ئەستێرە
بەهەشت و دۆزەخم
لێ ئاڵوگۆڕ بکات
دووکەڵی ئاگرێکی جەهەنەمیی
دەریام لێ لێڵ بکات.

٨

تۆ دەتوانی
لە گۆشەیەکی دەروونتا دام بنێیت و
سەرم بە مرواری بدرەوشێتەوە
دووباڵم لێ بڕوێنی و
خوێن بە جەستەم بشنێتەوە.

٩

سەفەرمەکە
نەکا لە جیاتی خۆت
سەرێکی بڕوام بۆ بێننەوە
نەوەک گزنگی بەیانی ببێتە
تریفەی شەوگاری ڕەش و
کۆچی نامرادی بە شوێنتەوە
ڕێگەم بدە با ببمە
ڕووبارێکی سەرهەڵگرتوو
بۆ ناو ئۆقیانووسێکی نادیار
پەڕێکی باڵتم بدەیە
تا نامەی هەتاو بنووسم
ببمە نمەی بارانی دڵت و
ئاگردانی عەشقی سوتاوت بکوژێنمەوە.



سەرچاوە
Serchawe

١٠

ڕۆحم بکە بە شەوێکی زیوین
تا باڵندەی گەوهەری
شەوە تاریکەکانت بم
ڕۆحم بکە بە پریاسکەی خۆت و
شەوقت پێ دەدەمەوە
تا دروشانەوەی ئاوێتەکانی
بەر سنگ و گەردنت بم.

١١

وشەی ناسکی ماڵئاوایی
دەبێتە وتووێژی
کەنار و ئاو
گوڵی ناسک سەردەردێنێ و
تۆش دەبێتە بووکێکی سپی
بەرباران و
دەبێ بە گزنگ و هەتاو.

١٢

لە تووڕەبوونما
کیژۆڵەیەکی بێ دەربەستم
ڕەش دەچمەوە و تازە لەدایک دەبم
لە ئاسوودەیما
سروود شەپۆل دەدا و
ئاسمان گۆرانی دەچڕێ و
شەوێکی نامۆیی دڵتەنگم
ئەوسا لە کەناری ڕۆحتا
دەبمە شەوێکی سپی

ئاوێتە دەبم بە ڕۆحی پاکی فریشتەکان
گوڵەبەڕۆژە سەردەردێنێ و
چۆلەکەش دەکەونە شمشاڵ لێدان.

١٣

بیرت نەچێ
بە منداڵیی ڕۆحم وا فێرکردووە
چۆن بکەوێتە ماڵی دەرووونتەوە
دەفی هەور بژەنێ
چۆن بە ڕەنگێکی زەرد
ڕەنگی درەختەکان بنەخشێنێ
بۆیە من هەمیشە خەون
بە مانگ و خۆرەوە دەبینم
تۆش فێرم بکە
چۆن ڕیشی گرژی پیرەکان دابێنم
چۆن ساباتێک بۆ خۆرەتاو
دروست بکەم.

١٤

دەمەوێ وەرزێکم هەبێ بۆ سەماکردن
سەمایەک پڕ بێت بۆ دڵی تۆ
تا پەنجەت بە ڕۆحم بگا و
ڕۆحم ببێتە تۆپەڵێ گڕ
بۆ شەوێکی زیوینی تۆ.

١٥

ماڵەکەم بۆنی عەشقی تۆی لێ دێ
وەک ئەو مەلانەی لە ئاسمان
یاخی بوون

وەک ئەو دارانەی کە لە دڵی
سروشتان روابوون.

١٦

بمکە بە دزوولەیەکی باریکی قژت
تا رووحەکان بە یەکەوە ببەستنەوە
بەڵێنت پێ دەدەم
رەنگەکانی خەونی پێشوو
دەنگە نەبیستراوەکانی گوڵی جوانیی
زوو دەهێنمەوە
دەیان خەمە ناو شەپۆلی روخسارت
تا سەرلەنوێ بڕوێنەوە
ببنە شەپۆلی تیشکی هەتاو
هاوارەکانم سپی دەچنەوە.

١٧

رق مێژوویەکی درێژی هەیە
خوێنی بەرد و خوێنی من و
خوێنی مێژوو دەنووسنەوە
شاخ و بەفر زاوزێ دەکات
پرشنگی برین دەدات
لە روخساری کوێستانەکان
دۆڵەکان بە تەم و بەفر دادەپۆشێ
بە ژاڵەی جەستەی من
دەنووک لە تۆوی شیعرم دەگرێ
رەنگی شنەبا لە باڵی هەتاوی
شەوما بنوێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٢٣ی فێبریوێری ٢٠١٤

## ژن.. ئەی بوونەوەری مەزن.

١

ژن ئەی بوونەوەری جوانیی
ئەی گەڵای سنەوبەری سەوز
هەموو کاتێک گوێم لە تریفەی مانگەشەوی تۆیە
گوێم لە خورپە و هاژەی رووباری
پڕ بە خوڕی دڵە پڕ لە ئازارەکەی تۆیە
بمبەخشە
تۆ درەختێکی باڵابەرزی
کاتێک دەدوێیت؟
هەر وشەیەکت گوڵێکە
هەر پێکەنینێکت چڵێکە
هەر پەنجەیەکت لقێکە
ناوقەدت سەفتەی کتێب و
گەڵای عەشقی چاوەکانت
پڕن لەخۆشەویستی و جوانی.

٢

ژن ئەی بوونەوەری مەزن
کاتی رووی تۆ دەبینم
باخچە شەرم لە جوانییت دەکات
شەونم روو لە باڵات دەکات
تۆ ئەستێرەیەکی گەڕیدەیی
یاخود نمەی بارانێکی زۆر بە خوڕی
کە دەتبینم
هێمن، هێمن دڵۆپێ شەونمی سەرگوڵەکانی

رووی تۆ

دەبنە خونچەیەکی ئاوەدانی.

٣

لە بیرم دێ کە  منداڵ بووم

لە  پڕێکا ئەستێرەیەک بە خێرایی

ئەکشا و سەربەرەو خوار ئەبۆوە

ئەستێرەکان پرسەیان بۆ دائەنا و

ئاسمانیش هۆن هۆن ئەگریا

دەیانوت کاتێ ژن بگری

بزە و خەندە کۆتایی دێ

دەشت و دەریش وشک دەبن

چیاکانیش بۆ چەند چرکەیەک

بێ دەنگ دەبن.

٤

ژن ئەی بوونەوەری کوڵ بەدەم

کاتێ شعرێکی،، غەمکین دەنووسم

تەموومژ ئەدا بە خۆیدا،

چونکە ئەترسم رۆژێ بێت

قەڵەمەکەی منیش

لە بەردەم دووریانی ئازارەکانی تۆدا

لە بەردەم فرمێسکە نەشمیلەکانی تۆدا

لە بەردەم هەستە ناسکەکانی تۆدا

بە وشەیەک چۆک دابدا......

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر  -  ڕێکەوتی: ٢٢ی مارچی ٢٠١٢

---------------------------------------------



سەرچاوە
Serchawe

## نیشتمانێک لە ئەرخەوان.

١

دەیان جار چوومەتە وەرزی تەنهایی
دڵی باخێکی بەجێماوی پڕ ئەسرین و
گۆرستانێکی بێ باڵندە و
تریفەی شەونمی مانگ و
کیژۆڵەیەکی بێ ناونیشانم دیوە
دەیان جار بە نێو پایزی
عەشقێکی تاریکدا راگوزەر بووم
کە مەرگی خۆیان لە نێو
شەپۆلە سەرشێتەکانی دەریادا بینیووە.

٢

من لە خۆمەوە نەهاتوومەتە نێو باخچەی
پڕ لە گوڵزاری ژیانەوە
من لە بەهاری خوێنەوە و
لە نێو کەشتیەکی بەجێماوەوە هاتووم
لە نێو شەپۆلی دەریایەکی هێمندا
سەرم وەک ئاوی رووبار سپی و
دەروونم وەک گەڵایەکی وەریوو.

٣

من لە خۆمەوە نەهاتووم
لە نێو ئاگری بەر ئاگری سوتاندا
لە پێدەشتی بە گوڵ چێنراوی زامەکاندا
تێکەڵاوی رەنگی تاریکی و

دڵ شکانی پەپوولەیەک
هاتووم و، لەدایک بووم.

٤

من لە خۆمەوە نەهاتووم
لە زستانێکی پڕ کرێوە و تۆفاندا
لە شارێکی داڕووخاوی وێرانەدا
لەدایک بووم
تاکو ڕەنگی ڕەش بکەمە بەرم
ئەو کاتەی باوکم جێی هێشتم
شعرێکی ڕەش پۆش هات و،، کردیە بەرم
من گریانم وەک باڵندە و، نەسیمی مۆسیقایەک
نەناسی بوو ،ئەو پێی وتم.

٥

من لە خۆمەوە نەهاتووم
بچمە دنیای دڵشکان و ئازارەوە
جەستەی سوتاوی ژنێکی هەڵەبجە
پشکۆی ڕقێکی تووڕە بوون
وای لی کردم زامەکانیان بنووسمەوە.

٦

من لە خۆمەوە نەهاتووم
ببمە باڵندەیەکی دیل
ئەوە گریانی منداڵە هەژارەکانی
کەرکوک بوو وای لێ کردم
بچمە نێو دنیای خەباتی
کیژۆڵە نەشمیلەکانی قەندیل.



سەرچاوە
Serchawe

٧

ئەگەر رۆژێک هات و،
لە شارەکەمدا دیار نەمام
لە دارئەرخەوانەکانی سەیوانی
وەرزی وەرین بۆم بگەڕێن
رەنگە لەسەر گۆڕی شەهیدان بم
ئەگەر لەوێش نەمدۆزنەوە
رەنگە لە کۆڵانێکی داڕووخاوی قەڵادزێ و
لە ماڵی ژنە بێوەژنێکی پاکیزەیی
دوای ئەنفالی گەرمیان بم.

٨

ئەگەر لە هیچیشیان نەبووم
لەوانەیە بووبم بە کۆترێکی سپی
بۆ باڵای ئەم گەلە بخوێنم
یاخود بوبم بە شعریکی ناسک
بۆ کێلی گۆڕستانەکان و
وەرینی خونچە گوڵی، ژاکاوی ئازیزانم.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٢٢ی ئەپریلی ٢٠١٢

--------------------------------------------------

## جەنگ.

ئەم زەمەنە
زەمەنی گیانەڵاو ئاوارەبوونە
زەمەنی خەندەو قاقاو پێکەنینی



سەرچاوە
Serchawe

پێکی شەرابی دوژمنە
گلانی شاباڵی ئەو شۆڕە سوارانەیە
کە تەلیسمی دڕکاویان هەڵدەتەکاند
مەرگی لەناکاوی ئەو پەپولانەیە
کەشیلەی گوڵانیان هەڵدەمژی
جەنگ..
ئەی گەورەترین دوژمنی
بەختەوەری ئادەم
ئەی بزە تۆراوەکەی
سەر ڕێگەی کۆچبەرە خەمبارەکان
جەنگ داستانی جوانیت نەغرۆ کردین
جیهانە ئەفسووناویەکەت ڕووەو
مەرگ ڕاپێچ کردین
کاتێ گوڵەکانی ئاشتی
چاوەڕێی مارەکردن بوون
نهێنیە شاراوەکان، ڕازو نیازەکانت
لەبەردەم لێواری مەرگدا هەڵووشی
جەنگ بڕۆ خوات لەگەڵ
ئێمە شەیدای ئەو تیشکە زێرینەین
کەماچی گوڵ بکات
خولیای لێدانی ئەو شمشاڵەین
کەسنگمان جۆش بدات
منالآنمان چاوەڕێن
چاوەکانیان لەبەردەم پەلکەزێرینەی
دوای باراندا هەتاو دەرکات
بابەس لەبەردەم ئاوێنەی دڵی
دایکی شەهیدێکدا سەما بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ١٧ی مارچی ٢٠١١



سەرچاوە
Serchawe

## ژن و شیعر و شاعیر.

١

شیعرێکم بۆ ئاسمان نووسی
زەوی خۆی لێی تورە کردم
شیعرێکم بۆ هەتاو نووسی
هەور خۆری لێ وون کردم
شیعرێکم بۆ باران نووسی
تەرزە بەرد بارانی کردم
شیعرێکم بۆ نێرگز نووسی
دەمی درکێک پەنجەی گەستم
شیعرێک بۆ خۆشەویستەکەم
هاتن گۆڕیان بۆ هەڵکەندم؟!

٢

چەپکێ ووشەم
لەباخی هەستم چنیەوە و
کردمە دیاری
بۆ خاک و نیشتیمانەکەم
هەموو دایانە پێکەنین
پێیان ووتم
خاک کەی ئیلهامە بۆ نووسین!

٣

من و شاعیرێکی پیاو
دوو پارچە شیعرمان نووسی
ئەو شیعرێکی تەڕ بۆ کچێک

منیش کۆپلەیەک بۆ کوڕێک
کوڕەکە هۆنراوەکەمی برد
بە هاوڕێکانی نیشاندا
هەموو کردیان بە گۆرانی
کچەکە خستیە کەنتۆرەکەی
توووند کلیلی دا؟!

٤

ووتم دایە ، گوێم لێ بگرە
ئەم شیعرەت بۆ دەخوێنمەوە
باس لە کیژۆڵەی دەست قڵیشاو
لە مناڵی برسی دەکا
دایکم قاقا پێم پێکەنی!
چەند مناڵی
کەی شیعر برسی تێردەکا!

٥

پێنووسەکەم هاتە دوان و
پێ ووتم ڕێگە نەدەی لەناخمدا
مانای چەند ووشەیەک بڕوێ
(دووڕوویی، خیانەت، حەسادەت)
ئەو نەیزانی لەم ووڵاتە بێ ئەمانە
پێنووس، بێ لاشەو، بێ گیانە؟

٦

شیعرەکانی (شیرکۆ بێکەس) فێریان کردم
ئەبێ شیعر گۆرانی بێ
بۆ مناڵە ئەنفالەکان

تۆڵە بێ بۆ جەستەی سووتاو
لووتی بڕاوی کیژۆڵەکان
ئەبێ تاجە گوڵینە بێ
بۆسەر لاشەی شەهیدەکان
تێنەگەیشتم ئێوە هەمووتان شاعیرن
یان بە تەنها (شێرکۆ بێکەس)؟!

٧

ووتیان وەرە
گەر دەتەوێ شاعیر بیت و
خاوەن دەنگ و رەنگی خۆت بی
وازبێنە لە شیعری ماچ و خۆشەویستی
لە هەناسەی مناڵێک و
لە عشقی پەپولە و گوڵێک
ئەمە مانای شاعیر نییە؟!

٨

لێوەکانت سوور سوور بکە
بە وێنەی کەو
قژت زەرد بکە وەکو تاڵەکانی هەتاو
بەرگێکی شەراب لەسەر مێزەکەمان بنۆشە
ئەوسا دەڵێن
تۆ ئەو کیژۆڵە شاعیرەی
سەدان ساڵە بۆ شیعر و ووشە دەسوتێی !

٩

من نازانم ئێوە شیعرتان لێم دەوێ
یاخود قژ و لێو و گۆنام

ئێوە هاتوون وەسفی ووشەکانم بکەن
یاخود لەشولار و باڵام!

١٠

من شاعیر نیم
بەڵام ئەگەر لێم بپرسن
کۆرپەی کام هۆنراوە جوانە
دەڵێم ئەوەی
ژانی سروشتی کێشاوە و
بە بێ بەنج و بێ دکتۆر و بێ دەرمانە؟!

* دێڕی یەکەم هۆنراوەی بەڕێز (شێرکۆ بێکەس)ی شاعیرە لە کۆپلەی (١٠).

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٣٠ی مای ٢٠١٠

---------------------------------------------

## ئاوێنەی گەردوون.

ئەوە ئاوێنەی گەردوون نییە
تاکاتەکان
بەخێرایی بچنەوە ژێر
پلەی سفر و
بێ ئاگایی جڵەوی مرۆڤ
بگرێتەدەست
ئەوە ئەندێشەی یەکەمینە
لە بیری تۆدایە
مێژووی سووری ئەم مەملەکەتە بێ نازە
بێ ئاگا نییە لە من و تۆ
تۆ سەیرکە هەموو ڕۆژان

شەرەفخان
بە نیگایەکەوە ئەی روانی و
بە سەدایەکی بەرزیش ئەیووت
هۆ گەلی برای دەپێم بڵێن
کوا ئەو کوردەی
نووکی شمشێری (سەعدئاسا)
خوێنی سووری جەستەی کوردانی
لێ دەتکا!
دەپێم بڵێن
بڕیارەکەی شێخی نەمر و شمشێرەکەی
سەلاحەدین لە مەزاتخانەکانی مافی مرۆڤ
بۆ مەزات کرا
کپ و بێدەنگ هەڵوێست نەبوو
ئەو ساتەی وا بەعسی فاشست
هەڵەبجەی کرد بەخەزان و
قەڵادزێی قەڵای شێرانی کردە
مەمەلەکەتی ئافات
حیلەی ئەسپی سپی
لە نێو جەنگڵستانی رەشدا
هەڵی کرد و، وەک گەردەلوول
تاریکایی و شەوەزەنگی
راماڵ کردوو وەپێش خۆیدا
وولاتی کرد بە چراخان
من ئەو کاتە لەژێر نوای خامەکەمدا
پشووم دەدا
بۆیە دواسات بڕیارمدا
ئەم نەسیمە رەنگاڵەیە،
بۆ کەشکۆڵی پۆڵە شیعرێ
بنەخشێنم لە دیدەمدا!!

چاوەکانت.

چاوەکانت
دوو ماسی نێو هەستی وونن
لە دەریای مەنگی ئەوینا
مەلە دەکەن
چەند دەمەوێ دەریان بێنم
ڕزگاریان کەم
بەڵام سیمای سەرابێکن و
خۆ وون دەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ١٣ی جوولای ٢٠١٠

---------------------------------------------------

## سواڵکەر.

دایکم دەیگووت
ئەو کاتانەی کە مناڵ بووی
هەرچی کاتێ
مناڵێکی جل پینەکراو
پیرەمێردێکی کۆڵ لەپشت
پیرەژنێکی بەرگ دڕاو
بۆ لەتێ نان
بۆ ئاسۆیەک خۆری شادی بدا بە ژیان
لە دەرگای ماڵمانیان دەدا
تۆ دەترسایت و دەستبەجێ
دەرگاکەشت لە روویاندا پێوەدەدا

ئەوا ئەمڕۆش کە گەورە بووم

من بوومەتە سواڵکەری دەرگای دڵەکەت

لەبری خۆر لەبری نان

خۆشەویستی تۆم پێویستە

هەوێنی ژیان

دەتخوا تۆش بە کۆرپەی چاو و دڵت بڵێ

ئەگەر بێ و رۆژێ چەند جارێ

پەنجەکانم لە دەرگای دڵەکەت بدا

کۆرپەکانی لێم زیز نەبێ و

دەرگاکەش لە رووم دانەخا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٢٦ی مارچی ٢٠١٠

---------------------------------------------------

## شاری شەهید.

لە لووتکەی ئەم چیایانە خوێن دەچۆڕێ

لە بناری ئەم زامانە ئازار دەدوێ

ئەمە شاری خەم و فرمێسک و گریانە

ئەمە شاری ئەوین و بەهار و ژانە

-----

دەیان ساڵە لەپاڵ لووتکەی ئەم هەوارە

خوێنی سەدانم رژاوە

لە هەیوانی هەموو ماڵێکی ئەم شارە

گریانی ئەوین تۆراوە

-----

خوێنی منداڵانی ئێمە

شمشێری ڕەشی ئەژدیها

ڕژاندیە سەر خاکی سروشت
خەندەی پڕ نازی ئەم شارەی
بە کێردی نەفرینەوە کوشت
-----
دەبا هەنگاو، لەناو جەرگەی
نێوەشەودا هەر باڵا بێ
با گۆرانی وێردی زمانمان
با سرودی قارەمانی
ببێتە ئاسۆی ملی نەدانمان
-----
با گشت رابین
با مارشی چاوەڕوانی
بانگی سەرکەوتن هەڵبدا
با رقی پیرۆزی گەلم
پاشماوەی ئازار و زام و
خەمی چەند ساڵە تووڕبدا
تا لە باوەشی شادیدا
هەموو دەستی شایی بگرین
بەیەکەوە دوا فرمێسکی
چاوی دایکی شەهید بسڕین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٢٩ی دێسەمبەری ٢٠٠٩

-----------------------------------------------

## نیگاکانت لە ئەستێرە دەچن.

تۆ لە ڕۆژانی بەهاردا
لە چاوی ئاسمانەوە نم نم کەوتیە

ئامێزی نێرگزەوە و

نیگاکانت لە ئەستێرە دەچێ

هەناسەشت بۆنی مەستی نێرگز و

چاوەکانت دوو عاشقی سەوز ....

من بەهار و ئەستێرەم خۆش دەوێ

چونکە تیشکەکانی ئاوێزانی

باڵام دەبێ

بۆیە هەر کاتێک پشووی ئەستێرە

کۆتایی دێ

من دێم تاکوو بەژن و باڵام

بۆنی نێرگز بکا و

بەرەو رووت بێ ...

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ١٢ی دێسەمبەری ٢٠٠٩

---------------------------------------------------------

## گلەیی.

١

وورە من و تۆ

جاران یەک کەس بووین

ئەمشەو دوانین

دووهەناسەو دووگیانی

لە یەک جیاواز

تۆتۆیت و منیش خۆمم.

٢

تۆدڵەکەت پەڕەسێلکەیەک بێ

بە ئارەزووی خۆی
گەرمیان وکوێستان بکات
چۆن دەتوانێ هێلانەکەی
لە سەر سینەی نەرمی ئافرەتێ
دروست بکات.

٣

من ئێستاکە نامەوێ بزانم
تۆ بۆمن کێ بوویت وکێییت؟
هێندە بەسە بۆ ناسینت
بۆگەیشتن بە خونچەیەک
هەرچی گوڵە ناتە ژێر پێت!

٤

هەرگیز هەرگیز
جارێکی تر
بیر لە تۆ ناکەمەوە
لەگەڵ ژان وئازارەکانتا ناژیم
لەناو بیرەوەریەکانتا ناتوێمەوە
چونکە تۆهەست بە ئازاری عەشقانە ناکەیت.

٥

من وئەوانی دی
دوو دژی ناو کوانویەکین
ئەوەی بیکەم ئەوەی بیلێم
نیوەی ئەوانی دی نابێ.

٦

ئەمشەو چاوەکانت

کامێرایەکی فۆتۆگرافە و
بە دوای نیگای مندا وێڵە
وێنەی بگری
تا بەدیواری تەمەنتا هەڵیواسی
لێم ببورە من نامەوێ
تابلۆیەکی ،ژوورە داخراوە کەی تۆبم
دوا هەناسەی خۆشەویستی و
حەزی تیا بدەم.

٧

دەڵێ ی دەرۆمتا دێمەوەتا دێمەوە
تۆپیاوی ماڵکەم بە منیش دەڵێم بە سەرچاو
من دەتوانم پیاوی ماڵەکەی تۆ بم
بەڵام کە سبەینێ گەڕایتەوە
تۆناتوانی دان بەو ڕاستی یەدابنێ ی
نیوەی پیاوی تەواویش بم.

٨

بە هیواوە بڕۆو
بارگەی بیرەوەریەکان
بۆمن جێ بهێڵە
خونچەی پێکەنینەکان لەگەڵ خۆت بەرەو
درەختی خەونە قورسەکان
لێرە بنێژە
چاو بە ئاوێنەی ئاسمان و مانگ و
ئەستێرەکاندا مەگێڕە
ڕوخساری منی تیادا نادۆزیتەوە
ئەم ئەشقەی من تروسکای

لە چاوی هیچیاندا نەهێشتۆتەوە ؟

٩

شەوێکی پڕگەواڵە هەورە
لافاوی خەم کەشتی تووڕەییم
ڕاو دەنێ
چ ئازارێکی ناوەختە
ئائەم دڵەکوکوختی یەم
نامۆ دەکا.

١٠

ئەمشەو دوا دێری ئەو ووشانەم
لەفەرهەنگی بیرەوەرییەکانما
کوژاندەوە
کە ناوی تۆی لێ پێک هاتبوو !

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٦ی ئاگۆستی ٢٠٠٨

-----------------------------------------------

## نزای ماچ.

١

ماچ

لێم ببورە وا ڕاهاتووم
هەموو سپێدەیەک
کەمانچەی دڵە شێتەکەم



سەرچاوە
Serchawe

بکەوێتە ئاواز لێدان
پەنجەکانم لەنێو باوەشی
پەنجەتا سەما بکات !
من دەمەوێ لەگەڵ پەیمان نوێکردنەوەی
خۆرو پێدەشت
گوڵ و هەنگ
باڵندەو ئاسمان
دەریاو زەمەند، منیش لەگەڵ پەنجەکانتا
پەیمان نوێ بکەمەوەو
بەیادی یەکەم گوشینی پەنجەکانتەوە
پەنجەکانت ماچ بکەم و
پێت بڵێم ئازیزەکەم
ئەمڕۆ لەدوێنێم زیاتر خۆش دەوێی؟

٢

پرسیار

رەمەزان بوو
پیرەمێردێکی ردێن سپی
ووتی کچم تۆکەی بەرۆژوو دەبی
ووتم کاتێ ،رێگەتان دام
لەبری لوقم، بەماچ بەربانگ بکەمەوەو
بەباوەشی ئەڤینەکەم
رۆژووم بشکێ؟

٣

ئازادی

باهەردووکمان دەمان قفڵ دەین
باس لەئازادی نەکەین

کە هەردووکمان بەئازادی لەدایک بین
بۆچی دەبێ ، بەس بۆ ماچێک
لەچاوی منداڵێک بترسین

٤

خۆشەویستی

دەڵێن سەیرە
ئەو خۆشەویستیەی ئێوە
بۆ هێندە بەگڕو بەتینە؟
دەڵێم چونکە
ئەو خواوەندی عەشق و سۆزە
منیش بەندەی ئەم ئەوینە !

٥

ئامێز

هەرکات ویستم
خۆم بخزێنمە باوەشتەوە
ڕێگەم بدە
من ئەو منداڵە بێ نازەم
لەباوەشی تۆدا نەبێ
ژێر نابمەوە ؟

٦

وەڵام

هاوڕێیەکم لێم پرسی
ئەرێ کچەکە تۆ پێم ناڵێی
ئەم شعرانە بۆ دەنووسی؟



سەرچاوە
Serchawe

منیش ووتم: لێم ببورە
هەرگیز، هەرگیز، شعرم بۆ کەس نەنوسیووە
ئەوە ،گوڵە، خوێنمە، هەستمە
هەڵۆیەکی بەرزەفڕە
شادەمارێکی نێو دڵمە.

٧

نوێژ

لەسەر کانی گوندەکەتان
نوێژم دەکرد
شێخێک بەلامدا تێپەڕی
ووتی : کچم هانێ بەرماڵ
نوێژەکەتی لەسەر بکە
ئەو نەیزانی بەرماڵی ڕۆحم ڕاخستووەو
نوێژەکانی عەشقت دەکەم

٨

گریان

کەمجار هەیە، پێڵوی چاوم
تارمایی خەفەت دایبگرێ
بەڵام کاتێ سیمای گەشت
بۆساتێ بزەی لێدەبڕێ
لەناخمەوە
بورکانی گریان هەڵدەستێ

٩

فێرم بکە

ووشەکانت بخەرە فڕین
وەک چۆن فێرت کردووم
خۆزگەکان هەستم داگیر بکەن
لەم وولاتە بێ خۆزگەدا
وەک چۆن فێرت کردووم
کەدڵم بوو بەئاگردان
بەبەفراوی هەناسەکەت بیکوژێنمەوە
جگە لەتۆ بیر لەهیچی تر نەکەمەوە

١٠

**ماڵئاوایی**

نەکەی بڕۆی من دڵنیام
هەرگیز دەستم لەدەست جیانابێتەوە
هەردوو چاوم
لەتێڕوانینی چاوانتا دەتوێتەوە ؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠٠٧

-----------------------------------------------

## ووشەکانی دوایی ماڵئاوایی

لە ٧ ملوانکەی ووشەچندا

**ملوانکە**

وەرە با ئەو ملوانکەیەت بکەمە مل
بە پەنجەکانم بۆم هۆنیویتەوە
مورووەکانی لەماچی تۆیەو

دەزولەکانی لەتاڵەکانی قژی من

بەفر

دوێنێ زۆر زۆرت بۆ گەڕام
هەر دیارنەبووی
ووتیان ئێمە بینیومانە
بۆتە تۆپەڵێ بەفر
لەسەر بەرزترین لوتکە
بڕوام نەکرد؟
تاخۆت هاتی و دڵۆپ، دڵۆپ
بەسەر لاشەمدا توایتەوە

شعر

من تۆ و شعرم زۆر خۆش دەوێ
دەپێم بڵێ
شعر عەشقی تۆی فێرکردوم
یان عشقت شعری فێر کردم

ڕەشەبا

بەمناڵی زۆر رقم لەرەشەبا بوو
رۆژێک هات و
بۆکۆکەو بێشکەکەمی برد
بەڵام ئێستا
لەوەتەی ئەم رەشەبایە دێ
دڵم شادە
دەڵێم رەنگە لەلای تۆوە
هەڵی کردبێ و
بۆنی هەناسەی تۆی لێ بێت!



سەرچاوە
Serchawe

**مانگ**

دەڵێن مانگ نازانێ ،گۆرانی بڵێ
ئەمشەو من و مانگ
تابەیانی گۆرانیمان ووت
ئەو بۆ ئەستێرەکان
منیش بۆ چاوەکانی تۆ

**پێوانە**

من و تۆ هەردەم شەڕمانە
کەتۆ زیاترت خۆش دەوێم،
یاخوود من
دوێنێ هێندە سەیری یەکتریمان کرد
چاوەکانی تۆ هیلاک بوون
چاوەکانی من هەر گەشتر
ئینجا زانیم کەمن زیاترم خۆش دەوێی

**مردن**

من دەمەوێ بۆ عەشقی تۆ بمرم
بەڵام دەزانم ،نەدەتوانن
شینم بۆ بگێڕن
نەدەوێرن ناوم بێنن !

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧

-----------------------------------------------



سەرچاوە Serchawe

## دە خونچە لە شعری ماچ و خۆشەویستی.

١

**خەون**

دوێنێ شەوێ لەخەوم بینی
لەخەونمدا لەژێر دارگوێزەکەی
بەرماڵتاندا
تێرتێر ماچ بارانم کردی
کەسپێدە خۆر بانگمی کرد
هەزاران خونچە گوڵی لێو
لەژێر دارگوێزەکە رووابوون؟

٢

**ماچ**

چەند حەزدەکەم کە ئەتبینم
هەموو جەستەم بێ بەدەم و
تێر ماچت کەم
بەڵام ئازیز زۆر دەترسم رۆژێک دابێ
لەناو هەموو ماچەکانا
خۆم وون بکەم؟

٣

**رۆژوو**

هەرگیز ئەو رۆژەم بیرناچێ
بەهەڵەداوان گەیشتمە لات

پڕ لەهەوری ماچ بوو گەرووم
تۆ بەدەست پاڵت پێوەنام
ووتت دوور کەوە بەڕۆژووم.

٤

لەیەک چوون

منداڵە نەشیمیلەکەی
دراوسێمانم زۆر خۆش دەوێ
بۆئەوەنا!
خەپۆلەیەو چاوی جوانەو پێدەکەنێ
لەبەر ئەوەی کەمێک ڕەنگە ئەسمەرەکەی
لەتۆ دەچێ؟

٥

هێلانە

کەتۆم خۆش ویست
رقم لەهەموو کەسێک بۆوە
چونکە دڵم تەنها جێگەی
تۆی تیا بۆوە

٦

جوانی

لەناو کۆمەڵێ هاورێدا دانیشتبووم
باسی جوانی مرۆڤێکیان بۆدەکردم
تورەبووم و هەستام لەوێ
ئێستا لەخۆم دەپرسم

بشێ لەتۆ جوانتر هەبێ؟

٧

توانەوە

وادەزانی زوویر دەبم
قلان و فیسار وادەڵێن
کەمن بەندەی چاوانت بم!
کەی عاشقم ،گەر گوێ بگرم
ئەم چی دەڵێ و ئەو چی دەڵێ؟!

٨

سنوور

دەڵێم نەڕۆی
ئەو سنوورە دوور دوورانە
بەبێ پەساپۆرت ناپسێ
ئەوە سنوری دڵم نیە
هەزاران جار بێیت و بڕۆی
کەس هەواڵی ناو ناسنامەت نەپرسێ ؟

٩

پرسیار

خوێندکارێک بووم تۆم خۆش دەویست
مامۆستاکەم هاتوو پرسی
کێ دەزانێ چ شتێ ،
بێ ئەوی دی ناژی
خوێندکارەکەی تەنیشتم هەستاو ووتی:
ماسی بێ ئاو

ئەوی تریان
مرۆڤ بێ هەتاو و ناونیشان
خوێندکارێکی تر لەو لاوە
مناڵ بەبێ نازی دایک و
هەنگیش بێ گوڵ
من حەپەسام هەرچەندم کرد
زمانم بۆ نەهاتە گۆ
چونکە من وام زانی بوو
ئەوەی بەبێ یەکدی ناژی، منم بێ تۆ؟

١٠

دەرگا

بۆ دەرگاکەت داخستووە
کێونشینان دەرگایان والآیە بۆ میوان
لەهەموو ئاوایی و گوندێ
بۆ دەرگاکەت داخستووە
هەستی شەشەم پێی نەووتی
میوانت دێ؟!

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئیبراهیم خدر - ڕێکەوتی: ١٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٧

-----------------------------------------------

## هۆلۆکۆست*

(بۆ گوڵەکانی وەرزی ئەنفال ئەو گوڵانەی لەبەهاردا هەڵوەرین)

کە بردیانن، لەدوا کەلی ئاوابوونا

ئەوکاتەی دەرفەتی ئاوڕدانەوەیەکیش نەبوو، وتیان ماڵئاوا

ماڵئاوا ئەی ماڵە وێران بووەکە، ئاوایی نائاوەدان

گوندە بچکۆلانەکەمان، ماڵئاوا...

ئەنفال جوگرافیای شوێنەکانی هەڵوەشاند

تابیابانمان پێ بناسێنێو

تراژیدیایەکی هاوبەش،

لەرۆحە گوڵە کوژراوەکانی ئێمەو

جەستەی خۆڵە گەرمەکەی خۆی بخولقێنێ

ئەنفال ویستی،

بڵێ ئا ئەم گەردەلوولە ئیماندارانە دەتوانن

نەوەیەک بەناخی زەمیندا ببەنو

بڵێن ماڵئاوا... میللەتە بێ ماڵەکان

بیابان تۆ دەلیلم بە

ئەم شەو و ڕێگاو غوربەتە غەریبن پێمو دەمێکە

چرای شیعرم کزکردووە، سەگەکانی نوگرەسەلمان پێم دەوەڕن

دەترسێمو باش نابینم

پارچەکانی جگەرم لەکونجورێکی ماڵە سووتاوەکەی تۆدا

لێ شوێن بزرو گۆڕبزرو شاهیدبزر کراوە

بیابان گیان...

تۆ کەتاکە شاهیدی حیکایەتەکەم

وەک حەیرانێکی پڕ سۆزی خەڵکی باشوور بۆ بڵێ

ئادەی بیڵێ... بەردەوام بە

یەکەم جارە هاوارە ئاوییەکانی شاخ

لەگەرووی وشکی بیابانەوە هەڵقوڵێن

بۆیە وادەنگت سازگارو غەمبارو خۆشە لەبەرگوێم.

کەبردیانن, نیشتمان وتی دیاربوونم

زادەی ونبوونی ئێوەیە بەقوربان

ئای هەموو ئامادەبوونێک خەراجی غائیب بوونێکە
ئای هەموو ئامادەبوونو غائیب بوونێک لەناو مندا مردنێکە.
ئالێرەوە... ئیدی ژنەکان بێ پیاو مانەوە
شەویان پۆشیو شوویان کردەووە بەچاوەڕوانی!
پیرەکان تەنیا خناوکەو کلکەوانەی یادەوەری
کیژو بووکە چاوڕەشە قسە خۆشەکانیان لەدڵدا هەڵگرتو
تووشی داوی زوڵفی لوولی گریانێکی بەردەوام بوون
سەیربوو ئەو رەوتی مێژووە زۆر سەیر
گەنجەکان گەنجینەی میراتیان بەجێهێشت
گەنجەکان رۆشتنو پیرەکان
لەکاکێشانی دۆزەخەوە بەپیاسە گەڕانەوە.
پونگەکانی رەنی باکووری خۆرهەڵات راگوێزران
رووەو بیابانەکانی باشووری خۆرئاوا
کەنیلە گەرمیانییەکانی خوشکۆڵەی کافرۆشی
وەک کلی چاو فڕێنران
لەچاوتروکاندنێکدا، ئەم هەوارە
بێ غەزاڵو شەنگەبێری مایەوە.
عەباکەی گوڵبەهار
لەچکەکەی زوڵەیخا
کەزییە سوورەکانی خاوەر
تابیابان با هێنانیو بردنی
تا بیابان لەرینەوەی ژێی زامەکان کوشتنی
نەعلی ئەو منالآنەش هەر لێرە بەجێمان
کەهێشتا قۆخی نەگەیوو هەڵووژەی کاڵ بوون
ئەو کارمامزانەی هەرگیز، هەرگیز نایانبینینەوە
ئەو ساڵە ساڵی ئەنفال بوو ساڵی ئەنفال
ساڵی حەلآڵ بوونی خوێنو



سەرچاوە
Serchawe

ساڵی بەکۆمەڵ کوشتنی نەسلەکانی پەپوولە
وەرزی فتکردنی ملی زراڤی شاخ
وەرزی دروێنەکردنی مەڕو ماڵات
وەرزی دزین
وەرزی غەزا
هەفتەی وەرین
هەفتەی بەیەکناساندنی (قەیسو لەیلا)-(فەرهادو شیرین)
ڕۆژی کوێربوونی چاوەزار
سەعاتی سەرەوژێربوونی پێکەنینی تەنووربانو
سوعبەتەکانی کولێرە
ساڵی بەتەنیا مانەوەی پشیلەکان
وەک دووکەڵی پاش هەڵپروسکانی دێ
ساڵی ئەو موستەشارانەی کە تائێستاش
لەشەقامە بەرینو ڕەنگینەکاندا
کەلووتیان بوو بەلووتی سووتاومانەوە
پێمان دەڵێن قوربان گیان بەیانیتان باش!
ساڵی ئەنفال بوو ئەی هاوار ساڵی ئەنفال
ئەو ساڵەی کەدەموچاوی بەردەکانیش زەرد هەڵگەڕان
دارخورماکان وەک نەعامە سەریان دەخستە نێو لمی ساردو
لەڕەگەوە دەیاننالاند
چەرە دووکەڵ چاوەکانی سوبێری سەرابی دەچووزاندەوە
گوڵەکێوییەکانی خەونیشی دەکرد بەنوێژی بەتاڵ
کەبردیانن, هەمووشتێ بەرەو کاڵبوونەوە دەچوو
شۆڕش، ڕەوشت، ژیان، جوانی
قەسیدە وەک ملی ئەوان بەلادا کەوت
ئەو مێژووە... توانەوەی شەکری ڕووناکی بوو لەناو
ژەهراوی تاریکستاندا

تەسلیم بوونی گوڵەباخ بوو بەدڕکەزیّ
حیکایەتی سەربڕاوی میللەتێکە زوو شتی لەیاد دەچێ.

١٤ - ٤ - ١٩٩٦ هەولێر

* لەزۆر لایەنەوە لەئەنفالەکانی لای خۆمان دەچێت، هۆلۆکۆست ئەوەیە کە لەجەنگی جیهانی دووەمدا نازییەکان لەئەڵمانیا بەرامبەر بەجولەکەکان کردیان، جیاوازی لەگەڵ ئەنفالە بەدناوەکەی کوردستان ئەوەیە قوربانیانی هۆلۆکۆست شەش ملیۆن کەس بوون.

---------------------------------------------------------------

## من کەژاڵی شاعیرم



نووسینی "هاوسەرو هاوڕێت": ڕێبوار محەمەد یوسف

**من کەژاڵم** "ژنێکم لە سپیەتی بەفرو، تریفەی مانگەشەو، تیشکی زێڕینی هەتاو، تەماشای روخسارو زەردەخەنەی سەر لێوی نیگاکانم مەکەن کەپڕە لە هێشووە تریێ خەم و دەنکە هەناری پێنگەیشتوو.

من هەرگیز ئازار ناخۆم کاتێک شەوە زەنگی ووشەکانتان ئازاریان دام"
**من کەژاڵم** و، بەتەنها نیم لە مەملەکەتەدا "من بەشێکم لە گوڵاڵە سورەی نیشتمان "ئەو نیشتمانەی کەبەخوێن رەنگ ڕێژکراوەو تاکوو ئێستا بەرهەمەکەیمان نەچنیوەتەوە"

**من کەژاڵم**، لەناخمدا گڕکانی ووشەی تێدایە "بەشێکم لەم پارچەیەی نیشتمان کە بێ بەشە لە دادپەروەری و "بێ

زەردەخەنەیە" بۆیە نیگاو شێوەتان بە قەڵەمەکەم دەکێشێم "بەڵام بە قەڵەمی جاف"

من کەژاڵم سەرسامم بە ئەدەبەکەم چونکە هەرگیز ئازاری کەسم نەداوە "من سەربەستی و ئازادیم خۆش دەوێت" بەڵام دیموکراسی نا "چونکە دیموکراسی مردنێکی لەسەر خۆیە" دیموکراسی ترسنۆکە هەموو کەسێک پێی دەوێرێت "من جیاوازی لە نێوان مردندا ناکەم بەڵام ئازادیم خۆش دەوێت"

من کەژاڵم زۆرجار لەگەڵ هاورێکانم باسی شیعرو نووسینمان دەکرد "بەڵام ئێوە لەکوێی نوسیندان" ئێوە بەشێکن لەگیرۆدە بوون بەم وەزعە ناجۆرەو دەیان تاوانی نووسین بەناوی وڵات پارێزییەوە دەکرێت دەیان ڕێگای پێچاو پێچ دەگرنە بەر بۆ کاری ناشایستە"

من کەژاڵم ڕۆژێک دادێت ئێوە لەبیربکەم "دەمەوێت لەبیرتان بکەم، وەکوو کەس و کارەکەشم لەبیرکرد. لەپێناوی ڕشتنی ئارەقەو پەیدا کردنی ناندا" کەدەبینم شارەکەم پڕە لە بۆنی باروتی ڕەش و ڕاگەیاندنێکی سەوز بەبۆنی بخور"بۆجوانی ژنەکان و باوەشی لاوەکان "پۆشنی پەچەو منداڵانی نێوان باوەشی قوڕو چڵپاو"

من کەژاڵم ئەگەر سبەینێ زیندوو ببمەوە "دەیان ووشەی جەرگ بڕتان ئاراستە کردووم بۆ تێک شکاندن" بەڵام هەر بە کەژاڵی دەمێنمەوە خۆ ئەگەر زیاتریش ئازارم بدەن و لەنێوەندی ئەدەب وەدەرم بنێن، من هەر دەمێنم.

"من کەژاڵم نە نوسەرو، نە ڕۆمانووس و، بگرە چیرۆک نوسیش نیم "من پڵنگم دژی ووشە باوەکانتان دژی ڕۆشنبیری موزەیەفتان "دژی تراژیدیاو کۆمێدیای درۆزنانەتان"

من دکتۆرنیم بۆچارە سەرکردنی خەونەکانتان و ناتوانم ئیسعافتان بۆ بێنم تاکوو چارەسەری نەخۆشییە دەرونیەکانتان بکەم "چونکە خەونی منداڵی گەرەک و کۆڵانەکانتان کۆتایی پێهێنا کەچەند بەناز گەورە ببوون "ئێوە لەنێو ئاوی شلێویدا مەلەدەکەن" ڕەنگ و ڕوخسارتان ساردو، ڕێشتنتان پێچاو پێچە "درۆدەکەن لەگەڵ هاوژینەکانتان کەدەچنە باوەشیانەوەو بزەو خەندەیان پێدەبەخشن"

من دژی بەشێک لە ئێوەم بەمێژووی دروستکراوتان، کامەتان دەمێنێتەوە جگەلە ئێمەی خاوەن پێنووس نەبێت، ڕابردووم دیارەو "دەمەوێت لەگەڵ مەرگ زۆرانبازی بکەم" بەووشەکانم "کە ڕابردووتان پڕە لەناشیرینی و داهاتووشتان دیار نیە"

"شەرم لەخۆم دەکەم زۆرتانم ناسی"

**من کەژاڵم** پەشیمان نیم "ئەگەر جارێکی تر زیندوو ببمەوە بۆ ژیانێکی نوێ بەهەمووتان دەڵێم" راستگۆیی ئێوە لە کوێدایە، ئێوە دزەکانی رێگاو بان و بڕینی تێشووی باخەڵی منداڵانن "خۆتان بپارێزن داهاتووتان جوان بکەن" دزی لەنان مەکەن و قوڕگی هەژارەکان لەنێو مەبەن"

**من کەژاڵم** لە کۆڵانەکانی قەڵادزێ لەدایک بووم "شارە جوانەکانی هەولێرو دهۆک و سلێمانی و کەرکوک و هەڵەبجە دەناسم" هەرگیز پەشیمان نیم ئەگەر سەرلەنوێ زیندوو ببمەوە پەردە لەرووی شەرمەزاریتان هەڵدەماڵم "بە پێیە لەرزۆکەکانم هەنگاو هەڵدەگرم" تەماشای نیگاو روخسارتان دەکەم لە کۆڵانی شارەکەمەوە لێتان دەڕوانم "پێتان دەڵێم چیتان لەدەست دێ بەرامبەرم بیکەن" وە ئەگەر توانیتان گۆڕەکەشم بەر فیشەک بدەن"

من دێمەوەو بە پێنوسەکەمەوە هەزاران قەڵەمی راستگۆم لەگەڵدایە. کەچەندین چیرۆکیان نوسیوەتەوە "وە هەزاران میلیان بڕیوە" وە چەندین فرمێسکیان باراندووە تاکوو خەونەکانیان بێتەدی "کاتێک من دەبیننەوە غەمبار دەبن" چونکە خوێنەکەم خەستە "بەڵام بڕوام پێبکەن" غەمباریەکەشتان راستگۆیی تێدانیە "بۆیە توڕەم لێتان" ئێوە حەزناکەن جارێکی تر بمبیننەوە لەنێو خامەی قەبریشدا، چونکە دەترسن لەووشەکانم "بەڵام لەکۆتادا ئەوەندە دەڵێم من کەژاڵم ئێوەو نیشتمانەکەم خۆش دەوێت و حەز دەکەم هەمیشە بیرم بکەن "من ئێوەم و ئێوەش منن" خۆشم دەوین "گوڵە جوانەکانی نیشتمان"

نووسینی "هاوسەرو هاوڕێت": رێبوار محەمەد یوسف

تێبینی: "سودم لەنوسینێکی عسام شکری" نوسەری عێراقی وەرگرتوە کە بۆ "علا مەشزوب"ی نووسیوە کە لەشاری کەربەلا شەهیدیان کرد"

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ٢٤ی ئەپریلی ٢٠١٩



سەرچاوە Serchawe



## سەمای مەرگ.

١

فریشتەکانی ئەم وڵاتە
لە سەفەری سەمای مەرگی تۆدا
نیگا سیحراوییەکانیان کردە دیاری
تاکو ڕەنگی زەردی پایز کۆتایی بێ و
ڕوانینی ڕێچکەی کاروانی دەنگت
نێرگز پڕ بێ لە نێرگزی بەهار و
نمە نمە وەکو باران داببارێ.

٢

فریشتەکانی وڵاتی دڵی من
پڕن لە جوانیی گوڵ و
پڕن لە سروود و تابلۆی ڕۆحی شەونم
ئەو کاتەی کە دڵی پەپوولەیەک
هەناسەی دەسپێرێ بە خاک
ئەو دەبێتەوە گوڵ و
ئاوازێ مۆسیقایەکی پڕ لە سۆز و
خونچەی باخچەیەکی بێ باک.

## کاروانی رۆشنبیریی "کەژاڵ".




**١٩٦٨ - ٢٠١٨**

**کەژاڵ ئیبراهیم خدر ساڵی ١٩٦٨ لەشارە شیرینەکەی قەڵادزێ لەدایک بووە.**

**ساڵی ١٩٨٧وە دەستی کردوە بە نووسین سەرەتا بە شیعر و چیرۆکی منداڵان دەستی پێکردوە و چەندین بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە لە رۆژنامەی هاوکاری و رۆژنامەی ئاسۆ. هەر لەو ساڵەدا یەکەم شیعری بە ناوی "دوو هێڵی تەریب "بڵاوکردۆتەوە" لە رۆژنامەی هاوکاری.**

**ساڵی ١٩٨٩ چەند شیعرێکی لە رۆژنامەی ئاسۆ بە ناوی (شەونم محەمەد قادر) بڵاوکردەوە.**
**ساڵی ١٩٩٨ رووی لە جیهانی شیعر کردوە و تاکو پێش کۆچی دواى بە مانگێک هەر بەردەوام بووە.**

**خاوەنی ئەم دیوان و نامیلکە شیعریانەیە:**

**١- دوودڵۆپ فرمێسک و خەندەیەک ساڵی ١٩٩٣.**
**٢- کارەسات و راپەرین ساڵی ١٩٩٤.**

٣- لەحزوری زکری ئەمشەو ساڵی ١٩٩٩.

٤- شەڕو ئاشتی پەنجەکان ساڵی ٢٠٠٠.

٥- گریانی ووشەکان ساڵی ٢٠٠٢.

٦- چاوێـک بۆعشـق باوەشـێک بۆخۆشەویسـتی (شـیعرو رەخنەولێکـۆڵینەوەیە لەلایەن شـاعیران و نوسـەران و ئەدیبـانەوە لەسەریان نوسیووە بەزمانی عەرەبی لە دیوانێکدا کۆکراونەتەوە)، ساڵی ٢٠٠٣" دووجار چاپ کراوە.

٧- جەژنی مەرگ ساڵی ٢٠٠٤.

٨- دڵ و رەنگ ساڵی ٢٠٠٤.

٩- نامرێ و چڵە نێرگزێک ساڵی ٢٠٠٥.

١٠- بە پێنوسی ژنێک ساڵی ٢٠٠٦.

١١- پیتەکانی پایز ساڵی ٢٠٠٦.

١٢- ئاونگی وەرینی گوڵەکان ساڵی ٢٠٠٧.

١٣- دەستێکم پڕە لەباران ساڵی ٢٠١١.

١٤- تاریکی شەو پەنجەرەی عەشق ساڵی ٢٠١٤.

١٥ –پرووشەکانی عەشق ساڵی ٢٠١٣ وەرگێردراوە بۆسەر زمانی فارسی لە لایەن خوشکە (نەسیم مروت جوو).

١٦- دیوانی کەژاڵ سێ بەرگ "ساڵی ٢٠١٦- بەرگی یەکەم، بەرگی دووەم،بەرگی سێهەم.

١٧- با دڵم هێشووی تۆ بگرێت "ساڵی ٢٠١٧.

١٨- دیوانی رەخنەو لێکۆڵینەوە"بە زمانی عەرەبی ساڵی ٢٠١٨.

١٩- نامیلکەی شیعری وەرگێردراوی عەرەبی "دەستت بخەرە نێو دەستم" ساڵی ٢٠١٨.

٢٠- نامیلکەی شیعری وەرگێردراو بەزمانی عەرەبی "ژن و شیعرشاعیر"ساڵی ٢٠١٨.

٢١- نامیلکەی شیعری وەرگێردراو بەزمانی عەرەبی "بە بێ دەنگی بۆت دەدوێم ساڵی ٢٠١٨.

٢٢- نامیلکەی شیعری وەرگێردراو"بەزمانی عەرەبی "پێش ئەوەی خۆشت بوێم ساڵی ٢٠١٨.

٢٣- نامیلکەی شیعری وەرگێردراو بەزمانی عەرەبی " بە پێنوسی ژنێک "ساڵی ٢٠١٨.

٢٤- دیوانێک بە زمانی ئەمازیغی لەووڵاتی جەزائیر چاپ کراوە لەلایەن "مازیغ یدر ساڵی ٢٠١٨.

٢٥- دیوانێک شیعری وەرگیردراو بەزمانی عەرەبی ساڵی ٢٠١٨.

٢٦- دراسات نقدیە "چوار نامیلکەی رەخنەو لێکۆڵینەوەیە کە شاعیرە عەرەبەکان لەسەریان نووسیوە چاپکراوە "ساڵی ٢٠١٨.

٢٧- نواڵەو تۆپەکەی "شیعر بۆمنداڵان "ساڵی ٢٠١٨.

٢٨- نامرێ و چڵە نێرگزێک "چیرۆک بۆمنداڵان "چاپی دووەم ساڵی ٢٠١٨.

سەرچاوە
Serchawe

٢٩- ديوانی شيعری وەرگێردراو بەزمانی عەرەبی " باخچەی عشق "ساڵی ٢٠١٩.

٣٠- ديوانی شيعری "ژنێک لەباخی گێلاس "ساڵی ٢١٠٩.

٣١- ناميلکەی (Şer Û Aştiya Tiliya) لە لايەن برای بەرێز کاک "قەنديل ئەحمەد "وەرگێردراوە بۆ سەر زمانی کرمانجی "لاتينی " بەناوی شەڕو ئاشتی پەنجەکان"ساڵی ٢٠١٩.

٣٢- رەخنەو لێکۆڵینەوە"ژنێک لە تريفەی مانگ "ساڵی ٢٠١٩.

٣٣- رەخنەو لێکۆڵینەوە "ژنێک لە پەلکەزێڕينە"ساڵی ٢٠١٩.

٣٤- رەخنەو لێکۆڵینەوە "ژنێک لەپەڕەی گوڵ "ساڵی ٢٠١٩.

* خاوەنی ٢٤٠ خەڵاتی رێزلێنانی لە لايەن نێوەندە ئەدەبی و روناکبيری و رۆشنبيری، کوردی و عەرەبی و وڵاتانی جيهانەوە پێ بەخشراوە".

* پلەکانی يەکەم، دووەم، سێەم، چوارەم، پێنجەم، شەشەم, حەوتەم، نۆيەمی بەدەستهێناوە, کە لە لايەن نێوەندەکانی وڵاتانی عەرەبی ئەنجاميان داوە بۆ پێشبڕکێی شيعر.

* هەموو شيعرەکانی کراون بەعەرەبی " لەزۆربەی رۆژنامەو گۆڤارە عەرەبيەکان بڵاوکراونەتەوە".

* زياتر لە ٢٠٠ نووسينی رەخنە و لێکۆڵینەوەی بە زمانی عەرەبی و کوردی لەسەر نووسراوە".

* شيعرەکانی وەرگێردراون بۆ سەر زمانەکانی "ئينگليزی، فارسی، لاتينی، فەرەنسی، ئەڵمانی، روسی، ئسپانی، عەرەبی".

* لە شەوی ٢٣ لەسەر ٢٤ی ساڵی ٢٠١٨ بەهۆی جەڵتەی دڵ "کۆچی دوای کرد لە گۆڕستانی "قولە رەيسی" بە خاک سپێردرا".

سەرچاوە: ماڵپەڕی کەژاڵ ئيبراهيم خدر - رێکەوتی: ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٩

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی**

**خەزەڵوەری ٢٧٢٠ی کوردی = ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠ی زايينی**

---